# عەقیدەی ئاسان

## لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی سەروەرمان

دکتۆر أحمد بن عبدالرحمن القاضي

العقيدة الميسرة

من الكتاب العزيز والسنة المطهرة

أ. د. أحمد بن عبدالرحمن القاضي

الحسنى
الجمعية العلمية السعودية للدراسات الإسلامية
Saudi Association for Islamic Studies

# عەقیدەی ئاسان

## لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی سەرورمان

نوسینی
دکتۆر أحمد بن عبدالرحمن القاضي
زانکۆی القصیم - بەشی عەقیدە

بسم الله الرحمن الرحیم

به ناوی خوای
گەورە و
میهرەبان

# پێرستی بابەتەکان


| | |
|---|---|
| پێشەکی | 07 |
| عەقیدەی ئاسان لە قورئان و سوننەتی سەروەرمان | 11 |
| باوەڕبوون بە خوا | 13 |
| باوەڕبوون بە فریشتەکان | 65 |
| باوەڕبوون بە کتێبەکان | 75 |
| باوەڕبوون بە پێغەمبەران | 83 |
| باوەڕبوون بە رۆژی دوایی | 91 |
| باوەڕبوون بە قەدەر | 101 |
| قورئان | 107 |
| بینینی خوای گەورە | 109 |
| حەقیقەتی ئیمان | 111 |
| ئیمامەت و جەماعەت | 119 |
| هاوەڵان | 123 |
| ئەولیا و پیاوچاکان | 131 |
| چەند بنەمایەکی کۆکەرەوە دەربارەی بنمیچدانان و ئیستدلال کردن | 133 |
| لە تەواوکارییەکانی عەقیدە | 135 |
| دین و تەریقەت | 139 |

# پێشەکی

إنَّ الحَمدَ لله ، نَحمَدُه و نستعينهُ ونَستغفرُه ، ونَعوذ  بالله منُ شُرور أنفسِنا ، وسيّئاتِ أعمالنا ، مَن يَهدِه الله فلا مُضلَّ له ، ومَن يُضلل فلا هادِيَ له.

وە شایەتی دەدەم هیچ خودایەک نییە شایستەی پەرستن بێت تەنها (الله) نەبێت و تەنها و بێ هاوەڵە ، لە قورئانەکەیدا فەرموویەتی : (هُوَ الَّذِي بَعَثَ فِي الْأُمِّيِّينَ رَسُولًا مِّنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِن كَانُوا مِن قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ) (الجمعة/2) واتە: خوای گەورە ئەو خوایەیە کە لەناو نەخوێندەوارەکاندا پێغەمبەرێکی لە خۆیان بۆ ناردن کە محمد (ﷺ) بوو ، کە ئایەتەکانی خوای گەورەیان بەسەردا دەخوێنێتەوە، (بە عەرەب وتراوە نەخوێندەوار لەبەر ئەوەی پێشتر پێغەمبەریان بۆ نەڕۆیشتووە، یان خوێندەوارییەکی وایان نەبووەو خوێندەواریان کەم بووە) وە پاکیان دەکاتەوە لە کوفرو شیرک و تاوان و ڕەوشتی خراپ، وە فێرە قورئان و سوننەتیان دەکات (الْكِتَابَ) واتە: قورئان (وَالْحِكْمَةَ) حیکمەتیش واتە: سوننەت، یاخود حیکمەت فێربوون و شارەزابوونە لە دین ، هەر چەندە ئەمان لە پێشتردا لە گومڕاییەکی زۆر ئاشکرادا بوونە کە شەریک دانان بووە بۆ خوای گەورە وە تاوان و سەرپێچی بووە)[1] .

وە شایەتی دەدەم کە (محمد) (ﷺ) بەندە و نێردراوی ئەوە ، ئەو کەسەی کە خوای گەورە منەتی خۆی ڕژاندە سەر بەندەکانیدا بە ڕەوانەکردنی و دەربارەی دەفەرموێت : (لَقَدْ مَنَّ اللَّهُ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ إِذْ بَعَثَ فِيهِمْ رَسُولًا مِّنْ أَنفُسِهِمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِن كَانُوا مِن قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ) (آل عمران/164) واتە : بەدڵنیایی خوای گەورە نیعمەتی خۆی ڕژاند بەسەر باوەڕداراندا کاتێک کە پێغەمبەرێکی بۆیان نارد لە نەفسی خۆیان لە جنسی خۆیان ئەویش وەکو ئەوان مرۆڤ بوو ، کە ئایەتەکانی خوای گەورەیان بەسەردا ئەخوێنێتەوە ئەوان کە نەخوێندەوار بوون ، وە پاکیان ئەکاتەوە لە کوفرو شیرک و تاوان ، وە فێری قورئان و سوننەتیان ئەکات، حیکمەت، واتە: سوننەت ، هەر چەندە ئەمانە پێش هاتنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە گومڕاییەکی زۆر ئاشکرادا بوون)

اما بعد:

خوای گەورە پێغەمبەرەکەی (محمد) ی (ﷺ) ڕەوانە کردووەو هیدایەتێکی ڕوون و دینێکی حەقی لە گەڵدا ناردووە ، بۆ ئەوەی خەڵکی لە تاریکستانەوە دەرکات بۆ ڕووناکی ، وە لە گومڕاییەکی ئاشکراوە بۆ هیدایەتێکی تەواو و ڕوون ، ئەو هیدایەتەی کە سنگەکان پێی فراوان دەبنەوە و دڵەکان پێی ئارام دەبنەوە ، جا (هیدایەت) بریتییە لە زانستی بە سوود و (دین الحق) بریتییە لە کرداری چاکە ، وە لەسەر ئەم دوو پایە مەزنە ژیانی خۆش و ئارام بنیات دەنرێت .

---

(1) هەموو تەفسیری ئایەتەکانی ئەم کتێبە لە تەفسیری (ڕێبەر)ەوە وەرگیراوە .

وە هەموو ئەوەی مرۆڤەکان پێویستیان پێیەتی کیتابەکەی خوای گەورە لە خۆی گردووە هەر لە بیروباوەڕیان و پەرستنیان و مامەڵەیان و رەوشتیان . ئەمجار سوننەتە پاک و رەوانەکە هاتووە بۆ روونکردنەوەی ئەوەی لە قورئانەکەدا بە گشتی باسکراوە و تەفسیری ئەوەی نادیار و ناروونە و وردکردنەوەی ئەوەی بە گشتی باسکراوە ، هەروەکو پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (أَلا إِنِّي أُوتِيتُ الْقُرْآنَ وَمِثْلَهُ مَعَهُ)[2] واتە : خوای گەورە قورئانی پێ بەخشیوم و هاوشێوەکەی لە گەڵدایە (واتە : سوننەت ) .

جا عەقیدەی ئیسلامی کۆڵەکەی ئەم دینەیە ، وە بنەماکەیەتی ، وە نهێنی هێز و دەرکەوتن و زاڵبونی بە سەر هەموو دینەکانی تردا ، چونکە چەندین تایبەتمەندی ناوازەی تێدایە ، لەوانە :

**یەکەم :** تەوحید : یەکتاپەرستی بۆ خوای گەورە بە پەرستن و بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە شوێنکەوتن .

**دووەم :** تەوقیف : چونکە سەرچاوەکەی لە لایەن خوای گەورەوەیە ، نابێت لە قورئان و فەرموودە تێپەرکات ، بە هیچ شێوەیەک لە بۆچوون یان لە قیاسەوە وەرناگیرێت .

**سێیەم** : گونجاندنی لە گەڵ فیترەتی پاک و ساغدا ، کە خوای گەورە خەڵکی بەو فیترەتە پاکە گۆش کردووە لە پێش ئەوەی شەیتانەکان گومڕایان بکەن و لە خشتەیان بەرن.

**چوارەم :** گونجاندنی لە گەڵ عەقڵی ساغ و سەلیمدا ، کە لە گومانەکان و شەهەواتەکان پارێزراو و سەلامەت بووە .

**پێنجەم :** گشتگیری : هیچ بوارێکی لە بوارەکانی ژیان و گەردوون و مرۆڤی نەهێشتووەتەوە ئیللا روونی کردووەتەوە .

**شەشەم :** لێکچوون : هەندێکی هەندەکەی تر پشتراست دەکاتەوە ، بە هیچ شێوەیەک دژ بە یەک و جیاوازی لە نێوان وشەکانیدا نییە .

**حەوتەم :** ناوەندیبوون : جا ئەوە ترازووی میانڕەوییە لە نێوان توندڕەوی و کورترەویدا لە نێوان هەموو جۆرە بۆچوونەکاندا .

جا ئەم تایبەتمەندییە ئەم بەرهەمانەی لای خوارەوەی بەرهەم هێناوە :

**یەکەم :** هێنانەدی پەرستن بۆ پەروەردگاری جیهانیان ، وە رزگار بوون لە کۆیلایەتی دروستکراوەکان .

**دووەم :** هێنانەدی شوێنکەوتنی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، وە دەربازبوون لە بیدعە و بیدعەکاران .

**سێیەم** : حەوانەوەی دەروون و دڵئارامی ، ئەویش بە پەیوەندییەکی بتەو بە دروستکار و دانا و بەڕێوەبەری زەوی و ئاسمانەکان .

(2) رواه ابو داود برقم (4604) من حديث المقدام بن معدِ يكرب.

**چوارەم :** رازیبوونی فیکری ، وە یەک لە دوای یەک و ڕێزبەندی عەقڵی و مەنتیقی ، وە سەلامەتبوون لە دژ بەیەک و ئەفسانەکان.

**پێنجەم :** وەڵامدانەوەی داواکارییەکانی رۆح و جەستە ، وە تەواوکاری لە نێوان باوەڕ و رەفتاردا .

وە بەردەوام زانایانی ئەم ئوممەتە عەقیدە دەکەنە دەستپێکی کارەکانیان و خەمی دەخۆن ، وە هەموو هەوڵ و تێکۆشانیان دەخەنە گڕ بۆ فێربوونی و جێ بە جێکردنی ، وە لەو بارەوە چەندین دەقی کورت و راڤەی دوور و درێژیان دەنوسنەوە ، هەندێ جار عەقیدەی پێشین بە گشتی روون دەکەنەوە و هەندێ جار مەسەلەیەکی دیاری کراو ، وە هەندێ جار وەڵامی ئارەزوو پەرستان و بیدعەکارە گومڕاکان دەدەنەوە .

وا بە باشم زانی هەندێ بابەت و مەسەلەی عەقیدە نزیک بکەمەوە و روونی بکەمەوە و رێکی بخەم هەروەکو رێکخستنەکەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ شەش بنەماکەی ئیمان کە لە فەرموودە بەناوبانگەکەی جبریلدا هاتووە ، و تەنها پشتم بە دەقی هەردوو وەحییەکە بەستووە : قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، وە بۆ هەر یەکێک لەو بنەمایانە هەموو ئەو باسانەم کردووە کە لە خۆی دەگرێت ، پاشان باسی ئەو تاقمانەم کردووە کە لەو باسەدا گومڕا بوون و وەڵامیانم داوەتەوە بە کورتی .

لە ئەنجامدا ئەم عەقیدەیە هاتە کایەوە کە لە نێوان کورتی و درێژیدا خۆی دەبینێتەوە ، وە روونی و سووک و ئاسانی لە تایبەتمەندییەکانی ئەم کتێبەیە ، بۆ ئەوەی هەموو تاکەکانی موسڵمانان سوودی لێ ببینن ، وە مەبەستەکە بگات کە ئەویش شارەزابوونە لە بیروباوەڕی پێشین بە دەستەواژەیەکی سووک و ئاسان و رێکخستنێکی بابەتیانە ، ناوم ناوە :

((عەقیدەی ئاسان لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی سەروەرمان))

داوا لە خوای باڵادەست دەکەم ئەم کارەم تەنها لە پێناوی ئەودا کردبێت و سوودی بۆ بەندەکانی هەبێت و صەڵات و سەلام لەسەر پێغەمبەرمان محمد (ﷺ) و لەسەر هەموو کەسوکار و هاوەڵانی .


بە پێنووسی

د. أحمد بن عبدالرحمن القاضي

کۆلێجی شەریعە و دیراساتی ئیسلامی - بەشی عەقیدە

زانکۆی (القصيم)

## عەقیدەی ئاسان
## لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی سەروەرمان

بنەما و بنمیچی عەقیدەی ئیسلامی بریتییە لە باوەڕبوون بە خوا و فریشتەکانی و کتێبەکانی و پێغەمبەرانی و رۆژی دوایی و قەدەر خەیر و شەڕەکەی .

خوای گەورە دەفەرموێت: (وَلَٰكِنَّ الْبِرَّ مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَالْمَلَائِكَةِ وَالْكِتَابِ وَالنَّبِيِّينَ) (البقرة/177) واتە : بەڵکو چاکە ئەوەیە کە هەر کەسێک ئیمان بێنێ بەخوای گەورەو بەڕۆژی دوایی و بە فریشتەکان و بە کتێبە ئاسمانیەکان و بە سەرجەم پێغەمبەرانی خوای گەورە) .

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت : (آمَنَ الرَّسُولُ بِمَا أُنزِلَ إِلَيْهِ مِن رَّبِّهِ وَالْمُؤْمِنُونَ ۚ كُلٌّ آمَنَ بِاللَّهِ وَمَلَائِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ) (البقرة/285) واتە : پێغەمبەری خوا (ﷺ) وە باوەڕداران ئیمانیان بەو قورئانە پیرۆزە هێناوە کە لەلایەن پەروەردگارەوە بۆیان دابەزیوە، وە بە هەموو ئەو شتانەی کە لەم قورئانەدا هەیە هەموویان ئیمانیان بە خوای گەورەو مەلائیکەتەکانی و کتێبە ئاسمانیەکانی و پێغەمبەرانی هێناوە).

وە دەفەرموێت (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا آمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَالْكِتَابِ الَّذِي نَزَّلَ عَلَىٰ رَسُولِهِ وَالْكِتَابِ الَّذِي أَنزَلَ مِن قَبْلُ وَمَن يَكْفُرْ بِاللَّهِ وَمَلَائِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالًا بَعِيدًا) (النساء/136) واتە : ئەی باوەڕداران ئیمان بێنن بە خواو پێغەمبەری خوا (ﷺ) واتە: دامەزراو بن لەسەر ئیمانەکەتان وە بەردەوام بن لەسەری وە ئیمان بێنن بەو کتابەی کە خوای گەورە دایبەزاندووە بۆ سەر پێغەمبەرەکەی (ﷺ) کە قورئانی پیرۆزە، وە ئیمان بێنن بەهەموو ئەو کتێبە ئاسمانیانەی تر کە لە پێش قورئاندا خوای گەورە دایبەزاندووە ، بەڵام هەر کەسێک کوفر بکات بە خوای گەورەو مەلائیکەتەکانی و کتێبە ئاسمانیەکانی و پێغەمبەرانی و ڕۆژی دوایی ئەوە گومڕاو وێڵ بووەو لە ڕێگای ڕاست لایداوە گومڕابوونێکی زۆر دوور) .

وە دەفەرموێت : (إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ) (القمر/49) واتە : ئێمە هەموو شتێکمان بە قەدەر دروست کردووەو هەموو شتێک بڕاوەتەوەو بڕیارمان لەسەر داوە) .

وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە جبریلی فەرموو -کاتێ پرسیاری ئیمانی لێکرد- : ((أن تؤمن بالله ، وملائكته ، وكتبه ، ورسله ، واليوم الآخر ، وتؤمن بالقدر خيره وشره)) واتە : - ئیمان - ئەوەیە باوەڕی تەواو بهێنیت بە خوای گەورە و فریشتەکانی و کتێبە ئاسمانییەکان و هەموو پێغەمبەران و رۆژی دوایی و باوەڕیش بە قەزاو قەدەر بهێنیت چ چاک بێت یان خراپ))[3].

(3) رواه مسلم برقم (8) من حديث عمر.

# باوەڕبوون بە خوا

باوەڕبوون بە خوا بریتییە لە باوەڕێکی چەسپاو و بتەو بە بوونی خوای گەورە ، وە هەر ئەو پەروەردگاری هەموو شتێکە و تەنها ئەو شایستەی پەرستنە و جگە لە ئەو شایستەی پەرستن نییە ، وەصفکراوە بە چەندین وەصفی کامل و تەواو ، پاک راگیراوە لە هەر صیفەتێک کەموکورتی تێدا بێت .

وە باوەڕبوون بە خوا چوار باس و بابەت لە خۆ دەگرێت :

## یەکەم : باوەڕ بە بوونی :

بوونی خوا حەقترین حەقەکانە : (ذَٰلِكَ بِأَنَّ اللَّهَ هُوَ الْحَقُّ وَأَنَّ مَا يَدْعُونَ مِن دُونِهِ هُوَ الْبَاطِلُ وَأَنَّ اللَّهَ هُوَ الْعَلِيُّ الْكَبِيرُ) (الحج/62) واتە : وە بەم شێوازە خوای گەورە خواو پەرستراوی حەقە وە بەڵێنەکانی حەقە وە ئەوانەی کە جگە لە خوای گەورە ئەپەرستێن ئەو پەرستراوانە هەموویان پووچەڵ و بەتاڵ و بێ بنەمان وە بە دڵنیایی خوای گەورە زۆر بەرزو بڵندە لە زاتی پیرۆزیدا وە لە کردەوەکانیدا، وە خوای گەورە زۆر گەورەیە).

وە گومان لە بوونیدا بوختان و ناپاکی و کارێکی ناپەسەندە : (قَالَتْ رُسُلُهُمْ أَفِي اللَّهِ شَكٌّ فَاطِرِ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ يَدْعُوكُمْ لِيَغْفِرَ لَكُم مِّن ذُنُوبِكُمْ وَيُؤَخِّرَكُمْ إِلَىٰ أَجَلٍ مُّسَمًّى) (إبراهيم/10) واتە : پێغەمبەرانیان پێیان وتن: ئایا دوودڵی و گومان هەیە لە خوای گەورەدا کە بەدیهێنەرو دروستکاری ئاسمانەکان و زەویەکانە کە بانگتان ئەکات بۆ ئیمان هێنان پێی وە بۆ یەکخواپەرستی خوای گەورە تا بەهۆیەوە لە تاوانەکانتان خۆش بێت وە دواتان بخات تا کاتێکی دیاریکراو، واتە: سزاتان نەدات وە لەناوتان نەبات تا خۆتان کاتی مردنتان دێت) .

وە نکۆڵی کردن لە بوونی خوادا فیززلی و تەکەبور و ستەم و کوفرە : (قَالَ لَقَدْ عَلِمْتَ مَا أَنزَلَ هَٰؤُلَاءِ إِلا رَبُّ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ بَصَائِرَ وَإِنِّي لأَظُنُّكَ يَا فِرْعَوْنُ مَثْبُورًا) (الإسراء/201) واتە : موسى فەرمووی: ئەی فیرعەون بە دڵنیایی تۆ ئەزانی ئەم نیشانەو موعجیزانە کەس داینەبەزاندووە تەنها پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەوی نەبێ کە بەڵگەی ڕوون و ئاشکرایەو بەچاو ئەبینرێت وە من یەقینم هەیە ئەی فیرعەون کە تۆ بەهیلاک چوویت و زەرەرمەندی) .

وە خوای گەورە دەفەرموێت : (قَالَ فِرْعَوْنُ وَمَا رَبُّ الْعَالَمِينَ (23) قَالَ رَبُّ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا إِن كُنتُم مُّوقِنِينَ (24) قَالَ لِمَنْ حَوْلَهُ أَلَا تَسْتَمِعُونَ (25) قَالَ رَبُّكُمْ وَرَبُّ آبَائِكُمُ الأَوَّلِينَ (26) قَالَ إِنَّ رَسُولَكُمُ الَّذِي أُرْسِلَ إِلَيْكُمْ لَمَجْنُونٌ (27) قَالَ رَبُّ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ وَمَا بَيْنَهُمَا إِن كُنتُمْ تَعْقِلُونَ (28) قَالَ لَئِنِ اتَّخَذْتَ إِلَٰهًا غَيْرِي لأَجْعَلَنَّكَ مِنَ الْمَسْجُونِينَ (29)) (الشعراء/23-29) واتە : فیرعەون وتی: ئەو پەروەردگاری هەموو جیهانەی تۆ باسی ئەکەی چیەو کێیە؟ (23) موسا (عليه السلام)فەرمووی: پەروەردگاری هەر حەوت ئاسمانەکەو هەر حەوت زەویەکەو ئەوەی لە نێوانیاندایە خواو بەڕێوبەرو هەڵسوڕێنەری هەموویەتی ئەگەر ئێوە دڵنیایی و یەقینتان هەیە(24) فیرعەون وەکو سوکایەتی و

گاڵتە پێکردن بەوانەی دەوروپشت و دەست و پێوەندەکانی خۆی وت ئایا نابیستن و پێتان سەیر نیە موسا (عليه السلام) چی ئەڵێ؟(25) موسا (عليه السلام) فەرمووی: الله پەروەردگاری ئێوەو پەروەردگاری باوک و باپیرانی پێشینەیشتانە (26) فیرعەون وتی: بەڕاستی ئەم پێغەمبەرەی کە نێردراوە بۆ لای ئێوە کە موسایە (عليه السلام) کەسێکی شێتە، گاڵتەی پێئەکرد(27) موساش (عليه السلام) فەرمووی: پەروەردگاری من پەروەردگاری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواو ئەوەی لە نێوانیاندایە، وە هەمووی موڵکی خوای گەورەیەو خۆی هەڵی ئەسووڕێنێ ئەگەر ئێوە عەقڵتان هەیەو بیر ئەکەنەوە(28) فیرعەون کە دەمکوت کرا بە بەڵگە و قسەی نەما پەنای برد بۆ هێزو دەسەڵاتی و هەڕەشەی لێ کردو وتی: ئەی موسا (عليه السلام) ئەگەر جگە لە من خوایەکی تر بۆ خۆت بڕیار بدەی ئەوە ئەتخەمە بەندینخانەوە).

چەندین بەڵگە هەن بۆ سەلماندنی بوونی خوای گەورە ، لەوانە :

## 1- غەریزە و سروشتی ساغ

ئەوەیش ئەو فیترەتەیە کە مرۆڤ سروشتی لەسەر وەرگرتووە بە بێ ئەوەی هیچ کەسێک فێری کردبێت.

خوای گەورە دەفەرموێت : (فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفًا فِطْرَتَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا لا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ اللَّهِ ذَٰلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لا يَعْلَمُونَ) (الروم/30) واتە : ئەی محمد (ﷺ) تۆ ڕووی خۆت بە پاکی ڕابگرەو دامەزراو بە لەسەر دین و تەوحیدی خوای گەورە ئەم دینە پاکە ئەو فیترەتە پاکەیە کە خوای گەورە خەڵکی خستۆتە سەری، واتە: خەڵکی کە لە دایک دەبن لەسەر فیترەتی پاکی ئیسلامن، دواتر دایک و باوک و دەوروبەر دەیانگۆڕن و کاریگەریان لێدەکەن هیچ گۆڕانێک بەسەر دروستکراوی خوای گەورەدا نایات، واتە: ئەوەی لەسەر فیترەتەکەی خۆی بمێنێتەوە لەسەر تەوحیدە، یاخود خەڵکی لەسەر فیترەتی پاکی ئیسلام و یەکخواپەرستی لامەدەن و وازیان لێبێنن ئا ئەمە دینی ڕێک و ڕاست و دامەزراوە بەڵام زۆربەی خەڵکی نازانن).

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت : مَا مِنْ مَوْلُودٍ إِلا يُولَدُ عَلَى الْفِطْرَةِ فَأَبَوَاهُ يُهَوِّدَانِهِ أَوْ يُنَصِّرَانِهِ أَوْ يُمَجِّسَانِهِ))[4] واتە : هیچ منداڵێک نییە ئیللا لەسەر فیترەتی پاکی ئیسلام لە دایک دەبێت ، جا دایک و باوکی دەیکەنە جولەکە یان دەیکەنە گاور یان دەیکەنە مەجوسی (ئاگرپەرست ) .

وە لەریوایەتێکی تردا کە لە موسلیمدا هاتووە : (ما من مولود يولد إلا وهو على المِلَّة) واتە : هیچ منداڵیک لەدایک نابێت ئیللا لەسەر ئەم میللەتی ئیسلامەیە) .

وە لەریوایەتێکی تردا هەر لە موسلیمدا هاتووە : (( إلا على هذه المِلَّة ، حتى يبيِّن عنه لسانه)) واتە : ئیللا لەسەر میللەتی ئیسلامە ، تاوەکو بە زمانی ڕوونی دەکاتەوە) وە لە ریوایەتێکی تردا هەر لای

(4) رواه البخاري برقم (1358)

موسلیم : ((لیس مولود یولد إلا علی هذه الفطرة ، حتی یعَبِّرَ عنه لسانه))[5] واتە : هیچ منداڵێک نییە ئیللا لەسەر ئەم فیترەتە پاکە لە دایک دەبێت ، تاوەکو بە زمانی دەری دەبڕێت))

جا هەموو دروستکراوێک لە سەر فیترەتە ئەصڵییە پاکەکەی خۆی مابێتەوە ، لە ناخی خۆیدا باوەڕ بە بوونی خوای گەورە دەکات ، ئیللا مەگەر شتێک بێت بەسەر ئەو فیترەتەدا و تێکی بدات ، خوای گەورە لە فەرموودەیەکی قودسیدا دەفەرموێت : (( إني خلقتُ عبادي حنفاء كلَّهم وإنهم أتتهم الشياطين فاجتالتهم عن دينهم))[6] واتە : من هەموو عەبدەکانی خۆمم لە سەر دینی پاک دروست کردووە ، بەڵام شەیتانەکان هاتن بۆ لایان و لەسەر دینە پاکەکە دووری خستنەوە و تێکی دان)).

وە رەنگە جاری وا هەبێت پەردەیەک لە گومانەکان و شەهەواتەکان فیترەتەکەی داپۆشێت ، بەڵام لە کاتی کێشە و تەنگانەدا حەقیقەتەکەی دەرکەوێت ، خوای گەورە دەفەرموێت : (فَإِذَا رَكِبُوا فِي الْفُلْكِ دَعَوُا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ فَلَمَّا نَجَّاهُمْ إِلَى الْبَرِّ إِذَا هُمْ يُشْرِكُونَ) (العنکبوت/65) واتە : هاوەڵبڕیاردەران کاتێک کە سواری کەشتیەکان ئەبن لەناو دەریادا کاتێک شەپۆلی ئاوەکە زۆریان بۆ دێنێ نزیکە نقوم بن بەوپەڕی دڵسۆزی و ئیخلاسەوە لە خوای گەورە دەپاڕێنەوەو تەنها داوای فریاکەوتن لە خوای گەورە ئەکەن وە کاتێک خوای گەورە دوعایان قەبوڵ دەکات و ڕزگاریان ئەکات بۆ وشکانی دیسانەوە ئەوان شەریک بۆ خوای گەورە بڕیار ئەدەن).

## 2- عەقڵی روون و ئاشکرا

ئەو عەقڵەیە کە پارێزراوە لە گومان و شەهەواتەکان ، ئەویش دەزانێت و لای خۆی یەکلای کردووەتەوە کەوا دروستکراوەکان دەبێت دروستکارێکیان هەبێت ، چونکە ناکرێت بە صودفە دروست بن و بە بێ دروستکار ، وە ناکرێتیش خۆیان خۆیان دروست بکەن ،چونکە شتێکی نەبوو ناتوانێن بوونێک دروست بکات ، بۆیە دەبێت دروستکارێک هەبێت کە ئەویش (الله)یە پاکی و بێگەردی بۆ ئەو خوایە .

کاتێ (جوبەیری کوڕی موتعیم) هات بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە مەبەستی فیدیە دان بۆ رزگارکردنی دیلەکانی غەزای بەدر – ئەو کاتە کەسێکی موشریک بوو - ، گوێی لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو لە نوێژی ئێوارەدا سورەتی (الطور)ی دەخوێند ، کاتێ گەیشتە ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت: (أَمْ خُلِقُوا مِنْ غَيْرِ شَيْءٍ أَمْ هُمُ الْخَالِقُونَ (35) أَمْ خَلَقُوا السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ بَلْ لا يُوقِنُونَ (36) أَمْ عِنْدَهُمْ خَزَائِنُ رَبِّكَ أَمْ هُمُ الْمُسَيْطِرُونَ (37) (الطور: 35 - 37) واتە : یاخود ئایا ئێوە بەبێ هیچ شتێک دروست کراون و لە هیچ دروست کراون؟ یاخود خۆتان خۆتانتان دروست کردووە؟ نەخێر هیچیان نیە بەڵکو خوایەک هەیە کە ئێوەی دروست کردووە(35) یاخود ئایا ئێوە ئاسمانەکان و زەویتان دروست کردووە؟ نەخێر وانیە بەڵکو ئێوە یەقینتان نیەو لە گوماندا ئەژین(36) یاخود ئایا خەزێنەکانی خوای گەورە بە

(5) أخرجه البخاري برقم (1358) ومسلم برقم (2658) من حديث أبي هريرة .

(6) رواه مسلم برقم (2865) ضمن حديث طويل ، من حديث عياض بن حمار المجاشعي .

دەست ئێوەیە لە ڕزق و ڕۆزی و باران بارین؟ یاخود ئایا ئێوە زاڵ و باڵادەستن بەسەر ئەم شتانەدا یان بەسەر دروستکراوەکانی خوای گەورەدا؟ یان ئایا ئێوە لێپرسینەوە لەگەڵ خەڵکیدا ئەکەن؟ واتە: وانیەو هیچتان بەدەست نیە(73)

(جوبەیری کوڕی موتعیم) دەفەرموێت: کە گەیشتە ئەم ئایەتانە نزیک بوو دڵم بفڕێت و ئاگام لە خۆم نەمێنێت[7] ، وە ئەوەش سەرەتای ئەوەبوو ئیمان بچێتە دڵییەوەو هۆکار بوو بۆ موسڵمان بوونی.

وتاربێژی عەرەب لە سەردەمی نەفامیدا کە ناوی (قس بن ساعدة الإيادي) بوو عەقڵی روون و ئاشکرای کردە بەڵگە و فەرمووی : پاشەڕۆی وڵاخێک بەڵگەیە لەسەر وڵاخەکە ، وە شوێن پێ بەڵگەیە لەسەر رۆیشتنی کەسێک ، جا ئاسمانی خاوەن بورجەکان و زەوی خاوەن رێگا و رێچکەکان ، ئایە ئەوانە بەڵگە نین لەسەر دروستکاری شارەزا !؟).

### 3- هەستی دیار و بینراو :

خوای گەورە دەفەرموێت :( سَنُرِيهِمْ آيَاتِنَا فِي الأفَاقِ وَفِي أَنفُسِهِمْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ الْحَقُّ) (فصلت/53) واتە : ئێمە نیشانەی تاک و تەنهایی و گەورەیی و تواناو دەسەڵاتی خوای گەورەو ڕاستگۆیی قورئانیان نیشان ئەدەین لە لوتکەو ئاسماندا لە خۆرو مانگ و ئەستێرەکاندا، لە شەو و ڕۆژدا ، وە لە نەفسی خۆیاندا کە خوای گەورە چۆن دروستی کردوون و لاشەی چۆن پێکهێناون، یاخود (فِي الافَاقِ) لەو شوێنانەی کە لێتان نزیکە وەکو (غەزای بەدرو فەتحی مەککە) یاخود لەو شوێنە دوورانەدا کە فەتحی ئەکەن و ئیسلامی تێدا بڵاو دەبێتەوە ، تا بۆتان دەرکەوێ ئەم قورئانە پیرۆزە حەقەو لەلایەن خوای گەورەوە هاتووە).

وە چەند شێوە و شێوازێکی هەیە ، لەوانە : ئایەتی پێغەمبەران و کەراماتی پیاوچاکان و ئەولیا و وڵامدانەوەی ئەوانەی داوای لێ دەکەن .

خوای گەورە دەربارەی (نوح) پێغەمبەر (عليه السلام) دەفەرموێت :(فَدَعَا رَبَّهُ أَنِّي مَغْلُوبٌ فَانْتَصِرْ (10) فَفَتَحْنَا أَبْوَابَ السَّمَاءِ بِمَاءٍ مُنْهَمِرٍ (11) وَفَجَّرْنَا الأَرْضَ عُيُونًا فَالْتَقَى الْمَاءُ عَلَى أَمْرٍ قَدْ قُدِرَ (12) وَحَمَلْنَاهُ عَلَى ذَاتِ أَلْوَاحٍ وَدُسُرٍ (13) تَجْرِي بِأَعْيُنِنَا جَزَاءً لِمَنْ كَانَ كُفِرَ (14)) (القمر/10–14) واتە : نوحیش (عليه السلام) لە خوای گەورە پاڕایەوە: ئەی پەروەردگار ئەوان زاڵ بوونە بەسەر منداو من توانای ئەوانم نیە تۆ تۆڵەیان لێ بسەنەو دینەکەی خۆت سەرخە (10) خوای گەورەش ئەفەرمووێ: دەرگاکانی ئاسمانمان کردەوە بە ئاوێکی خوڕو بەلێزمە، واتە: ئاوەکان لە هەوردا نەبووە وەکو باران بارین بەڵکو دەرگاکانی ئاسمانی کردەوەو بەبێ هەور ئاوێکی بێوێنە ڕژایە سەریاندا(11) وە هەر هەموو زەویشمان تەقاندەوە وەکو کانی تەقایەوەو ئاوی لێ دەرچوو، تەنانەت تەنوری نان کردنیش ئاوی لێهەڵدەقوڵا ، هەردوو ئاوی ئاسمان و ئاوی زەوی یەکیان گرت بۆ کارێک کە خوای گەورە بڕیاری لەسەر دابوو کە ئەبێ نقوم بن(12)وە نوح (عليه السلام) و باوەڕدارانمان هەڵگرت لەسەر ئەو لەوح و دارانە (وَدُسُرٍ) واتە: کەشتییەکە کە

(7) رواه البخاري برقم (3050) ، (4023) ، (4854).

لە دارو بزمار پێکهاتبوو (13) وە کەشتیەکە لەبەر چاوی ئێمەو بە فەرمان و پاراستنی ئێمە ئەڕۆی ئەمە وەکو سزایەک بۆ ئەو کەسانەی کە کوفریان کرد بە پێغەمبەرەکەی خوا (ﷺ) ، یان وەکو پاداشتێک بۆ نوح (عليه السلام)(14)

وە دەفەرموێت : (فَأَوْحَيْنَا إِلَى مُوسَى أَنِ اضْرِبْ بِعَصَاكَ الْبَحْرَ فَانْفَلَقَ فَكَانَ كُلُّ فِرْقٍ كَالطَّوْدِ الْعَظِيمِ (63) وَأَزْلَفْنَا ثَمَّ الأخَرِينَ (64) وَأَنْجَيْنَا مُوسَى وَمَنْ مَعَهُ أَجْمَعِينَ (65) ثُمَّ أَغْرَقْنَا الأخَرِينَ (66) إِنَّ فِي ذَلِكَ لأيَةً وَمَا كَانَ أَكْثَرُهُمْ مُؤْمِنِينَ (67)) (الشعراء/63-67) واتە : خوای گەورە ئەفەرمووێ: وەحیمان بۆ موسا (عليه السلام) نارد بەو گۆچانەی بە دەستتەوەیە بیدە بە دەریاکەدا ، دەریاکە لەت بوو، بوو بە زەویەکی وشک وە بە ئیزنی خوای گەورە ئاوەکە بەرز بووەوەو هەر شەپۆلێکی وەکو پارچە شاخێکی گەورە لە ئاسمان ڕاوەستاو بوو بە دوانزە ڕێگا، لەبەر ئەوەی دوانزە هۆز بوون بۆ ئەوەی هەر هۆزێک بە ئیسراحەت بپەڕنەوە، وە نێوانی ئاوەکەیش خوای گەورە بای ناردو وشکی کردو بەناو وشکانیدا تێ ئەپەڕین، وە تاق و کەلێنی لە نێوان ئاوەکاندا کردەوە تا لە یەکتری دیار بن و دڵنیا بن هەموویان رزگاریان بووە(63) وە ئەلەوێدا فیرعەون و سەربازەکانیمان نزیک کردەوە لە دەریاکە تا چوونە ناو دەریاکەوە ئەوانیش بە دوایاندا ڕۆیشتن(64) موساو (عليه السلام) ئەوانەی لەگەڵیاندا بوون هەموومان ڕزگار کردن و لە دەریاکە پەڕینەوە(65) پاشان فیرعەون و سەربازو وەزیرو دەست و پێوەندیمان هەمووی لەناو ئاوەکەدا غەرق کردو کەسیان رزگاریان نەبوو(66) کە ئەمە بەڕاستی ئایەت و موعجیزەیەکی گەورەیەو تواناو دەسەڵاتی خوای گەورە دەرئەخات بەڵام زۆربەیان ئیمانیان نەهێنا تەنها کەمێکیان نەبێ وەکو (ئاسیای خێزانی فیرعەون)(67)

وە خوای گەورە دەربارەی پێغەمبەرەکەی کە عیسایە (عليه السلام) دەفەرموێت : (وَرَسُولًا إِلَىٰ بَنِي إِسْرَائِيلَ أَنِّي قَدْ جِئْتُكُم بِآيَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ أَنِّي أَخْلُقُ لَكُم مِّنَ الطِّينِ كَهَيْئَةِ الطَّيْرِ فَأَنفُخُ فِيهِ فَيَكُونُ طَيْرًا بِإِذْنِ اللَّهِ وَأُبْرِئُ الْأَكْمَهَ وَالْأَبْرَصَ وَأُحْيِي الْمَوْتَىٰ بِإِذْنِ اللَّهِ وَأُنَبِّئُكُم بِمَا تَأْكُلُونَ وَمَا تَدَّخِرُونَ فِي بُيُوتِكُمْ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَةً لَّكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ) (آل عمران/94) واتە : وە ئەیکاتە پێغەمبەرێک و ئەینێرێ بۆ لای بەنی ئیسرائیل وە پێیان ئەڵێ: من لای خوای گەورەوە موعجیزەم بۆتان هێناوە ، من لە قوڕ وەکو شێوازی باڵندەتان بۆ دروست ئەکەم وە دوای ئەوە کە دروستی ئەکەم فووی پیا ئەکەم بە ئیزنی خوای گەورە ئەبێتە باڵندەیەک و ئەفڕێ بە ئاسماندا ، وە کوێرو نابینای زکماک و بەڵەک چاک ئەکەمەوە بە ئیزنی خوا ، وە مردوو زیندوو ئەکەمەوە بە ئیزنی خوای گەورە، خوای گەورە ئەم موعجیزانەی پێبەخشی چونکە لەو سەردەمەدا زانستی پزیشکی بڵاو بوو، وەپزیشکەکان توانای چارەسەری ئەم شتانەیان نەبوو ، وە لە ماڵەوە هەر شتێک ئەخۆن یان هەڵیدەگرن بۆ سبەینێ من هەواڵتان پێ ئەدەم وە پێتان ڕائەگەیەنم و ئەزانم ، ئا ئەمانە هەمووی نیشانەو بەڵگەو موعجیزەیە بۆ ئێوە لەسەر راستی پێغەمبەرایەتی من بۆ ئەوەی ئیمان بێنن ئەگەر باوەڕدارن )

وە نمونەی ئەوانە لە سەر دەستی پێغەمبەرمان (محمد) (ﷺ) ڕوویداوە :

فعَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ – رضي الله عنه – (( أَنَّ رَجُلاً دَخَلَ الْمَسْجِدَ يَوْمَ الْجُمُعَةِ مِنْ بَابٍ كَانَ نَحْوَ دَارِ الْقَضَاءِ ، وَرَسُولُ اللهِ (ﷺ) قَائِمٌ يَخْطُبُ ، فَاسْتَقْبَلَ رَسُولَ اللهِ (ﷺ) قَائِمًا ، ثُمَّ قَالَ : يَا رَسُولَ اللهِ (ﷺ) ، هَلَكَتِ الأَمْوَالُ ، وَانقَطَعَتِ السُّبُلُ فَادْعُ اللهَ يُغِيثُنَا ، فَرَفَعَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ) يَدَيْهِ ، ثُمَّ قَالَ : (( اللَّهُمَّ أَغِثْنَا ، اللَّهُمَّ أَغِثْنَا ، اللَّهُمَّ أَغِثْنَا )) قَالَ أَنَسٌ : ولا وَاللهِ مَا نَرَى فِي السَّمَاءِ مِنْ سَحَابٍ وَلا قَزَعَةٍ ، وَمَا بَيْنَنَا وَبَيْنَ سَلْعٍ مِنْ بَيْتٍ وَلا دَارٍ ، قَالَ : فَطَلَعَتْ مِنْ وَرَائِهِ سَحَابَةٌ مِثْلُ التُّرْسِ . فَلَمَّا تَوَسَّطَتِ السَّمَاءَ انْتَشَرَتْ ثُمَّ أَمْطَرَتْ، فَلا وَاللهِ مَا رَأَيْنَا الشَّمْسَ سَبْتاً ، ثُمَّ دَخَلَ رَجُلٌ مِنْ ذَلِكَ الْبَابِ فِي الْجُمُعَةِ وَرَسُولُ اللهِ (ﷺ) قَائِمٌ يَخْطُبُ، فَاسْتَقْبَلَهُ قَائِماً ، فَقَالَ : يَا رَسُولَ اللهِ (ﷺ) ، هَلَكَتِ الأَمْوَالُ ، وَانقَطَعَتْ السُّبُلُ ، فَادْعُ اللهَ يُمْسِكُهَا عَنَّا ، قَالَ : فَرَفَعَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ) يَدَيْهِ ، ثُمَّ قَالَ : (( اللَّهُمَّ حَوَالَيْنَا وَلا عَلَيْنَا ، اللَّهُمَّ عَلَى الآكَامِ وَالظِّرَابِ وَبُطُونِ الأَوْدِيَةِ وَمَنَابِتِ الشَّجَرِ)) قَالَ : فَأَقْلَعَتْ ، وَخَرَجْنَا نَمْشِي فِي الشَّمْسِ))[8] واتە : لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە (ڕەزای خوای لێبێ) دەڵێ : ((پیاوێک هاتە مزگەوتەوە لەڕۆژی هەینیدا لە دەرگایەکەوە بەرانبەر بە (دار القضاء) بوو وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە پێوە وتاری دەخوێندەوە ، ڕوی کردە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە پێوە ئینجا وتی : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ماڵ و دەغڵ و دانمان تیاچوو وە ڕێگاکان پچڕان (واتە کاروانیەکان نەمان) لە خوا بپاڕێرەوە بارانمان بۆ ببارێنێت ، دەڵێ : پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەردوو دەستی بەرز کردەوە پاشان فەرمووی : پەروەردگارا بارانمان بۆ ببارێنە ، پەروەردگارا بارانمان بۆ ببارێنە ، پەروەردگارا بارانمان بۆ ببارێنە ، ئەنەس (ڕەزای خوای لێبێ) دەڵێ : نەخێر سوێند بەخوا نەهەورمان دی بە ئاسمانەوە نە پەڵەیەکیش وە لە نێوان ئێمەو کێوی سەلعدا کە لە خۆرئاوای مەدینەوەیە هیچ ماڵ و خانویەک نەبوو (واتە ئاسمانمان جوان لێوە دیار بوو ) دەڵێ : لە پشتی ئەو کێوەوە هەورێک هەڵهات وێنەی قەڵغان ، کاتێک گەشتە ناوەڕاستی ئاسمان ، بڵاو بۆوە پاشان بارانی باراند ، دەڵێ : سوێند بە خوا خۆرمان نەدی یەک هەفتە ، دەڵێ : پاشان پیاوێک هاتە ژوورەوە هەفتەی داهاتوو هەر لەهەمان دەرگاوە ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەپێوە وتاری دەخوێندەوە ، ڕوی کردە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە پێوە ئینجا وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ماڵ و دەغڵ و دانمان تیاچوو وە ڕێگاکان بچڕان لە خوا بپاڕێرەوە بیگرێتەوە لێمان ، دەڵێ : پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەردوو دەستی بەرز کردەوە پاشان فەرمووی : پەروەردگارا بیبارێنە بە چوار دەورماندا نەک بەسەرماندا ، پەروەردگارا بیبارێنە بەسەر تەپۆڵکەکان و نیمچە شاخەکان و دۆڵ و شیوەکان و شوێنی سەوز بوونی دارو گژوگیاو سەوزاییەکان )) ئەنەس (ڕەزای خوای لێبێ) دەڵێ : هەور بە ئاسمانەوە نەما ، ئینجا ئێمە دەرچووین لەبەر خۆر دەڕۆشتین )) .

وە خوای گەورە بە شێوەیەکی گشتی دەفەرموێت: (أَمَّن يُجِيبُ الْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ وَيَكْشِفُ السُّوءَ وَيَجْعَلُكُمْ خُلَفَاءَ الْأَرْضِ ۗ أَإِلَٰهٌ مَّعَ اللَّهِ ۚ قَلِيلًا مَّا تَذَكَّرُونَ) (النمل/62) واتە : کێ هەیە وەڵامی لێقەوماو بداتەوە کاتێک کە دەپاڕێتەوەو هانا بۆ خوای گەورە ئەبات جگە لە خوای گەورە؟ وە کێ هەیە خراپەتان لەسەر هەڵگرێ و لایدات؟ وە کێ هەیە ئێوە بکات بە جێنشین لەسەر زەویدا هەر ئەوەندە جیلێکی

(8) متفق عليه ، رواه البخاري برقم (1014) مسلم برقم (897)

لەناوبرد جیلێکی تر جێیان بگرێتەوە؟ واتە: کەس نیە ، ئایا لەگەڵ الله دا پەرستراو و خوایەکی تر هەیە کە شایانی پەرستن بێت و ئێوە بیپەرستن و بیکەن بە شەریک بۆ خوای گەورە؟ بەڵام زۆر بە کەمی بیر ئەکەنەوەو ئەگەڕێنەوە بۆ حەق).

جا ئایاتی پێغەمبەران و وەڵامدانەوەی ئەوانەی داوای لێ دەکەن ، وە فریای ئەوانە دەکەوێت کە لە تەنگانەدان ، بەڵگەی هەست پێکراون ، کۆمەڵێک خەڵکی بەو روداوانەدا گەیشتوون و کە شایەتن لە سەر ئەو کەسەی رەوانەی کردوون و ئەو کەسەی وەڵامیانی داوەتەوە و فریایان کەوتووە ، پاکی و بێ گەردی بۆ ئەو خوایە ، شایەتیدانێکی یەقین و بێ گومان .

## 4- شەرعی راست و دروست

ئەویش ئەوەیە کە لە قورئان و فەرمووده راست و دروستەکاندا هاتوون :

خـوای گـەورە دەفەرموێـت :(أَفَلا يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ وَلَوْ كَانَ مِنْ عِندِ غَيْرِ اللَّهِ لَوَجَدُوا فِيهِ اخْتِلافًا كَثِيرًا) (النساء/82) واتـە : ئایـا بـۆ بیـر لـە قورئانـی پیـرۆز ناکەنـەوەو بـۆ لێی ناڕوانن تـا لێی بگـەن وە ئەگەر قورئانـی پیـرۆز لەلایـەن جگـە لـە خـوای گـەورەوە بوایـە ئـەوە ئەیانبینـی ئیختیـلاف و جیـاوازی و دژ بەیەکیەکـی زۆر لـە قورئانـدا هەبوایـە بـەڵام هیـچ شـتێک لـەم جـۆرەی تیانیـە بەڵگەیە لەسـەر ئەوەی کـە لەلایـەن خـوای گـەورەوە دابەزیوە) .

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت : (يَا أَيُّهَا النَّاسُ قَدْ جَاءَكُم بُرْهَانٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَأَنزَلْنَا إِلَيْكُمْ نُورًا مُّبِينًا) (النساء/174) واتە : ئەی خەڵکی ئێوە لەلایەن پەروەردگارەوە بەڵگەی ڕوون و ئاشکراتان بۆ هاتووە ئەو هەموو موعجیزەیەی کە بە پێغەمبەراندا ناردوویەتی وە نوورو ڕووناکییەکی زۆر ئاشکراشمان بۆتان دابەزاندووە کە قورئانی پیرۆزە کە مرۆڤ لە تاریکییەوە دەردەکات بۆ ڕووناکی) .

وە دەفەرموێت : (يَا أَيُّهَا النَّاسُ قَدْ جَاءَتْكُم مَّوْعِظَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَشِفَاءٌ لِّمَا فِي الصُّدُورِ وَهُدًى وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ) (یونس/57) واتە : ئەی خەڵکی بەدڵنیایی لەلایەن پەروەردگارەوە پەندو ئامۆژگاریتان بۆ هاتووە کە قورئانی پیرۆزە وە شیفایە بۆ ئەو دڵەی کە لەناو سینگەکانە بۆ هەر دوو دڵی و گومانێک کە رووبەڕووتان بێتەوە قورئان شیفایە بۆی وە هیدایەت و ڕێنمایی و ڕەحمەتە بۆ باوەڕداران).

وە دەفەرموێت : (أَوَلَمْ يَكْفِهِمْ أَنَّا أَنزَلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ يُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَرَحْمَةً وَذِكْرَىٰ لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ) (العنكبوت/51) واتە : خوای گەورە ئەفەرمووێ: ئایا ئەوەندەیان بەس نیە کە ئێمە ئەو قورئانە پیرۆزەمان دابەزاندۆتە سەرت کە ئەیخوێنیتەوە بەسەریاندا کە گەورەترین موعجیزەیە بەدڵنیایی ئەمە ڕەحمەت و یادخستنەوەیە بەڵام بۆ کەسانێک کە باوەڕدار بن و باوەڕی پێ بهێنن و بەڕاستی دابنێن).

جا ئەو هەموو هەواڵە غەیبییە راست و دروستانە و بیروباوەرە راستانە و شەریعەتە دادپەروەرانە و رەوشتە بەرزانە کە قورئان لە خۆی گرتووە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەوا لە لایەن خوای گەورەوە هاتووە ، وە ناکرێت لە لایەن جگە لە ئەوەوە بێت لە دروستکراوەکان .

**بۆیە لە راستیدا هیچ کەسێک لە نەوەی ئادەم نکۆڵی بوونی خوایان نەکردووە ، بەڵکو هەندێ مولحید و بێباوەڕ بانگەشەی ئەوەیان کردووە لە کۆن و تازەدا ، بۆ نمونە :**

## 1- دەهرییەکان

ئەمانە فەیلەسوفە دەهرییەکانن کە باوەڕیان وایە جیهان کۆنە و هەر دەمێنێتەوە ، وە لەم سەردەمەدا کۆمەڵێک بەوان دەشوبهێنرێن کە پێیان دەڵێن مولحیدە تازەکان (الملاحدة الجدد).

دەهرییەکان ئەوانەن کە خوای گەورە لەسەر زاری ئەوان دەفەرموێت : (وَقَالُوا مَا هِيَ إِلا حَيَاتُنَا الدُّنْيَا نَمُوتُ وَنَحْيَا وَمَا يُهْلِكُنَا إِلا الدَّهْرُ وَمَا لَهُم بِذَٰلِكَ مِنْ عِلْمٍ إِنْ هُمْ إِلا يَظُنُّونَ) (الجاثية/24) واتە : وە کافران و دەهرییەکان نکۆڵی زیندووبوونەوەیان دەکردو ئەیانووت: تەنها ژیانی دونیا هەیەو لە دونیادا ئەژین و پاشان ئەمرین وە هیچ شتێک ئێمە لەناو نابات تەنها سەردەم و زەمانە نەبێ وە زیندوو بوونەوە نیە، خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند، وە دروست نیە جوێن بە سەردەم و زەمانە بدرێت، چونکە جوێندانە بە خوای گەورەو خوای گەورەیە ڕووداوەکانی تێدا بەڕێوە دەبات و هەموو شتێک بە دەستی ئەوە وە ئەوان هیچ زانیاریەکیان لەم شتەدا نیەو تەنها لە گومانەوە ئەم قسانە ئەکەن و گومان دەبەن).

باوەڕیان وایە کە ئەم جیهانە لە خۆیەوە دێت و دەچێت ، وە هەر هەبووە و هەر دەمێنێتیشەوە ، وە دەڵێن : ئەم جیهانە بریتییە لە سکەکان بەرهەم دەهێنیت و زەوی قوت دەدات، وە هیچ بە شتێک ئێمە بە هەلاکەتدا نابات تەنها رۆژگار نەبێت ! جا دروستکراوەکانیان لە خوای گەورە داماڵی ، خوای گەورە لە قورئانە پیرۆزەکەیدا وەڵامیان دەداتەوە و دەفەرموێت : (وَمَا لَهُمْ بِذَلِكَ مِنْ عِلْمٍ) نە لە عەقڵ و نە لە نەقڵ (قورئان و فەرموودە) وە نە لە هەستەکان و نە لە فیترەت ، بەڵکو تەنها درۆ هەڵواسین و گومانە : (وَإِنْ هُمْ إِلا يَظُنُّونَ).

## 2- سروشتگەرەکان (الطبائعيون) .

ئەوانەی کە دەڵێن : سروشت ئەم جیهانەی هێناوەتە بوون ، واتە خودی شتەکان لە رووەک و ئاژەڵ و بێگیانەکان و تایبەتمەندییەکانیان ، خودی خۆیان خۆیان و جوڵەیانی دروست کردووە!

وەڵامی ئەوانەش ئاسان و بەڵگەنەویستە : بە هیچ شێوەیەک ناکرێت و نابێت شتەکان دروستکەر و دروستکار بن لە هەمان کاتدا ، خوای گەورە دەفەرموێت : (أَمْ خُلِقُوا مِنْ غَيْرِ شَيْءٍ أَمْ هُمُ الْخَالِقُونَ) (الطور/35) واتە : یاخود ئایا ئێوە بەبێ هیچ شتێک دروست کراون و لە هیچ دروست کراون؟ یاخود خۆتان خۆتانتان دروست کردووە؟ نەخێر هیچیان نیە بەڵکو خوایەک هەیە کە ئێوەی دروست کردووە).

وە ئەو سروشتەی کە هێنانە بوونیان داوەتە پاڵ ، بریتییە لە کۆمەڵێک بێ گیان ، نابیستن و کەڕن ، کوێرن ، لاڵن ، هیچ هەست و نەست و درکێکیان نییە ، جا ئیتر چۆن دروستکراوێک دروست دەکەن کە زیندوون و دەبیستن و دەبینن و قسەدەکەن و درک دەکەن و هەست بە ئازار و هیوا دەکەن ؟! چونکە ئەگەر کەسێک خۆی شتێکی نەبێت ناتوانێت ئەو شتە بە کەسانی تر ببەخشێت .

### 3- ڕێکەوت دۆستەکان (الصدفيون).

ئەوانەی کە دەڵێن : بوونەوەرەکان لە ڕێگای صودفەوە هاتونەتە بوون ، بە مانای ئەوەی گەردەکان و گەردیلەکان کۆبوونەتەوە و ئەمجار لە ڕێگای صودفەوە ژیانیان هێناوەتە بوون ، وە ئەو هەموو دروستکراوە جۆراوجۆرەیان دروست کردووە ، بە بێ ڕێکخستن و سازاندن و ئیحکامێکی پێش وەختە ! وە تەنها بیرکردنەوە لەم بانگەشەیە بەسە بۆ روخان و نەهێشتنی و لە ناوچوونی ، چونکە ئەو دیقةتە لە دروستکراوەکاندا هەیە و ئەو سیستەمە سەرسوڕمێنە ، وە بەردەوام بوونی لەسەر ڕێگایەکی بە دوای یەکدا ، وە هاوسەنگییەکی تۆکمە ، هەموو ئەمانە ڕێگرن لە بانگەشەی صودفە ، خوای گەورە دەفەرموێت : (صُنْعَ اللَّهِ الَّذِي أَتْقَنَ كُلَّ شَيْءٍ) (النمل/88) واتە : کە ئەمە دروستکراوی خوای گەورەیە کە هەموو شتێکی بە ڕێکوپێکی دروست کردووە وە شاخەکانیش ئاوا دەرئەکات).

خوای گەورە دەفەرموێت : (اللَّهُ الَّذِي خَلَقَ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ وَمِنَ الأَرْضِ مِثْلَهُنَّ يَتَنَزَّلُ الأَمْرُ بَيْنَهُنَّ لِتَعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ وَأَنَّ اللَّهَ قَدْ أَحَاطَ بِكُلِّ شَيْءٍ عِلْمًا) (الطلاق/12) واتە : خوای گەورە ئەو خوایەیە کە حەوت ئاسمانی دروست کردووە وە لە زەویش هاوشێوەیان، واتە: حەوت زەویشی دروست کردووە وەکو لە فەرموودەی سەحیحی پێغەمبەریشدا (ﷺ) هاتووە ، ئەمرو فەرمانی خوای گەورە دائەبەزێ لە نێوان هەر حەوت ئاسمان و هەر حەوت زەویەکە ، تا بزانن خوای گەورە تواناو دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە ، وە بە دڵنیایی زانست و زانیاری خوای گەورە دەوری هەموو شتێکی داوەو هیچ شتێک نیە کە خوای گەورە زانیاری پێ نەبێ و ئاگای لێ نەبێت، والله اعلم).

### 4- شیوعییەکان (الشيوعيون)

ئەوانیش شوێنکەوتەی (کارل مارکس)ن ، کە دەڵێن : هیچ خودایەک بوونی نییە و ژیانیش بریتییە لە مادده (توخم) .

وە کاتێ دەوڵەتەکەیان دامەزران (یەکێتی سۆڤیەت) لە سەر ئەم لاپاڵ و کەندەڵانە وێرانە و بیروباوەرە پووچەڵە ، لە ماوەیەکی کەمدا هەرەسی هێنا و رووخا ، وە ئەو دەوڵەتە پارچە پارچە بوو ، بووە چەند دەوڵەتێکی بچووک بچووک .

### 5- چەند تاکێکی نامۆ و دەگمەن بە درێژایی مێژوو .

وەکو فیرعەون کەوا دەریخست کە باوەڕی بە خوای گەورە نییە و وتی : (وَمَا رَبُّ الْعَالَمِينَ) (الشعراء/23) واتە : ئەو پەروەردگاری هەموو جیهانەی تۆ باسی ئەکەی چیەو کێیە؟)

ئەمجار بانگەشەی ئەو خوایەتییەی بۆ خۆی کرد و وتی : (أَنَا رَبُّكُمُ الاعْلَىٰ) (النازعات/24) واتە : من پەروەردگاری هەرە بەرزی ئێوەم، نەمزانیوە جگە لەمن پەروەردگارو خوایەکی ترتان هەبێت).

پاشان زیادەڕەوی کرد و بانگەشەی خوایەتی بۆ خۆی کرد و وتی: (مَا عَلِمْتُ لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرِي) (القصص/38) واتە : وە فیرعەون وتی: ئەی پیاوماقوڵان و خانەدانان من نەمزانیوە ئێوە جگە لە من خوایەکی ترتان هەبێ).

وە هەڕەشەی لە موسا (عليه السلام) داو وتی : (لَئِنِ اتَّخَذْتَ إِلَٰهًا غَيْرِي لَأَجْعَلَنَّكَ مِنَ الْمَسْجُونِينَ) (الشعراء/29) واتە : فیرعەون کە دەمکوت کرا بە بەڵگە و قسەی نەما پەنای برد بۆ هێزو دەسەڵاتی و هەڕەشەی لێ کردو وتی: ئەی موسا (عليه السلام) ئەگەر جگە لە من خوایەکی تر بۆ خۆت بڕیار بدەی ئەوە ئەتخەمە بەندینخانەوە).

هەروەها وەکو نەمرود کە حوجەە و بەڵگەی بۆ ئیبراهیم (عليه السلام) هێنایەوە دەربارەی پەروەردگارەکەی و وتی : (أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِي حَاجَّ إِبْرَاهِيمَ فِي رَبِّهِ أَنْ آتَاهُ اللَّهُ الْمُلْكَ إِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ رَبِّيَ الَّذِي يُحْيِي وَيُمِيتُ قَالَ أَنَا أُحْيِي وَأُمِيتُ قَالَ إِبْرَاهِيمُ فَإِنَّ اللَّهَ يَأْتِي بِالشَّمْسِ مِنَ الْمَشْرِقِ فَأْتِ بِهَا مِنَ الْمَغْرِبِ فَبُهِتَ الَّذِي كَفَرَ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ) (البقرة/258) واتە : ئیبراهیم فەرمووی: پەروەردگاری من ئەو (الله) یە کە ژیان و مردنی بەدەستە خەڵکی ئەژێنێت و خەڵکی ئەمرێنێ ،(نەمرودیش) وتی: منیش ئەتوانم خەڵک بژێنم و خەڵک بمرێنم دوو کەسی هێنا یەکێکیانی کوشت و یەکێکیانی نەکوشت وتی: ئەوەم مراندو ئەوەم ژیاند ، ئیبراهیم فەرمووی: پەروەردگاری من خۆر لە خۆرهەڵاتەوە هەڵدێنێ و لە خۆرئاواوە ئاوای ئەکات، ئەگەر تۆ ڕاست ئەکەیت با بۆ سبەینێ خۆر لە خۆرئاواوە هەڵبێت، (نەمرودی) کافری دەمکوت کرد وە هیچ بەڵگەی پێ نەما وە سەرسام بوو ، بەڕاستی خوای گەورە هیدایەتی کەسانی زاڵم و ستەمکار نادات، خوای گەورە بە مێشێک سزای دا کە چووە ناو لوتیەوە دەبوایە بە چەکوشی ئاسن لەسەری خۆی بدایا تا هێور بوایەتەوە وە هەر بەو مێشە کوشتی).

وە هەموو ئەوانە ، خۆیان دژ بە بۆچوونی خۆیانن ، ئینکاری و نکۆڵیان کردووە لە فیترەتی خۆیان ، هەروەکو خوای گەورە شایەتی ئەوەی داوە لەسەریان و دەفەرموێت : (وَجَحَدُوا بِهَا وَاسْتَيْقَنَتْهَا أَنفُسُهُمْ ظُلْمًا وَعُلُوًّا فَانظُرْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُفْسِدِينَ) (النمل/14) واتە : وە لە رووکەشیدا ئینکاری و نکۆڵیان لێ کرد بەڵام لە نەفسی خۆیاندا یەقینیان هەبوو کە موسا (عليه السلام) ڕاست دەکات و پێغەمبەری خوایەو (ﷺ) موعجیزەی پێیە بەڵام زوڵمیان لە خۆیان ئەکرد، یان بەهۆی شەریک دانانیان بۆ خوای گەورە، وە بەهۆی لووت بەرزیان ئیمانیان بە موسا (عليه السلام) نەهێنا ، ئەی محمد (ﷺ) تەماشا بکەو بزانە سەرەنجامی ئاشووبگێڕان چۆن بوو چۆن خوای گەورە لەناوی بردن).

بۆیە هیچ پایەیەکیان بە پێوە نەما و هیچ شوێنەوارێکیان نەما .

## دووەم : باوەڕهێنان بە پەروەردگارێتی خوای گەورە .

بریتییە لە باوەڕهێنانێکی چەسپاو و بتەو و یەکلاکەرەوە کەوا خوای تاک و تەنها ، هەر ئەو پەروەردگارە و دروستکارە و خاوەن موڵک و فەرمان رەوایە ، وە مانای پەروەردگاری بریتییە لە :

گەورە و موڵكدار و بەڕێوەبەر و كە هەموو جیهانی پەروەردە كردووە بە نیعمەتەكانی ، خوای گەورە دەفەرموێت : (قَالَ فَمَن رَّبُّكُمَا يَا مُوسَىٰ (49) قَالَ رَبُّنَا الَّذِي أَعْطَىٰ كُلَّ شَيْءٍ خَلْقَهُ ثُمَّ هَدَىٰ (50)) (طه/49–50) واتە : فیرعەون لەبەر ئەوەی خۆی بە خوا ئەزانی وتی: ئەی موسا (عليه السلام) پەروەردگاری ئێوە كێیە؟(49) موسی (عليه السلام) وتی: پەروەردگاری ئێمە ئەو خوایەیە كە هەموو شتێكی دروست كردووە پاشان ڕێنمایی كردوون بۆ ئەو شتەی كە سوودو بەرژەوەندی خۆیانی تێدابێت (50) .

**جا تەوەر و باسی پەروەردگارێتی لە سەر سێ باس بەندە :**

### 1- دروستكردن (الخلق):

خوای گەورە هەموو شتێكی دروست كردووە ، وە جگە لە ئەو دروستكراوە ، خوای گەورە دەفەرموێت : (اللَّهُ خَالِقُ كُلِّ شَيْءٍ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ وَكِيلٌ ) (الزمر/62) واتە : خوای گەورە دروستكاری هەموو شتێكە وە خوای گەورە تواناو دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێكدا هەیەو خۆی ئەم بوونەوەرە بەڕێوە دەبات و هەڵسوكەوتی تێدا دەكات).

وە دەفەرموێت : (وَخَلَقَ كُلَّ شَيْءٍ فَقَدَّرَهُ تَقْدِيرًا) (الفرقان/2) واتە : وە هەموو شتێكی دروست كردووە لەم بوونەوەرە وە بە حیكمەتی خۆیشی تەقدیری هەموو شتێكی كردووەو ئەندازەی بۆ داناوەو كاتی بۆ دیاری كردووە).

وە لە هەر جێگایەكی تردا دروستكردن درابێتە پاڵ جگە لە خوا ئەوە دروستكردنێكی ڕێژەییە بە مانای ڕێكخستن و كۆكردنەوە و بە ئەندازە دانان ، نەك دروستكردن و هێنانە بوون لە نەبوونەوە وەكو خوای گەورە دەفەرموێت : (فَتَبَارَكَ اللَّهُ أَحْسَنُ الْخَالِقِينَ) (المؤمنون/41) واتە : ئەو (الله) یەی كە باشترین دروستكارە خێرو بەرەكەتی یەكجار زۆرە، وە شایەنی ئەوەیە كە بە گەورە بزانرێ).

### 2- موڵكداری (الملک).

خوای گەورە خاوەن موڵكە و جگە لە ئەو مەملوكە ، خوای گەورە دەفەرموێت : (أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ اللَّهَ لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَمَا لَكُم مِّن دُونِ اللَّهِ مِن وَلِيٍّ وَلا نَصِيرٍ) (البقرة/ 107) واتە : ئایا نازانی كە خوای گەورە موڵكی ئاسمانەكان و زەوی هەیەو هەمووی موڵكی خوای گەورەیەو خۆی بە تەنها هەڵسوكەوتی تیا ئەكات وە ئێوە جگە لە خوای گەورە كەس نیە كە دۆست و سەرخەرو پشتیوان و یارمەتیدەرتان بێت).

وە دەفەرموێت : (وَلِلَّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَاللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ) (آل عمران/189) واتە : وە هەرچی موڵكی ئاسمانەكان و زەوی و ئەوەی لە نێوانیاندا هەیە هەمووی موڵكی خوای گەورەیە بە دڵنیایی خوای گەورە تواناو دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێكدا هەیە).

وە دەفەرموێت : (قُلِ اللَّهُمَّ مَالِكَ الْمُلْكِ تُؤْتِي الْمُلْكَ مَن تَشَاءُ وَتَنزِعُ الْمُلْكَ مِمَّن تَشَاءُ) (آل عمران/26) واتە : ئەی محمد (صلى الله عليه وسلم) بڵێ: ئەی پەروەردگار تەنها تۆ خاوەنی هەموو موڵكەكانی موڵك بە هەر كەسێك ئەبەخشی كە ویستت لێ بێت وە لە هەر كەسێكی وەرئەگریتەوە كە ویستت لێ بێت).

وە دەفەرموێت : (وَلَمْ يَكُن لَّهُ شَرِيكٌ فِي الْمُلْكِ) (الإسراء/111) واتە : وە لە موڵکیشدا کەس نیە کە شەریکی خوای گەورە بێ).

وە دەفەرموێت : (ذَٰلِكُمُ اللَّهُ رَبُّكُمْ لَهُ الْمُلْكُ وَالَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِهِ مَا يَمْلِكُونَ مِن قِطْمِيرٍ) (فاطر/13) واتە : ئا ئەم(الله)یە پەروەردگاری ئێوەیە کە ئەو کردەوانە ئەکات و هەموو موڵکی هەیە بەڵام ئەو خوایانەی تر کە ئێوە جگە لە (الله) لێیان ئەپاڕێنەوەو دەیانپەرستن ئەوانە موڵکی (قیتمیر)ێکیان نیە (قیتمیر): ئەو پەردە تەنکەیە کە لە ناوکی خورمادا هەیە، ئەوەندە موڵکیان نیە).

وە هەر موڵکدارییەک دراوەتە پاڵ لە جگە لە خۆی ئەوە موڵکێکی رێژەییە و کاتییە و جوزئییە ، هەر وەکو خوای گەورە دەفەرموێت : (يا قَوْمِ لَكُمُ الْمُلْكُ الْيَوْمَ ظَاهِرِينَ فِي الْأَرْضِ) (غافر/29) واتە : ئەی قەومی خۆم ئێوە ئەمڕۆ موڵکتان هەیە لەسەر زەویداو ئاشکراو باڵادەستن بۆ سوپاسی خوای گەورە ناکەن و باوەڕ بە پێغەمبەرەکەی (ﷺ) ناهێنن).

وە دەفەرموێت : (أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ) (النساء/3) واتە : یاخود جاریەو کەنیزەک کاتی خۆی کە هەبووە ئەتوانن ئەوانیش بێنن).

بەڵام موڵکی تەواو و رەها ئەوا تەنها بۆ خوای تاک و تەنهایە ، خوای گەورە دەفەرموێت : (إِنَّا نَحْنُ نَرِثُ الأَرْضَ وَمَنْ عَلَيْهَا وَإِلَيْنَا يُرْجَعُونَ) (مریم/40) واتە : ئێمە خۆمان ئەبین بە میراتگری زەوی و هیچ کەسێک لەسەر زەویدا نامێنێ، ئەوەی لەسەریەتی ئەبێ هەمووی بمرێت و دونیا بەجێ بێلێت وە هەمووشیان بۆ لای ئێمە ئەگەڕێنەوە لە ڕۆژی قیامەت تا پاداشت یان سزایان بدەینەوە).

### 3- فەرمان و دەسەڵاتداری (الأمر) .

خوای گەورە تەنها خۆی فەرمانڕەوایە و جگە لە ئەو فەرمانپێکراوە ، خوای گەورە دەفەرموێت : (قُلْ إِنَّ الأَمْرَ كُلَّهُ لِلَّهِ) (آل عمران/ 154) واتە : ئەی محمد (ﷺ) پێیان بڵێ: سەرکەوتن هەمووی بەدەست خوای گەورەیەو بەدەست کەس نیە).

وە دەفەرموێت : (أَلَا لَهُ الْخَلْقُ وَالأَمْرُ تَبَارَكَ اللَّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ) (الأعراف/54) واتە : ئایا دروست کردن و فەرمان دەرکردن هەر بۆ خوای گەورە نیە، واتە: چۆن لە دروست کردندا کەس شەریکی خوا نیە لە فەرمان دەرکردن و ئەحکامی شەریعەو یاسادانانیشدا نابێت کەس شەریکی خوای گەورە بێ ،(الله) کە پەروەردگاری هەموو جیهانە خێرو بەرەکەتی یەکجار زۆرو فراوانە).

وە دەفەرموێت : (وَقُضِيَ الأَمْرُ وَإِلَى اللَّهِ تُرْجَعُ الأُمُورُ) (البقرة/210) واتە : وە خوای گەورە بڕیاری داوە کە کافران لەناوبدات و کۆتایی پێ هاتووە وە هەموو کارەکان بۆ لای خوای گەورە ئەگەڕێتەوە).

وە بە پێغەمبەرەکەی (ﷺ) دەفەرموێت : (لَيْسَ لَكَ مِنَ الأَمْرِ شَيْءٌ) (آل عمران/128) واتە : ئەی محمد (ﷺ) هیچ شتێک بەدەست تۆ نیە).

ئەی چۆنە کەسێک لە خوار ئەوەوە بێت ؟

وە دەفەرموێت : (لِلَّهِ الأَمْرُ مِن قَبْلُ وَمِن بَعْدُ) (الروم/4) واتە : پێش ئەم سەرکەوتن و زاڵ بوونەو دوای ئەوەش فەرمان و بەڕێوەبردنی ئەم بوونەوەرەو سەرکەوتن و تێکشکان هەر بەدەست خوای گەورەیە).

جا خوای گەورە تەنها خۆی فەرمانڕەوایە لە دروستکراوەکانیدا و ئەو فەرمانانەی دراوەتە پاڵ لە جگە لە ئەو ، وەکو ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت : (فَاتَّبَعُوا أَمْرَ فِرْعَوْنَ وَمَا أَمْرُ فِرْعَوْنَ بِرَشِيدٍ) (هود/97) واتە : خەڵکی شوێنی ڕێگاو ڕێبازی فیرعەون کەوتن  لە کاتێکدا ڕێگاو ڕێبازی فیرعەون ڕێگایەکی ڕاست و هیدایەت نەبوو بەڵکو گومڕایی و کوفرو نەزانی بوو).

ئەوە فەرمانێکی ڕێژەییە ، داخلی ویست و مەشیئەتی خوای گەورەیە ، ئەگەر ویستی لێ بێت جێبەجێ دەبێت و ئەگەر ویستی لێ بێت ڕێگر دەبێت لێی.

وە فەرمانی خوای گەورە - پاکی و بێگەردی بۆ ئەو زاتە پیرۆزە - فەرمانی گەردوونی و شەرعی دەگرێتەوە ، جا ئەو فەرمانەی فەرمانی گەردوونییە بە دڵنیاییەوە روو دەدات و هیچ ڕێگرێک نییە لە پێشیدا ، ئەوەش هاوواتا و هاومانای ویست و مەشیئەتە ، خوای گەورە دەفەرموێت :(إِنَّمَا أَمْرُهُ إِذَا أَرَادَ شَيْئًا أَن يَقُولَ لَهُ كُن فَيَكُونُ) (یس/82) واتە : کە خوای گەورە بیەوێ شتێک دروست بکات فەرمانی تەنها ئەوەندەیە کە ئەفەرمووێ: ببە یەکسەر ئەو شتە بە فەرمانی خوای گەورە دروست دەبێ).

بەڵام فەرمانە شەرعییەکانی ئەوە جێگای تاقیکردنەوەیە ، ئەوەش هاومانای خۆشویستنە ، جا رەنگە روو بدەن و رەنگە روو نەدەن ، وە هەموو ئەوانە داخلی مانای گشتگیری ویست و مەشیئەتی خوای گەورەیە ، هەروەکو دەفەرموێت :(لِمَن شَاءَ مِنكُمْ أَن يَسْتَقِيمَ (28) وَمَا تَشَاءُونَ إِلا أَن يَشَاءَ اللَّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ) (التکویر/28-29) واتە : بۆ هەر کەسێک لە ئێوە کە ویستی هیدایەت و دامەزراوی و جێگیری هەبێت(28) بەڵام ئێوە هیچ ویستێکتان نیە مەگەر خوای گەورە پەروەردگاری هەموو جیهان ویستی لێ بێت، وە ویستی ئێوە تابیعە بۆ ویستی خوای گەورە).

وە ئەو دوای صیفاتەکانی تری پەروەردگارێتی خوای گەورە دەگەڕێتەوە بۆ ئەم سێ باسە ، دروستکردن ، موڵکداری ، فەرمانڕەوایی ، وەکو ریزق و زیندووکردنەوە و مراندن و داباریني باران و سەوزکردنی زەوی و هێنان و بردنی با و ڕۆیشتنی کەشتییەکان لە دەریاکاندا و هاتنی شەو و ڕۆژ و دووگیانبوون و دانانی ئەوەی لە سکی دووگیاندا هەیە و تەندروستی و نەخۆشی و عیززەت و زەلیلبوون و جگە لە ئەوانە .

وە ئەم باوەڕە بە پەروەردگارێتییەی خوای باڵا دەست ، هەر لە فیترەتەوە بە مرۆڤ بەخشراوە و بە عەقڵێکی سادە درکی پێ دەکرێت ، لە گەردووندا هەستی پێکراوە ، لە دەقەکاندا بە زۆری هاتوون ، وە لە نمونەی ئەو بەڵگانەی کە لە قورئانی پیرۆزدا هاتوون :

ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ( إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَاخْتِلاَفِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ وَالْفُلْكِ الَّتِي تَجْرِي فِي الْبَحْرِ بِمَا يَنفَعُ النَّاسَ وَمَا أَنزَلَ اللَّهُ مِنَ السَّمَاءِ مِن مَّاءٍ فَأَحْيَا بِهِ الأرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا وَبَثَّ فِيهَا مِن كُلِّ دَابَّةٍ وَتَصْرِيفِ الرِّيَاحِ وَالسَّحَابِ الْمُسَخِّرِ بَيْنَ السَّمَاءِ وَالأَرْضِ لآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ) (البقرة/164) واتە : بەڕاستی لە دروست کردنی ئاسمانەکان و زەوی وە جیاوازی شەو و ڕۆژ کە شەو تاریک و فێنکترە وە ڕۆژ ڕووناک و گەرمترە، وە درێژی و کورتیان وە ژێربار کردنی دەریاکان بۆ هەڵگرتنی ئەو کەشتیانەی کە لەناو دەریاکاندا ئەڕۆن کە سوود بە خەڵک ئەگەیەنن وە ئەو ئاوەی کە خوای گەورە لە ئاسمانەوە دای ئەبەزێنێتە خوارەوە کە بەهۆی ئەو بارانەوە ئەو زەوی یە مردووانە زیندوو ئەکاتەوە وە هەموو جۆرە ئاژەڵێکی لەسەر ڕووی زەوی بڵاو کردۆتەوە وە گۆڕانکاری بایەکان با هەیە ساردەو هەیە گەرمە، هەیە هێمن و ئارامە، هەیە گەردەلوولە، یان بای باکور و بای باشور هەیە، یان بایەک کە عەزاب و سزایە، وە بایەک خوای گەورە بە ڕەحمەت ئەینێرێ وە هەورانەی کە خوای گەورە ژێرباری کردووە لە نێوان ئاسمان و زەویدا ئەمانە هەمووی ئایات و نیشانەو بەڵگەیە لەسەر تواناو دەسەڵات و تاک و تەنهایی خوای گەورە بەڵام بۆ کەسانێک کە عەقڵیان هەبێت و بیر بکەنەوە).

هەروەها دەفەرموێت: (تُولِجُ اللَّيْلَ فِي النَّهَارِ وَتُولِجُ النَّهَارَ فِي اللَّيْلِ وَتُخْرِجُ الْحَيَّ مِنَ الْمَيِّتِ وَتُخْرِجُ الْمَيَّتَ مِنَ الْحَيِّ وَتَرْزُقُ مَن تَشَاءُ بِغَيْرِ حِسَابٍ) (آل عمران/27) واتە : شەو ئەخەیتە ناو ڕۆژەوە، وە ڕۆژ ئەخەیتە ناو شەوەوەو تێکەڵیان ئەکەی وە لە مردوو زیندوو دەرئەکەی وە لە زیندووش مردوو دەرئەکەیت وەک ئەوەی کە لە دڵۆپە ئاوێک کە مردووە مرۆڤێکی زیندوو دەرئەکەیت وە بە پێچەوانەیشەوە، وە لە هێلکە مریشک دەرئەکەی وە بە پێچەوانەوە، وە لە تۆوێک جۆرەها بەروبووم دەرئەکەی وە بە پێچەوانەوە، یاخود مرۆڤی موسڵمان لە کافر دەرئەکەی وە بە پێچەوانەوە وە ڕزقی هەر کەسێک ئەدەی کە خۆت ویستت لێ بێت بەبێ حیساب و بەبێ ژمارە).

هەروەها دەفەرموێت : (إِنَّ اللَّهَ فَالِقُ الْحَبِّ وَالنَّوَىٰ يُخْرِجُ الْحَيَّ مِنَ الْمَيِّتِ وَمُخْرِجُ الْمَيِّتِ مِنَ الْحَيِّ ذَٰلِكُمُ اللَّهُ فَأَنَّىٰ تُؤْفَكُونَ (95) فَالِقُ الإِصْبَاحِ وَجَعَلَ اللَّيْلَ سَكَنًا وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ حُسْبَانًا ذَٰلِكَ تَقْدِيرُ الْعَزِيزِ الْعَلِيمِ (96) وَهُوَ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ النُّجُومَ لِتَهْتَدُوا بِهَا فِي ظُلُمَاتِ الْبَرِّ وَالْبَحْرِ قَدْ فَصَّلْنَا الأَيَاتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ (97) وَهُوَ الَّذِي أَنشَأَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ فَمُسْتَقَرٌّ وَمُسْتَوْدَعٌ قَدْ فَصَّلْنَا الأَيَاتِ لِقَوْمٍ يَفْقَهُونَ (98) وَهُوَ الَّذِي أَنزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَخْرَجْنَا بِهِ نَبَاتَ كُلِّ شَيْءٍ فَأَخْرَجْنَا مِنْهُ خَضِرًا نُّخْرِجُ مِنْهُ حَبًّا مُّتَرَاكِبًا وَمِنَ النَّخْلِ مِن طَلْعِهَا قِنْوَانٌ دَانِيَةٌ وَجَنَّاتٍ مِّنْ أَعْنَابٍ وَالزَّيْتُونَ وَالرُّمَّانَ مُشْتَبِهًا وَغَيْرَ مُتَشَابِهٍ انظُرُوا إِلَىٰ ثَمَرِهِ إِذَا أَثْمَرَ وَيَنْعِهِ إِنَّ فِي ذَٰلِكُمْ لأيَاتٍ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ) (الأنعام/95–99) واتە : بە دڵنیایی خوای گەورە دانەوێڵەو ناوک و تۆو ئەوەی کە لەناو زەویدایە هەر هەمووی لەت دەکات، وە دارو درەختی جۆراوجۆری لێ ئەڕوێنێ زیندوو دەردەکات لە مردوو، واتە: مرۆڤ دروست دەکات لە دڵۆپە ئاوێک، یاخود باڵندە دروست دەکات لە هێلکە، یاخود مرۆڤێکی موسڵمان لە باوکێکی کافر دروست دەکات بە پێچەوانەیشەوە لە زیندوو مردوو دەردەکات ، ئەوەی ئەم کارو ئیشە سەرسوڕهێنەرانە دەکات تەنها خوای گەورەیە ئیتر بۆچی ئێوە لە حەق لائەدەن بۆ باتڵ لە کاتێکدا کە ئەم تواناو دەسەڵاتەی خوای گەورە ئەبینن وە ئەزانن(95) وە خوای گەورە ڕووناکی دەردەکات و لەت دەکات لەناو تاریکی شەوەوە

وە شەویشی وا گێڕاوە کە هێمن و ئارام بێت و خەڵک تیایدا پشوو بدەن لە ماندوو بکەن بەهۆی خۆرو مانگەوە ڕۆژژمێرو کاتی خۆیان بزانن ئەم تەقدیرو ڕێکخستنە جوانە هی خوایەکە کە زۆر بەعیززەت و باڵادەست و زانایە(96) وە خوای گەورە ئەو خوایەیە کە بوونی ڕۆژ وە خۆرو مانگیشی وا داناوە کە خەڵکی حسابی خۆیانی پێ ئەستێرەکانیشی بۆ ئێوە دروست کردووە تا ڕێگای خۆتانی پێ بدۆزنەوە لە تاریکیەکانی شەودا لە وشکانی و دەریادا، هەروەها بۆ جوانی ئاسمان و ڕەجمکردنی شەیتانەکانیشە وە ئایەتەکانی خۆمان ڕوون کردۆتەوەو درێژەمان پێداوە بۆ کەسانێک کە بزانن و زانیاریان هەبێ(97) خوای گەورە ئەو خوایەیە کە ئێوەی دروست کردووە لە یەک نەفس کە ئادەمە وە جێنشین و جێگیرتان دەکات لەسەر ڕووی زەوی و ئەتانگەڕێنێتەوە بۆ ناخی زەوی، یاخود ئەو دڵۆپە ئاوە لەناو ڕەحمی ئافرەتدا جێگیر ئەبێت وە لە پشتی پیاواندا دەردەچێت ئایەتەکانی خۆمان درێژە پێداوە بۆ کەسانێک کە تێ بگەن(98) وە خوای گەورە ئەو خوایەیە کە لە ئاسمانەوە باران بۆ ئێوە دائەبەزێنێ کە بەهۆی ئەو بارانەوە جۆرەها ڕووەک بۆ ئێوە دەرئەکەین و ئەڕوێنین وە بەهۆی ئەو بارانەوە سەوزایی و داری سەوزتان بۆ ئەڕوێنین وە هەندێک دانەوێڵەی کەڵەکە بوو لەسەر یەک دەردەکەین وەکو گوڵەگەنم کە لەناو ئەو گوڵەدا چەندێک گەنم لەسەر یەک کۆبۆتەوە وە لە پەلەکانی دارخورما کە ئەو هەموو خورمایەی پێوەیە وە نزیکن و ئەتوانن لێی بکەنەوە وە جۆرەها باخ لە ترێ و زەیتون و هەنار کە تەماشا بکەی لە قەبارەدا یان لە ڕەنگدا لەوانەیە لێک بچن بەڵام لە تامدا لێک ناچن و هەر یەکەو تامێکی جیاوازی هەیە ئەمیش دیسانەوە تاک و تەنهایی و تواناو دەسەڵاتی خوای گەورە دەرئەخات تەماشای بەرهەمەکەی بکەن کاتێک کە دێتە بەرهەم و پێ ئەگات بزانن چۆنە دیسانەوە هەموو ئەمانەی کە باسکرا بەڵگەو نیشانەیە لەسەر تاک و تەنهایی و تواناو دەسەڵات و حیکمەتی خوای گەورە بۆ کەسانێک کە ئیماندار بن (99) .

هەروەها دەفەرموێت : (اللَّهُ الَّذِي رَفَعَ السَّمَاوَاتِ بِغَيْرِ عَمَدٍ تَرَوْنَهَا ثُمَّ اسْتَوَىٰ عَلَى الْعَرْشِ وَسَخَّرَ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ كُلٌّ يَجْرِي لأَجَلٍ مُّسَمًّى يُدَبِّرُ الأَمْرَ يُفَصِّلُ الأيَاتِ لَعَلَّكُم بِلِقَاءِ رَبِّكُمْ تُوقِنُونَ (2) وَهُوَ الَّذِي مَدَّ الأَرْضَ وَجَعَلَ فِيهَا رَوَاسِيَ وَأَنْهَارًا وَمِن كُلِّ الثَّمَرَاتِ جَعَلَ فِيهَا زَوْجَيْنِ اثْنَيْنِ يُغْشِي اللَّيْلَ النَّهَارَ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لأيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ (3) وَفِي الأَرْضِ قِطَعٌ مُّتَجَاوِرَاتٌ وَجَنَّاتٌ مِّنْ أَعْنَابٍ وَزَرْعٌ وَنَخِيلٌ صِنْوَانٌ وَغَيْرُ صِنْوَانٍ يُسْقَىٰ بِمَاءٍ وَاحِدٍ وَنُفَضِّلُ بَعْضَهَا عَلَىٰ بَعْضٍ فِي الأُكُلِ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لأيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ) (الرعد/2-4) واتە : اللە ئەو خوایەیە کە ئاسمانەکانی بەرز کردۆتەوە بەبێ ئەوەی کۆڵەکەیەک لە ژێرەوە ڕایگرتبێ کە ئێوەیش دەیبینن پاشان پەروەردگار بەرزو بڵند بووەوە بۆ سەر عەرشی پیرۆزی خۆی بەرز بوونەوەیەک کە شایەن و شیاو و گونجاو بێت بە گەورەیی و مەزنی خوای گەورە لە بەرزبوونەوەی هیچ لە دروستکراوەکانی ناچێت، وە چۆنیەتیەکەشی خوای گەورە خۆی نەبێت کەس نایزانێت، وە خۆرو مانگی ژێربار کردووە بۆ بەرژەوەندی بەندەکانی هەر یەکێک لە خۆرو مانگ ئەڕۆن تا کاتی دیاریکراوی خۆیان کە ڕۆژی قیامەتە، یاخود دەڕۆن بۆ شوێنی دیاریکراوی خۆیان کە ژێر عەرشی خوای گەورەیە ، خوای گەورە کاروباری ئەم بوونەوەرە هەڵئەسووڕێنێ بە هەر شێوازێک کە خۆی ویستی لێ بێت ئایەتەکانی ڕوون ئەکاتەوەو درێژەی

پێ ئـەدات بەڵکـو ئێـوە یەقینتـان هەبـێ بـە گەیشـتن بـە خـوای گـەورە لـە ڕۆژی قیامەتـدا(2) خـوای گـەورە ئـەو خوایەیـە کە زەوی ڕاخسـتووەو درێژ کـردووە، وە شاخەکانیشـی وەکو مێـخ داکوتیوە لەناو زەویـدا بـۆ ئـەوەی جێگیـر بـن، وە ڕووباریشـی دانـاوە تیایـدا وە لـە هەمـوو بەرووبوومێکیـش خـوای گـەورە نێـرو مێـی دروسـتکردووە بە شـەو ڕووناکـی ڕۆژ دائەپۆشـێ بە دڵنیایـی هەموو ئەمانـە بەڵگەو نیشـانەن لەسـەر تـاک و تەنهایـی و توانـاو دەسـەڵاتی خـوای گـەورە بۆ کەسـانێک کە بیـر بکەنەوە(3) وە لەسـەر زەویشـدا پارچـە پارچـە زەوی هەیـە کـە لێـک نزیکـن هەیانـە باشـەو ڕوەک و دانەوێڵـەی لـێ دەڕوێـت و هەیشـە شـۆرەو هیچـی لێناڕوێـت، وە هەیـە خاکەکـەی ڕەشـەو هەیـە سـورەو هەیـە سـپیە وە جۆرەهـا بـاخ و بێسـتان هەیـە لـە تـرێ و جۆرەهـا کشـتوکاڵ و بەرووبـووم و دارخورمـا کـە هەندێکیـان لێکئەچـن و یـەک بنچینەیـان هەیـە، وە هەندێکیشـیان لێکناچـن و بنچینەیـان جیـاوازە لەگـەڵ ئـەوەی هـەر هەموویـان بـە یـەک ئـاو ئـاو ئەدرێـن بـەڵام تـام و ڕەنـگ و قەبارەیـان جیـاوازە وە فەزڵـی هەندێکیـان دەدەیـن بەسـەر هەندێکـی تریـان لـە خواردنـدا هەیـە شـیرینە و هەیـە ترشـە و هەیـە مـزرە و هەیـە تاڵـە بـە دڵنیایـی هەمـوو ئەمانـە ئایـەت و بەڵگـەو نیشـانەن لەسـەر تـاک و تەنهایـی و توانـاو دەسـەڵات و گەورەیـی خـوای گـەورە بـۆ کەسـانێک کـە عەقڵیـان هەبێـت و بیـر بکەنـەوە (4) .

هەروەها دەفەرموێت : (خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ بِالْحَقِّ تَعَالَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ (3) خَلَقَ الإِنسَانَ مِن نُّطْفَةٍ فَإِذَا هُوَ خَصِيمٌ مُّبِينٌ (4) وَالأَنْعَامَ خَلَقَهَا لَكُمْ فِيهَا دِفْءٌ وَمَنَافِعُ وَمِنْهَا تَأْكُلُونَ (5) وَلَكُمْ فِيهَا جَمَالٌ حِينَ تُرِيحُونَ وَحِينَ تَسْرَحُونَ (6) وَتَحْمِلُ أَثْقَالَكُمْ إِلَىٰ بَلَدٍ لَّمْ تَكُونُوا بَالِغِيهِ إِلا بِشِقِّ الأَنفُسِ إِنَّ رَبَّكُمْ لَرَءُوفٌ رَّحِيمٌ (7) وَالْخَيْلَ وَالْبِغَالَ وَالْحَمِيرَ لِتَرْكَبُوهَا وَزِينَةً وَيَخْلُقُ مَا لا تَعْلَمُونَ (8) وَعَلَى اللَّهِ قَصْدُ السَّبِيلِ وَمِنْهَا جَائِرٌ وَلَوْ شَاءَ لَهَدَاكُمْ أَجْمَعِينَ (9) هُوَ الَّذِي أَنزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً لَّكُم مِّنْهُ شَرَابٌ وَمِنْهُ شَجَرٌ فِيهِ تُسِيمُونَ (10) يُنبِتُ لَكُم بِهِ الزَّرْعَ وَالزَّيْتُونَ وَالنَّخِيلَ وَالأَعْنَابَ وَمِن كُلِّ الثَّمَرَاتِ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لأَيَةً لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ (11) وَسَخَّرَ لَكُمُ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ وَالنُّجُومُ مُسَخَّرَاتٌ بِأَمْرِهِ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لأَيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ (12) وَمَا ذَرَأَ لَكُمْ فِي الأَرْضِ مُخْتَلِفًا أَلْوَانُهُ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لأَيَةً لِّقَوْمٍ يَذَّكَّرُونَ (13) وَهُوَ الَّذِي سَخَّرَ الْبَحْرَ لِتَأْكُلُوا مِنْهُ لَحْمًا طَرِيًّا وَتَسْتَخْرِجُوا مِنْهُ حِلْيَةً تَلْبَسُونَهَا وَتَرَى الْفُلْكَ مَوَاخِرَ فِيهِ وَلِتَبْتَغُوا مِن فَضْلِهِ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ (14) وَأَلْقَىٰ فِي الأَرْضِ رَوَاسِيَ أَن تَمِيدَ بِكُمْ وَأَنْهَارًا وَسُبُلا لَّعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ (15) وَعَلامَاتٍ وَبِالنَّجْمِ هُمْ يَهْتَدُونَ (16) أَفَمَن يَخْلُقُ كَمَن لا يَخْلُقُ أَفَلا تَذَكَّرُونَ (17) وَإِن تَعُدُّوا نِعْمَةَ اللَّهِ لا تُحْصُوهَا إِنَّ اللَّهَ لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ) (النحل/3–18) واتە : خوای گەورە ئاسمانەکان و زەوی بەحەق دروست کردووە خوای گەورە زۆر لەوە بەرزو بڵندترە کە هاوبەشبڕیاردەران هاوەڵ بۆ خوای گەورە بڕیار ئەدەن(3) خوای گەورە ئەو خوایەیە کە مرۆڤی لە دڵۆپە ئاوێک دروست کردووە بەڵام کاتێک کە گەورە بووە بووە بە دوژمن و خەسمێکی ئاشکرای خوای گەورەو بە ئاشکرا دژایەتی خوای گەورە دەکات (4) وە خوای گەورە ئاژەڵانیشی بۆ ئێوە دروست کردووە، وشترو مانگاو مەڕو بزن ئەمانە ئەنعامیان پێ ئەووترێ کە بە سوف و خوریەکەیان پۆشاک دروست دەکەن و خۆتان گەرم ئەکەنەوە وە سوودی تریشیان بۆتان

هەیە لە شیرو گۆشت و بەرهەمیان، وە هەیانە بۆ سواربوونەو هەیانە بۆ زەوی کێڵانەو چەندەها سودی تر وە هەیشە گۆشتەکەی ئەخۆن(5) وە هەیانە بۆ جوانی بەکاریان دێنن جوانە بۆ تەماشاکردن کە بە ئێوارە لە لەوەڕگا ئەیانگەڕێننەوە وە کاتێک لە بەیانیان دەریان ئەکەن بۆ لەوەڕگا(6) وە باری قورسی ئێوە هەڵئەگرن بۆ شارو وڵاتانێکی تر کە ئەگەر بەهۆی ئەمانەوە نەبوایە ئێوە نەتانئەتوانی بگەن بەو شوێنانە مەگەر بە زەحمەت و مەشەقەت و ناڕەحەتیەکی زۆر نەبێ  بە دڵنیایی پەروەردگاری ئێوە زۆر بە ڕەئفەت و ڕەحمەت و سۆزو بەزەیی و میهرەبانە(7) وە ماین و هێسترو گوێدرێژی بۆ دروست کردوون تا بۆ سواری بەکاریان بهێنن وە جوانیشن وە خوای گەورە لە داهاتوودا شتی وایش دروست دەکات کە ئێوە نایزانن وەکو فڕۆکەو ئەو شتانە(8) وە دیاری کردن و ڕوون کردنەوەی ڕێگای ڕاست و ئیسلام لەسەر خوای گەورەیە وە هەیشە لەو ڕێگایانە چەوت و گێڕەو لە ڕێگا ڕاستەکە لاتان ئەدات و وێڵتان ئەکات وە ئەگەر خوای گەورە ویستی لێ بوایە هیدایەتی هەمووتانی ئەدا بۆ ڕێگا ڕاستەکە(9) خوای گەورە ئەو خوایەیە لە ئاسمانەوە بارانی بۆ دابەزاندوون لەو بارانە ئێوە بۆ خۆتان و ئاژەڵەکانتان بۆ خواردنەوە بەکاری دێنن وە داریشی لێ ئەڕوێ کە ئەو دارانە ئەبێ بە لەوەڕ بۆ ئاژەڵەکانتان(10) هەر بەهۆی ئەو بارانەوە زەرعاتتان بۆ ئەڕوێنێ لە دار زەیتون و دارخورما و دارمێو(ترێ) وە لە هەموو جۆرە بەرووبووم و میوەیەک خوای گەورە بەهۆی ئەو بارانەوە بۆتان ئەڕوێنێ بە دڵنیایی ئەم باران باراندن و دەرکردنی ڕووەک و دانەوێڵانە هەمووی نیشانەیەکی گەورەیە لەسەر دەسەڵات و گەورەیی و تاک و تەنهایی خوای گەورە بەڵام بۆ کەسانێک کە بیر بکەنەوە لە دروستکراوەکانی خوای گەورە(11) وە خوای گەورە شەو و ڕۆژو خۆرو مانگ و ئەستێرەکانی بۆ ژێربار کردوون و لە ژێر فەرمانی خوای گەورەدان بە گوێرەی بەرژەوەندی ئێوە دێن و ئەڕۆن بە دڵنیایی هەموو ئەم دروستکراوە گەورانەی خوای گەورە نیشانەن لەسەر دەسەڵات و گەورەیی و تاک و تەنهایی خوای گەورە کە تاک و تەنهاو بێ شەریکە بەڵام بۆ کەسانێک کە عەقڵیان هەبێ و بیر بکەنەوە (12) وە لەسەر زەوی جۆرەها شتی ڕەنگ جیاوازی بۆ سوودو بەرژەوەندی ئێوە دروست کردووە لە ئاژەڵ و کانزا و رووەک ، بە دڵنیایی ئەمانەیش نیشانەو بەڵگەن لەسەر تواناو دەسەڵات و گەورەیی و تاک و تەنهایی خوای گەورە بۆ کەسانێک کە بیر بکەنەوە (13) خوای گەورە ئەو خوایەیە کە ئەو دەریا گەورانەیشی بۆ ژێربار کردوون و بۆ بەرژەوەندی ئێوە دروستی کردوون تا گۆشتی ماسی و نەهەنگەکان بە تازەیی بخۆن وە لە دەریاشەوە خشڵ و مرواری و مەرجان و ئەوانە دەرکەن و خۆتانی پێ برازێننەوەو لەبەری بکەن وە کەشتیەکان ئەبینی کە ئاوی ئەو دەریایە ئەبڕێت وە تا ئێوە بەهۆی فەزڵی خوای گەورەوە بازرگانی بەو کەشتیانە بکەن و داوای فەزڵی خوای گەورە بکەن وە بەڵکو شوکرانە بژێری نیعمەتەکانی خوای گەورە بکەن(14) وە لە زەویشدا ئەو شاخانەی چەقاندووە وەکو مێخ بۆ ئەوەی کە زەوی نەجووڵێت و نەهەژێت وە ڕووبارو ڕێگایشی بۆ داناون بۆ ئەوەی لە گەشتەکانتاندا بەو ڕێگایانەدا بڕۆن بەڵکو ڕێگای خۆتانی پێ بدۆزنەوە(15) وە جۆرەها نیشانەی داناوە کە ڕێی خۆتانی پێ بدۆزنەوە وە بەهۆی ئەستێرەیشەوە بە شەوان ئەتوانن ڕێگای خۆتان بدۆزنەوە لە گەشتەکانتاندا(16) ئایا خوایەک کە ئەم هەموو دروستکراوە گەورانەی دروست کردبێ وەکو کەسێک وایە کە هیچ شتێکی دروست نەکردبێ یەکسانن وەک ئەوانەی

کە ئێوە ئەیانپەرستن ئەوە بۆ بیر ناکەنەوە چۆن کەسانێک ئەکەنە شەریک بۆ ئەو خوایە گەورەیە کە ئەو هەموو دروستکراوەی دروست کردووە(17) وە ئەگەر ئێوە بتانەوێ نیعمەتەکانی خوای گەورە بژمێرن ئەوە لە ژماردن نایەن لەبەر زۆری نیعمەتەکانی خوای گەورە بەسەرتانەوە بە دڵنیایی خوای گەورە زۆر لێخۆشبوو بە بەزەییە (18)

هەروەها دەفەرموێت : (وَلَقَدْ خَلَقْنَا الإِنْسَانَ مِنْ سُلالَةٍ مِنْ طِينٍ (12) ثُمَّ جَعَلْنَاهُ نُطْفَةً فِي قَرَارٍ مَكِينٍ (13) ثُمَّ خَلَقْنَا النُّطْفَةَ عَلَقَةً فَخَلَقْنَا الْعَلَقَةَ مُضْغَةً فَخَلَقْنَا الْمُضْغَةَ عِظَامًا فَكَسَوْنَا الْعِظَامَ لَحْمًا ثُمَّ أَنْشَأْنَاهُ خَلْقًا آخَرَ فَتَبَارَكَ اللَّهُ أَحْسَنُ الْخَالِقِينَ (14) ثُمَّ إِنَّكُمْ بَعْدَ ذَلِكَ لَمَيِّتُونَ (15) ثُمَّ إِنَّكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ تُبْعَثُونَ (16) وَلَقَدْ خَلَقْنَا فَوْقَكُمْ سَبْعَ طَرَائِقَ وَمَا كُنَّا عَنِ الْخَلْقِ غَافِلِينَ (17) وَأَنْزَلْنَا مِنَ السَّمَاءِ مَاءً بِقَدَرٍ فَأَسْكَنَّاهُ فِي الأَرْضِ وَإِنَّا عَلَى ذَهَابٍ بِهِ لَقَادِرُونَ (18) فَأَنْشَأْنَا لَكُمْ بِهِ جَنَّاتٍ مِنْ نَخِيلٍ وَأَعْنَابٍ لَكُمْ فِيهَا فَوَاكِهُ كَثِيرَةٌ وَمِنْهَا تَأْكُلُونَ (19) وَشَجَرَةً تَخْرُجُ مِنْ طُورِ سَيْنَاءَ تَنْبُتُ بِالدُّهْنِ وَصِبْغٍ لِلآكِلِينَ (20) وَإِنَّ لَكُمْ فِي الأَنْعَامِ لَعِبْرَةً نُسْقِيكُمْ مِمَّا فِي بُطُونِهَا وَلَكُمْ فِيهَا مَنَافِعُ كَثِيرَةٌ وَمِنْهَا تَأْكُلُونَ (21) وَعَلَيْهَا وَعَلَى الْفُلْكِ تُحْمَلُونَ) (المؤمنون/12-22) واتە : وە بە دڵنیایی ئێمە مرۆڤمان دروست کردووە لە(سولالە) کە بریتییە لە دەرکردنی شتێک لە شتێکی تر، کە ئادەممان لەو قوڕە دەرکردووەو دروست کردووە(12) وە پاشان مرۆڤیشمان لە دڵۆپە ئاوێک دروست کردووەو لە شوێنێکی جێگیردا دامانناوە کە ڕەحمی ئافرەتە(13) پاشان ئەو دڵۆپە ئاوە ئەبێ بە خوێنێکی مەیوو پاشان ئەو خوێنە مەیووە ئەبێتە پارچە گۆشتێکی ڕێکنەخراو وە دواتریش ڕێکئەخرێ پاشان ئەو پارچە گۆشتە ئەکەین بە ئێسقان و ئێسقانی لێ دروست ئەکەین بۆ ئەوەی لاشەی ئەو مرۆڤە ڕابگرێ پاشان ئەو ئێسقانەیش بە گۆشت دائەپۆشین پاشان ڕوح ئەکەینە بەری وە ئەیکەین بە مرۆڤێکی تر ئەو اللە یەی کە باشترین دروستکارە خێرو بەرەکەتی یەکجار زۆرە، وە شایەنی ئەوەیە کە بە گەورە بزانرێ(14) لە پاش ئەوە کە خوای گەورە دروستتان ئەکات و دێنە ژیانەوە لە دوای ئەوە مردنتان بەسەردا دێت و ئەبێ بگەڕێنەوە(15) پاشان لە ڕۆژی قیامەتدا زیندوو ئەکرێنەوە بۆ لێپرسینەوە(16)وە لە سەرووی ئێوەشەوە حەوت ئاسمانمان دروست کردووە یەک لەسەر یەک وە ئێمە بێ ئاگا نین لە دروستکراوەکانی خۆمان وە ئەیانپارێزین و نایەلین بەربێتەوە سەر زەوی(17) وە لە ئاسمانیشەوە بارانمان بۆ دابەزاندووە بە ئەندازەیەکی دیاریکراو کە بەرژەوەندی ئێوەی تیابێت وە ئەو ئاوەمان جێگیر کردووە لەناو زەویدا وە هەر کاتێک ویستمان لێ بێت ئەوا ئاوەکانتان لەناو ئەبەین کە سوودی لێ نەبینن(18) بەهۆی ئەو بارانەوە باخ و بێستانی چڕوپڕمان بۆ دروست کردوون لە دارخورماو مێو کە میوەی زۆری بۆ ئێوە تیایە کە تام و چێژی لێ ئەکەن وە هەیشە لێی ئەخۆن(19)وە دارێکیش کە داری زەیتونە لە کێوی(طور لە سەیناء) لەوێ زۆرتر ئەڕوێت کە زەیتی زەیتونی لێ دەرئەکرێ وە زەیتی زەیتون و سرکەو ئەو شتانەیشی لێ دروست ئەکرێ بۆ خواردن ، ئەوەی دەیخوات نانی تێهەڵدەکێشێت و وەکو بۆیاخ ڕەنگی دەکات(20) وە ئەو ئاژەڵانەیش کە بۆمان دروست کردوون هەمووی پەندو عیبرەتی تیایە بۆ ئێوە، وە بەڵگەن لەسەر تواناو دەسەڵاتی خوای گەورە لەو شیرەی کە لەناو سکیدایە وەکو خواردنەوەیەک وایە بۆ ئێوە وە سوودی زۆری تریشی بۆ ئێوە تیایە: بۆ سواری و بارهەڵگرتن و

شیرەکەی و گۆشتەکەی و موەکەی و بۆ جوانی و بۆ هەموو ئەو شتانەی تر کە خۆتان سوودی لێ ئەبینن وە هەیشە بۆ خواردن بەکاری دێنن(21) وە لەسەر ئەو ئاژەڵانە ئەڕۆن و هەڵتاندەگرێ لە وشکانی، وە لەسەر کەشتیش لەناو دەریاکاندا ئەمیش هەمووی نیعمەتی خوای گەورەیە بۆ ئێوە(22).

هەروەها دەفەرموێت : (أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ يُزْجِي سَحَابًا ثُمَّ يُؤَلِّفُ بَيْنَهُ ثُمَّ يَجْعَلُهُ رُكَامًا فَتَرَى الْوَدْقَ يَخْرُجُ مِنْ خِلالِهِ وَيُنَزِّلُ مِنَ السَّمَاءِ مِنْ جِبَالٍ فِيهَا مِنْ بَرَدٍ فَيُصِيبُ بِهِ مَنْ يَشَاءُ وَيَصْرِفُهُ عَنْ مَنْ يَشَاءُ يَكَادُ سَنَا بَرْقِهِ يَذْهَبُ بِالأَبْصَارِ (43) يُقَلِّبُ اللَّهُ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَعِبْرَةً لأُولِي الأَبْصَارِ (44) وَاللَّهُ خَلَقَ كُلَّ دَابَّةٍ مِنْ مَاءٍ فَمِنْهُمْ مَنْ يَمْشِي عَلَى بَطْنِهِ وَمِنْهُمْ مَنْ يَمْشِي عَلَى رِجْلَيْنِ وَمِنْهُمْ مَنْ يَمْشِي عَلَى أَرْبَعٍ يَخْلُقُ اللَّهُ مَا يَشَاءُ إِنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ) (النور/43– 45) واتە : ئایا نابینی خوای گەورە ئەو هەورانە بەڕێ ئەکات بۆ هەر شوێنێک کە ویستی لێ بێت پاشان ئەو پەڵە هەورانە هەموویان کۆ دەکاتەوەو یەک دەگرن دوای ئەوە کەڵەکەیان ئەکات بەسەر یەکدا وە دەبینیت باران لەناو ئەو هەورانەوە دێتە خوارەوە وە خوای گەورە لە بەرزی ئاسمانەوە بۆ شاخە بەرزەکانیش تەرزە ئەبارێنێ، یاخود لە ئاسمانەوە بە ئەندازەی شاخ تەرزە دەبارێنێت، یاخود لە ئاسمان شاخی تەرزە هەیە دایدەبەزێنێت ویستی لێ بێت لە هەر شوێنێک دایبەزێنێ دای ئەبەزێنێ وە ویستیشی لێ بێت لە هەر شوێنێکی تر لایدات لائەدات وە تیشکی ئەو هەورە بروسکەیە نزیکە کە لە چاو بدات و چاو بەرێت لەبەر بەهێزی تیشکەکەی (43)خوای گەورە خۆی شەو و ڕۆژ ئەمدیو دیو ئەکات و ئەیگۆڕێت و گۆڕانی بەسەردا دێنێ بە ساردی و گەرمی و تاریکی و ڕووناکی و درێژی و کورتی بە دڵنیایی هەموو ئەم شتانە پەندو عیبرەت و ئامۆژگاریە بۆ ئەو کەسانەی کە بینان و چاویان حەق ئەبینێ(44) وە خوای گەورە هەموو ئاژەڵێکی دروست کردووە لە ئاو، یاخود لەو دڵۆپە ئاوە کە مەنییە جا هەیانە لەسەر سکی ئەڕوات وەکو مارو کرم و نەهەنگ وە هەیشە لەسەر دوو پێ ئەڕوات وەکو مرۆڤ و باڵندە وە هەیشانە لەسەر چوار پێ ئەڕوات وەکو ئاژەڵەکان خوای گەورە ویستی لە هەر شتێک بێ دروستی ئەکات بە دڵنیایی خوای گەورە تواناو دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە(45).

هەروەها دەفەرموێت : (أَلَمْ تَرَ إِلَى رَبِّكَ كَيْفَ مَدَّ الظِّلَّ وَلَوْ شَاءَ لَجَعَلَهُ سَاكِنًا ثُمَّ جَعَلْنَا الشَّمْسَ عَلَيْهِ دَلِيلا (45) ثُمَّ قَبَضْنَاهُ إِلَيْنَا قَبْضًا يَسِيرًا (46) وَهُوَ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ اللَّيْلَ لِبَاسًا وَالنَّوْمَ سُبَاتًا وَجَعَلَ النَّهَارَ نُشُورًا (47) وَهُوَ الَّذِي أَرْسَلَ الرِّيَاحَ بُشْرًا بَيْنَ يَدَيْ رَحْمَتِهِ وَأَنْزَلْنَا مِنَ السَّمَاءِ مَاءً طَهُورًا (48) لِنُحْيِيَ بِهِ بَلْدَةً مَيْتًا وَنُسْقِيَهُ مِمَّا خَلَقْنَا أَنْعَامًا وَأَنَاسِيَّ كَثِيرًا (49) وَلَقَدْ صَرَّفْنَاهُ بَيْنَهُمْ لِيَذَّكَّرُوا فَأَبَى أَكْثَرُ النَّاسِ إِلا كُفُورًا (50) وَلَوْ شِئْنَا لَبَعَثْنَا فِي كُلِّ قَرْيَةٍ نَذِيرًا (51) فَلا تُطِعِ الْكَافِرِينَ وَجَاهِدْهُمْ بِهِ جِهَادًا كَبِيرًا (52) وَهُوَ الَّذِي مَرَجَ الْبَحْرَيْنِ هَذَا عَذْبٌ فُرَاتٌ وَهَذَا مِلْحٌ أُجَاجٌ وَجَعَلَ بَيْنَهُمَا بَرْزَخًا وَحِجْرًا مَحْجُورًا (53) وَهُوَ الَّذِي خَلَقَ مِنَ الْمَاءِ بَشَرًا فَجَعَلَهُ نَسَبًا وَصِهْرًا وَكَانَ رَبُّكَ قَدِيرًا) (الفرقان/45–54) واتە : ئایا نابینی پەروەردگارت چۆن سێبەری درێژ کردۆتەوە (لە بەرەبەیانەوە تا خۆرکەوتن) ئەگەر ویستی لێ بوایە سێبەرەکەی جێگیرو بەردەوام دەکرد پاشان خۆریشمان گێڕا وەکو بەڵگەیەک بێت

لەسەر ئەو سێبەرە لەبەر ئەوەی زیادو کەم ئەکات بەهۆی خۆرەکەوە(45) پاشان سێبەرەکەیشمان کەم کردۆتەوەو شاردۆتەوە بەهۆی نەمانی خۆرەکەوە، یان خۆرەکەمان شاردۆتەوەو کەم کردۆتەوە (46) خوای گەورە ئەو خوایەیە کە شەوی بۆ ئێوە وەکو پۆشاکێک لێکردووە کە داتانئەپۆشێ بە تاریکیەکەی وە خەویشی بۆ ئێوە داناوە تا پشووی تیا بدەن و لە جولە بکەون وە ڕۆژیشی وا لێ کردووە کە تیایدا بە ئاگاو بەخەبەر بن و بۆ بەرژەوەندی خۆتان هەوڵ بدەن (47) وە خوای گەورە ئەو خوایەیە کە ئەو بایانە ئەنێرێ وەکو موژدەدەرێک لە پێش خۆیانەوە کە ڕەحمەتی خوای گەورەی هەڵگرتووە کە بارانیان پێیە وە لە ئاسمانیشەوە ئاوێکی پاک دائەبەزێنینە خوارەوە(48) تا بەهۆی ئەو بارانەوە چەند شوێنێکی زەوی مردوو زیندوو بکەینەوە بە ڕواندنی گژوگیاو دانەوێڵەو ڕووەک وە بەهۆی ئەو بارانەوە لەو دروستکراوانەی کە دروستمان کردووە لە ئاژەڵان و لە خەڵکانێکی زۆری پێ ئاو بدەین(49) وە ئەم گۆڕانکاریانە ئەکەین لە سێبەرو با و باران بارین تا لە زیندوکردنەوەی ئەو زەویە مردوانە بیر لە مردن بکەنەوە بەڵام زۆربەی خەڵکی تەنها کوفرانەبژێری نیعمەتی خوای گەورەیان هەڵبژارد، وە ڕەتیان کردەوە کە دان بنێن بە نیعمەتی خوای گەورە بەسەریانەوە (نالێن بە هۆی فەزڵ و رەحمەتی خوای گەورەوە بارانمان بۆ باری، بەڵکو دەڵێن بە هۆی ئەستێرەو بورجەکانەوە بارانمان بۆ باری)(50) وە ئەگەر ویستمان لێ بوایە بۆ هەموو دێ یەک دەمانتوانی پێغەمبەرێک بنێرین وە ئاگاداریان بکاتەوە، بەڵام محمدمان (ﷺ) بۆ تێکڕای خەڵکی ناردووە(51) ئەی محمد (ﷺ) گوێڕایەڵی کافران مەکە وە بەو قورئانە پیرۆزە جیهادێکی گەورەی کافران بکە(52) وە خوای گەورە ئەو خوایەیە کە دوو دەریای گەیاندووە بە یەک کە یەکێکیان ئاوێکی شیرینی سازگارە کە دەڕوات وە ئەوەی تریشیان ئاوێکی سوێرو شۆرە کە راوەستاوەو ناڕوات وە لە نێوانیشیاندا پەردەیەکی داناوە کە تێکەڵ بەیەک نابن وە ئەو پەردەیە ڕێگری ئەکات ئەو دوو ئاوە لە ناوەوە تێکەڵ بەیەک بن و ئەو دوو ئاوەی لێک جیا کردۆتەوە، بەڵام لە بانەوە یەکە، ئەویش موعجیزەیەکی خوای گەورەیە، یاخود زەوی وشکانی خستۆتە نێوانیانەوە(53) وە خوای گەورە ئەو خوایەیە لە دڵۆپە ئاوێک کە مەنی یە مرۆڤی دروست کردووە وە بەهۆی ئەو دڵۆپە ئاوەوە مرۆڤ زیادی کردووە لە نەسەب و ڕەچەڵەکدا وە لە ژن و ژن خوازیدا وە پەروەردگاری تۆ زۆر بەتواناو دەسەڵاتە(54) .

هەروەها دەفەرموێت : (فَسُبْحَانَ اللَّهِ حِينَ تُمْسُونَ وَحِينَ تُصْبِحُونَ (17) وَلَهُ الْحَمْدُ فِي السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَعَشِيًّا وَحِينَ تُظْهِرُونَ (18) يُخْرِجُ الْحَيَّ مِنَ الْمَيِّتِ وَيُخْرِجُ الْمَيِّتَ مِنَ الْحَيِّ وَيُحْيِي الأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا وَكَذَلِكَ تُخْرَجُونَ (19) وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَكُمْ مِنْ تُرَابٍ ثُمَّ إِذَا أَنْتُمْ بَشَرٌ تَنْتَشِرُونَ (20) وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُمْ مَوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذَلِكَ لأَيَاتٍ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ (21) وَمِنْ آيَاتِهِ خَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَاخْتِلافُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَانِكُمْ إِنَّ فِي ذَلِكَ لأَيَاتٍ لِلْعَالِمِينَ (22) وَمِنْ آيَاتِهِ مَنَامُكُمْ بِاللَّيْلِ وَالنَّهَارِ وَابْتِغَاؤُكُمْ مِنْ فَضْلِهِ إِنَّ فِي ذَلِكَ لأَيَاتٍ لِقَوْمٍ يَسْمَعُونَ (23) وَمِنْ آيَاتِهِ يُرِيكُمُ الْبَرْقَ خَوْفًا وَطَمَعًا وَيُنَزِّلُ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَيُحْيِي بِهِ الأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا إِنَّ فِي ذَلِكَ لايَاتٍ لِقَوْمٍ يَعْقِلُونَ (24) وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ تَقُومَ السَّمَاءُ وَالأَرْضُ بِأَمْرِهِ ثُمَّ إِذَا دَعَاكُمْ دَعْوَةً مِنَ الأَرْضِ إِذَا أَنْتُمْ تَخْرُجُونَ (25) وَلَهُ مَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ كُلٌّ لَهُ قَانِتُونَ (26) وَهُوَ الَّذِي يَبْدَأُ الْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُ وَهُوَ أَهْوَنُ عَلَيْهِ وَلَهُ الْمَثَلُ

الأَعْلَى فِي السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ) (الروم/17–27) واتە : وە پاک و مونەززەهی بۆ خوای گەورە، خوای گەورە بە پاک ڕابگرن و زیکرو تەسبیحاتی خوا بکەن لە کاتی ئێوارەو بەیانیاندا، واتە: زیکرەکانی بەیانیان و ئێواران بخوێنن(17) وە حەمدو سەناو ستایش بۆ خوای گەورەیە لە ئاسمانەکان و زەویدا وە بە ئێواران و نیوەڕۆیان، یاخود وتراوە: ئەمە مەبەست پێی پێنج نوێژە فەرزەکەیە: (حِينَ تُمْسُونَ) ئێوارە، مەبەست پێی: نوێژی مەغریب و عیشایە (وَحِينَ تُصْبِحُونَ) مەبەست پێی نوێژی بەیانییە (وَعَشِيًّا) مەبەست پێی نوێژی عەصرە(وَحِينَ تُظْهِرُون) مەبەست پێی نوێژی نیوەڕۆیە، ئا لەو کاتانەدا نوێژەکان ئەنجام بدەن(18) خوای گەورە ئەوەندە باڵادەستە لە مردوو زیندوو دەردێنێ و دروست ئەکات: وەکو لە دڵۆپێک ئاو مرۆڤ دروست دەکات، لە هێلکە باڵندە دروست دەکات، لە کافر موسڵمان دروست دەکات وە بە پێچەوانەیشەوە لە زیندوو مردوو دەردێنێ و دروست دەکات، مرۆڤ کە زیندووە مەنی و دڵۆپە ئاوی لێ دەردێنێ، باڵندە کە زیندووە هێلکەی لێ دەردێنێ، موسڵمان کە زیندووە جاری وا هەیە لە نەوەی ئەو کافر دەبێ وە لە پاش ئەوەی کە زەوی مردووە خوای گەورە بەهۆی بارانەوە زیندووی ئەکاتەوەو ئەیژیەنێتەوە چۆن ئەو زەویە مردووەمان زیندوو کردەوە ئێوەش بەو شێوازە لەناو قەبرەکانتان دەرئەکرێن و زیندوو دەکرێنەوە (19) وە یەکێک لە نیشانەکانی تواناو دەسەڵاتی خوای گەورە لەسەر زیندوو بوونەوە ئەوەیە کە ئێوەی لە خۆڵ دروست کرد، واتە: ئادەمی باوکتان پاشان خوای گەورە ئێوەی نەوەی ئادەمی لەسەر زەویدا بڵاو کردۆتەوەو زۆر بوونە(20) وە یەکێکی تر لە نیشانەکانی تواناو دەسەڵاتی خوای گەورە لەسەر زیندوو بوونەوە ئەوەیە کە لە نەفسی خۆتان خێزانی بۆ دروست کردوون، واتە: لە پەراسوی چەپی ئادەم حەوای دروست کردووە بۆ ئەوەی ئەو خێزانانە وەکو سوکناو هێمنی و ئارامی و پشوویەکی دەروونی بێت بۆ ئێوە وە خۆشەویستی و ڕەحم و سۆزو بەزەیی خستۆتە نێوانتانەوە، یان (مَوَدَّةً) واتە: جیماع (وَرَحْمَةً) واتە: منداڵ ئا ئەمانە هەمووی بەدڵنیایی بەڵگەیە لەسەر تاک و تەنهایی و تواناو دەسەڵاتی خوای گەورە بەڵام بۆ کەسانێک کە بیر بکەنەوەو تێبیفکرن (21) وە یەکێکی تر لە بەڵگەو نیشانەکانی تاک و تەنهایی و تواناو دەسەڵاتی خوای گەورە دروست کردنی ئاسمانەکان و زەویە، وە زمانی ئێوەی لێک جیاواز کردووە هەر یەکێک بە زمانێک قسە ئەکەن، وە ڕەنگ و شێوازیشتان لێک جیاوازە هەر یەکەو شێوەیەکتان هەیە بە دڵنیایی هەموو ئەمانە بەڵگەو نیشانەن لەسەر تاک و تەنهایی و تواناو دەسەڵاتی خوای گەورە بەڵام بۆ کەسانێک کە زانا بن(22) وە یەکێکی تر لە بەڵگەو نیشانەکانی تاک و تەنهایی و تواناو دەسەڵاتی خوای گەورە ئەوەیە بە شەو و بەڕۆژ ئێوە ئەخەوێنێ، بە شەو ئەخەون هەندێک جاریش بە ڕۆژ کاتی(قەیلولە) بۆ ئەوەی پشوویەک بدەن وە بە ڕۆژیش ئەگەڕێن بەدوای ڕزق و ڕۆزی خۆتان و کاسبی ئەکەن بە دڵنیایی هەموو ئەمانە بەڵگەو نیشانەیە لەسەر تاک و تەنهایی و تواناو دەسەڵاتی خوای گەورە بەڵام بۆ کەسانێک کە ببیستن وە پەندو ئامۆژگاری وەربگرن (23) وە یەکێکی تر لە بەڵگەو نیشانەکانی تاک و تەنهایی و تواناو دەسەڵاتی خوای گەورە ئەوەیە کە هەورە بروسکەتان نیشان ئەدات کە هەندێک جار لێی ئەترسێن کە زەرەرو زیانتان پێ بگەیەنێ، وە هەندێک جار ئومێدتان پێیە کە دوای ئەوە باران ببارێ و سوودی لێ ببینن وە لە ئاسمانیشەوە بارانتان بۆ ئەهێنێتە خوارەوە وە ئەو زەویەی کە لە دوای ئەوەی

وشک و مردووە خوای گەورە بەهۆی بارانەوە زیندووی ئەکاتەوەو ڕووەک و دانەوێڵەی لێ ئەڕوێنێ، چۆن ئەو زەویە مردووەی زیندوو کردەوە بەو شێوەیەیش ئێوە زیندوو دەکاتەوە بە دڵنیایی هەموو ئەمانە بەڵگەو نیشانەیە لەسەر تاک و تەنهایی و تواناو دەسەڵاتی خوای گەورە بەڵام بۆ کەسانێک کە بیر بکەنەوەو تێبگەن (24) وە یەکێکی تر لە بەڵگەو نیشانەکانی تواناو دەسەڵاتی خوای گەورە ئەوەیە کە ئاسمانەکان و زەوی بە فەرمانی خوا ڕاوەستاوە بەبێ ئەوەی هیچ شتێک ڕایگرتبێ پاشان ئەگەر خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەت بانگتان بکات کاتێک کە ئێوە مردوونەو لەناو زەویدان ئێوە هەر هەمووتان دەرئەچن و فەرمانی خوای گەورە جێبەجێ ئەکەن(25) وە هەرچی لە ئاسمانەکان و زەوی هەیە هەمووی موڵکی خوای گەورەیەو هەموو ملکەچ و گوێڕایەڵی خوای گەورەن(26) وە خوای گەورە ئەو خوایەیە سەرەتا دروستکراوەکان دروست دەکات پاشان لە دوای مردنیش سەرلەنوێ زیندوویان ئەکاتەوە کە ئەمەیان ئاسانترە لای خوای گەورە، ئەوەی یەکەمیش هەر ئاسانە بەڵام سەبارەت بە عەقڵ و تێگەیشتنی ئێمە ئەمەیان ئاسانترە وە نموونەی هەرە بەرز بۆ خوای گەورەیە لە ئاسمانەکان و زەوی، خوای گەورە لە کەس ناچێت و کەس لە خوای گەورە ناچێت و تاک و تەنها و بێ هاوەڵە وە خوای گەورە زۆر بەعیززەت و باڵادەستە، وە زۆر کاربەجێیە لە وتەو کردەوەیدا (27) .

هەروەها دەفەرموێت : ﴿الرَّحْمَنُ (1) عَلَّمَ الْقُرْآنَ (2) خَلَقَ الانْسَانَ (3) عَلَّمَهُ الْبَيَانَ (4) الشَّمْسُ وَالْقَمَرُ بِحُسْبَانٍ (5) وَالنَّجْمُ وَالشَّجَرُ يَسْجُدَانِ (6) وَالسَّمَاءَ رَفَعَهَا وَوَضَعَ الْمِيزَانَ (7) أَلا تَطْغَوْا فِي الْمِيزَانِ (8) وَأَقِيمُوا الْوَزْنَ بِالْقِسْطِ وَلا تُخْسِرُوا الْمِيزَانَ (9) وَالأَرْضَ وَضَعَهَا لِلأَنَامِ (10) فِيهَا فَاكِهَةٌ وَالنَّخْلُ ذَاتُ الأَكْمَامِ (11) وَالْحَبُّ ذُو الْعَصْفِ وَالرَّيْحَانُ (12) فَبِأَيِّ آلاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ (13) خَلَقَ الإِنْسَانَ مِنْ صَلْصَالٍ كَالْفَخَّارِ (14) وَخَلَقَ الْجَانَّ مِنْ مَارِجٍ مِنْ نَارٍ (15) فَبِأَيِّ آلاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ (16) رَبُّ الْمَشْرِقَيْنِ وَرَبُّ الْمَغْرِبَيْنِ (17) فَبِأَيِّ آلاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ (18) مَرَجَ الْبَحْرَيْنِ يَلْتَقِيَانِ (19) بَيْنَهُمَا بَرْزَخٌ لا يَبْغِيَانِ (20) فَبِأَيِّ آلاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ (21) يَخْرُجُ مِنْهُمَا اللُّؤْلُؤُ وَالْمَرْجَانُ (22) فَبِأَيِّ آلاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ (23) وَلَهُ الْجَوَارِ الْمُنْشَآتُ فِي الْبَحْرِ كَالأَعْلامِ (24) فَبِأَيِّ آلاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ﴾ (الرحمن/1 - 25) واتە : الرحمن: ناوێکە لە ناوە پیرۆزەکانی خوای گەورە، واتە: خوای گەورە زۆر بەڕەحم و سۆزو بەزەیی و میهرەبانە، ئەو خوایەی کە (1) فێرە خوێندنەوەی قورئانی کردوون (2) وە مرۆڤیشی دروست کردووە(3) وە مرۆڤی فێری ناوی هەموو شتەکان کردووە، یان فێری هەموو زمانەکانی کردووە، یان فێری هەموو شتێکی کردووە، یان فێری دەربڕینی پیتەکانی کردووەو بۆی ئاسانکردووە(4) وە خۆرو مانگیش لە شوێنی دیاریکراوی خۆیان ئەڕۆن وە بەهۆیانەوە مانگ و ساڵ ئەژمێردرێت (5) وە ئەستێرەکان و دارەکان هەموویان سوجدەو کڕنوش بۆ خوای گەورە ئەبەن وە ملکەچی خوای گەورەن، یاخود وتراوە: ﴿وَالنَّجْمُ﴾ هەموو ڕووەکێکە کە قەدی نەبێ ﴿وَالشَّجَرُ﴾ هەموو ڕووەکێکە کە قەدی هەبێ، هەموویان سوجدەو کڕنوش بۆ خوای گەورە ئەبەن و ملکەچی فەرمانی خوای گەورەن (6) وە خوای گەورە ئاسمانی بەرز کردۆتەوەو بەرز ڕایگرتووە بەسەر زەویدا وە تەرازوویشی لەسەر زەوی داناوە بۆ ئەوەی کە دادپەروەر بن لەگەڵ یەکتریدا (7) ئێوە سنوور مەبەزێنن لەو تەرازووەدا، یاخود لە

دادپەروەریدا (8) وە با تەرازووەکەیشتان دادپەروەر بێ وە کەم بە خەڵکی مەدەن کاتێک کە شتیان بۆ ئەکێشن، یان خۆتان دادپەروەر بن(9) وە خوای گەورە زەویشی داناوەو ڕاخستووە بۆ مرۆڤەکان(10) کە لەسەر زەویشدا خوای گەورە جۆرەها میوەی تام و بۆن و ڕەنگ و قەبارە جیاوازی بۆ ئێوە داناوە کە چێژی لێ ئەکەن، وە دارخورمایش کە بەرگی هەیە پێش ئەوەی کە دەرچێ لەناو بەرگەکەدایەو دواتر دەرئەچێت و دەرئەکەوێت، (لەبەر زۆری سوودەکەی بەتایبەت باسی خورمای کردووە (11) وە هەموو دانەوێڵەیەکیش کە گەڵاکەی وشک دەبێت و دەبێت بە کا و ئاژەڵ ئەیخوات، وە ڕەیحانیش واتە: گەڵاکەی، یاخود وتراوە: مەبەست ئەو ڕەیحانە بۆنخۆشەیە کە بۆنی ئەکەین (12) ئەی گرۆی ئادەمیزادو جن ئێوە چ نیعمەتێک لە نیعمەتەکانی خوای گەورە بەدرۆ ئەزانن و باوەڕتان بە کامیان نیە لەو هەموو نیعمەتە زۆرانەی کە خوای گەورە پێی بەخشیوون(13) خوای گەورە مرۆڤی دروست کردووە واتە ئادەم لە قوڕی سوورەوەکراو کە قوڕێک بە ئاگر سوور ئەکرێتەوە وەکو چۆن ئەوانەی کە کوپەڵەو گۆزەو شتیان لێ دروست ئەکرێ(14) وە جنیشی دروست کردووە لە گڕو بڵێسەی ئاگر، یاخود لە ئاگرەکە خۆی جنی دروست کردووە (15) ئەی گرۆی ئادەمیزادو جن ئیتر ئێوە کام لە نیعمەتەکانی خوای گەورە بەدرۆ ئەزانن و باوەڕتان پێ نیە(16) خوای گەورە پەروەردگاری هەردوو ڕۆژهەڵاتەکەو هەردوو ڕۆژئاواکەیە، ڕۆژهەڵات لە زستان و هاوین وە ڕۆژئاوایش لە زستان و هاوین، وە بە کۆیش هاتوە (المشارق) مەبەست پێی ئەوەیە کە هەموو ڕۆژێک خۆر لە شوێنێکی جیاوازەوە دەردەکەوێت و ئاوا دەبێت(17) ئەی گرۆی ئادەمیزادو جن ئیتر ئێوە کام لە نیعمەتەکانی خوای گەورە بەدرۆ ئەزانن و باوەڕتان پێ نیە(18) دوو دەریا هەیە کە بە یەک ئەگەن لە پێش چاو کاتێک تەماشا ئەکەی بە یەک گەیشتوون و تێکەڵ بوونە بەڵام (19) لە نێوانیاندا پەردەو بەربەستێک هەیە کە نایەلێ تێکەڵ بن، ئاوی دەریاکە شوێرو سوێرە، وە ئاوی ڕووبارەکە سازگارەو تێکەڵ نابن (20) ئەی گرۆی ئادەمیزادو جن ئیتر ئێوە کام لە نیعمەتەکانی خوای گەورە بەدرۆ ئەزانن و باوەڕتان پێ نیە(21) لەو دەریایانەوە جۆرەها دوڕڕو مرواری و گەوهەر دەرئەچێت(22) ئەی گرۆی ئادەمیزادو جن ئیتر ئێوە کام لە نیعمەتەکانی خوای گەورە بەدرۆ ئەزانن و باوەڕتان پێ نیە(23) وە لەناو دەریاکانیشدا ئەو کەشتیانە هەیە کە دار لەسەر دار دروست کراون و بەرز کراونەتەوە وەکو شاخ وان لەناو دەریادا ئەڕۆن(24) ئەی گرۆی ئادەمیزادو جن ئیتر ئێوە کام لە نیعمەتەکانی خوای گەورە بەدرۆ ئەزانن و باوەڕتان پێ نیە (25).

هەروەها دەفەرموێت : (أَلَمْ نَجْعَلِ الأَرْضَ مِهَادًا (6) وَالْجِبَالَ أَوْتَادًا (7) وَخَلَقْنَاكُمْ أَزْوَاجًا (8) وَجَعَلْنَا نَوْمَكُمْ سُبَاتًا (9) وَجَعَلْنَا اللَّيْلَ لِبَاسًا (10) وَجَعَلْنَا النَّهَارَ مَعَاشًا (11) وَبَنَيْنَا فَوْقَكُمْ سَبْعًا شِدَادًا (12) وَجَعَلْنَا سِرَاجًا وَهَّاجًا (13) وَأَنْزَلْنَا مِنَ الْمُعْصِرَاتِ مَاءً ثَجَّاجًا (14) لِنُخْرِجَ بِهِ حَبًّا وَنَبَاتًا (15) وَجَنَّاتٍ أَلْفَافًا) (النبأ/6–16) واتە : ئایا ئێمە زەویمان بۆ ژێربار نەکردوون و ڕانەخستووە وەکو بێشکەی منداڵ، وە هێمن و ئارام و جێگیرمان کردووە بۆیان تا لەسەری بژین(6) وە شاخەکانمان وەکو سنگ داکوتیوە بە ناخی زەویدا بۆ ئەوەی نەجوولێت و هێمن و ئارام بێت(7)وە ئێوەمان دروست کردووە بە نێرو مێ بۆ ئەوەی وەچە بخەنەوەو ژیان بەردەوام بێت(8) وە خەوی ئێوەشمان کردووە بە پشوو

بۆ لاشەتان و جوولەی تیادا نەمێنێ لەبەر ئەوەی بەڕۆژ زۆر ئەگەڕێن و ماندوو ئەبن بۆ ئەوەی بەشەو پشوو بدەن(9) وە بە تاریکی شەویش داتانئەپۆشین بۆ ئەوەی لە شەودا پشوو بدەن، وە شەومان وا لێ کردووە کە هێمن و ئارام بێ (10) وە ڕۆژیشمان وا لێ کردووە کە ڕووناک بێ تا خەڵکی بتوانن لە ڕۆژدا بێن و بڕۆن بۆ بازرگانی و کاسبی و بژێوی ژیانیان(11) وە لەسەرووی ئێوەیشەوە حەوت ئاسمانی بەهێزو فراوان و بەرزمان دروست کردووەو ئەو ئەستێرانەیشمان تێی کردووە(12) وە خۆرمان تیادا داناوە کە سەرچاوەی ڕووناکی و گەرمییە(13) وە لە هەورەکانەوە ئاوێکتان بۆ دائەبەزێنین کە ئەو ئاوە زۆر بەلێزمەو بەخوڕ دێتە خوارەوە بەردەوام(14) تا بەهۆی ئەو بارانەوە دانەوێڵەتان بۆ دەربکەین لە زەوی بۆ خۆراکی خۆتان، وە گژو گیاش بۆ خۆراکی ئاژەڵەکانتان (15) وە بەهۆی ئەو بارانەوە باخ و باخاتی زۆر چڕو پڕتان پێ ئەبەخشین (16)

خوای گەورە دەفەرموێت : (أَأَنْتُمْ أَشَدُّ خَلْقًا أَمِ السَّمَاءُ بَنَاهَا (27) رَفَعَ سَمْكَهَا فَسَوَّاهَا (28) وَأَغْطَشَ لَيْلَهَا وَأَخْرَجَ ضُحَاهَا (29) وَالأَرْضَ بَعْدَ ذَلِكَ دَحَاهَا (30) أَخْرَجَ مِنْهَا مَاءَهَا وَمَرْعَاهَا (31) وَالْجِبَالَ أَرْسَاهَا (32) مَتَاعًا لَكُمْ وَلأَنْعَامِكُمْ) (النازعات/27–33) واتە : ئایا دروست کردنی ئێوە سەختترو قورسترە یاخود دروست کردنی ئەو ئاسمانانە کە خوای گەورە دروستی کردوون؟، ئاسمانێک کە بە چاوی خۆتان ئەیبینن کە چەندێک گەورەیە خوای گەورە دروستی کردووەو لە بان سەری ئێوە ڕایگرتووە ئایا ئەمە قورسترو سەخترە یاخود دروست کردنەوەی ئێوە لە دوای مردن؟، بێگومان دروستکردنی ئاسمانەکان گەورەترە ئیتر بۆ باوەڕ بەوە ناکەن کە خوای گەورە لە دوای مردن توانای هەیە سەرلەنوێ زیندووتان بکاتەوە(27) وە ئاسمانی لە بان سەرتان وەکو بینایەک بەرز کردووەو ڕێک خستووە(28) وە شەوەکەی تاریک کردووە بۆ ئەوەی تیایدا پشوو بدەن وە ڕۆژەکەیشی ڕووناک کردووە بۆ ئەوەی بگەڕێن بەدوای بژێوی و ڕزقی خوای گەورەو بازرگانیدا(29) وە لە دوای ئەوەیش زەویشی ڕاخستووە، (ابن کثیر) و (ابن جەریر) ئەفەرموون: یەکەمجار خوای گەورە زەوی دروست کردووە پێش ئاسمان، پاشان ئاسمانی دروست کردووە، پاشان لە دوای دروست کردنی ئاسمان زەوی ڕاخستووە، ئەگەرنا وەکو دروست کردنەکە سەرەتا زەوی دروست کردووە پێش ئاسمان(30) لەو زەویەشدا ئاوی دەرکردووە وەکو دەریاو زەریاو ڕووبارو دەریاچەو کانی و کارێزو بیرەکان وە گژو گیاو لەوەڕیشی بۆ ئاژەڵەکانتان دەرکردووە(31) وە شاخەکانیشی وەکو سنگ و مێخ بە ناخی زەویدا داکوتیوە بۆ ئەوەی کە ئەو زەوییە جێگیرو چەسپاو بێت و نەجوولێت و نەهەژێت (32) ئەمانە خواردنن بۆ خۆتان و ئاژەڵەکانیشتان بۆ ئەوەی لەسەر زەویدا سوود ببینن خوای گەورە ئەو شتانەی بۆ ژێربار کردوون (33).

خوای گەورە دەفەرموێت : (فَلْيَنْظُرِ الإِنْسَانُ إِلَى طَعَامِهِ (24) أَنَّا صَبَبْنَا الْمَاءَ صَبًّا (25) ثُمَّ شَقَقْنَا الأَرْضَ شَقًّا (26) فَأَنْبَتْنَا فِيهَا حَبًّا (27) وَعِنَبًا وَقَضْبًا (28) وَزَيْتُونًا وَنَخْلا (29) وَحَدَائِقَ غُلْبًا (30) وَفَاكِهَةً وَأَبًّا (31) مَتَاعًا لَكُمْ وَلأَنْعَامِكُمْ) (عبس/24–32) واتە : با مرۆڤ تەماشای خواردنەکەی خۆی بکات کە خوای گەورە چۆن خواردنی پێ بەخشیوە لە ڕووەک و دانەوێڵە لەسەر زەویدا، واتە: چۆن ئەو زەوییە مردووە زیندوو ئەکاتەوە بەو شێوەیەش ئێوە زیندوو ئەکاتەوە(24) ئێمە لە ئاسمانەوە ئاومان

بە لێزمە و بەخوڕ ناردۆتە خوارەوە بۆ سەر زەوی(25) پاشان ئەو ئاوەمان خستۆتە ناو زەوییەوە، پاشان زەویمان لەت کردووە بۆ دەرچوونی ئەو ڕووەک و دانەوێڵانە (26) وە هەموو جۆرە دانەوێڵەیەکمان لە زەویدا ڕواندووە ئەوەی کە خۆراکی مرۆڤ بێ(27) وە ترێ وە ئەوەیشی کە گژوگیای ئاژەڵەکان بێت، یاخود ئالیکی ئاژەڵەکان(28) وە زەیتون و دار خورما(29) وە باخ و بێستانی چڕو پڕو درێژو ئەستوورو کۆمەڵ، خوای گەورە هەموو ئەو شتانەی پێ بەخشیوون(30) وە جۆرەها میوەی پێ بەخشیوون (وَأَبًّا) گژو گیایەکە کە مرۆڤ نایخوات و تایبەتە بە ئاژەڵ، خوای گەورە ئاژەڵانیشی لەبیر نەکردووەو گژو گیای لە زەوی بۆ دەرکردوون، وە لەوەڕگای بۆ داناون (31) ئەمە بژێوی ژیانی خۆتان و ئاژەڵەکانتانە لە دونیادا تا ڕۆژی قیامەت(32).

جا نەوەی ئادەم بە شێوەیەکی گشتی دان دەنێن بە پەروەردگارێتی خوای گەورەدا ، بەوەی کە دروستکارە ، خاوەنی موڵکی زەوی و ئاسمانەکانە ، بەڕێوەبەرە ، تەنانەت موشریکەکانی عەرەب دانیان بەوەدا ناوە ، خوای گەورە باسی ئەو دان پیانانە دەکات ، لە چەندین شوێن لە کتێبەکەیدا ، وەکو ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت : (قُل لِّمَنِ الأَرْضُ وَمَن فِيهَا إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ (84) سَيَقُولُونَ لِلَّهِ قُلْ أَفَلا تَذَكَّرُونَ (85) قُلْ مَن رَّبُّ السَّمَاوَاتِ السَّبْعِ وَرَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ (86) سَيَقُولُونَ لِلَّهِ قُلْ أَفَلا تَتَّقُونَ (87) قُلْ مَن بِيَدِهِ مَلَكُوتُ كُلِّ شَيْءٍ وَهُوَ يُجِيرُ وَلا يُجَارُ عَلَيْهِ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ (88) سَيَقُولُونَ لِلَّهِ قُلْ فَأَنَّىٰ تُسْحَرُونَ) (المؤمنون/84–89) واتە : ئەی محمد (ﷺ) پێیان بڵێ: ئەم زەوییەو ئەوەی کە تیایەتی و لەسەرێتی موڵکی کێیە پێم بڵێن ئەگەر زانیاریتان هەیە و ئەزانن؟(84) ئەڵێن: هەمووی موڵکی خوای گەورەیە ، ئەی محمد (ﷺ) پێیان بڵێ : کە ئەمە موڵکی خوای گەورەیە خوایەکی ئەوەندە بەدەسەڵات و تاک و تەنهایە لە موڵکدا ئەی بۆ بیر ناکەنەوەو ئیمانی پێ ناهێنن و بە تاک و تەنها ناپەرستن؟(85) ئەی محمد (ﷺ) پێیان بڵێ: کێ پەروەردگاری هەر حەوت ئاسمانەکەو پەروەردگاری عەرشی گەورەیە؟(86) ئەڵێن: هەمووی موڵکی خوایەو خوای گەورە پەروەردگارو خاوەنێتی ئەی محمد (ﷺ) پێیان بڵێ: ئەی بۆ تەقوای خوا ناکەن و خۆتان لە ئاگری دۆزەخ ناپارێزن بەوەی کە ئیمانی پێ بێنن و بەتاک و تەنها بیپەرستن و شەریکی بۆ دانەنێن؟(87) ئەی محمد (ﷺ) پێیان بڵێ: موڵکی هەموو شتێک بەدەست کێیەو هەڵسوکەوتی تیادا دەکات؟ کە پەنای هەموو کەس و شتێک ئەدات وە ئەگەر سزای کەسێک بدات کەس ناتوانێ پەنای ئەو کەسە بدات ئەگەر ئێوە ئەزانن(88) ئەڵێن: موڵکی هەموو شتێک تەنها بەدەست خوایە ئەی محمد (ﷺ) پێیان بڵێ: ئەوە چیتانە ئەڵێی سیحرو جادووتان لێکراوە، کە هەموو ئەم شتانە دەزانن ئەی بۆ ئیمان ناهێنن؟(89) .

وە دەفەرموێت :(وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ لَيَقُولُنَّ خَلَقَهُنَّ الْعَزِيزُ الْعَلِيمُ) (الزخرف/9) واتە : وە ئەگەر لە کافرانی قوڕەیش بپرسی کێ ئاسمانەکان و زەوی دروست کردووە ئەوا ئەڵێن بەدڵنیایی خوای گەورە دروستی کردووە کە خوایەکی زۆر بەعیززەت و زانایە، باوەڕیان بە خوای گەورە هەبووە لە پەروەردگارێتیدا بەڵام شەریکیان بۆی داناوە لە پەرستندا).

وە لەم باسەدا گومڕاییەکی کەم روویداوە لە لایەن چەند تاقمێکەوە ، کاتێ لە پەروەردگاریێتی خوای گەورەدا شیرکیان بریارداوە ، بۆ نمونە :

1- (الثنوية) لە مەجوس و مانەوییەکان : ئەوانەی کە دەڵێن جیهان دوو دروستکاری هەیە : خودای رووناکی کە خەیر و چاکە دروست دەکات ، وە خودای تاریکی کە خراپە دروست دەکات ! ئەوانیش یەک دەنگن لەسەر ئەوەی رووناکی لە تاریکی باشترە ، وە جیاوازن دەربارەی تاریکی ئایە کۆنە یان تازەیە ؟

2- گاورەکان : ئەوانەی کە باوەڕیان بە سێ خوا هەیە ، ئەوان خوای تاک و تەنها بە باوەڕی خۆیان دەکەنە سێ کەس و بەدەن : باوک و کوڕ و (روح القدس) .

بەڵام ئەوەیان نەسەلماندووە کە جیهان سێ خاوەنی هەیە و لە یەکتر جودا بن ، بەڵکو یەک دەنگن لە سەر ئەوەی کەوا دروستکاری ئەم جیهانە تاک و تەنهایە .

3- موشریکەکانی عەرەب : ئەوانەی باوەڕیان وایە کە بتەکانیان سوود و قازانج و بەڕێوەبردنی بە دەستە و تیروپشکیان دەکرد بە (أزلام)[9] .

4- قەدەرییە نوفاتەکان : ئەوانەی کە دەڵێن : بەندە کردارەکانی خۆی خۆی دروستی دەکات ، دروستکردنێکی سەربەخۆ و بە بێ خوا .

وە هەموو ئەم گومڕاییانە وەڵام دەدرێنەوە بە دەلالەتی فیترەت و عەقڵ و هەستەکان و شەرع لەسەر بە تاک دانانی خوای گەورە لە دروستکراوەکانیدا و لە موڵک و فەرمانیدا ، خوای گەورە دەفەرموێت : (مَا اتَّخَذَ اللَّهُ مِن وَلَدٍ وَمَا كَانَ مَعَهُ مِنْ إِلَٰهٍ إِذًا لَّذَهَبَ كُلُّ إِلَٰهٍ بِمَا خَلَقَ وَلَعَلَا بَعْضُهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ سُبْحَانَ اللَّهِ عَمَّا يَصِفُونَ) (المؤمنون/91) واتە : خوای گەورە منداڵی بۆ خۆی بڕیار نەداوەو پێویستی بە منداڵ نیە وە هیچ خوایەکیش لەگەڵ خوای گەورەدا نیەو تاک و تەنهایە ، ئەگەر لەگەڵ زاتی پیرۆزی الله خوایەکی تر هەبوایە ئەو کاتە هەر خوایەک ئەڕۆی ئەو شتەی کە خۆی دروستی کردووە خۆی تەسەڕوفی تیا ئەکردو کێشە ئەکەوتە نێوانیانەوە ، وە هەندێکیان زاڵ ئەبوون بەسەر هەندێکی تریاندا ، پاک و بێگەردی و مونەززەهی بۆ خوای گەورە لەم وەسفانەی کە ئەیدەنە پاڵی، وە خوای گەورە شەریک و منداڵی نیە).

جا خوای حەق و راستەقینە دەبێت دروستکار بێت ، ئەوەی بیەوێت بیکات ، جا ئەگەر شەریکێکی هەبێت ئەوا ئەویش دروستی دەکرد و ئەوەی بیویستایە دەیکرد ، ئەوا ئەو کاتە کارەکە لە یەکێک لەم دوو ئیحتیمالە بە دەر نەبوو :

---

(9) استقسام بالأزلام چییە ؟ لە سەردەمی نەفامیدا سێ داریان دەهێنا لە سەر یەکێکی دەیاننوسی : (بیکە) و لە سەر یەکێکیان دەیاننوسی : (مەیکە) و لە سەر ئەویتر هیچیان نەدەنوسی ، ئەگەر بیانویستایە کارێک بکەن ئەوا تیرو پشکیان بۆ دەکرد لە نێوان ئەو سێ دارەدا ، جا ئەگەر ئەو دارە دەرچوایە کە نوسراوە (بیکە) کارەکەیان دەکرد و ئەگەر ئەوە دەرچوایە کە نوسراوە (مەیکە) کارەکەیان نەدەکرد و ئەگەر ئەویتر دەرچوایە ئەوا تیروپشکەکەیان دووبارە دەکردەوە .

یان هەر خوایەک لەو دوو خوایە ئەوەی خۆی دروستی کردووە دەیبرد و دەسەڵاتێکی سەربەخۆی بۆ خۆی دروست دەکرد ، وە ئەم ئیحتیماله ڕێک و پێکی و تۆکمەیی جیهان بەربەرچی دەداتەوە و پێی قایل نییە .

یان لە نێوانیاندا هەوڵدان بۆ زاڵبوون و سەرکەوتن بەسەر یەکتردا ڕوو دەدات ، بۆ نمونە : ئەگەر یەکێکیان ویستی تەنێک بجوڵێنێتەوە و ئەویتر ویستی نەجوڵێتەوەو ساکن بێت ، یان یەکێکیان ویستی شتێک زیندوو بکاتەوە و ئەویتر ویستی بیمرێنێت ، یان مەبەستەکەی هەردوکیان ڕوو دەدات ، یان مەبەستی یەکێکیان ، یان هی هیچ کامیان ڕوو نادات ، یەکەم و سێیەم نابێت و ناگونجێت ، چونکە دژ بە یەکن و کۆ نابنەوە و لا ناچن و بەرزنابنەوە ، بۆیە مەبەستی دووەم جێ بە جێ دەبن ، جا هەرکەس لەو دوانە مەبەستەکەی جێ بە جێ بوو ئەوە خوای بە توانایە ، وە ئەویتر ناگونجێت ببێت بە خوداوەندێتی ، بۆیە مەبەستەکە سەردەکێشێت بۆ سەلماندنی تەنها یەک خوا ، یەک دروستکار ، یەک پادشا و یەک دەسەڵاتدار و یەک بەڕێوەبەر .

وە ئەمەش بە بەڵگەی (التمانع) ناسراوە .

## سێیەم : باوەڕبوون بە خوداوەندێتی خوای گەورە :

ئەویش بریتییە لە باوەڕێکی چەسپاو و بتەو و یەکلاکەرەوە بەوەی کە خوای تاک و تەنها خودای حەق و ڕاستەقینەیە و شایستەی پەرستن و جگە لە ئەو شایستەی پەرستن نین .

جا مانای (الإله) واته (المألوه) : بە مانای پەرستراو دێت ، ئەو کەسەی کە دڵەکان دەیپەرستن و ڕوو لە ئەو دەکەن لەبەر خۆشەویستی و بە مەزن زانین .

وە مانای ڕاستەقینەی عیبادەت واتە : ئەوپەری خۆشەویستی و لە گەڵ ئەوپەڕی زەلیلی نواندن و ملکەچبوون و بە مەزن زانین . ئەوەش تەنها بۆ یەک خوا دەبێت . وە بۆ ئەم ئیمانە گەورەترین شایەتیدان هاتووە ، لە گەورەترین شایەتەوە ، لە گەورەترین شت کە شایەتی لەسەر دراوە ، خوای گەورە دەفەرموێت : (شَهِدَ اللَّهُ أَنَّهُ لا إِلَهَ إِلا هُوَ وَالْمَلائِكَةُ وَأُولُو الْعِلْمِ قَائِمًا بِالْقِسْطِ لا إِلَهَ إِلا هُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ) (آل عمران/18) واتە : خوای گەورە خۆی شایەتی ئەدات کە هیچ پەرستراوێک بە حەق نیە شایەنی پەرستن بێ جگە لە زاتی پیرۆزی الله ، وە مەلائیکەت و زانایانیش ئەم شایەتییە ئەدەن کە شایەتیەکی دادپەروەرانەیە ، هیچ پەرستراوێک بەحەق نیە شایەنی پەرستن بێ ئیلا زاتی پیرۆزی الله نەبێ کە خوایەکی زۆر باڵادەست و کاربەجێیە، ئەمە گەورەترین شایەتییە کە لە دونیادا درابێت لەبەر گەورەیی شایەتەکان کە خوای گەورە و مەلائیکەتەکان و زانایانن کە پێغەمبەرانیش ئەگرێتەوە، وە لەبەر گەورەیی شایەتیدانەکە کە لەسەر تەوحیدو یەکخواپەرستی خوای گەورەیە، وە لەبەر ئەوەی کە خوای گەورە وەسفی شایەتیەکەشیانی کردووە کە شایەتییەکی دادپەروەرانەیە، (وە ئەم ئایەتە فەزڵی زانایانی تێدایە کە خوای گەورە بە شایەت دایانی ناوەو بە شایەتیەکەیشیان ڕازیەو وەسفی دەکات).

وە دەفەرموێت : (وَإِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ لا إِلَٰهَ إِلا هُوَ الرَّحْمَٰنُ الرَّحِيمُ ) (البقرة/163) واتە : پەرستراو و خوای ئێوە یەک خوایەکە هیچ پەرستراوێک بەحەق نیە شایەنی پەرستن بێ جگە لە زاتی پیرۆزی الله نەبێ ئەو خوایەی کە خوایەکی زۆر بەڕەحم و سۆزو میهرەبانە).

خوای گەورە هەموو دروستکراوەکانی دروست کردووە ، بە مرۆڤ و جنۆکەوە بۆ ئەوەی تەنها ئەو بپەرستن ، هەرچەندە بێ نیازە لەوان و پێویستی بەوان نییە ، خوای گەورە دەفەرموێت : (وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالإِنسَ إِلا لِيَعْبُدُونِ (56) مَا أُرِيدُ مِنْهُم مِّن رِّزْقٍ وَمَا أُرِيدُ أَن يُطْعِمُونِ (57) إِنَّ اللَّهَ هُوَ الرَّزَّاقُ ذُو الْقُوَّةِ الْمَتِينُ) (الذاريات/56– 58) واتە : وە من جن و مرۆڤم دروست نەکردووە تەنها بۆ ئەوە نەبێ بە تاک و تەنها بمپەرستن وە ملکەچی فەرمانی من بن(56) من داوای ڕزق و ڕۆزیم لەوان نەکردووە وە داوایش ناکەم کە خواردنم پێ ببەخشن لەبەر ئەوەی خوای گەورە دەوڵەمەندو بێ پێویستەو هەر ئەو ڕۆزیدەرە(57) .

وە هەموو پێغەمبەرانی بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم ئیمانە رەوانە کردووە ، وە بانگەوازیان بکات بۆ بە تاکدانانی خوا لە پەرستندا ، وە دوور کەوتنەوە لە شیرک ، خوای گەورە دەفەرموێت : (وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ) (النحل/36) واتە : وە بەدڵنیایی ئێمە بۆ هەموو کۆمەڵە خەڵک و نەتەوەیەک لە شوێنێک ژیابێتن پێغەمبەرێکمان بۆ ناردوون ، ئیشی هەموو پێغەمبەران ئەوە بووە بە خەڵکەکەیان وتووە: ئەی خەڵکینە بەتاک و تەنها خوای گەورە بپەرستن و شەریک بۆ خوا دامەنێن وە خۆتان دووربخەنەوە لە تاغوتەکان وەکو شەیتان و فاڵچیەکان و ساحیرەکان و بت و هەموو کەسێک کە بپەرسترێت و ڕازی بێت بەو پەرستنە، یان بانگەوازی خەڵکی بکات بۆ پەرستنی خۆی، یان باوەڕی بە حوکمی خوای گەورە نەبێت و بە کۆنەپەرستی بزانێت، یان حوکمێکی تر بەباشتر بزانێت لە حوکمی خوا، یان یەکسانی بکات بە حوکمی خوا)

سەرتا و دەستپێکی بانگەوازەکەیان لە گەڵ قەومەکەیاندا بریتی بوو لەوەی بەوانیان دەگوت: (يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُ..) (الأعراف/59، 65، 73، 85) واتە : ئەی قەومی خۆم ئێوە بەتاک و تەنها عیبادەتی خوای گەورە بکەن و بیپەرستن چونکە جگە لە خوای گەورە هیچ پەرستراوێکی ترتان نیە کە حەق بێ وە شایەنی پەرستن بێ).

خوای گەورە دەفەرموێت : (وَمَا أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلا نُوحِي إِلَيْهِ أَنَّهُ لا إِلَٰهَ إِلا أَنَا فَاعْبُدُونِ) (الأنبياء/25) واتە : وە لە پێش تۆیشدا ئەی محمد (ﷺ) هیچ پێغەمبەرێکمان نەناردووە ئیلا وەحیمان بۆی ناردووە کە هیچ پەرستراوێک بە حەق نیە شایەنی پەرستن بێ جگە لە زاتی پیرۆزی(الله) کە تاک و تەنهاو بێ شەریکە بۆیە بەتاک و تەنها عیبادەتی من بکەن).

وە بۆ جێ بە جێکردنی ئەم ئیمانە وا پێویست دەکات کەوا هەموو جۆرەکانی پەرستن بۆ خوای تاک و تەنها ئەنجام بدرێت ، جا هەرکەسێک یەکێک لەو پەرستنانە بۆ جگە لە خوا ئەنجام بدات ئەوا کەسێکی موشریکی کافرە ، ئەوانش چەند جۆرێکن :

## 1- پەرستشەکان کە بە دڵ ئەنجام دەدرێن :

وەکو خۆشویستن ، خوای گەورە دەفەرموێت :(وَمِنَ النَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ اللَّهِ أَندَادًا يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ اللَّهِ وَالَّذِينَ آمَنُوا أَشَدُّ حُبًّا لِّلَّهِ) (البقرة/165) واتە : لەناو خەڵکیدا کەسانێک هەن جگە لە خوای گەورە ئەکەنە شەریک و هاوشێوە بۆ خوای گەورە ئەو شەریکانەیان خۆش ئەوێ وەکو خۆشەویستی خوا، چەندێک خوای گەورەیان خۆش ئەوێ ئەوانیشیان بەئەندازەی خوای گەورە خۆش ئەوێ، یاخود بتەکانیان خۆش ئەوێ بەئەندازەی ئەوەی کە ئیمانداران خوایان خۆش ئەوێ بەڵام باوەڕداران خوای گەورەیان لەوان خۆشتر ئەوێ، یان ئیمانداران خوای گەورەیان زیاتر خۆش ئەوێ لە خۆشەویستی ئەوان بۆ بتەکانیان ئەو دوو تەفسیرەی هەیە).

وە ترسان ، خوای گەورە دەفەرموێت : (فَلَا تَخَافُوهُمْ وَخَافُونِ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ) (آل عمران/175) واتە : بەڵام ئەی باوەڕداران ئێوە لەوان مەترسن و ترسی کافرانتان نەبێ، ئێوە تەنها لە من بترسن ئەگەر ئیماندارن).

ئومێد و رەجا و تکا ، خوای گەورە دەفەرموێت : (قُلْ إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يُوحَىٰ إِلَيَّ أَنَّمَا إِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ فَمَن كَانَ يَرْجُو لِقَاءَ رَبِّهِ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَالِحًا وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِ أَحَدًا) (الكهف/110) واتە : ئەی محمد (ﷺ) پێیان بڵێ: من تەنها وەک ئێوە مرۆڤێکم فریشتە نیم یان خوا نیم جیاوازیەکەم ئەوەیە کە لەلایەن خوای گەورەوە وەحیم بۆ دێت و کراوم بە پێغەمبەر وە پەیامی منیش ئەوەیە کە پەرستراو و خوای ئێوە تەنها یەک خوایەکەو شەریکی نیەو تاک و تەنهایە جا هەر کەسێک بە ئومێدی گەیشتنە بە خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەت بە سەری بەرزو بە ڕووی سپی کە باوەڕدارانن با لە دونیادا کردەوەی چاک بکەن، (واتە: لەسەر سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) بێت و بیدعە نەبێت) وە لە کاتی عیبادەت کردن بۆ پەروەردگاری هیچ کەسێک نەکاتە شەریک بۆ خوای گەورە، (واتە: بۆ ڕیای نەبێت و بە ئیخلاص و دڵسۆزیەوە کردەوەکانی بۆ خوای گەورە ئەنجام بدات) ئەم ئایەتە هەردوو مەرجەکەی وەرگرتنی کردەوەی کۆکردۆتەوە، والله اعلم).

وە ئەم سێ کارە (خۆشەویستی و ترسان و ئومێد) دایکی هەموو پەرستشەکانە کە بە دڵ ئەنجام دەدرێن ، خوای گەورە دەفەرموێت :(أُولَٰئِكَ الَّذِينَ يَدْعُونَ يَبْتَغُونَ إِلَىٰ رَبِّهِمُ الْوَسِيلَةَ أَيُّهُمْ أَقْرَبُ وَيَرْجُونَ رَحْمَتَهُ وَيَخَافُونَ عَذَابَهُ) (الإسراء/57) واتە : هەندێک لە عەرەب هەندێک جنیان دەپەرست، جنییەکان موسڵمان ببوون و مرۆڤەکانیش نەیاندەزانی ئەوان موسڵمان بوونەو بەردەوام بوون لەسەر پەرستنیان خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند: ئەو کەسانەی کە ئێوە جگە لە خوای گەورە دوعایان لێ ئەکەن و لێیان ئەپاڕێنەوەو عیبادەتیان بۆ ئەکەن و ئەیانپەرستن وەکو مەلائیکەت و عیسی و عوزێرو پیاوچاکان ئەوانە خۆیان هەر هۆکارێک باش بێت و هەر کردەوەیەک چاک بێت و بە خوای گەورەیان بگەیەنێت و لە خوای گەورەیان نزیک بکاتەوە ئەو هۆکارانە ئەگرنە بەر بۆ خۆ نزیک کردنەوە لە خوای گەورە بە ئومێدی ڕەحمەتی خوای گەورەن وە لە سزای خوای گەورە ئەترسێن، ئیتر بۆ ئێوە ئەوان ئەپەرستن و بەتاک و تەنها خوا ناپەرستن (ئومێد بوون بە خوا هانت دەدات لەسەر چاکە، وە ترسان لە خوا دەتگەڕێنێتەوە لە خراپە، بۆیە عیبادەت بەبێ ئەم دوانە تەواو نیە).

وە نابێت هەندێکی بکات و واز لە هەندێکی بهێنێت ، جا هەرکەسێک خوای گەورە بپەرستێت تەنها لە ترساندا ئەوا (حەرورییە) وە هەرکەسێک خوای گەورە بپەرستێت تەنها لەبەر رەجا و تکا ئەوا کەسێکی (مورجیئەیە) ، وە هەرکەسێکی خوای گەورە بپەرستێت تەنها لەبەر خۆشەویستی ئەوا کەسێکی (زەندیقە) ، وەهەرکەسێک خوای گەورە بپەرستێت لەبەر ترس و تکا و خۆشەویستی ئەوا کەسێکی (یەکتاپەرستی حەنیفییە) .

وە چاکسازی دڵ ئەصڵ و بنەمای چاکسازی جەستەیە ، هەروەکو لە فەرموودەیەکدا هاتووە : (( أَلا وَإِنَّ فِي الْجَسَدِ مُضْغَةً إِذَا صَلَحَتْ صَلَحَ الْجَسَدُ كُلُّهُ وَإِذَا فَسَدَتْ فَسَدَ الْجَسَدُ كُلُّهُ أَلا وَهِيَ الْقَلْبُ))[10] واتە : وە ئاگاداربن لە جەستەدا پارچە گۆشتێک هەیە ئەگەر چاک بێت ئەوا جەستە هەمووی چاک دەبێت، وە ئەگەر خراپ بێت ئەوا جەستە هەمووی خراپ دەبێت ، بزانن کە ئەوەش بریتیە لە دڵ )) .

## 2- پەرستشە گفتارییەکان :

وەکو نزا و دوعا کردن ، خوای گەورە دەفەرموێت: (وَأَنَّ الْمَسَاجِدَ لِلَّهِ فَلا تَدْعُوا مَعَ اللَّهِ أَحَدًا) (الجن/18) واتە : وە مزگەوتەکان تایبەتن بە خوای گەورەوماڵی خوای گەورەن ئێوە لەگەڵ (اللَّهِ)دا دوعا لە هیچ کەسێکی تر مەکەن وە لە کەسی تر مەپاڕێنەوە تەنها لە خوای گەورە بپاڕێنەوە لەبەر ئەوەی دوعا عیبادەتە).

وە ئیستیعازە – پەناگرتن- (واتە : داواکردنی داڵدەدان ، ئەویش بریتیە لە پاراستن لە هەر نەخوازراوێک) ، خوای گەورە دەفەرموێت : (قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ الْفَلَقِ) (الفلق/1) واتە : ئەی محمد (ﷺ) بڵێ: خوایە من پەنا ئەگرم بە پەروەردگاری بەیانیان، (فەلەق) واتە: (الصُّبْح) بەرەبەیان، یاخود بەمانای خەڵکی دێت، پەنا ئەگرم بە پەروەردگاری هەموو خەڵکی) .

وە دەفەرموێت : (قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ النَّاسِ) (الناس/1) واتە : ئەی محمد (ﷺ) بڵێ: پەنا ئەگرم بە پەروەردگارو دروستکاری هەموو خەڵکی و بەڕێوبەری کاروبارو ژيانیان و ئەم بوونەوەرە).

وە داوای فریاکەوتن ، خوای گەورە دەفەرموێت :(إِذْ تَسْتَغِيثُونَ رَبَّكُمْ فَاسْتَجَابَ لَكُمْ) (الأنفال/9) واتە : کاتێک کە ئێوە داوای فریاکەوتن لە پەروەردگارتان ئەکەن کە پەروەردگار بێتە هاناتانەوەو فریاتان بکەوێ ئەوا پەروەردگار وەڵامی دانەوە).

وە هەموو جۆرەکانی زیکر ، خوای گەورە دەفەرموێت : (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اذْكُرُوا اللَّهَ ذِكْرًا كَثِيرًا) (الأنفال/41) واتە : ئەی باوەڕداران ئێوە زیکری خوای گەورە بکەن زیکرێکی یەکجار زۆرو هەمیشە با زمانتان تەڕو پاراو بێت بە زیکری خوای گەورە).

وە خوێندنەوەی قورئان ، خوای گەورە دەفەرموێت : (اتْلُ مَا أُوحِيَ إِلَيْكَ مِنَ الْكِتَابِ) (العنكبوت/45) واتە : ئەی محمد (ﷺ) ئەو قورئانەی کە بە وەحی بۆت هاتووە بۆ خەڵکی بخوێنەوە).

(10) متفق عليه , رواه البخاري برقم (52) ومسلم برقم (1599) من حديث النعمان بن بشير.

وە هەموو قسەیەکی باش ، خوای گەورە دەفەرموێت : (إِلَيْهِ يَصْعَدُ الْكَلِمُ الطَّيِّبُ) (الفاطر/10) واتە : وتەی باش بۆ لای خوای گەورە بەرز ئەبێتەوە لە زیکری خوای گەورەو قورئان خوێندن و پاڕانەوە).

وە جگە لەوانە .

## 3- پەرستشە جەستەییەکان :

وەکو نوێژ و ئاژەڵ سەربڕین ، خوای گەورە دەفەرموێت :(قُلْ إِنَّ صَلاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ) (الأنعام/162) واتە : ئەی محمد (ﷺ) پێیان بڵێ: نوێژ کردن و حەیوان سەربڕین و ژیان و مردنم بۆ الله یە کە پەروەردگاری هەموو جیهانە، چۆن نوێژ کردن بۆ غەیری خوا شەریک دانانە، حەیوان سەربڕینیش بۆ غەیری خواو ناوی غەیری خوای لەسەر بێنی ئەویش هەر شەریک دانانە بۆیە خوای گەورە بەیەکەوە هێناویەتیەوە، وە تەنها بۆ خوا ئەژیم وە لە پێناو خوای گەورەشدا ئەمرم).

وە دەفەرموێت : (فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَانْحَرْ) (الكوثر/2) واتە : ئەی محمد (ﷺ) کە ئەو خێرە زۆرەمان پێبەخشیویت و ئەو چاکە زۆرەمان لەگەڵدا کردوویت لە دونیاو قیامەتدا، تۆش نوێژەکانت بەتاک و تەنها بۆ خوای گەورە بکە وە حەیوان سەربڕینیشت بەتاک و تەنها بۆ خوای گەورە بێ و بەتاک و تەنها ناوی خوای گەورەی لەسەر بێنە، لەبەر ئەوەی موشریکان حەیوانیان بۆ غەیری خوای گەورە سەرئەبڕی، یاخود (فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَانْحَرْ) نوێژی جەژن بەتاک و تەنها بۆ خوای گەورە بکە وە قوربانیش هەر بۆ خوای گەورە بکە، وەکو چۆن پێغەمبەر (ﷺ) نوێژی جەژنی ئەکرد پاشان هەر لە نوێژگەکەیدا قوربانی بۆ خوای گەورە ئەکرد).

وە تەواف کردن بە دەوری کەعبەدا ، خوای گەورە دەفەرموێت : ( وَلْيَطَّوَّفُوا بِالْبَيْتِ الْعَتِيقِ) (الحج/29) واتە : وە با تەواف بکەن بە دەوری ئەو ماڵە ئازادکراوە کە خوای گەورە ئازادی کردووە لەوەی کە هیچ زاڵمێک دەستی بەسەردا بگرێت، یاخود لەو ماڵە پیرۆزو بەڕێزە).

هەروەها لادانی هەر ئازارێک لەسەر رێگای خەڵکی ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەربارەی خەصڵەتەکانی ئیمان دەفەرموێت : (وأدناها إماطة الأذى عن الطريق)[11] واتە : نزمترینەکەی : لادانی ئازارێکە لەسەرە رێگا) وە جگە لەوانە .

## 4- پەرستشە مالییەکان

(ئەو پەرستشانەی بە سەروەت و سامان دەکرێن).

وەکو ئەو خەرجییانەی وەکو پەرستش ئەنجام دەدرێن ، زەکات و صەدەقە و وەصایا و وەقفکردن و بەخشین ، خوای گەورە دەفەرموێت : (إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَرَاءِ وَالْمَسَاكِينِ وَالْعَامِلِينَ عَلَيْهَا وَالْمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمْ وَفِي الرِّقَابِ وَالْغَارِمِينَ وَفِي سَبِيلِ اللَّهِ وَابْنِ السَّبِيلِ فَرِيضَةً مِّنَ اللَّهِ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ) (التوبة/60) واتە : خوای گەورە لێرە مەساریفی زەکات باس ئەکات زەکات بۆ کێیە؟ بۆ ئەم هەشت کۆمەڵەیە کە

(11) أخرجه مسلم برقم (35) من حديث أبي هريرة

خوای گەورە دیاری کردووە یەکەمیان بۆ فەقیرە کەسێک کە هیچ شتێکی نیەو داوا لە خەڵکی ناکات، وە بۆ (مسکین)ە ئەوەیە کە هەیەتی بەڵام بەشی ناکات و دەگەڕێت و داوا لە خەڵکی دەکات وە بۆ ئەوانەیە کە زەکاتەکە کۆ ئەکەنەوە، کاتی خۆی فەرمانبەری دەوڵەت هەبووە زەکاتی کۆ کردۆتەوە لەو زەکاتە بەشی خۆیشیان ئەدرێ وە بۆ ئەو کافرانەی کە موسڵمان بوونە بۆ ئەوەی کە لەسەر ئیسلام دامەزراو بن، یاخود بۆ ئەوەی هاوشێوەکانیان موسڵمان بن، یاخود بۆ ئەوەی زەرەرو زیان لە دەوری موسڵمانان دوور بخرێتەوە، یاخود ئەیاندەیتێ بۆ ئەوەی کە موسڵمان بن، وەکو پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە غەنیمەی حونەین ئەوەندەیدا بە (صەفوانی کوڕی ئومەییە) تا پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو بە خۆشەویستترین کەس لەلای کە پێشتر لە هەموو کەس زیاتر رقی لێبوو وە بۆ ئەو کۆیلە بۆ ئەوەی کە خۆیانی پێ بکڕنەوەو خۆیانی پێ ئازاد بکەن وە بۆ کەسێک کە قەرزار بێت لە کاروبارێکی شەرعیدا، یاخود بەڵاو موسیبەتێکی بەسەردا هاتبێت و کەوتبێتە ژێر قەرزەوە وە بۆ جیهاد کردن لە پێناو خوای گەورەدا، وە حەج کردنیش دەگرێتەوە وە بۆ ڕێبواران کە لە ماڵ و شاری خۆیان دوورکەوتونەتەوەو پارەیان لێبڕاوە بەم شێوازە خوای گەورە فەرزی کردووەو دابەشی کردووە وە خوای گەورە زۆر زاناو کاربەجێیە).

وە خوای گەورە دەفەرموێت : (وَمِنَ الأَعْرَابِ مَن يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الأخِرِ وَيَتَّخِذُ مَا يُنفِقُ قُرُبَاتٍ عِندَ اللَّهِ وَصَلَوَاتِ الرَّسُولِ أَلا إِنَّهَا قُرْبَةٌ لَّهُمْ سَيُدْخِلُهُمُ اللَّهُ فِي رَحْمَتِهِ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ) (التوبة/99) واتە : وە لەناو دەشتنشینەکان جۆرێکی تریان هەیە کە ئیمانیان بە خواو بە ڕۆژی دوایی هەیە وە ئەوەی کە ئەیبەخشێ بەو مەبەستە ئەیبەخشێ خۆی لە خوای گەورە پێ نزیک بکاتەوە، وە بۆ ئەوەی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دوعایان بۆ بکات بەڵێ وایە بە بەخشینەکانیان و بە دوعای پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە خوای گەورە نزیک ئەبنەوە وە خوای گەورە ئەیانخاتە ناو ڕەحم و سۆزو بەزەیی خۆیەوە بەڕاستی خوای گەورە زۆر لێخۆشبوو بەبەزەییە).

وە نان دان بە خەڵکی و هەژاران ، خوای گەورە دەفەرموێت : (وَيُطْعِمُونَ الطَّعَامَ عَلَىٰ حُبِّهِ مِسْكِينًا وَيَتِيمًا وَأَسِيرًا (8) إِنَّمَا نُطْعِمُكُمْ لِوَجْهِ اللَّهِ لا نُرِيدُ مِنكُمْ جَزَاءً وَلا شُكُورًا) (الإنسان/8-9) واتە : وە خواردن بە خەڵکی ئەبەخشن لەبەر خۆشەویستی خوا، یاخود (عَلَىٰ حُبِّهِ) لەبەر خۆشەویستی خواردنەکە ئەمەیان ماناکەی نزیکترە هەر چەندە خواردنەکەیان لەلا خۆشەویستە وە لەلایان گرنگە وە خۆیان پێویستیان پێیە بەڵام ئەیبەخشن و ئەیدەن بە فەقیرو هەژارو نەدار وە بە بێ باوک وە بە دیل (8) ئێمە تەنها لەبەر ڕووی پیرۆزی خواو لەبەر ڕەزامەندی خوای گەورە خواردنتان پێ ئەدەین، بە دەم وایان نەووتووە بەڵام خوای گەورە ئاگای لە دڵیانەو قسەی دڵیانەو خوای گەورە دەری کردووە ، ئێمە پاداشتمان لە ئێوە ناوێت و چاوەڕێی ئەوە نین کە لەلای خەڵکی سوپاسمان بکەن یان باسمان بکەن بەڵکو تەنها لەبەر خوای گەورە بووە(9) .

وە ئیمان هێنان بە خوداوەندێتی خوای گەورە لە لەوازیمی ئیمان هێنانە بە پەروەردگارێتی خوای گەورەو لە خۆی دەگرێت ، جا هەر کەسێک دانی بەوەدا نا کە خوای گەورە دروستکار و موڵکدارە و

بەڕێوەبەرە ، ئەوا پێویست دەکات لەسەر دان بە خوداوەندێتی خوای گەورەدا بنێت ، وە تەنها ئەو بە تاک دانات لە پەرستندا ، خوای گەورە ئیقامە حوججەی کردە سەر موشریکەکان بەم دانپیانانەدا ، لە چەندین جێگا لە قورئانە پیرۆزەکەیدا ، بۆ نمونە :

خوای گەورە دەفەرموێت (يَا أَيُّهَا النَّاسُ اعْبُدُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ وَالَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ (21) الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الأَرْضَ فِرَاشًا وَالسَّمَاءَ بِنَاءً وَأَنزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَخْرَجَ بِهِ مِنَ الثَّمَرَاتِ رِزْقًا لَّكُمْ فَلا تَجْعَلُوا لِلَّهِ أَندَادًا وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ) (البقرة/21–22) واتە : ئەی خەڵکینە ئێوە عیبادەتی ئەو پەروەردگارەتان بکەن کە ئێوەی دروست کردووە وە ئەوانەی پێش ئێوەیشی دروست کردووە بەڵکو تەقوای خوای گەورە بکەن و لێی بترسێن(21) ئەو خوایەی کە ئەو زەویەی بۆ ئێوە کردووە بە ڕاخەرو لەسەری جێگیر بوونە ، وە ئەو ئاسمانەشی وەکو سەقفێکی پارێزراو بەسەر زەویەوە داناوە لەو ئاسمانەیشەوە بارانتان بۆ ئەبارێنێ بەهۆی ئەو بارانەیشەوە لە زەوی جۆرەها بەروبووم و بەرهەمتان بۆ ئەڕوێنێ و بۆ دەرئەکات ، دەی ئێوە هیچ هاوەڵێک بۆ خوای گەورە بڕیار مەدەن لە کاتێکدا کە ئێوە ئەزانن ئەو کەسانەی کردووتانن بە شەریک بۆ خوای گەورە ئەوان ئێوەیان دروست نەکردووەو زەویان بۆ ڕانەخستوون و ئاسمانیان بۆ ڕانەگرتوون و بارانیان بۆ نەباراندوون و ڕووەک و بەروبوومیان لە زەوییەوە بۆ دەرنەکردوون و ئەزانن کە خوای گەورە شەریکی نیە (22).

هەروەها دەفەرموێت : (قُلْ مَن يَرْزُقُكُم مِّنَ السَّمَاءِ وَالأَرْضِ أَمَّن يَمْلِكُ السَّمْعَ وَالأَبْصَارَ وَمَن يُخْرِجُ الْحَيَّ مِنَ الْمَيِّتِ وَيُخْرِجُ الْمَيِّتَ مِنَ الْحَيِّ وَمَن يُدَبِّرُ الأَمْرَ فَسَيَقُولُونَ اللَّهُ فَقُلْ أَفَلا تَتَّقُونَ (31) فَذَلِكُمُ اللَّهُ رَبُّكُمُ الْحَقُّ فَمَاذَا بَعْدَ الْحَقِّ إِلا الضَّلالُ فَأَنَّىٰ تُصْرَفُونَ) (یونس/31–32) واتە : ئەی محمد (ﷺ) پێیان بڵێ: کێیە ڕزقی ئێوە ئەدات لە ئاسمانەکان بە باران بارین وە لە زەوی بە ڕووەک و دانەوێڵەو بەروبووم کێیە کە هەستەوەرەکانی بیستن و بینینی بەدەستە و پێی بەخشیوون وە کێیە لە مردوو زیندوو دەردەکات وە لە زیندوو مردوو دەرکات وەک لە دڵۆپە ئاوێک لە مەنی مرۆڤێک دەردەکات، لە هێلکەیەک باڵندەیەک دەردەکات، لە مرۆڤێکی کافر موسڵمانێک دەردەکات، وە بە پێچەوانەوە ، وە کێ هەیە کە کاروباری ئەم بوونەوەرە بەڕێوەبەرێت؟ ، کافران ئەڵێن: تەنها الله یە ، ئەی محمد (ﷺ) پێیان بڵێ : ئەی بۆ تەقوای خوای گەورە ناکەن مادام ئەزانن هەموو ئەم شتانە بەدەست خوایە بۆ بەتاک و تەنها ئەم خوایە ناپەرستن بۆ شەریکی بۆ دائەنێن (31) ئەو الله یە پەروەردگاری حەقی ئێوەیە نەک ئەوانەی کە ئێوە کردووتانن بە شەریک بۆ خوا لە پاش حەقیش هیچ شتێکی تر نیە تەنها گومڕایی نەبێ بۆچی لەم حەقە ئاشکرایە لائەدەن و ئەکەونە ناو گومڕاییەوە(32) .

خوای گەورە دەفەرموێت : (قُلِ الْحَمْدُ لِلَّهِ وَسَلامٌ عَلَىٰ عِبَادِهِ الَّذِينَ اصْطَفَىٰ آللَّهُ خَيْرٌ أَمَّا يُشْرِكُونَ (59) أَمَّنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ وَأَنزَلَ لَكُم مِّنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَنبَتْنَا بِهِ حَدَائِقَ ذَاتَ بَهْجَةٍ مَّا كَانَ لَكُمْ أَن تُنبِتُوا شَجَرَهَا أَإِلَٰهٌ مَّعَ اللَّهِ بَلْ هُمْ قَوْمٌ يَعْدِلُونَ (60) أَمَّن جَعَلَ الأَرْضَ قَرَارًا وَجَعَلَ خِلالَهَا أَنْهَارًا وَجَعَلَ لَهَا رَوَاسِيَ وَجَعَلَ بَيْنَ الْبَحْرَيْنِ حَاجِزًا أَإِلَٰهٌ مَّعَ اللَّهِ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لا يَعْلَمُونَ (61) أَمَّن يُجِيبُ الْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ وَيَكْشِفُ السُّوءَ وَيَجْعَلُكُمْ خُلَفَاءَ الأَرْضِ أَإِلَٰهٌ مَّعَ اللَّهِ قَلِيلا مَّا تَذَكَّرُونَ (62) أَمَّن

يَهْدِيكُمْ فِي ظُلُمَاتِ الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَمَن يُرْسِلُ الرِّيَاحَ بُشْرًا بَيْنَ يَدَيْ رَحْمَتِهِ أَإِلَٰهٌ مَّعَ اللَّهِ تَعَالَى اللَّهُ عَمَّا يُشْرِكُونَ (63) أَمَّن يَبْدَأُ الْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُ وَمَن يَرْزُقُكُم مِّنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ أَإِلَٰهٌ مَّعَ اللَّهِ قُلْ هَاتُوا بُرْهَانَكُمْ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ) (النمل/59–64) واتە : ئەی محمد (ﷺ) حەمدو سەناو ستایشی خوای گەورە بکە وە سڵاوی خوای گەورە لەسەر ئەو بەندانە بێت کە خوای گەورە هەڵیبژاردوون و کردوونی بە پێغەمبەر، یاخود هاوەڵانن کە خوای گەورە هەڵیبژاردوون بۆ هاوەڵایەتی کردن و پشتیوانی و سەرخستنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، ئەی محمد (ﷺ) پێیان بڵێ: ئایا الله باشترە یاخود ئەمانەی کە ئێوە کردووتانە بە شەریک بۆ خوای گەورە؟، یان ئایا پاداشتی خوا باشترە یاخود ئەمانەی کە ئێوە کردووتانە بە شەریک بۆ خوای گەورە؟(59) ئایا بۆ خوایەک ناپەرستن بە تاک و تەنها کە ئاسمانەکان و زەوی دروست کردووە ئەوەندە بەتوانایە وە لە ئاسمانیشەوە بارانی بۆ دابەزاندوون وە بەهۆی ئەو بارانەوە جۆرەها باخ و باخاتی زۆر جوانمان بۆ ڕواندوون کە هەر کەسێک سەیری بکات سەرسام ئەبێ لە جوانیدا کە ئەگەر خوای گەورە نەیڕواندایە ئێوە بۆتان نەبوو نەتان ئەتوانی بەبێ ویستی خوای گەورە بیڕوێنن چونکە ئێوە بێ دەسەڵاتن ، ئایا لەگەڵ ئەم الله یە کە ئەم هەموو شتانە ئەکات خوایەکی تر هەیە شایەنی پەرستن بێ کە ئێوە بیپەرستن و بیکەنە شەریک بۆ خوا؟، بێگومان نەخێر بەڵکو ئەمانە کەسانێکن لە حەق لائەدەن بۆ باتڵ، یاخود ئەو خوا پوچەڵانە یەکسان ئەکەن بە خوای گەورە(60) کێیە کە ئەم زەویەی ڕاخستووەو جێگیر کردووەو ناجولێت و ناهەژێت؟ وە لە ناویشیدا ئەو هەموو ڕووبارو ئاوەی داناوە؟ وە شاخیشی وەکو مێخ بە زەویدا داکوتیوە بۆ ئەوەی نەجوولێ و نەهەژێ؟ وە لە نێوان دوو دەریاکە یەکیان شۆرەو یەکیان شیرینە خوای گەورە پەردەی داناوە کە بە چاو نابینرێ، یان زەوی داناوەو نایەلێ ئەو دوو ئاوە تێکەڵ بێت؟ ئایا لەگەڵ ئەم الله یە کە ئەم تواناو دەسەڵاتەی هەیە خوایەکی تر هەیە کە شایەنی پەرستن بێت وە بتوانێ ئەم شتانە بکات تا ئێوە بیکەن بە شەریک بۆ خوا؟ بێگومان نەخێر بەڵام زۆربەی زۆریان یەکخواپەرستی خوای گەورەو تواناو دەسەڵاتی خوای گەورە نازانن(61) کێ هەیە وەڵامی لێقەوماو بداتەوە کاتێک کە دەپاڕێتەوەو هانا بۆ خوای گەورە ئەبات جگە لە خوای گەورە؟ وە کێ هەیە خراپەتان لەسەر هەڵگرێ و لایدات؟ وە کێ هەیە ئێوە بکات بە جێنشین لەسەر زەویدا هەر ئەوەندە جیلێکی لەناوبرد جیلێکی تر جێیان بگرێتەوە؟ واتە: کەس نیە ئایا لەگەڵ الله دا پەرستراو و خوایەکی تر هەیە کە شایانی پەرستن بێت و ئێوە بیپەرستن و بیکەن بە شەریک بۆ خوای گەورە؟ بەڵام زۆر بە کەمی بیر ئەکەنەوەو ئەگەڕێنەوە بۆ حەق(62) کێ هەیە ڕێنماییتان بکات لە شەوانی تاریکدا لە تاریکی وشکانی و دەریادا؟ وە کێ هەیە ئەو بایانە ئەنێرێ وەکو موژدەدانێک کە ڕەحمەتی خوای گەورەی تیایە هەورەکان کە بارانی تیایە باران ئەبارێنێ؟ ئایا لەگەڵ الله دا خوایەکی تر هەیە کە شایەنی پەرستن بێ تا ئێوە بیپەرستن؟ خوای گەورە زۆر بەرزو بڵندترو پاکترە لەوەی کە ئێوە ئەو کەسانە ئەکەنە شەریک بۆ خواو شەریک بۆ خوای گەورە بڕیار ئەدەن(63) کێ هەیە سەرەتا دروستکراوەکان دروست بکات وە پاشان بیانگەڕێنێتەوە دوای ئەوەی کە ئەیانمرێنێت سەرلەنوێ زیندوویان بکاتەوە؟ وە کێ هەیە ڕزق و ڕۆزی ئێوە بدات لە ئاسمانەکانەوە بە باران بارین وە لە زەویەوە بە ڕواندنی ڕووەک و دانەوێڵە؟ ئایا لەگەڵ الله یا خوایەکی تر هەیە ئەم شتانە بکات تا ئێوە بیکەنە شەریک بۆ

خـوای گـەورە کـە شـایەنی پەرسـتن بێـت؟ ئـەی محمـد (ﷺ) بڵـێ: دەی ئێـوە بەڵگـەی خۆتـان بێنـن لەسـەر ئـەوەی کـە خـوای گـەورە شـەریکی هەیـە ئەگـەر ئێـوە ڕاسـتگۆن(64) .

جا خوای گەورە ئیقامە حوججەی کردە سەریان بەو باوەڕەی لایانە بە تەوحیدی پەروەردگارێتی بۆ باوەڕ هێنان بە تەوحیدی خوداوەندێتی .

هەروەهـا خـوای گـەورە خوداوەندێتـی خـوای موشریکەکانـی پووچـەڵ کـردەوە بـەوەی هیـچ صیفاتێـک لـە صیفاتەکانـی پەروەردگارێتـی تێـدا نییـە ، خـوای گـەورە دەفەرموێـت : (أَيُشْرِكُونَ مَا لا يَخْلُقُ شَيْئًا وَهُمْ يُخْلَقُونَ (191) وَلا يَسْتَطِيعُونَ لَهُمْ نَصْرًا وَلا أَنفُسَهُمْ يَنصُرُونَ (192) وَإِن تَدْعُوهُمْ إِلَى الْهُدَىٰ لا يَتَّبِعُوكُمْ سَوَاءٌ عَلَيْكُمْ أَدَعَوْتُمُوهُمْ أَمْ أَنتُمْ صَامِتُونَ (193) إِنَّ الَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ عِبَادٌ أَمْثَالُكُمْ فَادْعُوهُمْ فَلْيَسْتَجِيبُوا لَكُمْ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ (194) أَلَهُمْ أَرْجُلٌ يَمْشُونَ بِهَا أَمْ لَهُمْ أَيْدٍ يَبْطِشُونَ بِهَا أَمْ لَهُمْ أَعْيُنٌ يُبْصِرُونَ بِهَا أَمْ لَهُمْ آذَانٌ يَسْمَعُونَ بِهَا قُلِ ادْعُوا شُرَكَاءَكُمْ ثُمَّ كِيدُونِ فَلا تُنظِرُونِ (195) إِنَّ وَلِيِّيَ اللَّهُ الَّذِي نَزَّلَ الْكِتَابَ وَهُوَ يَتَوَلَّى الصَّالِحِينَ (196) وَالَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِهِ لا يَسْتَطِيعُونَ نَصْرَكُمْ وَلا أَنفُسَهُمْ يَنصُرُونَ (197) وَإِن تَدْعُوهُمْ إِلَى الْهُدَىٰ لا يَسْمَعُوا وَتَرَاهُمْ يَنظُرُونَ إِلَيْكَ وَهُمْ لا يُبْصِرُونَ) (الأعراف/191– 198) واتـە : ئایـا شـەریک بـۆ خـوای گـەورە بڕیـار ئـەدەن و ئـەو بتانـە ئەکەنـە شـەریک بـۆ خـوای گـەورە کـە توانـای دروسـت کردنـی هیـچ شـتێکیان نیـە بەڵکـو خۆیـان دروسـتکراون (191) وە ناتوانـن سـەرتان بخـەن و تەنانـەت بـێ دەسـەڵاتن ناتوانـن خۆیشـیان سـەربخەن کـە دەشـکێنرێن یان سـوکایەتیان پـێ دەکرێـت(192) وە ئەگەر بانگیشـیان بکەن بـۆ هیدایـەت وەڵامتـان نادەنـەوە چونکـە نابیسـتن یەکسـانە ئەگـەر بانگیـان بکـەن یـان بـێ دەنـگ بـن سـوودی نیـەو هیـچ نابیسـتن(193) ئـەو خوایانـەی کـە ئێـوە جگـە لە خـوای گـەورە عیبادەتیـان بۆ ئەکـەن وە لێـان ئەپاڕێنـەوە ئەوانیـش بەنـدەن وەکـو ئێـوە دەی لێیان بپاڕێنـەوە با ئەوانیـش وەڵامتان بدەنـەوە ئەگـەر ئێـوە ڕاسـتگۆن(194) ئـەو بتانـەی کـە ئێـوە بەدەسـتی خۆتـان دروسـتتان کـردوون ئایـا پێیـان هەیـە تـا پێـی بـڕۆن؟ یاخـود دەسـتیان هەیـە تـا بەقـوەت و بەهێـز شـتی پـێ وەربگـرن؟ یاخـود چاویـان هەیـە تـا شـتی پـێ ببینـن؟ یاخـود گوێیان هەیـە تا شـتی پێ ببیسـتن؟، ئەمـە هەمووی (ئیسـتیفهامی ئینکاری)یـە، واتـە: هیـچ شـتێک لەمانەیـان نیـە چـۆن ئەمانـە ئەکرێـن بەخـوا! ئـەی محمـد (ﷺ) بڵـێ: دەی ئێـوە بانگـی ئـەو کەسـانە بکـەن کـە کردووتانـن بـە شـەریک بۆ خـوای گەورە پاشـان نەخشـەو پیـلان دابنێـن وە هیـچ مۆڵەت بە من مـەدەن، ئێوە ناڵێـن: ئەم خوایانەی ئێمە شـتیان بەدەسـتە بـا خوایەکانتـان بتوانـێ زیانێکـمان پـێ بگەیەنـێ(195) تەنهـا وەلـی و سـەرخەرو پشـتیوانی مـن اللـە یـە ئـەو اللە یەی کـە لە ئاسـمانەوە کتابـی ئاسـمانی دابەزاندووە هەر خۆیشـی سـەرپەرشـتی پیاوچـاکان ئـەکات و ئەیانپارێـزێ و سـەریان ئەخـات(196) بـەڵام ئەوانـەی ئێـوە کـە جگـە لـە خـوای گـەورە ئەیانپەرسـتن ئـەوان ناتوانـن ئێـوە سـەر بخـەن تەنانـەت توانـای سەرخسـتنی خۆیشـیانیان نیـە چـۆن ئێـوە سـەر بخـەن(197) وە ئەگەر بانگیشـیان بکـەن بۆ ڕێگای ڕاسـت و هیدایەت ئەوان نابیسـتن ئـەو بتانـە ئەبینـی کـە لەسـەر شـێوەی مرۆڤـدا دروسـتکراون دەسـت و قـاچ و چاویـان بۆ کـردوون کە تەماشـات ئەکـەن بـەڵام لـە حەقیقـەت و ڕاستیشـدا هیـچ شـتێک نابینـن(198) .

وە دەفەرموێت : (وَاتَّخَذُوا مِن دُونِهِ آلِهَةً لا يَخْلُقُونَ شَيْئًا وَهُمْ يُخْلَقُونَ وَلا يَمْلِكُونَ لأنفُسِهِمْ ضَرًّا وَلا نَفْعًا وَلا يَمْلِكُونَ مَوْتًا وَلا حَيَاةً وَلا نُشُورًا) (الفرقان/3) واتە : وە موشریکان جگە لە خوای گەورە کۆمەڵێک خوایان بۆ خۆیان داناوە خواکانی ئەوان توانای دروست کردنی هیچ شتێکیان نیە بەڵکو ئەوان خۆیان دروستکراون و خوای گەورە دروستی کردوون وە ناتوانن هیچ زەرەرو زیانێک لە خۆیان دوورخەنەوە یان سوود بەخۆیان بگەیەنن وە نە مردنیان بەدەستە نە ژیان وە نە زیندوو کردنەوەی ناوگۆڕ هیچ شتێکیان بەدەست نیە).

وە دەفەرموێت : (قُلِ ادْعُوا الَّذِينَ زَعَمْتُم مِّن دُونِ اللَّهِ لا يَمْلِكُونَ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ فِي السَّمَاوَاتِ وَلا فِي الأَرْضِ وَمَا لَهُمْ فِيهِمَا مِن شِرْكٍ وَمَا لَهُ مِنْهُم مِّن ظَهِيرٍ (22) وَلا تَنفَعُ الشَّفَاعَةُ عِندَهُ إِلا لِمَنْ أَذِنَ لَهُ حَتَّىٰ إِذَا فُزِّعَ عَن قُلُوبِهِمْ قَالُوا مَاذَا قَالَ رَبُّكُمْ قَالُوا الْحَقَّ وَهُوَ الْعَلِيُّ الْكَبِيرُ) (سبأ/22–23) واتە : ئەی محمد (ﷺ) بە کافرانی قوڕەیش بڵێ: ئەوانەی کە ئێوە جگە لە خوای گەورە کردووتانن بەخواو ئەیانپەرستن بانگیان بکەن ئەو برسیەتیەی کە تووشتان بووە با لەسەرتانی لادەن ئەوان بە ئەندازەی مێروولەیەکی بچووک یان ئەندازەی گەردێک لە ئاسمانەکان و زەویدا موڵکیان نیەو جگە لە خوای گەورە کەس موڵکی نیە بە تایبەتی ئەو کەسانەی کە کردووتانن بە خوا نەک خۆیان موڵکیان نیە بەڵکو شەریکی خوای گەورەش نین نەک شەریک نین بەڵکو یارمەتیدەری خوای گەورەش نین و خوای گەورە پشتیان پێ نابەستێ و پێویستی پێیان نیە(22) نەک هەر خوای گەورە داوای یارمەتیان لێ ناکات و یارمەتیدەری خوا نین و خوای گەورە پێویستی پێیان نیە بەڵکو خوای گەورە شەفاعەت و تکایشیان قبووڵ ناکات، شەفاعەتی ئەو کەسانە لای خوای گەورە سوودی نیە تەنها ئەگەر کەسێک خوای گەورە خۆی ئیزنی دابێ وەکو پێغەمبەران و مەلائیکەتەکان و شەهیدەکان و پیاوچاکان و منداڵی موسڵمانان، کە ئەمانە بەڵگەیان لەسەر هاتووە کاتێک کە خوای گەورە لە ئاسمان قسە دەکات و بڕیارێک دەرئەکات مەلائیکەت هەموویان سوجدە بۆ خوای گەورە ئەبەن و ئەترسێن تا ترسەکە لەسەر دڵیان لائەچێت دواتر بە جبریل یان بە هەڵگرانی عەرشی خوای گەورە ئەڵێن پەروەردگار چی فەرموو؟ ئەفەرمووێ: حەقی فەرموو (وەکو لە بوخاریدا هاتووە) وە خوای گەورە زۆر بەرزە لە زاتی پیرۆزی لەسەرووی عەرشی خۆیەتی، وە لە ناو و سیفات و کردەوەکانی، وە خوای گەورە زۆر گەورەیە (23)

**بۆیە شیرک بریاردان لە خواپەرستیدا :**

1- گەورەترین و ستەمترین ستەمە : خوای گەورە دەفەرموێت : (إِنَّ الشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ) (لقمان/13) واتە : بەڕاستی شەریک دانان بۆ خوا گەورەترین زوڵم و ستەمە کە کرابێت.

چونکە کەمکردنەوەی خوای پەروەردگاری تێدایە ، وە ئەو حەقەی کە تایبەتە بە خۆی بۆ جگە لە ئەو ئەنجام دەدرێت ، وە هاوتا کردنی جگە لە خوا لە گەڵ خوادایە ، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت : (ثُمَّ الَّذِينَ كَفَرُوا بِرَبِّهِمْ يَعْدِلُونَ) (الأنعام/1) واتە : لە پاش ئەم دروستکردنە گەورەیە ئەو

کەسانەی کە کافر بوونە شەریک بۆ خوا دادەنێن و کەسانی تر یەکسان ئەکەن بە خوای گەورە کە توانای دروستکردنی ئەو شتانەشیان نیە، یاخود لە پەرستنی خوای گەورە لادەدەن بۆ پەرستنی جگە لە خوای گەورە)

2- گەوەرترین تاوانە گەورەکانە : پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: (ألا أنبئكم بأكبر الكبائر ثلاثا؟ قالوا بلى يا رسول الله (ﷺ) قال : الإشراك بالله (الحديث)[12] واتە: ئایە گەورەترین تاوانە گەورەکانتان پێ بلێم؟) سێ جار ؟ گوتیان:- بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ). ئەویش فەرمووی:- هاوەڵ دانانە بۆ خوای گەورە) فەرموودەکە .

3- مەزنترین تاوانە : پرسیار کرا لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) : چی تاوانێک لە هەمووی مەزنترە لای خوای گەورە ؟ فەرمووی : (أن تجعل لله ندا وهو خلقك)[13] واتە : هاوتایەک بۆ خوای گەورە دابنێیت لە کاتێکدا ئەو تۆی دروست کردووە).

4- سەرەوژێر بوونی فیترەتە و ڕۆچوونە لە ناو گومڕاییدا : خوای گەورە دەفەرموێت : (وَمَن يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَكَأَنَّمَا خَرَّ مِنَ السَّمَاءِ فَتَخْطَفُهُ الطَّيْرُ أَوْ تَهْوِي بِهِ الرِّيحُ فِي مَكَانٍ سَحِيقٍ) (الحج/31) واتە : وە هەر کەسێک شەریک بۆ خوای گەورە بڕیار بدات وەک ئەوە وایە لە ئاسمانەوە بەر بێتەوە سەر زەوی و پارچە پارچە بێت و هەر باڵندەیەک پارچەیەکی بەرێت یاخود با فڕێی بداتە شوێنێکی دوورو قووڵ و نزمەوە، ئەمە نموونەیە بۆ کەسێک کە شەریک بۆ خوای گەورە بڕیار ئەدات کە شەیتانەکان زاڵ دەبن بەسەریداو پارچە پارچەی دەکەن، وە شوێنە دوورە قووڵەکەش ئاگری دۆزەخە کە هەر کەسێک شەریک بۆ خوای گەورە بڕیار بدا ئەیخاتە ناو قووڵایی ئاگری دۆزەخەوە).

وە خوای گەورە چەند دەرئەنجامێکی بۆ ئەنجامدەرانی شیرک داناوە ، لەبەر گەوەریی ناشیرینی و نابۆتییەکەی ، چەند ئەحکامێک پەیوەستن بە دونیاوە و چەند ئەحکامێک پەیوەستن بە دوارۆژەوە ، لەوانە :

1- هەرگیز خوای گەورە لێی خۆش نابێت :

خوای گەورە دەفەرموێت : (إِنَّ اللَّهَ لا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَاءُ وَمَن يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدِ افْتَرَىٰ إِثْمًا عَظِيمًا) (النساء/48) واتە : بە دڵنیایی خوای گەورە هەرگیز خۆش نابێ لە کەسێک کە شەریک بۆ خوای گەورە بڕیار بدات و لەسەر شیرک بمرێ و تەوبە نەکات وە جگە لە شەریک دانان بۆ خوای گەورە چەندێک مرۆڤ تاوانی گەورەی هەبێ ئەوە ئەکەوێتە بەر ویست

(12) متفق عليه ، رواه البخاري برقم (2654) ومسلم برقم (87) من حديث أبي بكرة .

(13) متفق عليه ، أخرجه البخاري برقم (4477) ومسلم برقم (86) من حديث عبدالله بن مسعود ، وفيهما أن ابن مسعود السائل .

و مەشیئەتی خوای گەورە، خوای گەورە ویستی لێ بێت لێی خۆش ئەبێت بە فەزڵی خۆی، وە ویستی لێ بێت سزای ئەدات بە دادپەروەری خۆی، بەڵام بەهەمیشەیی لە ئاگری دۆزەخدا نامێنێتەوە وە هەر کەسێک شەریک بۆ خوای گەورە بڕیار بدات ئەوە بەدڵنیایی درۆو بوهتان و تاوانێکی یەکجار گەورەی بۆ خوای گەورە هەڵبەستووە).

2- بەهەشتی لێ حەرام دەبێت و تا هەتایی لە ئاگردا دەمێنێتەوە :

خوای گەورە دەفەرموێت : (إِنَّهُ مَن يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ اللَّهُ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ وَمَأْوَاهُ النَّارُ وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ) (المائدة/72) واتە : ئەمە هەر قسەی عیسایە هەر کەسێک شەریک بۆ خوای گەورە بڕیار بدات و من بکاتە شەریک بۆ خوای گەورە یان هەر کەسێکی تر بکاتە شەریک بۆ خوای گەورە ئەوە خوای گەورە بەهەشتی لەسەر حەرام دەکات وە شوێنی ئەو ئاگری دۆزەخە وە ئەو کەسە ستەمکارو موشریکانە هیچ کەسێک نیە کە پشتیوانیان بێ و لە ئاگری دۆزەخ رزگاریان بکات ).

3- هەڵوەرین و سڕینەوەی هەموو کردارە چاکەکان :

خوای گەورە دەفەرموێت : (وَلَقَدْ أُوحِيَ إِلَيْكَ وَإِلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِكَ لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ) (الزمر/65) واتە : وە بە دڵنیایی ئەی محمد (ﷺ) وەحیمان بۆ تۆ و بۆ پێغەمبەرانی پێش تۆیش ناردووە ئەگەر شەریک بۆ خوای گەورە بڕیار بدەی ئەوە کردەوەکانت هەمووی بەتاڵ ئەبێتەوە وە لە زەرەرمەندان دەبیت، (هەر چەندە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دوور بووە لە شەریک دانان، بەڵام ئەگەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) شەریک بۆ خوا دابنێت کردەوەی بەتاڵ بێتەوە ئەوا ئێمە لە پێشترین و هەڕەشەکە بۆ ئێمەیە).

4- نەمان و کەوتنی پارێزبەندی (عیصمەتی) خوێن و سەروەت و سامان :

خوای گەورە دەفەرموێت : (فَإِذَا انسَلَخَ الْأَشْهُرُ الْحُرُمُ فَاقْتُلُوا الْمُشْرِكِينَ حَيْثُ وَجَدتُّمُوهُمْ وَخُذُوهُمْ وَاحْصُرُوهُمْ وَاقْعُدُوا لَهُمْ كُلَّ مَرْصَدٍ فَإِن تَابُوا وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ فَخَلُّوا سَبِيلَهُمْ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ) (التوبة/5) واتە : ئەگەر چوار مانگە حەرامەکە تەواو بوو (ذو القعدة و ذو الحجة و محرم و رجب) کە خوای گەورە مۆڵەتی بەکافران دا ئەوا لە هەر شوێنێک موشریکانتان بینی بیانکوژن (تەنها لە حەرەم نەبێت) لەبەر ئەوەی بەڵێن و پەیمان لە نێوانتاندا نەماوە وە بەدیلی بیانگرن وە گەمارۆیان بدەن و قەدەغەیان بکەن لەوەی کە هەڵسوکەوت بکەن لە شارەکاندا وە لە هەموو ڕێگایەکدا بۆیان دانیشن و لە کەمیندابن بۆیان بەڵام ئەگەر هاتو تەوبەیان کردو لە کوفر گەڕانەوەو نوێژەکانیان کردو زەکاتی ماڵیاندا واتە: موسڵمان بوون ئەو کاتە ئێوە ڕێگەیان بەردەن نە بەدیل بیانگرن نە کەمینیان بۆ دابنێن نە بیانکوژن بەراستی خوای گەورە زۆر لێخۆشبوو بەبەزەییە بۆ ئەو کەسانەی کە تەوبە ئەکەن و ئەگەڕێنەوە بۆ لای خوای گەورە).

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی : (أُمِرْتُ أَنْ أُقَاتِلَ الناس حتى يَقولوا : لَا إِلَهَ إلا الله ، فمن قالها فقد عَصمَ مِنِّي ماله و نفسه إلا بِحَقِّه وَحِسَابُهُ على اللَّهِ)[14] واتە : فەرمانم پێکراوە کوشتار لە گەڵ خەڵکیدا بکەم تاکو شایەتی دەدەن کەوا : هیچ خودایەک نییە شایستەی پەرستن بێت تەنها (الله) نەبێت ، جا هەرکەسێک ئەوەی گوت ئەوا چیتر سەروەت و سامان و نەفسی پارێزراو دەبێت ئیللا بە حەقی خۆی نەبێت و حیسابیان لەسەر خودایە).

**وە لەم باسەدا چەند گروپ و تاقمێک لە نەوەی ئادەم گومڕا بوون ، لەوانە :**

1- بت پەرستەکان :

بە جیاواز لە گەڵ پەرستراوەکانیان ، هەر لە دار و بەرد و مرۆڤ و جنۆکە و فریشتە و ئەستێرە و ئاژەڵ ، لەوانەی کە شەیتان گومڕای پێ کردوون و لە خشتەی بردوون.

2- گۆڕپەرستان:

ئەوانەی کە داوا لە خاوەن گۆڕەکان دەکەن ، وە نزر و قوربانیان بۆ دەکەن ، وە داوایان لێ دەکەن قازانجیان پێ بگەیەنن و زەرەر و زیانیان لێ دوور بکەنەوە.

3- جادووگەر و فێڵباز و کاهین و فاڵچییەکان :

ئەوانەی کە جنۆکە دەپرستن لەبەرانبەر ئەوەی هەواڵیان پێ بدەن ، یان شتیان بۆ ئامادە دەکەن ، یان شتێکیان بۆ دەکەن .

وە لە بەر گەورەیی مەترسی شیرک لە خواپەرستیدا ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئاگاداری کردوینەتەوە لەو هۆکارانەی بەرەو شیرک دەمانبات ، وە بەستنی ئەو رێگایانەی بەرەو شیرک دەمانبات ، لە نمونەی ئەوانە :

1- وریاکردنەوە لە زیادەڕەوی لە پیاوچاکاندا :

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی :(إياكم والغلو فإنما أهلك من كان قبلكم الغلو في الدين)[15] واتە: دوور بکەونەوە لە زیادەرەوی ، چونکە ئەوەی بووە هۆی بە هەلاکەت چوونی ئەوانەی پێش ئێوە زیادەرەوی بوو لە دیندا) .

هەروەها پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی: (لاَ تُطْرُونِي كَمَا أَطْرَتِ النَّصَارَى ابْنَ مَرْيَمَ ، إنما أنا عبده، فقُولُوا : عَبْدُ اللهِ وَرَسُولُهُ)[16] واتە : خەڵکینە! لەبارەی منەوە زێدەڕۆیی مەکەن، وەکو

(14) متفق عليه ، أخرجه البخاري برقم (1399) ومسلم برقم (20) من حديث أبي هريرة ، وأخرجه البخاري أيضا برقم (25) ومسلم برقم (22) من حديث ابن عمر بزيادة ذكر الصلاة والزكاة .

(15) أخرجه النسائي برقم (3059) ، وابن ماجه برقم (3029) ، وأحمد برقم (1851، 3248) وصححه الشيخ الألباني في (الصحيحة) برقم (1283) من حديث ابن عباس.

(16) رواه البخاري برقم (3445) من حديث عمر .

گاورەکان دەربارەی عیسا هەڵەڕۆییان کردو ئەوەندەیان پیا هەڵدا، کردیانە کوڕی خوا! بەڕاستیی من تەنها بەندەیەکم، ئێوەش لە بارەی منەوە هەر ئەوەندە بڵێن کە: من تەنها بەندەو ڕەوانەکراوی خوام) .

هەروەها لە جۆر و باسی زیادەڕەوی لە پیاوچاکاندا ، تەوەسول کردنە پێیان ، وە تەوەسولیش چەند جۆرێکە :

یەکەم : تەوەسولێکی شیرکی خاوەنەکەی لە ئیسلام دەردەکات : ئەویش بریتییە لە داواکردن لێیان لە جگە لە خوای گەورە ، بەوەی پێویستییەکانیان جێ بە جێ بکەن و لە تەنگانە دەریان بکەن و رزگاریان بکەن .

دووەم : تەوەسولێکی بیدعی ، ناگاتە ئاستی شیرک : ئەویش تەوەسولە بۆ لای خوای گەورە بە شتێک خوای گەورە بە شەرعی دانەنابێت ، وەکو تەوەسول کردن بە زاتی پیاوچاکانەوە یان خاتریان یان حەق و مافی ئەوان یان حورمەتیان ، وە لە نمونەی ئەوانە .

سێیەم : تەوەسولی دروست : ئەویش تەوەسولە بە ئیمان هێنان بە خوای گەورە و گوێڕایەڵی کردنی و داواکردن لە خوا بە ناوێک لە ناوەکانی یان صیفەتێک لە صیفەتەکانی یان کردارێک کردبێتی ، یان داواکردنی دوعا لە پیاوچاکێک لە کاروباری گشتیدا .

وە ئەو فەرموودەیەی عومەر کە دەفەرموێت : (اللهم إنا كنا نتوسل إليك بنبينا (ﷺ) فتسقينا وإنا نتوسل اليك بعم نبينا (ﷺ) فاسقنا)[17] واتە: ئەی خودایە ئێمە تەوەسولمان دەکرد بە پێغەمبەرەکەمانەوە (ﷺ) و تۆیش بارانت بۆ دەباراندین ، وە ئێستا تەوەسول دەکەین بە مامی پێغەمبەرکەمانەوە (ﷺ) بۆیە بارانمان بۆ ببارێنە) .

جا ئەمە مەبەست لێی تەوەسولە بە دوعای عەبباس ، لە بەر نزیکی لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) نەک لە بەر زاتی خۆی ، جا ئەگەر تەوەسول بە زاتەکان (کەسەکان) دروست بوایە ، ئەوا لە پاش وەفاتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) تەوەسولیان هەر بە ئەو دەکرد.

2- وریاکردنەوە لە توشی فیتنە بوون و ئالودەبوون بە گۆڕەکانەوە :

لە نمونەی ئەوانە :

بکرێنە مزگەوت : لە دایکە عائیشەوە ریوایەت کراوە و فەرموویەتی : (لما نزلَ برَسُولِ اللهِ (ﷺ) طفق يطرحُ خميصة له على وجهه ، فإذا اغتمَّ كشفها ، فقال – وهو كذلك– : (( لَعَنَةُ اللهِ على الْيَهُودِ وَالنَّصَارَى ، اتَّخَذُوا قُبورَ أَنْبِيَائِهِمْ مَسَاجِدَ)) يُحَذِّر ما صنعوا ، وَلَوْلا ذَلِكَ لَأُبْرِزَ قَبْرُهُ ، غَيْرُ أَنَّهُ خُشِيَ أَنْ يُتَّخَذَ مَسْجِداً)[18] واتە : کاتێ پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەسەرە مەرگدا بوو پارچەیەکی بەسەر دەموچاویدا

(17) رواه البخاري برقم (1010) من طريق أنس عن عمر .

(18) متفق عليه ، أخرجه البخاري برقم (435 ، 436 ، 1390) ومسلم برقم (529 ، 531) .

دابوو ، ئەگەر بێزاری بکردایە ئەوا لای دەدا و فەرمووی – لە کاتێکدا ئەو بەو حاڵەوە بوو- : (( لەعنەتی خودا لە گاور و جولەکەکان ، چونکە گۆڕی پێغەمبەرەکانیان کردە مزگەوت )) عائیشە (ڕەزای خوای لێبێ) دەڵێ : خەڵکی ئاگادار دەکردەوە لەوەی ئەوان کردیان ، ئەگەر لەترسی ئەوە نەبوایە ئێستا گۆڕەکەی پێغەمبەر (ﷺ) بەرز دەکرایەوە و دیار دەبوو ، بۆیە ترسی ئەوەی هەبوو گۆڕەکەی بکرێتە مزگەوت) .

وە دەفەرموێت : ((ألا وإنَّ من كان قبلكم كانوا يتخذون قبور أنبيائهم وصالحيهم مساجدَ ، ألا فلا تتخذوا القبور مساجدَ ، إني أنهاكم عن ذلك))[19] واتە: ئەوانەی پێش ئێوە لەسەر گۆڕی پێغەمبەران و پیاوچاکانی خۆیان مزگەوتیان دروست دەکرد ، بۆیە ئێوە گۆڕەکان مەکەنە مزگەوت ، من نەهیتان لێ دەکەم ئەو کارە بکەن)) .

وە مانای بکرێنە مزگەوت (اتخاذها مساجد) : بە نیەتی نوێژ کردنەوە بچن بۆ لای ، هەرچەندە مزگەوتی لەسەر بنیات نەنرابێت ، چونکە (مسجد) واتە : جێگای سوژدە بردن .

دروستکردنی بینا لەسەری یان لە خۆڵ و خاکەکەی خۆی زیاتر بخرێتە سەری و گەچکاری بکرێت :

لە (أبو الهياج الأسدي)ەوە ریوایەت کراوە و دەفەرموێت : ئیمامی عەلی – ڕەزای خوای لێ بێت- پێی گوتم :(ألا أبعثك على ما بعثني عليه رسول الله (ﷺ)؟ : (( ألا تدع تمثالا إلا طمسته ، ولا قبرا مشرفا إلا سويته))[20] واتە : ئایە ڕەوانەت بکەم بۆ ئەو کارەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) منی بۆی ڕەوانە کردووە ؟ (هیچ پەیکەرێک مەهێڵە ئیللا بیشێوێنە و شێوەکەی بگۆڕە و هیچ گۆڕێکی ئاشکراو بەرز مەهێڵە ئیللا لە گەڵ زەویدا ڕاستی بکەرەوە و تەختی بکە).

وە لە (جابر بن عبدالله) وە ریوایەت کراوە و فەرموویەتی : (نهى رسول الله (ﷺ) أن يُجصص القبر وأن يُقعد عليه ، وأن يُبنى عليه)[21] واتە : پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەهی کردووە لە گەچکردنی (گەچکاری کردنی) سەر قەبر و یان لەوەی لەسەری دابنشرێت و یان لەسەری بنیات بنرێت) ، وە دروستکردنی قوببە و گومەت لەسەری و جوانکاری و ڕازاندنەوەشی دەگرێتەوە .

کۆچوبار ئامادە کردن و سەفەر کردن بۆ لای : لەبەر گشتگیری ئەو فەرموودەیەی کە دەفەرموێت : ((لَا تُشدُّ الرّحال إِلَّا إِلَى ثَلَاثَة مَسَاجِد : المِسْجِد الْحَرَام ، وَمَسْجِدي هذا ، وَمَسْجِد الْأَقْصَى))[22] واتە : کۆچ و بار ئامادە ناکرێت ئیللا بۆ سێ مزگەوت نەبێت : مزگەوتی حەرام و مزگەوتەکەی من و مزگەوتی الاقصى).

---

(19) رواه مسلم برقم (532) .

(20) رواه مسلم برقم (969).

(21) رواه مسلم برقم (970).

(22) متفق عليه ، رواه البخاري برقم (1189) ومسلم برقم (1397) من حديث أبي هريرة .

قەبرەکەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بکرێنە جەژن و چەندجارە سەردانی بکرێتەوە :

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (لا تجعلوا قبری عیداً)[23] واتە : گۆڕەکەی من مەکەنە جەژن (واتە: سەردانی مەکەن لە کاتی دیاری کراودا ساڵانە یان مانگانە یان هەفتانە) .

وە جەژن (العید) : ئەوەیە کە بکرێتە نەریتێک بۆ هاتن و سەردانی کردنی لە کات و شوێنی دیاری کراودا .

3- وریاکردنەوە لە خۆچواندن بە موشریکەکان و ئەهلی کیتاب : لە بیروباوەڕیان و پەرستشەکانیان و نەریتەکانیان کە تایبەتە بە خۆیان.

پێغەمبەر خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (خالفوا المشركين)[24] واتە : (جیاوازی بکەن لە گەڵ موشریکەکاندا).

وە دەفەرموێت : (خالفوا المجوس)[25] واتە : (جیاوازی بکەن لە گەڵ مەجوسەکاندا).

وە دەفەرموێت : (خالفوا اليهود)[26] واتە : (جیاوازی بکەن لە گەڵ جولەکەکاندا).

4- وریاکردنەوە لە وێنەکێشان :

((فعَنْ عَائِشَةَ –رضي الله عنها– أن أم سلمة ذكرت لرسول الله (ﷺ)كَنِيسَةً رَأَتْهَا بِالْحَبَشَةِ ، وما فيها من الصور، فقال : ((أُولَئِكَ قوم إِذَا مَاتَ فِيهِمْ الرَّجُلُ الصَّالِحُ ، بَنَوْا عَلَى قَبْرِهِ مَسْجِداً ، و صَوَّرُوا فِيهِ تِلْكَ الصُّوَرَ أُولَئِكَ شِرَارُ الْخَلْقِ عِنْدَ اللهِ ))[27] واتە : دایکمان عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێ- دەڵێ : أم سلمة باسی کەنیسەیەکی کرد بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە لە حەبەشە بینی بووی ، باسی ئەو وێنانەیان کرد کە تیایدا بوو ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (( ئا ئەوانە کاتێک پیاو چاکێک تیایاندا بمردایە لەسەر گۆڕەکەی مزگەوتێکیان دروست دەکرد ، پاشان ئەو وێنانەیان تیادا دەکێشا ، ئا ئەوانە خراپترین دروستکراوەکانن لەلای خودا ))

5- وریاکردنەوە لە وشە و گفتارە شیرکییەکان :

وە لە نمونەی ئەوانە :

**سوێند خواردن بە جگە لە خوا :** بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە دەفەرموێت : ((من حلف بغير الله فقد كفر أو أشرك))[28] . واتە: هەر کەسێ سوێندی بە غەیری خوا خوارد ئەوا کوفری کردووە یان شیرکی بۆ خوای گەورە ئەنجام داوە)) .

---

(23) رواه أبو داود برقم (2042) من حديث أبي هريرة .

(24) متفق عليه ، أخرجه البخاري برقم (5892) ومسلم برقم (259) من حديث ابن عمر.

(25) رواه مسلم برقم (260) من حديث أبي هريرة .

(26) رواه أبو داود برقم (652) من حديث شداد بن أوس .

(27) متفق عليه ، أخرجه البخاري برقم (434) ومسلم برقم (528) .

(28) أخرجه أبو داود برقم (3251) والترمذي برقم (1535) واللفظ له ، كلاهما من حديث ابن عمر .

**یەکسان کردن لە ویست و مەشیئەتدا :** بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی : کاتێک کەسێک پێی فەرموو : (ما شاء الله وشئت) واتە : خوا و توو ویستان لەسەری بوو)) ، پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی : (أجعلتني لله عدلا ؟!) قل : ما شاء الله وحده)[29] واتە : منت کرد بە هاوتای خوا ؟ بڵێ : خوای تاک و تەنها ویستی لەسەر بوو) .

**وتنی : بارانمان بۆ باری بە هۆی فلان ئەستێرەوە :** بە بەڵگەی ئەوەی کە لە فەرموودەیەکی قودسیدا هاتووە : ((وَأَمَّا من قال: مطرنا بِنَوْءِ كَذَا وَكَذَا ، فَذَلِكَ كَافِرٌ بِي وَمُؤْمِنٌ بِالْكَوْكَبِ)[30] واتە : بەڵام هەرکەسێ وتی : بە هۆی فلان ئەستێرەوە بارانمان بۆ باری ، ئەوا بێباوەڕە بە من و باوەڕدارە بە ئەستێرەکان) .

وە جگە لەوە هەموو ئەو وشە و گفتارانەی تر دەگرێتەوە کە بەڕێوەبردن دەداتە پاڵ جگە لە خوا .

### 6- وریاکردنەوە لەو کردارانەی خاوەنەکەی بەرەو شیرک دەبات :

وە لە نمونەی ئەوانە :

**لەبەرکردنی ئەڵقە و دەزوو ، لە دەست یان لە گەردندا ، بە مەبەستی دوورخستنەوەی بەڵا یان لادان و نەهێشتنی :**

بە بەڵگەی فەرموودەکەی (عمران بن حصين) کە دەفەرموێت : ((أن النبي (ﷺ) رأى رجلاً في يده حَلْقَةً من صُفْرٍ، فقال : ويحك ما هذه؟ قال : مِنَ الْوَاهِنَةِ. قال: انزعها ! فإنها لاَ تَزِيدُكَ الا وَهْناً، فَإِنَّكَ لو مِتَّ وَهِيَ عَلَيْكَ ما أَفْلَحْتَ أَبَداً))[31] واتە : پێغەمبەری خوا (ﷺ) کابرایەکی بینی ئەڵقەیەکی مسی لە دەست کردبوو ، فەرمووی : تیا بچیت ئەمە چییە ؟ کابرا وتی : لەبەر نەخۆشی (باداری)یە . فەرمووی : لایبە ، چونکە ئەوە تەنها (باداری)ت بۆ زیاد دەکات ، جا ئەگەر بمریت ، لە کاتێکدا بمریت ئەوەت لەسەر بێت (لای نەبەیت) ئەوا هەرگیز رزگارت نابێ).

**هەڵواسینی تەمیمە و وەدیعە و دەزوو و ملوانکە بە مەبەستی دوور خستنەوەی چاو (چاوەزار):**

بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە دەفەرموێت : ((من تعلق تميمة فلا أتم الله له ، ومن تعلق ودعةً فلا ودَّع الله له))[32] واتە : هەرکەسێک چاوەزارێک هەڵواسێت خوای گەورە -کارەکانی- بۆ تەواو نەکات ، وە هەرکەسێک مووروویەک هەڵواسێ ئەوەی ئەو لێی دەترسێت خوا لەسەری سووک نەکات (لە ئارامی و دڵنیاییدا نەبێت) .

(29) رواه النسائي في السنن الكبرى برقم (10759) من حديث ابن عباس .

(30) متفق عليه، أخرجه البخاري برقم (846) ومسلم برقم (71).

(31) أخرجه أحمد برقم (20000) وابن ماجه برقم (3531) وابن حبان في صحيحه برقم (6085).

(32) أخرجه أحمد برقم (17404) وابن حبان برقم (6086) والحاكم في المستدرك برقم (7708) من حديث عقبة بن عامر .

وە لەریوایەتێکی تردا هاتووە : ((من علَّق تميمة فقد أشرك))[33] واتە : هەرکەسێ چاوەزارێک هەڵواسێ (هەر شتێک هەڵواسرێ بە گومانی ئەوەی حەسوودی رەت دەکاتەوە) ئەوا شیرکی کردوە).

وە بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە دەفەرموێت : (( لا تُبْقَيَنَّ فِي رَقَبَةِ بَعِيرٍ قِلَآدَةٌ مِنْ وَتَرٍ –أَوْ قِلَآدَةٌ– إِلَّآ قُطِعَتْ))[34] واتە : کە بە گەردنی هیچ وشترێکەوە هیچ گەردنبەندێک (ملوانکەیەک) لە دەزوو مەهێڵە –یان گەردنبەندێک- ئیللا بیبچرێنە)).

**روقیە و عەزیمەی شیرکی و نوشتەی سۆزداری (تیوەلە)** : بە بەڵگەی فەرموودەکەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە دەفەرموێت : (إنَّ الرُّقى والتمائم والتولةَ شرك)[35] واتە : بە دڵنیاییەوە روقیە و تەمیمە و نوشتەی سۆزداری (تیوەلە) شیرکن).

تیوەلە : شتێکە دروستی دەکەن ، باوەڕیان وایە کە ژن خۆشەویست دەکات لای مێردەکەی.

سەربڕین لەو جێگایانەی شیرکیان تێدا ئەنجام دەدرێت : بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کاتێک پیاوێک پرسیاری کرد لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) : کەوا نزری کردووە وشترێک سەر ببڕێت لە بوانە ، بۆیە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : (هل كان فيها وثن من أوثان الجاهلية يُعبد؟ قالوا : لا ، قال النبي (ﷺ) : هل كان فيها عيد من اعيادهم؟ قالوا : لا ، قال النبي (ﷺ) : أوفِ بنذرك)[36] واتە : ئایە بتێکی پەرستراو لە بتەکانی سەردەمی نەفامی تێدا بووە؟ وتیان : نەخێر ، وتی : ئایە جەژنێک لە جەژنەکانی ئەوانی تێدا بووە؟ وتیان : نەخێر ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : نزرەکەت جێبەجێ بکە ).

رەشبینی و شوومی : بە بەڵگەی فەرموودەکەی (ابن مسعود) کە دەفەرموێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (الطيرة شرك ، الطيرة شرك)[37] واتە : شوومی و رەشبینی شیرکە ، شوومی و رەشبینی شیرکە).

بە شێوەیەکی گشتی ، هەرکەسێک شتێک بکاتە هۆکار و خوای گەورە نەیکردبێتە هۆکار ، نە هۆکاری هەستپێکراو و نە هۆکاری شەرعی ، ئەوا کەوتووەتە ناو شیرکەوە ، یان بۆی چووە و رووی تێکردووە .

چوارەم : ئیمان بە ناو و صیفاتەکانی .

بریتییە لە بیروباوەڕێکی چەسپاو و بتەو و یەکلاکەرەوە کەوا خوای گەورە خاوەنی چەندین ناوی پیرۆز و صیفاتی بەرزە ، وە سەلماندنی ئەوەی لە کتێبەکەیدا بۆ خۆی سەلماندوویەتی یان ئەوەی پێغەمبەرەکەی (ﷺ) لە سوننەتەکانیدا بۆی سەلماندووە ، لەو صیفاتە کەمال و تەواو و شکۆمەندانە ، بە

(33) أخرجه أحمد برقم (17422) والحاكم في المستدرك برقم (7720) من حديث عقبة بن عامر .

(34) متفق عليه ، أخرجه البخاري برقم (3005) ومسلم برقم (2115) من حديث أبي بشير الأنصاري.

(35) أخرجه أبو داود برقم (3883) وابن ماجه برقم (3530) من حديث ابن مسعود .

(36) رواه أبو داود برقم (3313) من حديث ثابت بن الضحاك وابن ماجه برقم (2130) من حديث ابن عباس.

(37) أخرجه أبو داود برقم (3910) وابن ماجه برقم (3538) .

بێ چواندن و چۆنییەتی دانان بۆی ، وە نەفی کردنی ئەوەی خۆی نەفی کردووە لە خۆی لە کتێبەکەیدا یان ئەوەی پێغەمبەرەکەی (ﷺ) نەفی کردووە لە سوونەتەکەیدا ، لە هەموو صیفاتێکی کەم و کورت و عەیبدار و شوبهاندنی بە دروستکراوەکان بە بێ لادان و لەکارخستن .

خوای گەورە دەفەرموێت : (وَلِلَّهِ الأَسْمَاءُ الْحُسْنَىٰ فَادْعُوهُ بِهَا وَذَرُوا الَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِي أَسْمَائِهِ سَيُجْزَوْنَ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ) (الأعراف/180) واتە : وە خوای گەورە ناوە جوانەکانی هەیە تۆ بەو ناوە جوانانەوە لە خوا بپاڕێرەوەو بڵێ: یا رحمن یارحیم یا کریم یا عزیز، وە تەوەسولی پێ بکەو بڵێ: خوایە بۆ خاتری ناوە جوانەکانت، وە واز بێنن لەو کەسانەی کە بێ باوەڕن بە ناوەکانی خوای گەورە وەک موشریکان کە ناوی بتەکانیان لەناوەکانی خوای گەورە وەرگرتبوو وەکو (لات و عوززا و مەنات)، یان ئەوانەی کە ئینکاری ناو و سیفاتەکانی خوای گەورە ئەکەن و بە درۆی دەزانن، ئیلحاد واتە: لادان لە مەبەست ئەمانە سزای ئەو کردەوەیان وەرئەگرن کە باوەڕیان بەناوەکانی خوای گەورە نیە).

وە دەفەرموێت :(لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ وَهُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ) (الشورى/11) واتە : هیچ شت و کەسێک لە خوای گەورە ناچێت، چونکە خوای گەورە تاک و تەنهایەو دروستکارە وە خوای گەورە زۆر بیسەرە بەوتەو قسەتان، وە زۆر بینەرە بە کردەوەتان، وە هەموو شتێک دەبیستێت و دەبینێت).

وە ناو و صیفاتەکانی خوای گەورە تەوقیفین ، عەقڵ بە تەنها ناتوانێت بیسەلمێنێت ، خوای گەورە وەصف ناکرێت ئیللا بەوەی خۆی وەصفی خۆی کردووە یان پێغەمبەرەکەی (ﷺ) وەصفی کردووە، لە قورئان و فەرموودە تێپەڕ نابین ، جا ئەو صیفاتانەی خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) لێ بێ دەنگ بوونە ، واجیبە ئێمەیش لێ بێ دەنگ بین ، وە لێی راوەستین لە سەلماندن و نەفیدا (واتە : نە بیسەلمێنین و نە نەفی بکەین) ، وە داواکردن بە وردی لە مەبەستی ئەوەی وتویەتی ، جا ئەگەر مانایەکی تەواو بوو ئەوا ماناکەی وەردەگرین و وشەکە ڕەد دەکەینەوە ، وە ئەگەر مانایەکی خراپی بوو : ئەوا مانا و وشەکە ڕەد دەکەینەوە ، خوای گەورە دەفەموێت : (وَلا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ إِنَّ السَّمْعَ وَالْبَصَرَ وَالْفُؤَادَ كُلُّ أُولَئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْئُولا) (الإسراء/36) واتە : وە لە شتێکیشدا کە زانیاریت نەبوو قسەی تیا مەکە بەتایبەتی لە دیندا، یاخود شایەتی ناحەق مەدە ، بەڕاستی بیستن و بینین و دڵی مرۆڤ هەر هەموو ئەمانە لە ڕۆژی قیامەت خوای گەورە پرسیاریان لێ ئەکات و ئەیانهێنێتە قسە).

وە ناوەکانی خوای گەورە لە جوانیدا گەیشتونەتە ئەوپەڕی ، ئەوانیش بریتین لە (أعلام) لە خودی خۆیدا ، وە صیفاتن بۆ زاتی خوا ، پاکی و بێگەردی بۆ خوای گەورە ، وە صیفاتەکانی خوای گەورە کامل و تەواون ، هیچ کەموکورتییەکی تیدا نییە بە هیچ شێوەیەک ، خوای گەورە دەفەرموێت : (وَلَهُ الْمَثَلُ الأَعْلَىٰ فِي السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ) (الروم/27) واتە : وە نموونەی هەرە بەرز بۆ خوای گەورەیە لە ئاسمانەکان و زەوی، خوای گەورە لە کەس ناچێت و کەس لە خوای گەورە ناچێت و تاک و تەنها و بێ هاوەڵە وە خوای گەورە زۆر بەعیززەت و باڵادەستە، وە زۆر کاربەجێیە لە وتەو کردەوەیدا ) .

ئەوەش حەقە و لەسەر حەقیقەتەکەی خۆیەتی ، بۆیە پێویستە وەکو خۆی لێی تێبگەین و لە سەر مانا ئاشکراکەی خۆی ، بە بێ ئەوەی تەحریفی بکەین (لێی لادەین) ، وە حەرامە نکۆڵی لێ بکەین بە

لەکارخستن و چواندن و داهێنان لە ناوەکانیدا بە ناوێک خۆی ناوی خۆی نەناوە ، یان وەرگرتنی ناوی بتەکان لە ناوەکانی خوای گەورەوە ، وەکو لات لە (الاله)ەوە وەرگیراوە و عوززا لە (العزيز)ەوە و مەنات لە (المنان)ەوە .

وە پێویستە بەو ناوانە دوعا بکەین ، دوعای داواکردن و دوعای عیبادەت ، وە پێویستە بژمێردرێن و لە ماناکەی تێ بگەین و بیربکەینەوە لە شوێنەوارەکەی و کارکردن بە ناوەڕۆکەکەی ، ئەوەش باشترین زانستە .

وە صیفاتەکانی خوای گەورە بە پێی پەیوەست بوونیان بە خوای گەورەوە دابەش دەبن بۆ :

1- صیفاتە زاتییەکان :

ئەمانەش مولازمن بە زاتی پیرۆزی خۆیەوە ، وەکو زیندوویی و بیستن و بینین و زانست و توانا و ئیرادە و حیکمەت و هێز و جگە لەوانە .

2- صیفاتە کردارییەکان :

ئەمانەش پەیوەستن بە ویست و حیکەمەتی خوای گەورەوە ، ئەگەر ویستی لێ بێت دەیکات و هەرچۆن ویستی لێ بێت ، بە پێی حیکمەتی خۆی ، وەکو ئیستیوا و دابەزین و خۆشویستن و رقلێبوون و ئاسوودەبوون و سەرسام بوون و پێکەنین و هاتن و جگە لەوانە کە لە قورئاندا یان لە فەرموودە راست و دروستەکاندا هاتوون .

وە دەربارەی هەندێ صیفات دەگوترێت : وەکو صیفەتی قسەکردن (کەلام) دەڵێین : صیفاتی زاتی کرداری ، جا ئەوانە بە پێی ئەصڵ و بنەمای بێت صیفاتی زاتین ، وە بە پێی تاکەکانی و دانەکانی بێت صیفاتی کردارین ، یان دەڵێین : جۆرەکەی کۆن و تاکەکانی تازەن .

وە دەربارەی هەندێ صیفات دەگوترێت : صیفاتی خەبەری (هەواڵی) : ئەوانەش ئەو صیفاتانەن کە تەنها رێگا بۆ سەلماندنی هەواڵەکانە (قورئان و فەرموودە) نەک عەقڵ : وەکو rوومەت و دوو دەست و دوو چاو و پێ و جگە لەوانە کە لە هەواڵە راست و دروستەکاندا هاتوون .

وە لەو صیفاتانەی خوای گەورە کە بە قورئان و سوننەت و ئیجماع سەلمێنراوە :

**1/ صیفەتی بەرزی :**

ئەویش سێ جۆرە :

1- بەرزی رێز : واتە : خوای گەورە لە هەموو صیفاتەکانی کەمال ئەو خاوەنی کاملترین و تەواوترین و بەرزترینیانە ، خوای گەورە دەفەرموێت : (وَلِلَّهِ الْمَثَلُ الأَعْلَىٰ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ) (النحل/60) واتە : لە کاتێکدا نموونەو سیفاتی هەرەبەرز بۆ خوای گەورەیە).

2- بەرزی زاڵبوون و دەسەڵات : واتە : خوای گەورە خاوەنی عیززەت و هێز و زاڵبوونە ، خاوەنی هێز و دەسەڵاتێکی تۆکمەیە کە هیچ دروستکراوێک لە دروستکراوەکانی ناتوانن زیانی پێ بگەیەنن ، خوای

گەورە دەفەرموێت : (وَهُوَ الْقَاهِرُ فَوْقَ عِبَادِهِ) (الأنعام/18) واتە : وە خوای گەورە باڵادەستە بەسەر بەندەکانیداو هەموویان ملکەچ و بێدەسەڵاتن لە ئاستیدا).

3- بەرزی زاتی خۆی : واتە : خوای گەورە بە زاتی خۆی لە سەرووی ئاسمانەکانەوەیە ، لە سەر عەرشی خۆی ئیستیوای کردووە ، جودایە لە دروستکراوەکانی ، هیچ شتێکی دروستکراوەکان لە ئەودا نییە و هیچ شتێکی ئەو لە دروستکراوەکاندا نییە ، پاکی و بێگەردی و سوپاس و ستایش تەنها بۆ ئەوە ، خوای گەورە دەفەرموێت : (أَأَمِنتُم مَّن فِي السَّمَاءِ) (الملك/ 16) واتە : ئایا ئێوە ئەمینن لەو خوایەی کە لە ئاسمانە).

وە لە (صحيح مسلم)دا هاتووە کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) پرسیاری لە کەنیزەکێک کرد و پێی فەرموو : ((أين الله ؟ قالت : في السماء , قال : من أنا ؟ قالت : أنت رسول الله (ﷺ) ، قال : أعتقها فإنها مؤمنة))[38] واتە : خوا لە کوێیە ؟ وتی : لە ئاسمانە ، فەرمووی : من کێم ؟ وتی : تۆ پێغەمبەری خوای (ﷺ) ، فەرمووی : ئازادی بکە چونکە ئەوە ئیماندارە )).

جا چەندین بەڵگە هاتوون لە قورئان و سوننەت و ئیجماع و عەقڵ و فیترەتەوە لەسەر سەلماندنی ئەم جۆرە ، وە بەڵگەکان زۆر لەوە زۆرترن کەوا سنووردار بکرێن ، وە بەرزیش صیفەتێکی زاتییە .

**2/ صیفەتی ئیستیوا (بەرزبوونەوە) :**

خوای گەورە دەفەرموێت : (ثُمَّ اسْتَوَىٰ عَلَى الْعَرْشِ) (الأعراف/45) واتە : پاشان بەرز بۆتەوە بۆ سەر عەرشی پیرۆزی خۆی، بەرزبوونەوەیەک کە شایەن و گونجاو و لایەقە بە گەورەیی خوای گەورەوە لە بەرزبوونەوەی هیچ لە دروستکراوەکان ناچێت، وە چۆنێتیەکەیشی خوای گەورە خۆی نەبێ کەس نایزانێ).

لە شەش جێگادا لە قورئانی پیرۆزدا باس کراوە ، وە حەوتەم جێگا دەفەرموێت :(الرَّحْمَٰنُ عَلَى الْعَرْشِ اسْتَوَىٰ) (طه/5) واتە : خوای گەورە بەرزو بڵند بوەوە بۆ سەر عەرشی پیرۆزی خۆی بەرز بوونەوەیەک کە شایەن و شیاو و گونجاو بێت بە گەورەیی و مەزنی خوای گەورە لە بەرزبوونەوەی هیچ لە دروستکراوەکانی ناچێت، وە چۆنیەتیەکەشی خوای گەورە خۆی نەبێت کەس نایزانێت) .

**وە (الاستواء) :** بریتییە لە بەرزبوونەوەی بە سەر عەرشەکەی خۆیدا لە پاش دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی ، بەرزبوونەوەیەک شایەن و شیاو بێت بۆ شکۆمەندی و مەزنی خۆی ، لە بەرزبوونەوە و ئیستیوای دروستکراوەکان ناچێت ، وە ئیستیواش صیفەتێکی کردارییە .

**3/ صیفەتی قسەکردن (الكلام)**

خوای گەورە فەرموویەتی : (قُل لَّوْ كَانَ الْبَحْرُ مِدَادًا لِّكَلِمَاتِ رَبِّي لَنَفِدَ الْبَحْرُ قَبْلَ أَن تَنفَدَ كَلِمَاتُ رَبِّي وَلَوْ جِئْنَا بِمِثْلِهِ مَدَدًا) (الكهف/109) واتە : ئەی محمد (ﷺ) پێیان بڵێ: ئەگەر هەموو دەریاکان مەرەکەب بوونایە بۆ نووسینی وشەکانی خوای گەورە ئەوە هەموو دەریاکان وشک ئەبوون پێش ئەوەی

(38) أخرجه مسلم برقم (537) من حديث معاوية بن الحكم السلمي .

وشەکانی خوای گەورە تەواو بێ وە ئەگەر هاوشێوەی ئەوەندەی تریش دەریامان بهێنایە هەموو ئاوی دەریاکان مەرەکەب بوایە بۆ نووسینی وشەکانی خوای گەورە هەر هەمووی وشکی ئەکردو وشەی خوای گەورە کۆتایی نەئەهات، کەواتە وشەکانی خوای گەورە یەکجار زۆرە لە توانای قەڵەم و نووسین دا نیە).

وە دەفەرموێت : (وَكَلَّمَ اللَّهُ مُوسَىٰ تَكْلِيمًا) (النساء/164) واتە : وە خوای گەورە قسەی لەگەڵ موسادا (عليه السلام) کردووە بە دڵنیایی و بە حەقیقەت کە ئەمەیش ڕێزێکە بۆ موسی هەر بۆیە پێی وتراوە: (کەلیم الله)، (ئەم ئایەتەیش بەڵگەیە لەسەر قسە کردنی خوای گەورە کە هەر کاتێک ویستی لێبێت قسە دەکات، بەڵام لە قسە کردنی دروستکراوەکانی ناچێت و چۆنێتیەکەیشی خوای گەورە نەبێت کەس نایزانێت).

وە دەفەرموێت : (وَلَمَّا جَاءَ مُوسَىٰ لِمِيقَاتِنَا وَكَلَّمَهُ رَبُّهُ) (الأعراف/143) واتە : وە کاتێک کە موسی هات بۆ مەوعیدی دیاریکراوی لەگەڵ خوای گەورە بۆ ئەوەی خوای گەورە قسەی لەگەڵ بکات وە پەروەردگار قسەی لەگەڵ موسادا (عليه السلام) کرد بەبێ واسیتە موسا (عليه السلام) قسەی خوای گەورەی بیست،(ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە خوای گەورە قسە دەکات و سیفەتی قسە کردنی هەیە).

وە صیفەتی قسەکردن : بریتییە لەوەی خوای گەورە قسە دەکات بە قسەکردنێکی ڕاستەقینە ، بیستراو ، بە پیت و دەنگ بەڵام لە شێوەی قسەی دروستکراوەکانی ناچێت ، وە ئەو قسە دەکات هەر کاتێک بیەوێت، بە هەرچی قسەیەک خۆی ویستی لێ بێت ، وە هەرچۆنێک خۆی بیەوێت ، وە هەموو قسەکانی ڕاست و دادپەروەرن ، بە قسەیەک هەرگیز کۆتایی نایەت و تەواو نابێت ، وە بەردەوام قسەی کردووە و بەردەوامیش قسە دەکات ، جا ئەوە صیفەتێکی زاتییە بە پێی ئەصڵ و بنەماکەی و صیفەتێکی کردارییە بە پێی دانەکانی و تاکەکانی .

جا هەموو ئەم صیفاتانە حەقن و لەسەر حەقیقەتەکەی خۆی ، دەبێت بیسەلمێنین ، وە هەروەکو چۆن هاتووە ئاوا بە ڕێی بخەین ، وەکو رواڵەتەکەی چۆنە ئاوا لێی تێبگەین ، بە بێ هیچ تەحریفێک (لادانێک) و بە بێ هیچ لەکار خستنێک و بە بێ هیچ لێکچواندنێک و چۆنییەتی بۆ دانانێک ، ئەمەش بۆ هەموو صیفاتەکانە ، جا قسەکردن دەربارەی هەندێ لە صیفاتەکان وەکو ئەوەیە قسەت کردبێت دەربارەی صیفاتەکانی تر ، هەروەکو یەکتر ، وە هەرکەسێک جیاوازی بکات ئەوا بە بێ بەڵگە حوکمی داوە .

وە لەم باسەدا چەند گروپ و تاقمێک لە موسڵمانان گومڕا بوون، ئەوانیش :

### 1- ئەهلی لێکچواندن (أهل التمثيل) :

ئەوانەی زیادەڕەوییان کرد لە سەلماندندا تاوەکو کەوتنە ناو لێکچواندنەوە ، وە گومانی ئەوان ئەوەیە کە ناوەڕۆکی دەقەکان ئەوە دەخوازێت ، چونکە خوای گەورە لە گەڵ خەڵکێکدا دواوە بەوەی لەسەری ڕاهاتوون و لێی تێگەیشتوون لە دروستکراوەکان .

وە بۆ وەڵامی ئەمانە لە چەند روویەکەوە دەبێت :

یەکەم : خوای گەورە نەفی لێکچواندن و هاوتابوون و هاوشێوەبوونی لە خۆی کردووە ، لە چەندین ئایەتی مەحکەم و راشکاو و رووندا ، خوای گەورە فەرموویەتی : (لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞۖ) (الشوري/11) واتە : هیچ شت و کەسێک لە خوای گەورە ناچێت، چونکە خوای گەورە تاک و تەنهایەو دروستکارە).

وە دەفەرموێت: (فَلَا تَجۡعَلُواْ لِلَّهِ أَندَادٗا وَأَنتُمۡ تَعۡلَمُونَ) (البقرة/22) واتە : دەی ئێوە هیچ هاوەڵێک بۆ خوای گەورە بڕیار مەدەن لە کاتێکدا کە ئێوە ئەزانن ئەو کەسانەی کردووتانن بە شەریک بۆ خوای گەورە ئەوان ئێوەیان دروست نەکردووەو زەویان بۆ ڕانەخستوون و ئاسمانیان بۆ ڕانەگرتوون و بارانیان بۆ نەباراندوون و ڕووەک و بەروبوومیان لە زەوییەوە بۆ دەرنەکردوون و ئەزانن کە خوای گەورە شەریکی نیە.).

وە دەفەرموێت : (وَلَمۡ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدُۢ) (الإخلاص/4) واتە : وە خوای گەورە هاوشێوەی نیەو هیچ لە دروستکراوەکانی خوای گەورە لە خوای گەورە ناچن نە مناڵی هەیە نە دایکی هەیە نە باوکی هەیە نە خێزانی هەیە)

وە ناکرێتیش قسەکانی خوا دژ بە یەک بن .

دووەم : عەقڵی ساغ و سەلیم رێگرە و دەزانێت کەوا نابێت دروستکاری کامل و تەواو وەکو بەندەیەی کەموکورت بێت ، جا هەروەکو چۆن زاتی خوای گەورە لە هیچ زاتێکی تر ناچێت ، ئاواش صیفاتەکانی لە هیچ صیفەتێکی تر ناچێت .

سێیەم : خوای گەورە لە گەڵ بەندەکانیدا دوواوە بەوەی لێی تێدەگەن ، لە رووی ئەصڵ و بنەمای ماناوە ، وە مەرج نییە لە هاوبەشدانان لە مانای شتێکدا بە رەهایی لە هەموو شتێکدا وەکو یەک بن ، هاوشێوەبوون لە راستییەکان و حەقیقەت و چۆنییەتیەکاندا ، جا ئەگەر هاتوو رێککەوتنی ناوەکان لە دروستکراوەکاندا مەرج نەبێت وەکو یەک بن ، وەکو وشەی بیستن و بینین و توانا و دەست و روومەت ، جا کەوابوو ئەوەی لە نێوان دروستکراو و دروستکاردا لە پێشترە .

### 2- ئەهلی لەکارخستن (أهل التعطیل) .

ئەوانەی کە زیادەڕەوییان کرد لە پاکراگرتندا تاوەکو کەوتنە ناو نەفی و لەکارخستندا ، وە گومانەکەیان لەوەدایە کەوا سەلماندنی صیفاتەکان لێکچواندن لە خۆ دەگرێت ، چونکە ئەو صیفاتانە دروستکراوەکانی پێ وەصف دەکرێت ، بۆیە پێویستە لە دروستکاری نەفی بکەین و دایماڵین ، بۆیە بوونێکی رەهایان بۆ خوای گەورە سەلماند بە بێ بوونی هیچ صیفەتێک ، لە هەموو زیاتر صیفاتەکانیان لەکاردەخست و نەفییان دەکرد (قەرامیتە باتنییەکان) بوون ، ئەوانەی کە نەفی صیفاتە دژ بە یەکەکانیان لە خوا دەکرد (وەکو ئەوەی نەفی بوون و نەبوونیان دەکرد ، نەفی زانست و نەفامیان دەکرد) ، ئەمجار جەهەمییەکان کە ئینکاری ناو و صیفاتەکانیان کرد ، ئەمجار موعتەزیلە ئەوانەی کە ناوەکانیان سەلماند بەڵام ئینکاریان لەو صیفاتانە کرد کە ناوەکان لە خۆیانی دەگرێت .

وە بۆ وەڵامی ئەمانە لە چەند روویەکەوە وەڵامیان دەدەینەوە :

یەکەم : خوای گەورە لە چەندین ئایەتی موحکەمدا صیفاتەکانی بۆ خۆی سەلماندووە ، بە راشکاوی و بە دوور و درێژی ، وە لە گەڵ نەفی لێکچواندندا باسی کردووە ، وەکو ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت: (لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ وَهُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ) (الشورى/11) واتە : هیچ شت و کەسێک لە خوای گەورە ناچێت، چونکە خوای گەورە تاک و تەنهایەو دروستکارە وە خوای گەورە زۆر بیسەرە بەوتەو قسەتان، وە زۆر بینەرە بە کردەوەتان، وە هەموو شتێک دەبیستێت و دەبینێت).

وە ناکرێت قسەکانی خوای گەورە دژ بە یەک بن .

دووەم : سەلماندنی بوونێکی رەها ، کە خاوەنی هیچ صیفەتێک نەبێت ، لە راستیدا هیچ بوونی نییە لە زاتی شتەکاندا ، بەڵکو ئەوە تەنها باسێکە لە هزرەکاندا ، جا قسەکەی ئەوان بەرەو ئەوە دەچێت کە نکۆڵی و ئینکاری لە بوونی خوای گەورە بکەن .

سێیەم : وەصفکردنی شتێک بە وشەیەکی گشتی رەها لە دیاریکراوێکدا ، مەرج نییە هەمان صیفەت لە دیاریکراوێکی تردا بسەلمێت ، بەڵکو هەریەکێک لەوانە یەکێکن لەو وەصفە گشتییانە ، چونکە صیفاتەکان ئەگەر تقیید بکرێن یان بدرێنە پاڵ وشەی تر ئەوا هاوەبەشییەکەیان نامێنێت لە دەرەوە .

### 3- ئەهلی تەئویل .

ئەوانەی کە باوەڕیان وایە کەوا هەندێ لە دەقەکانی صیفات و وەکو صیفاتە کرداری و هەواڵییەکان (الخبرية) ، دەلالەت ناکات بۆ صیفەتێکی راستەقینە و حەقیقی بۆ خوای گەورە ، بۆیە هەستا دەستیان کرد بە گەڕان بە دوای مانای تردا بۆ ئەوەی ئەو صیفاتانەی پێ راڤەبکەن و گوایە ئەو مانایانە لە خۆ دەگرێت ، بە بێ بوونی هیچ بەڵگەیەکی راست و دروست کە وایان لێ بکات ئەو قسەیە لە مانا ئاشکراکەی خۆی لادەن بۆ مانایەکی تر ، بۆ مانایەک کە لە گەڵ رووکەشی وشەکەدا جیاوازە ، جا ئەم تەحریف و لادانە ناو دەنێن (تەئویل) !

وە بۆ وەڵامی ئەوانە لە چەند روویەکەوە دەبێت :

یەکەم : خوای گەورە خۆی لە هەموو کەسێک شارەزاترە بە خۆی و لە هەموو کەسێک راستگۆترە ، وە لە هەموو کەسێک زیاتر لە دروستکراوەکانی قسەکانی باشتر و جوانترە ، وە پێغەمبەرەکەی (ﷺ) لە هەموو کەسێک زاناترە بە خواکەی ، وە لە هەموو کەسێک راستگۆترە ، وە لە هەموو کەسێک رەوانبێژتر و زمانپاراوترە ، وە لە هەموو کەسێک زیاتر ئامۆژگارترە بۆ ئوممەتەکەی ، ئیتر چۆن کەسێک پۆزش بۆ قسەکانی خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) دەهێنێتەوە ، وە بانگەشەی ئەوە دەکات کەوا قسەی خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) چەواشەکاری و گومڕایی لە خۆ دەگرێت .

دووەم : ئەصڵ و بنەما لە قسەکردندا دەبێت وا لێی تێ بگەین لە رواڵەت و حەقیقەتدا چۆنە ئاوا بێت ، وە نابێت هەرگیز ماناکەی تەئویل بکەین ئیللا بە بەڵگەیەکی راست و دروست وا بکات رواڵەتی فەرموودەکە لە مانا حەقیقەتەکەی خۆی بگوازینەوە بۆ مەجاز ، وە هیچ بەڵگەیەک نییە لەو بارەوە .

سێیەم : هەموو ئەوەی لە لایەن خوای گەورەوە بۆ خەڵکی دابەزێنراوە لە لایەن پێغەمبەری خواوە (ﷺ) روون کراوەتەوە ، وە بە رۆشنترین و جوانترین گەیاندن پەیامەکەی گەیاند ، وە ناکرێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەم باسە مەزن و گەورەیە فەرامۆش بکات بە بێ هیچ روونکردنەوەیەک کەوا ئەو کەسانەی تەحریفی دەکەن بانگەشەی چەندین مانای داهێنراوی بۆ دەکەن .

**4- ئەهلی نەفامی (أهل التجهيل) .**

ئەوانە باوەڕیان وایە کەوا ئەو مانایانەی خوای گەورە هەواڵی دەربارەی خۆی داوە یان ئەو هەواڵانەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەربارەی خوای گەورە داویەتی ماناکەی نادیار و نەزانراوە ، هیچ کەسێک نایزانێت تەنها خوا نەبێت ، وە هیچ رێگایەک نییە بۆ تێگەیشتن لێی و فێربوونی ! وە رێگاکەی خۆیان ناو ناوە (التفويض) (واتە : راسپاردن و گەڕانەوەی تێگەیشتن لە ماناکەی بۆ لای خوای گەورە).

وە بۆ وەڵامی ئەوانە لە چەند روویەکەوە دەبێت :

یەکەم : ناکرێت دەرگای زانست و زانیاری دەربارەی خوای گەورە داخرابێت کە پیرۆزترین و شەریفترین دەرگای دینە ، نە عەقڵ و نە نەقڵ (قورئان و فەرموودە) پەی پێ نەبەن و دەلالەتی بۆ نەکەن .

دووەم : خوای گەورە قورئانەکەی بە زمانی عەرەبی رەوان دابەزاندووە ، وە فەرمانی کردووەتە بەندەکانی پەیوەست بن پێوە ، وە لە ماناکەی تێبگەین ، وە هیچ شتێکی لێ بەدەر نەکردووە . ئەمەش بەڵگەیە کە دەکرێت ماناکەی دیار و روون و زانراو بێت ، بەڵام بابەتی چۆنییەتی و حەقیقەتەکانی ئەوا کارێکی غەیبییە کە زانستیان دەگێڕینەوە بۆ لای خوا .

سێیەم : ئەم رێچکە و رێگایە ئەوە دەخوازێت کە پێشینە یەکەمەکان نەفام و ناشارەزا بوونە ، لە پێشین و سەلەفی ئەم ئوممەتە ، وە وەصف ئەوان دەکرێت وەکو ئەوەی ئەوان نەخوێندەوار و نەفام بن ئەوانەی کە هیچ شتێک دەربارەی کیتابەکەیان نازانن ئیللا هیوا و ئاوات نەبێت ، وە ئایەتەکانی صیفات لای ئەوان وەکو تەلەسم وایە ، یان وەکو پیتەکانی فەرهەنگن کە هیچ مانایەکی ماقوڵ نابەخشن .

# باوەڕبوون بە فریشتەکان

بریتییە لە باوەڕێکی چەسپاو و بتەو و یەکلاکەرەوە کەوا خوای گەورە چەند دروستکراوێکی دروستکردووە بە مەبەستی پەرستنی ، وە نیازپاک و دڵسۆزی کردوون بۆ گوێڕایەڵی کردنی ، وە تایبەتی کردوون بە نزیکبوون لە خۆیەوە ، وە لە ئاسمانەکاندا نیشتەجێی کردوون ، وە هێزی پێ بەخشیون بۆ ئەوەی فەرمانەکانی بە تەواوی جێ بەجێ بکەن .

**وە باوەڕ بە فریشتەکان دانامەزرێت ئیللا بە باوەڕبوون بەم خاڵانەی خوارەوە نەبێت :**

**یەکەم : ئەوان بەندەی ڕێزلێنراون ، زۆر چاکەکارن لە کردەوەیاندا ، نزیککراون لە خوای گەورەوە ، ملکەچی فەرمانەکانی خوان و لێی دەترسن .**

بە هیچ شێوەیەک تایبەتمەندی پەروەردگاریتی و خوداوەندێتیان تێدا نییە ، خوای گەورە دەفەرموێت : (وَقَالُوا اتَّخَذَ الرَّحْمَٰنُ وَلَدًا سُبْحَانَهُ بَلْ عِبَادٌ مُّكْرَمُونَ (26) لا يَسْبِقُونَهُ بِالْقَوْلِ وَهُم بِأَمْرِهِ يَعْمَلُونَ (27) يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَلا يَشْفَعُونَ إِلا لِمَنِ ارْتَضَىٰ وَهُم مِّنْ خَشْيَتِهِ مُشْفِقُونَ) (الأنبياء/26– 28) واتە : وتیان: خوای گەورەو ڕەحمان منداڵی بۆ خۆی بڕیار داوە ، پاک و مونەززەهی بۆ خوای گەورە، وە خوای گەورە بێ پێویستە لە منداڵ ، بەڵکو فریشتەکان کە ئێوە دەڵێن کچی خوان ئەوانە بەندەی بەڕێزو ڕێزلێنراوی خوای گەورەن(26) لە هیچ وتەیەکدا پێش خوای گەورە ناکەون و لە خۆیانەوە شت ناکەن بەڵکو ئەوان بە فەرمانی خوای گەورە کار ئەکەن(27) خوای گەورە ئەزانێ پێشتر چیان کردووەو لە داهاتوودا چی دەکەن و هیچ شتێکیان لە خوای گەورە شاراوە نیە ، وە ئەوان ناتوانن شەفاعەت و تکا بۆ هیچ کەسێک بکەن ئیلا مەگەر کەسێک خوای گەورە لێی ڕازی بووبێ کە یەکخواپەرست بێت وە فریشتەکان لە خوای گەورە ئەترسێن (28) .

وە دەفەرموێت :(يَخَافُونَ رَبَّهُم مِّن فَوْقِهِمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ) (النحل/50) واتە : لە پەروەردگاری خۆیان ئەترسێن لە سەرووی خۆیانەوە، کە خوای گەورە بەرزە لەسەرووی عەرشی پیرۆزی خۆیەتی ، وە هەر فەرمانێک بە مەلائیکەت بکرێ لەلایەن خوای گەورە ئەوان ئەنجامی ئەدەن و جێبەجێی ئەکەن).

وە دەفەرموێت : (لا يَعْصُونَ اللَّهَ مَا أَمَرَهُمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ) (التحريم/6) واتە : وە هەر فەرمانێک کە خوای گەورە پێیان بکات ئەوان سەرپێچی فەرمانی خوای گەورە ناکەن وە هەر فەرمانێکیان پێ بکرێ لەلایەن خوای گەورە ئەوان لە کاتی خۆیدا ڕاستەوخۆ جێبەجێی ئەکەن).

وە دەفەرموێت : (كِرَامٍ بَرَرَةٍ) (عبس/16) واتە : ئەم فریشتانە زۆر بەڕێزن لای خوای گەورە، وە زۆر چاکەکارن لە کردەوەیانداو هەمیشە خەریکی پەرستنی خوای گەورەن و بێ فەرمانی خوای گەورە ناکەن) .

وە دەفەرموێت : (وَيَوْمَ يَحْشُرُهُمْ جَمِيعًا ثُمَّ يَقُولُ لِلْمَلائِكَةِ أَهَٰؤُلاءِ إِيَّاكُمْ كَانُوا يَعْبُدُونَ (40) قَالُوا سُبْحَانَكَ أَنتَ وَلِيُّنَا مِن دُونِهِم بَلْ كَانُوا يَعْبُدُونَ الْجِنَّ أَكْثَرُهُم بِهِم مُّؤْمِنُونَ) (سبأ/40–41) واتە : وە لە

ڕۆژی قیامەت خوای گەورە هەموو خەڵکی کۆ ئەکاتەوە بە دەسەڵاتدارو بێ دەسەڵاتەوە، بە پەرستراو و پەرستەرەوە ، پاشان خوای گەورە وەکو سەرزەنشت کردن بۆ موشریکان بە فریشتەکان ئەڵێ: ئایا ئەمانە بوون کە ئێوەیان ئەپەرست(40) مەلائیکەتەکان ئەڵێن: ئەی پەروەردگار پاک و مونەززەهی بۆ تۆ لەوەی کە شەریکت هەبێت، ئێمە داوامان نەکردووە لەوان کە ئێمە بپەرستن، هەر تۆ دۆست و پشتیوان و پەرستراوی ئێمەیت و ئێمە بەرین لەوان ، بەڵکو ئەوان زۆربەیان شەیتانیان ئەپەرست، واتە: شەیتان پەرستنی جگە لە خوای گەورەی بۆ رازاندبوونەوە ، وە زۆربەیان باوەڕیان بە شەیتان هەبوو (41) .

وە دەفەرموێت :(قَالُوا سُبْحَانَكَ لا عِلْمَ لَنَا إِلا مَا عَلَّمْتَنَا إِنَّكَ أَنتَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ) (البقرة/32) واتە : وتیان: ئەی پەروەردگار پاک و مونەززەهی بۆ تۆ ئێمە هیچ زانست و زانیاریەکمان نیە تەنها ئەوە نەبێ کە خۆت فێرمانت کردووە ئێمە غەیب نازانین هەر تۆ زۆر زاناو کاربەجێی).

### دووەم : ئەوان بە ناوی بەڕێز و جوانەوە ناونراون :

جا هەر یەکێک لەوان ناوەکەی لامان زانراوەو فێربووینە ئەوا باوەڕمان پێیان هەیە بە خۆیان و بە ناوەکانیان ، وە ئەوانەی ناویان نازانین و فێرنەبوین ئەوا بە گشتی باوەڕمان پێیان هەیە ، وە ئەو فریشتە بەڕێزانەی کە ناوەکانیان دەزانین : جبریل و میکائیل و ئیسرافیل و فریشتەی مردن و رضوان و مونکەر و نەکیر ، هەروەکو لە قورئان و فەرموودەی راست و دروستدا هاتوون .

### سێیەم : ئەوان لە روناکی دروست کراون ، خاوەنی باڵن ، لە سەر شێویەی مەزن و گەورە دروستکراون و جۆراوجۆرن :

خوای گەورە دەفەرموێت : (الْحَمْدُ لِلَّهِ فَاطِرِ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ جَاعِلِ الْمَلائِكَةِ رُسُلا أُولِي أَجْنِحَةٍ مَّثْنَىٰ وَثُلاثَ وَرُبَاعَ يَزِيدُ فِي الْخَلْقِ مَا يَشَاءُ إِنَّ اللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ) (فاطر/1) واتە : حەمدو سەناو ستایش بۆ خوای گەورە کە دروستکاری ئاسمانەکان و زەویە ئەو خوایەی کە فریشتەکانی کردووە بە نێردراوی خۆی بۆ لای پێغەمبەران وەکو جبرائیل کە فریشتەکان هەیانە دوو باڵی هەیە، وە هەیە سێ باڵی هەیە، وە هەیە چوار باڵی هەیە، وە هەیە زیاتری هەیە وەکو جبریل کە پێغەمبەری خوا ، دوو جار لەسەر شێوەی راستەقینەی خۆی بینیوێتی شەش سەد باڵی هەبووە، هەر باڵێکی ئاسۆی ئاسمانی داپۆشیوە لە گەورەییدا ، خوای گەورە ویستی لە هەر شتێک بێت بۆ دروستکراوانی زیادی ئەکات وەکو باڵی فریشتەکان، یاخود جوانی روخسار،یان زانست و عەقڵ، یان دەنگ خۆشی، یان هەرشتێکی تر کەویستی لێ بێت زیادی ئەکات ، بە دڵنیایی خوای گەورە تواناو دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە).

وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت : ((خُلِقَتِ الْمَلائِكَةُ مِنْ نُورٍ))[39] واتە : فریشتەکان لە روناکی دروستکراون)) ، وە لە هەردوو کتێبی (صحیح)دا هاتووە کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ)

(39) رواه مسلم برقم (2996) من حديث عائشة .

فەرموویەتی: ((رأى جبريل في صورته ، وله ستمائة جناح))[40] واتە : پێغەمبەری خوا (ﷺ) جبریلی بینی لەسەر شێوەکەی خۆی ، خاوەنی شەش سەد باڵ بوو)) .

وە دەفەرموێت : ((أُذِنَ لي أنْ أُحَدِّثَ عن مَلَكٍ من ملائكةِ اللهِ من حملةِ العرشِ، إنَّ ما بين شَحْمَةِ أُذُنِهِ إلى عَاتِقِهِ مَسِيرَةُ سبعمِائةِ عامٍ))[41] واتە : مۆڵەتم پێ دراوە کە باسی فریشتەیەک لە فریشتەکانی خوای گەورە بکەم ئەوانەی عەرشی خوایان هەڵگرتووە ، لە نێوان نەرمەی گوێ و شانەکانی حەوت سەد ساڵە )).

جا ئەوانە دروستکراوی راستەقینەن ، نەک ئەوانە هێزی مەعنەوین وەکو هەندێ خەڵکی هەڵەشە دەڵێن ، ئەوانەش دروستکراوێکی یەکجار زۆرن ، هیچ کەسێک ناتوانێت بیانژمێرێت تەنها دروستکارەکەیان نەبێت ، هەروەکو لە فەرموودەکەی (أنس) دا هاتووە لە چیرۆکی میعراجدا بۆمان دەگێڕێتەوە : کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) (البيت المعمور)ی بۆ بەرز کرایەوە لە ئاسمانی حەوتەم ، هەموو رۆژێک حەفتا هەزار فریشتە نوێژی تێدا دەکەن ، وە ئەگەر لێی دەرچن جارێکی تر بۆی ناگەڕێنەوە ، ئەوەش کۆتا جارە دەچنە ژوورەوە ))[42]

## چوارەم : ئەوان پۆل پۆل راوەستاون و تەسبیحاتی خوا دەکەن .

خوای گەورە تەسبیحاتی خۆی خستووەتە دڵیانەوە ، وە فەرمانەکانی جێبەجێ دەکەن ، وە هێزێکی زۆری پێ بەخشیون بۆ ئەوەی فەرمانەکانی جێ بەجێ بکەن .

خوای گەورە دەفەرمووێت: (وَمَا مِنَّا إِلا لَهُ مَقَامٌ مَّعْلُومٌ (164) وَإِنَّا لَنَحْنُ الصَّافُّونَ (165) وَإِنَّا لَنَحْنُ الْمُسَبِّحُونَ) (الصافات/164–166) واتە : فریشتەکان ئەڵێن: وە هیچ کەسێک لە ئێمە نیە تەنها شوێنی دیاریکراوی خۆمان هەیە لە ئاسماندا خوای گەورەی لێ دەپەرستین و ئەو شوێنە تێناپەڕێنین(164) وە ئێمە هەمووومان پۆل پۆل ڕاوەستاوین لە ئاسمان عیبادەتی خوای گەورە ئەکەین هەروەکو چۆن باوەڕدارانیش لە نوێژەکاندا پۆل پۆل ڕائەوەستن و عیبادەتی خوای گەورە ئەکەن(165) وە ئێمە تەسبیحات و نوێژو عیبادەت و زیکری خوای گەورە ئەکەین، واتە: ئێمە کچی خوای گەورە نین بەڵکو بەندەی ملکەچ و گوێڕایەڵی خوای گەورەین(166) .

وە دەفەرموێت :(فَإِنِ اسْتَكْبَرُوا فَالَّذِينَ عِندَ رَبِّكَ يُسَبِّحُونَ لَهُ بِاللَّيْلِ وَالنَّهَارِ وَهُمْ لا يَسْأَمُونَ) (فصلت/38) واتە : وە ئەگەر خۆیان بەگەورەزانی لە ئاست سوجدە بردن بۆ خوای گەورەو پەرستنی ئەوا ئەو فریشتە بەڕێزانەی کە لای خوای گەورەن ئەوان بەشەو و بەڕۆژ تەسبیحات و عیبادەت و زیکری خوای گەورە ئەکەن وە بێزار نابن لە عیبادەتی خوا).

(40) أخرجه البخاري برقم (3234) ومسلم برقم (177) من حديث عائشة ، وأخرجه البخاري برقم (3232) ومسلم برقم (174) من حديث ابن مسعود.

(41) رواه أبو داود برقم (4727) .

(42) أخرجه البخاري برقم (3207) ومسلم برقم (162) .

وە دەفەرموێت: (لا يَفْتُرُونَ) (الأنبياء/20) واتە : بێزار نابن لە عیبادەت کردنی خوای گەورە).

وە لە (حکیم بن حزام) ەوە هاتووە دەفەرموێـت : لە کاتێکدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە ناو هاوڕێکانیدا بوو ، بە ئەوانی فەرموو : ((أتَسْمَعُونَ ما أَسْمَعُ ؟ قالوا : ما نسمع من شيء. قال : إِنِّي لأَسْمَعُ أَطِيطَ السَّمَاءِ وما تُلامُ أن تَئِطَّ وما فيها موضعُ شِبْرٍ إلاَّ وَعَلَيْهِ مَلَكٌ ساجدٌ أوْ قائِمٌ))[43] واتە : ئایە ئەوەی من دەیبیسم ئێوەش دەیبیسن ؟ وتیان : هیچ شتێک نابیسین ، فەرمووی : من نکە و دەنگی ئاسمان دەبیسم (وەکو ئەوەی لە ژێر بارێکی قورسدا بێت) ، وە لۆمەی لێ ناکرێت ئەو دەنگەی لێوە بێت ، چونکە بە ئەندازەی یەک بستێک نییە ئیللا فریشتەیەکی تێدایە لە سوژدەدایە یان راوەستاوە خواپەرستی دەکات )).

## پێنجەم : ئەوان پەردەپۆش کراون لەوەی ببینرێن :

ئەوان جیهانێکی غەیبین ، ناکەونە ژێر تواناى هەستەکانی مرۆڤایەتی ، لە ژیانی دونیا ، ئیللا بۆ کەسێک نەبێت خوای گەورە خۆی ویستی لێ بێت ، وەکو بینینی پێغەمبەرمان (ﷺ) کە جبریلی بینی لەسەر ئەو شێوەی خۆی کە خوای گەورە دروستی کردووە ، بەڵام لە دوارۆژدا دەبینرێن ، خوای گەورە دەفەرموێت : (يَوْمَ يَرَوْنَ الْمَلائِكَةَ لا بُشْرَىٰ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُجْرِمِينَ وَيَقُولُونَ حِجْرًا مَّحْجُورًا) (الفرقان/22) واتە : ئەمانە ڕۆژێک مەلائیکەت ئەبینن کە ڕۆژی قیامەتە یان لە کاتی گیان کێشاندا ، بەڵام مەلائیکەت لەو ڕۆژەدا هیچ موژدەیەکیان پێ نیە بۆ تاوانباران و بینینی خێرو چاکە نیە بەڵکو موژدەی چونە دۆزەخیان پێ دەدەن وە پێیان ئەووترێ: ئێوە قەدەغەو ڕێگریەکی تەواو ئەکرێن لە چوونە بەهەشت).

وە دەفەرموێت: (وَالْمَلائِكَةُ يَدْخُلُونَ عَلَيْهِم مِّن كُلِّ بَابٍ) (الرعد/23) واتە : وە فریشتەکانیش لە هەموو دەرگاکانی بەهەشتەوە دێنە ژوورەوە بۆ لایان).

بەڵام خوای گەورە هێندە هێزی پێ بەخشیون بۆ ئەوەی خۆیان بگۆڕن و بچوێنن لەسەر شێوازی مرۆڤەکان، خوای گەورە دەفەرموێت : (فَأَرْسَلْنَا إِلَيْهَا رُوحَنَا فَتَمَثَّلَ لَهَا بَشَرًا سَوِيًّا) (مریم/17) واتە : جبریلمان نارد بۆ لای مەریەم خۆی لەسەر شێوەی مرۆڤێکی تەواو نیشان دا).

وە دەفەرموێت: (وَلَقَدْ جَاءَتْ رُسُلُنَا إِبْرَاهِيمَ بِالْبُشْرَىٰ قَالُوا سَلامًا قَالَ سَلامٌ فَمَا لَبِثَ أَن جَاءَ بِعِجْلٍ حَنِيذٍ (69) فَلَمَّا رَأَىٰ أَيْدِيَهُمْ لا تَصِلُ إِلَيْهِ نَكِرَهُمْ وَأَوْجَسَ مِنْهُمْ خِيفَةً قَالُوا لا تَخَفْ إِنَّا أُرْسِلْنَا إِلَىٰ قَوْمِ لُوطٍ) (هود/69-70) واتە : وە بە دڵنیایی نێردراوانی(فریشتەکانی) ئێمە ڕۆیشتن بۆ لای ئیبراهیم پێغەمبەر (ﷺ) وە موژدەیان پێدا بە ئیسحاق وە سەلامیان لێ کرد ئەویش سەلامی لێ کردن و وەڵامی سەلامەکەی دانەوەو وتی بەبەردەوامی سەلامتان لێ بێت(سەلام بە مەرفوعی هاتووە بۆ بەردەوامیە) زۆری نەخایاندو خێرا ئیبراهیم گوێرەکەیەکی برژاوی بۆ هێنان(69) کاتێک کە بینی دەستیان پێی ناگات و دەستی بۆ درێژ ناکەن پێی ناخۆش بوو وایزانی بۆ شەڕو خراپە هاتوونە، لەبەر ئەوەی ئەگەر جاران

(43) رواه الطبراني في المعجم الكبير برقم (3122) ، وقال الألباني في السلسلة الصحيحة برقم (852) : صحيح على شرط مسلم.

کەسێک بڕۆیشتایەتە ماڵی کەسێک نیازی خراپ بووایە نمەکی نەدەکردن، نەیزانی ئەمانە فریشتەن چونکە لەسەر شێوەی گەنجی جوان هاتبوون، وە فریشتە ناخۆن و ناخۆنەوە و ئارەزوو شەهوەتیان نیە ، وە هەستی بە ترس کردو لە دڵی خۆیدا لێیان ترسا ، ئەوانیش پێیان وت مەترسێ ئێمە فریشتەی خوای گەورەین و بۆ لای قەومی لوط (عليه السلام) نێردراوین (70) .

وە دەفەرموێت : (وَلَمَّا جَاءَتْ رُسُلُنَا لُوطًا سِيءَ بِهِمْ وَضَاقَ بِهِمْ ذَرْعًا وَقَالَ هَٰذَا يَوْمٌ عَصِيبٌ (77) وَجَاءَهُ قَوْمُهُ يُهْرَعُونَ إِلَيْهِ وَمِن قَبْلُ كَانُوا يَعْمَلُونَ السَّيِّئَاتِ قَالَ يَا قَوْمِ هَٰؤُلَاءِ بَنَاتِي هُنَّ أَطْهَرُ لَكُمْ فَاتَّقُوا اللَّهَ وَلَا تُخْزُونِ فِي ضَيْفِي أَلَيْسَ مِنكُمْ رَجُلٌ رَّشِيدٌ) (هود/77–78) واتە : وە کاتێک ئەم فریشتانە لەلای ئیبراهیم (عليه السلام) دەرچوون و ڕۆیشتن بۆ لای لوط پێغەمبەر (عليه السلام) کە چەند فەرسەخێک لێک دوور بوونە لوط (عليه السلام) پێی ناخۆش بوو کە میوانی هات، وە دڵی تەنگ بوو لەبەر قەومەکەی کە قەومێکی خراپ بوون وە فەرمووی: بەڕاستی ئەمە ڕۆژێکی سەختە لەبەر ئەوەی زانی کە قەومەکەی دێن بۆ ئەوەی دەستدرێژی بکەنە سەر میوانەکانی(77) خێزانی لوط پێغەمبەر (عليه السلام) کافر بوو ڕۆیشت قەومەکەی ئاگادار کردەوە لە مێوانەکانیان ئەوانیش بە پەلەو هەروەلە هاتن بۆ ئەوەی کە دەستدرێژی بکەنە سەر میوانەکانی لەبەر ئەوەی قەومێکی بەدڕەوشت بوون وە پێشتریش ئەمان هەر حاڵیان وابوو کە نێربازیان ئەکرد لوطیش (عليه السلام) بۆ ئەوەی کە دووریان بخاتەوە وتی: ئەی قەومی خۆم ئەوە کچانی منن، واتە: کچی هۆزو عەشیرەتەکەی کە ئەم وەکو باوکیان وایە ئەمانە بۆ ئێوە پاکترن بەحەڵاڵی بیانهێنن و مارەیان بکەن وە تەقوای خوای گەورە بکەن و لە خوا بترسێن، وە سەرشۆڕم مەکەن بەرامبەر میوانەکانم ئایا کەسێکی باشتان تیا نیە کە ڕێگریتان لێ بکات لەم کارە ناشیرینەو ڕێنماییتان بکات بۆ ڕێگای ڕاست (78).

جا ئەوان لەسەر شێوەی پیاو بوون ، هەروەها کاتێک جبریل هات بۆ خزمەتی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لەسەر شێوەی پیاوێکی جلوبەرگ سپی ، زۆر سپی بوو ، پرچی زۆر ڕەش بوو ، وە هەندێ جار لەسەر شێوەی (دحية الكلبي) دەهاتە خزمەتی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم).

## شەشەم : ئەوان راسپێردراون بە چەندین کاری جۆراو جۆر :

لە گەڵ ئەوەی هەموویان کاری بنەڕەتی بەردەوامیان هەیە ، لە خواپەرستی و تەسبیحات کردنی ، لەوانە :

### 1- دابەزاندنی وەحی :

ئەمەش کاری (جبريل)ـە ، خوای گەورە دەفەرموێت: (قُلْ نَزَّلَهُ رُوحُ الْقُدُسِ مِن رَّبِّكَ بِالْحَقِّ لِيُثَبِّتَ الَّذِينَ آمَنُوا وَهُدًى وَبُشْرَىٰ لِلْمُسْلِمِينَ) (النحل/102) واتە : ئەی محمد (صلى الله عليه وسلم) پێیان بڵێ: ئەم قورئانە پیرۆزە جبریل دایبەزاندووە لەلایەن خوای گەورەوەو حەق و ڕاست و دادپەروەرەو هیچ هەڵەیەکی تیا نیە ، بۆ ئەوەی باوەڕداران جێگیرو دامەزراو بکات لەسەر باوەڕەکەیان ، وە هیدایەت و موژدەیە بۆ موسڵمانان).

وە دەفەرموێت: (وَإِنَّهُ لَتَنزِيلُ رَبِّ الْعَالَمِينَ (192) نَزَلَ بِهِ الرُّوحُ الأَمِينُ (193) عَلَىٰ قَلْبِكَ لِتَكُونَ مِنَ الْمُنذِرِينَ) (الشعراء/ 192- 194 ) واتە : وە ئەی محمد (ﷺ) ئەم قورئانە پیرۆزەش لەلایەن پەروەردگاری هەموو جیهانەوە بۆ تۆ دابەزێندراوە(192) کە ئەو روحە ئەمینە دایبەزاندووە کە جبریلە(193) بۆ سەر دڵی تۆ بۆ ئەوەی تۆش یەکێک بیت لەوانەی کە خەڵکی ئاگادار ئەکەیتەوەو دەیانترسێنیت لە سزای خوای گەورە ئەگەر ئیمان نەهێنن(194) .

2- باران داباریـن و سەوز کردنی رووەک :

ئەمەش کاری (میکائیل)ـە ، هەروەکو ئیمامی ئەحمەد ریوایەتی کردووە کەوا جولەکەکان بە پێغەمبەری خوایان (ﷺ) فەرمووە : (لو قلتَ : میکائیل الذي ینزلُ بالرحمة والنبات والقطر لکان)[44] واتە : ئەگەر بتگوتایە : میکائیل کە رەحمەت و رووەک و باران بۆ سەر زەوی دادەبەزێنێت ئەوا دەبوو ) .

3- فووکردن بە کەڕەنادا (الصور):

ئەمەش کاری (ئیسرافیل)ـە بۆ مراندن و تیاچوون و زیندوو بوونەوە ، خوای گەورە دەفەرموێت : (وَنُفِخَ فِي الصُّورِ فَصَعِقَ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَمَن فِي الأَرْضِ إِلا مَن شَاءَ اللَّهُ ثُمَّ نُفِخَ فِيهِ أُخْرَىٰ فَإِذَا هُمْ قِيَامٌ يَنظُرُونَ) (الزمر/68) واتە : وە فوو ئەکرێ بە کەڕەناو شەیپوردا لەلایەن ئیسرافیلەوە کە فوو کردنی یەکەمەو هەرچی لە ئاسمانەکان و زەوی هەیە هەر هەمووی ئەمرێت و تیا ئەچێت تەنها ئەوەی کە خوای گەورە ویستی لێ بێت، پاشان دووەمجار فووی پیا ئەکاتەوە خەڵکی هەر هەمووی هەڵئەستن و لە گۆڕەکانیان دەرئەچن وە تەماشا ئەکەن،(نێوانی هەردوو فوو کردنەکە چل ساڵە).

جا ئەو سێ فریشتەیە : (جبریل و میکائیل و ئیسرافیل) گەورەی فریشتەکانن ، چونکە کارەکانیان پەیوەستە بە ژیانەوە ، جبریل راسپێردراوە بە ژیانی دڵەکانەوە ، وە میکائیل راسپێردراوە بە ژیانی رووەکەکانەوە ، ئیسرافیل راسپێردراوە بە ژیانی جەستەکانەوە .

وە بەڕێزترینیان جبریلە ، هەر ئەویش (روح القدس)ـە.

4- پاراستنی بەنی ئادەم :

خوای گەورە دەفەرموێت : (لَهُ مُعَقِّبَاتٌ مِّن بَيْنِ يَدَيْهِ وَمِنْ خَلْفِهِ يَحْفَظُونَهُ مِنْ أَمْرِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ لا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُوا مَا بِأَنفُسِهِمْ وَإِذَا أَرَادَ اللَّهُ بِقَوْمٍ سُوءًا فَلا مَرَدَّ لَهُ وَمَا لَهُم مِّن دُونِهِ مِن وَالٍ) (الرعد/11) واتە : وە هەر کەسێک لە تاریکی شەودا بە شاراوەیی تاوان ئەنجام بدات یاخود بە ئاشکرا لە رۆژدا خوای گەورە ئاگای لە هەمووی هەیە وە خوای گەورە فریشتە پارێزەرەکانی هەیە کە لە پێش و دواوەی مرۆڤەوە بە فەرمانی خوای گەورە مرۆڤەکان ئەپارێزن لە رووداوەکان ، بە دڵنیایی خوای گەورە هیچ قەومێک ناگۆڕێت یان لە هەر نازو نیعمەتێکدا بن لێیان ناگۆڕێ تا خۆیان خۆیان نەگۆڕن

(44) أخرجه أحمد برقم (2483) والطبراني في المعجم الكبير برقم (12061) من حديث ابن عباس : أن رسول الله قال لجبريل : على أي شيء ميكائيل ؟ قال : على النبات والقطر، وذكره الهيثمي في مجمع الزوائد برقم (14212) ثم قال : ( وفيه محمد بن أبي ليلى ، وقد وثقه جماعة ، ولكنه سيء الحفظ ، وبقية رجاله ثقات ) .

بە خراپەکاری ، وە ئەگەر خوای گەورە بیەوێ کەسانێک تووشی سزاو لەناو چوون بکات ئەوە کەس ناتوانێ سزای خوای گەورە بگەڕێنێتەوە ، وە هیچ کەسێکیش نیە کە سەرپەرشتی کاروباریان بکات لە غەیری خوای گەورە یان پەنای بۆ بەرن یان سزاکەیان لەسەر لادات).

5- پاراستنی کردارەکانی بەنی ئادەم :

خوای گەورە دەفەرموێت :(إِذْ يَتَلَقَّى الْمُتَلَقِّيَانِ عَنِ الْيَمِينِ وَعَنِ الشِّمَالِ قَعِيدٌ (17) مَّا يَلْفِظُ مِن قَوْلٍ إِلا لَدَيْهِ رَقِيبٌ عَتِيدٌ) (ق/18) واتە : کاتێک کە ئەو دوو فریشتەیە کە کردەوەکانی مرۆڤ ئەپارێزن و ئەینووسن بە یەکتری ئەگەن و لەلای ڕاست و چەپەوە دانیشتوونە، ئەوەی لای راست چاکە دەنوسێت و ئەوەی لای چەپ خراپە دەنوسێت (17) هیچ وتەیەک لە دەم مرۆڤ نایەتە دەرەوە ئیلا ئەو دوو فریشتەیە چاودێرو ئامادەن و دەینوسن، یان وتراوە: یەکێکیان ناوی (رەقیب)ە و ئەوی تریان ناوی (عەتید)ە(18).

6- دامەزراندن و جێگرکردنی ئیمانداران و سەرخستنیان :

خوای گەورە دەفەرموێت :(إِذْ يُوحِي رَبُّكَ إِلَى الْمَلائِكَةِ أَنِّي مَعَكُمْ فَثَبِّتُوا الَّذِينَ آمَنُوا سَأُلْقِي فِي قُلُوبِ الَّذِينَ كَفَرُوا الرُّعْبَ فَاضْرِبُوا فَوْقَ الأَعْنَاقِ وَاضْرِبُوا مِنْهُمْ كُلَّ بَنَانٍ) (الأنفال/12) واتە : پەروەردگار فەرمانی کرد بە فریشتەکان و پێی ڕاگەیاندن کە من لەگەڵتانم و سەرتان ئەخەم و یارمەتیتان ئەدەم و پشتیوانیتان ئەکەم، ئێوەیش باوەڕداران جێگیر بکەن لە کاتی جەنگدا وە لەگەڵیاندا بن وە ژمارەیان زیاد بکەن و موژدەی سەرکەوتنیان پێ بدەن ، منیش ترس و لەرز ئەخەمە دڵی کافرانەوە ئێوە بدەن لە گەردنیان، یان لەسەرووی گەردنیان واتە لەسەریان ، وە بدەن لە سەرە پەنجەکانیان لەبەر ئەوەی کە لەسەر پەنجەکانیان بدەن ئیتر ناتوانن شمشێر بەدەستەوە بگرن، کە هاوەڵان کوژراوی کافرانیان دەناسیەوە کە بە دەستی فریشتە کوژرا بوون بەوەی کە لەسەریان یان گەردنیان یان سەرەپەنجەکانیان درابوو).

7- گیان کێشان :

ئەمەش کاری (فریشتەی مردن)ـە ، خوای گەورە دەفەرموێت : (قُلْ يَتَوَفَّاكُم مَّلَكُ الْمَوْتِ الَّذِي وُكِّلَ بِكُمْ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّكُمْ تُرْجَعُونَ) (السجدة/11) واتە : ئەی محمد (ﷺ) پێیان بڵێ: فریشتەی گیانکێشان گیانتان ئەکێشێ کە خوای گەورە گیانکێشانی ئێوەی بەو سپاردووە پاشانیش لە ڕۆژی دوایی بۆ لای پەروەردگارتان ئەگەڕێنەوە بۆ لێپرسینەوە).

خوای گەورە دەفەرموێت : (حَتَّى إِذَا جَاءَ أَحَدَكُمُ الْمَوْتُ تَوَفَّتْهُ رُسُلُنَا وَهُمْ لا يُفَرِّطُونَ) (الأنعام: 16) واتە : تا مردن ئەگات بە یەکێکتان فریشتەکانی ئێمە ڕوحی ئەکێشن، (ئیبنو عەبباس) دەفەرمێت: فریشتەی گیانکێشان یارمەتیدەری هەیە لە فریشتەکانی تر کە ئەوان گیان دەکێشن و روح بگاتە گەروو(ملک الموت) دەیکێشێت وە ئەوان هیچ کەمتەرخەمیەک ناکەن لەوەی کە خوای گەورە فەرمانی پێیان کردبێ لە گیانکێشان).

8- پرسیارکردن لە مردوو لە گۆڕەکەیدا دەربارەی خواکەی و دینەکەی و پێغەمبەرکەی (ﷺ) :

وە ئەو دوو فریشتەیەی پرسیار دەکەن : (مونکەر و نەکیر)ە.

لە (ئەنەس)ەوە هاتووە ، کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (إن العبد إذا وُضع في قبره ، وتولَّى عنه أصحابُهُ ، وانه ليسمعُ قرع نعالهم ، أتاه ملكان، فيقعدانه ، فيقولان : ما كنتَ تقول في هذا الرجل محمد(ﷺ)؟ فأمَّا المؤمن فيقول : أشهد أنَّه عبدالله و رسولُهُ(ﷺ) ، فيقال له : انظر الى مقعدك من النار ، قد أبدلك الله به مقعداً من الجنة ، فيراهما جميعا ، وأما المنافق والكافر ، فيقالُ له : ما كنت تقول في هذا الرجل ؟ فيقول : لا أدري ، كنت أقول ما يقوله الناس ، فيقال : لا دريت ولا تليت ، ويضرب بمطارق من حديد ضربة ، فيصيح صيحةً يسمعها من يليه غير الثقلين)[45] . واتە : کاتێ کە مردوو دەخرێتە ناو گۆڕەکەیەوە ، وە هاوەڵانی بە جێیان هێشت ، ئەو گوێبیستی تەقەی نەعلەکانیان دەبێت ، وە دوو فریشتە دێن بۆ لای و دایدەنیشێنن پێی دەڵێن :- ئەو پیاوە (محمد) (ﷺ) کە لە ناوتاندا رەوانە کرا کێیە (چیت دەربارە دەگوت) ؟ کەسی ئیماندار دەڵێت :- شایەتی دەدەم کە ئەوە بەندە و پێغەمبەری خودایە (ﷺ) ، پێی دەڵێن : تەماشای جێگاکەت بکە لە ئاگردا خوای گەورە بۆی گۆڕیتەوە بە جێگاکەت لە بەهەشتدا ، جا هەردوکیان دەبینێت ، بەڵام کەسی دووڕوو و بێباوەڕ پێی دەڵێن : ئەو پیاوە کە لە ناوتاندا رەوانە کرا کێیە (چیت دەربارە دەگوت) ؟ دەڵێت : نازانم ، ئەوەی خەڵکی دەیگوت منیش هەر ئەوەم دەگوت ، پێی دەڵێن : نە تێگەیشتی و نە بەدوای ئەوەدا گەڕای تێبگەیت ، بە چەکوشی ئاسنین لێی دەدرێت بە لێدانێک ، ئەویش بە هاوارێک هاوار دەکات لە هەموو لایەکەوە دەیبیسێت جگە لە مرۆڤ و جنۆکە نەبێت)).

وە لە ریوایەتێکی تری (الترمذي)دا هاتووە لە فەرموودەی (أبو هريرة)وە : (إذا قُبر الميت — أو قال : أحدكم– أتاه ملكان أسودان أزرقان ، يقال : لأحدهما المنكر والآخر النكير ، فيقولان : ما كنت تقول في هذا الرجل ....) الحديث[46] واتە : ئەگەر مردوو لە گۆڕ نرا – یان فەرمووی : یەکێکتان- دوو فریشتەی رەشی شین دێن بۆ لای ، بە یەکێکیان دەڵێن : مونکەر و بە ئەویتریان دەڵێن : نەکیر ، -ئەو دوو فریشتەیە - دەڵێن : چیت دەربارەی ئەو پیاوە دەگوت ... ) فەرموودەکە .

9- بایەخدان بە کۆرپەلە :

رۆحی پێدا دەکات ، ریزقەکەی دەنوسێت ، وە ئەجەلەکەی و کردارەکەی و ئایە بەدبەختە یان بەختیارە –هەموو ئەوانە دەنوسرێت- .

لە (عبدالله بن مسعود)ەوە هاتووە -رەزای خوای لێ بێت- دەڵێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆی گێڕاینەوە – لە کاتێکدا ئەو راستگۆی باوەڕ پێکراوە - دەفەرموێت : (إِنَّ أَحَدَكُمْ يُجْمَعُ خَلْقُهُ فِي بَطْنِ

(45) متفق عليه ، أخرجه البخاري برقم (1374) ومسلم برقم (2870) .

(46) أخرجه الترمذي برقم (1071) وقال الألباني في السلسلة الصحيحة : (إسناد جيد ، رجاله كلهم ثقات رجال مسلم ، وفي ابن إسحاق ، وهو العامري القرشي مولاهم ، كلام لا يضر) .

أُمِّهِ أَرْبَعِينَ يَوْمًا نطفة ، ثُمَّ يَكُونُ عَلَقَةً مِثْلَ ذَلِكَ , ثُمَّ يَكُونُ مُضْغَةً مِثْلَ ذَلِكَ ، ثُمَّ يبعثُ اللَّهُ ملكاً ، وَيُؤْمَرُ بِأَرْبَعِ كَلِمَاتٍ ، ويقال له : أكتبْ عمله رِزْقِهِ وَأَجَلِهِ وَشَقِيٌّ أَو سَعِيدٍ ، ثم يُنفخُ فيه الروح ....) الحديث[47]
واتە : هەر یەکێک لە ئێوە خیلقەتی لە سکی دایکیدا کۆدەکرێتەوە چل رۆژ نوتفە دەبێت (واتە : ئاوێکی روون) ئەمجار بە ئەندازەی ئەوە دەبێتە عەلەقە (واتە خوێنێکی مەییو) ئەمجار بە ئەندازەی ئەوە دەبێتە پارچەیەکی گۆشت ، ئەمجار خوای گەورە فریشتەیەکی بۆ دەنێرێت ، وە فەرمانی بە چوار وشە پێ دەکات ،وە پێی دەگوترێت : کردارەکەی و ریزقەکەی و ئەجەلەکەی و بەدەبەختە یان بەختیارە بنووسە ، ئەمجار رۆحی پیا دەکرێت ....) فەرموودەکە.

### 10- خەزنەداری ئاگر :

خوای گەورە دەفەرموێت : (وَمَا جَعَلْنَا أَصْحَابَ النَّارِ إِلا مَلائِكَةً) (المدثر/31) واتە : ئێمە تەنها مەلائیکەمان داناوە بە دەرگاوانی دۆزەخ چونکە ئێوە توانای مەلائیکەتتان نیە، کێ هەیە بەسەر مەلائیکەتدا زاڵ بێ ).

وە دەفەرموێت :(وَنَادَوْا يَا مَالِكُ لِيَقْضِ عَلَيْنَا رَبُّكَ قَالَ إِنَّكُم مَّاكِثُونَ) (الزخرف/77) واتە : وە بانگ ئەکەن ئەی مالیکی دەرگاوانی دۆزەخ: بانگی پەروەردگارت بکە تا بمان مرێنێ و رزگارمان بێت لەم سزایە ، چل ساڵ وەڵامیان ناداتەوە پاشان وەڵامیان دەداتەوەو ئەڵێ: نەخێر مردن نیەو ئێوە ئەمێننەوە لەناو سزادا).

وە دەفەرموێت : (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا قُوا أَنفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَارًا وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ عَلَيْهَا مَلائِكَةٌ غِلاظٌ شِدَادٌ لا يَعْصُونَ اللَّهَ مَا أَمَرَهُمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ) (التحريم/6) واتە : ئەی باوەڕداران خۆتان و ماڵ و منداڵتان بپارێزن لە ئاگرێک کە سووتەمەنیەکەی خەڵکی و بەردە، یاخود بەردەکە مەبەست پێی بتەکانە، خەڵکیش ئەچێتە ئاگری دۆزەخ وە ئەو بتانەیش کە ئێوە ئەتانپەرستن و کردبووتانن بە خوای خۆتان هەمووی لە دۆزەخدا ئەبن بە سووتەمەنی بۆ ئێوەو ئاگری جەهەننەمی پێ خۆش ئەکرێ و ئێوەی پێ ئەسووتێنرێ، جا خۆتان و ماڵ و منداڵتان بپارێزن لەو ئاگرە بەوەی پەروەردەیەکی جوانیان بکەن و فێرە دینیان بکەن و فەرمانیان پێ بکەن بە چاکەو ڕێگریان بکەن لە خراپە بۆ ئەوەی نەچنە ناو ئەو ئاگرەوە ، ئەو ئاگری دۆزەخە هەندێک مەلائیکەتی لەسەرە کە(زەبانیە)ن خوای گەورە تایبەت بۆ ئەوە دروستی کردوون کەسانێکی زۆر دڵ ڕەقن وە زۆر سەخت و توندو ترسناکن هیچ ڕەحم و بەزەییەک لە دڵیان دا نیە بەرامبەر بە دۆزەخییەکان وە هەر فەرمانێک کە خوای گەورە پێیان بکات ئەوان سەرپێچی فەرمانی خوای گەورە ناکەن ، وە هەر فەرمانێکیان پێ بکرێ لەلایەن خوای گەورە ئەوان لە کاتی خۆیدا ڕاستەوخۆ جێبەجێی ئەکەن).

(47) أخرجه البخاري برقم (3208) ومسلم برقم (2643) بدون ذكر النطفة ، وقد أخرجه بها : أبو عوانة ، كما في فتح الباري ، لابن حجر (189/15) .

11- داوای لێخۆشبوون کردن بۆ ئیمانداران ، وە دوعاکردن بۆیان و موژدەدان پێیان و ڕێزلێگرتنیان لە بەهەشتدا :

خوای گەورە دەفەرموێت: (الَّذِينَ يَحْمِلُونَ الْعَرْشَ وَمَنْ حَوْلَهُ يُسَبِّحُونَ بِحَمْدِ رَبِّهِمْ وَيُؤْمِنُونَ بِهِ وَيَسْتَغْفِرُونَ لِلَّذِينَ آمَنُوا رَبَّنَا وَسِعْتَ كُلَّ شَيْءٍ رَّحْمَةً وَعِلْمًا فَاغْفِرْ لِلَّذِينَ تَابُوا وَاتَّبَعُوا سَبِيلَكَ وَقِهِمْ عَذَابَ الْجَحِيمِ (7) رَبَّنَا وَأَدْخِلْهُمْ جَنَّاتِ عَدْنٍ الَّتِي وَعَدتَّهُمْ وَمَن صَلَحَ مِنْ آبَائِهِمْ وَأَزْوَاجِهِمْ وَذُرِّيَّاتِهِمْ إِنَّكَ أَنتَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ (8) وَقِهِمُ السَّيِّئَاتِ وَمَن تَقِ السَّيِّئَاتِ يَوْمَئِذٍ فَقَدْ رَحِمْتَهُ وَذَٰلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ) (غافر/7–9) واتە : ئەو فریشتانەی کە عەرشی پیرۆزی خوای گەورەیان هەڵگرتووە وە ئەو فریشتانەیشی کە لە دەوروبەری عەرشی خوای گەورەن خوای گەورە بە پاک ڕائەگرن لە هەموو کەموکوڕیەک، وە تەسبیحات و حەمدو سەناو ستایشی خوای گەورە ئەکەن وە باوەڕ بە خوای گەورە دێنن و ملکەچین ، وە داوای لێخۆشبوون بۆ باوەڕداران ئەکەن ، ئەڵێن: ئەی پەروەردگار ڕەحمەت و زانیاری تۆ زۆر فراوانەو هەموو شتێکی گرتۆتەوە ، ئەی پەروەردگار لەو کەسانە خۆشبە کە تەوبەیان کردووەو ڕێگای تۆیان گرتۆتەبەر ، وە بیانپارێزە لە سزای ئاگری دۆزەخ (7) ئەی پەروەردگار وە بیانخەرە ناو ئەو بەهەشتەوە کە بەڵێنت پێداون و شوێنی مانەوەیە وە لە باوک و خێزان و نەوەکانیشیان ئەوەی کە صالح و چاکە لەگەڵ خۆیاندا بیخەرە ناو بەهەشتەوەو کۆیان بکەرەوە تێیدا، هەر تۆ بەڕاستی خوایەکی زۆر بەعیززەت و کاربەجێیت(8) وە بیانپارێزە لە سزا کە بەهۆی تاوانەکانیانەوە تووشیان بێت ، وە لەو ڕۆژەدا کە ڕۆژی قیامەتە هەر کەسێک بپارێزیت لە سزا ئەوە بەڕاستی ڕەحمت پێی کردووە ، وە کە خوای گەورە ڕەحم بە مرۆڤ بکات و لە سزا بیپارێزێت و بیخاتە بەهەشتەوە بەڕاستی ئەمە بردنەوەی هەرە گەورەیە(9) .

وە خوای گەورە دەفەرموێت :(إِنَّ الَّذِينَ قَالُوا رَبُّنَا اللَّهُ ثُمَّ اسْتَقَامُوا تَتَنَزَّلُ عَلَيْهِمُ الْمَلَائِكَةُ أَلَّا تَخَافُوا وَلَا تَحْزَنُوا وَأَبْشِرُوا بِالْجَنَّةِ الَّتِي كُنتُمْ تُوعَدُونَ) (فصلت/30) واتە : ئەو کەسانەی کە ئەڵێن پەروەردگاری ئێمە تەنها (الله)یە، پاشان ئیستیقامەیان هەیەو جێگیرو چەسپاو و دامەزراون لەسەر یەکخواپەرستی و کردەوەی چاک و جێبەجێ کردنی فەرزەکان ، فریشتەکانی خوای گەورە لە کاتی گیانکێشان و زیندوو بوونەوەو دەرچوون لەگۆڕو چوونە بەهەشت دائەبەزنە سەریان و پێیان ئەڵێن: ئێوە مەترسێن ترستان لەسەر نیە لەمەودوا ئەمین ئەبن ، وە خەفەتیش مەخۆن لەوەی کە لە دونیا بەجێتان هێشتووە لە سەروەت و سامان و منداڵ و خێزان، چونکە خوای گەورە باشترتان پێ ئەبەخشێ ، وە موژدە بێ لێتان بەو بەهەشتەی کە ئێوە بەڵێنتان پێ درابوو.).

وە خوای گەورە دەفەرموێت : (وَالْمَلَائِكَةُ يَدْخُلُونَ عَلَيْهِم مِّن كُلِّ بَابٍ (23) سَلَامٌ عَلَيْكُم بِمَا صَبَرْتُمْ فَنِعْمَ عُقْبَى الدَّارِ) (الرعد/23– 24) واتە : وە فریشتەکانیش لە هەموو دەرگاکانی بەهەشتەوە دێنە ژوورەوە بۆ لایان و پێیان ئەڵێن:(23) سەلامتان لێ بێت وە ئێوە لەمەودوا پارێزراو ئەبن لە ئازارو سزا بەهۆی ئارام گرتنتان لەسەر تەقوای خوای گەورە لە دونیا ، کە ئەمە باشترین سەرەنجام و شوێنی مانەوەیە کە ئێوە تیایدا ئەمێننەوە(24) .

# باوەڕبوون بە کتێبەکان

بریتییە لە ئەو بیروباوەڕە چەسپاوە کەوا خوای بەرز و بڵند کتێبی بۆ پێغەمبەرەکانی دابەزاندووە بە حەق و ڕاستی، بۆ ئەوەی ببێتە هیدایەتێک بۆ خەڵکی، وە بەزەییەک بێت بۆیان، و بێ بە پەند و ئامۆژگاری و حوججە و بەڵگەیەک بێت بەسەریانەوە و ڕوونکردنەوەیەک بێت بۆیان دەربارەی هەموو شتێک.

**وە باوەڕهێنان بە کتێبەکان ئەم کارانە لە خۆ دەگرێت :**

## یەکەم/ باوەڕبوون بەوەی کە ئەم کتێبانە لە لایەن خوای گەورەوە دابەزێنراوە :

خوای گەورە فەرموویەتی: (نَزَّلَ عَلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ وَأَنزَلَ التَّوْرَاةَ وَالإِنجِيلَ) (آل عمران/3) واتە : ئەی محمد (ﷺ) خوای گەورە ئەو قورئانە پیرۆزەی بە حەق و بە بەڵگەی تەواو دابەزاندووە بۆ سەر تۆ کە هیچ گومانی تێدا نیە ، وە بەڕاستدانەری ئەو کتێبە ئاسمانیانەی پێش خۆیەتی لە تەورات و ئینجیل ، وە خوای گەورە پێشتریش تەوراتی بۆ موسی و ئینجیلی بۆ عیسی پێغەمبەر (عليهما الصلاة والسلام) دابەزاندووە).

ئەمانە کتێبی خودان و وشەی ئەون ، قسەی هیچ فریشتەیەکی نزیک لەخۆی نییە، وە قسەی هیچ پێغەمبەرێکی نێردراو نییە ، بۆیە صیفەتی عیصمەت و پیرۆزی تێدایە.

## دووەم/ باوەڕهێنان بەو کتێبانەی کەناویان دەزانین، وە ئەوانەشی کەناویان نازانین باوەڕ بە هەمووی دەکەین بە باوەڕێکی گشتی.

**وەمەزنترینیان سیانن:**

1- تەورات : کە خوای گەورە دایبەزاندووەتە سەر موسا (عليه السلام).

خوای گەورە دەفەرموێت : (قَالَ يَا مُوسَىٰ إِنِّي اصْطَفَيْتُكَ عَلَى النَّاسِ بِرِسَالاتِي وَبِكَلامِي فَخُذْ مَا آتَيْتُكَ وَكُن مِّنَ الشَّاكِرِينَ (144) وَكَتَبْنَا لَهُ فِي الأَلْوَاحِ مِن كُلِّ شَيْءٍ مَّوْعِظَةً وَتَفْصِيلا لِّكُلِّ شَيْءٍ فَخُذْهَا بِقُوَّةٍ وَأْمُرْ قَوْمَكَ يَأْخُذُوا بِأَحْسَنِهَا سَأُرِيكُمْ دَارَ الْفَاسِقِينَ) (الأعراف/144-145) واتە : خوای گەورە فەرمووی: ئەی موسی (عليه السلام) من تۆم هەڵبژاردووە بەسەر خەڵکی سەردەمی خۆتدا بەوەی کە پەیامی خۆم بۆت ناردووە، وە ڕاستەوخۆ قسەم لەگەڵدا کردووی بەبێ واسیتە ئەوەی کە پێم بەخشیویت بەجوانی وەری بگرە، وە لەو کەسانە بە کە شوکرانەبژێری خوای گەورە ئەکەن لەسەر ئەم نیعمەتانە(144) وە لەو لەوحانەدا لە تەوراتدا هەموو شتێکمان بۆ نووسیوە لەوەی کە پێویستی بێ لەگەڵ بەنی ئیسرائیل بۆ دین و دونیایان کە پڕ بووە لە پەندو ئامۆژگاری وە بەدرێژی ئەحکامەکانی تیا باسکراوە بۆ هەموو شتێ بەهێزو بەجوانی و بەجددی وەری بگرەو کاری پێ بکە وە فەرمان بکە بە نەتەوەکەت کامەی کە ئەجرو پاداشتی زیاترو چاکترە ئەوانە لە پێشتر وەربگرن ، وە شوێنی کافرانیشتان پێ نیشان ئەدەم کە چۆن خوای گەورە لەناوی بردوون بەهۆی کوفریانەوە(145).

وە دەفەرموێت : (إِنَّا أَنزَلْنَا التَّوْرَاةَ فِيهَا هُدًى وَنُورٌ يَحْكُمُ بِهَا النَّبِيُّونَ الَّذِينَ أَسْلَمُوا لِلَّذِينَ هَادُوا وَالرَّبَّانِيُّونَ وَالأَحْبَارُ بِمَا اسْتُحْفِظُوا مِن كِتَابِ اللَّهِ وَكَانُوا عَلَيْهِ شُهَدَاءَ) (المائدة/44) واتە : ئێمە تەوراتمان دابەزاندووە کە هیدایەت و نوورو ڕووناکی تیا بووە پێش ئەوەی کە قورئان دابەزێ، وە موژدەی هاتنی تیا بووە بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) وە پێویستە شوێنی بکەون ، کۆمەڵێک پێغەمبەر لە دوای موسا (عليه السلام) هاتن حوکمیان بە تەورات ئەکردو لەسەر ئەو شەریعەتە ئەڕۆیشتن ئەو پێغەمبەرانەی کە موسڵمان بوونەو خۆیان تەسلیمی خوای گەورە کردووە کە ئەمیش لووتشکاندنی جوولەکەی تیایە کە پێغەمبەرانی ئەوانیش لەسەر دینی ئیسلام بوونە جوولەکە و گاور نەبوونە بەڵکو هەموویان موسڵمان بوونە ، وە پێغەمبەری ئەو کەسانە بوونە کە یەهودی بوونە وە ئەوانەی کە ڕەبانی بوونە واتە: زاناخواپەرست و کارکەرو فێرکارەکان، وە زانا گەورەکان کە خەڵکی شوێنیان دەکەون ، کە فەرمانیان پێکرابوو لەلایەن پێغەمبەرانیانەوە کە کتابی خوای گەورە بپارێزن و ئاشکرای بکەن و نەیشارنەوەو کاری پێبکەن و خەڵکی فێر بکەن وە دەستکاری نەکەن و نەیگۆڕن ، وە ئەوانیش شایەت و چاودێر بوون بەسەر ئەو کتێبانەوە بۆ ئەوەی کە نەگۆڕدرێ و دەستکاری نەکرێت).

2- ئینجیل : کە خوای گەورە دایبەزاندووەتە سەر عیسا(عليه السلام).

خوای گەورە دەفەرموێت: (ثُمَّ قَفَّيْنَا عَلَىٰ آثَارِهِم بِرُسُلِنَا وَقَفَّيْنَا بِعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ وَآتَيْنَاهُ الإِنجِيلَ..) (الحديد/27) واتە : پاشان لە دوای ئەوان بە شوێنەواری ئەوانیش پێغەمبەرانی ترمان ناردووە ، وە بە دوای ئەواندا عیسای کوڕی مەریەممان ناردووە ، وەئینجیلیشمان پێی بەخشیوە).

وە دەفەرموێت:(وَآتَيْنَاهُ الإِنجِيلَ فِيهِ هُدًى وَنُورٌ وَمُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ التَّوْرَاةِ وَهُدًى وَمَوْعِظَةً لِّلْمُتَّقِينَ) (المائدة/46) واتە : وە ئینجیلیشمان بە عیسی (عليه السلام) بەخشیووە کە ئەمیش هیدایەت و نوورو ڕووناکی تیادا بووە بۆ کاتی خۆی وە موژدەدانی تیادا بووە بە هاتنی پێغەمبەر (ﷺ) وە ئەمری تیا بووە کە شوێن ئەو پێغەمبەرە (ﷺ) بکەون هەر کاتێک دەرکەوت ، وە ئینجیل بەڕاستدانەری تەورات بووە کە لە پێش ئینجیل هاتووە ، وە هیدایەت و ئامۆژگاری بووە بۆ ئەو کەسانەی کە تەقوای خوای گەورە ئەکەن)

3- قورئان: کە خوای گەورە دایبەزاندووەتە سەر محمد (ﷺ).

ئەوەش لەهەموویان مەزنترە ، خوای گەورە دەفەرموێت : (وَأَنزَلْنَا إِلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ الْكِتَابِ وَمُهَيْمِنًا عَلَيْهِ..) (المائدة/48) واتە : ئەی محمد (ﷺ) ئێمە قورئانی پیرۆزمان بۆ دابەزاندووی بەحەق کە هیچ گومانێکی تێدا نیە کە بەڕاستدانەری کتێبەکانی پێش خۆیەتی لە تەورات و ئینجیل ، بەڵام ئەم شایەت و ئەمیندارو باڵادەست و حاکمە بەسەریانەوە لەبەر ئەوەی ئەو کتابانەی تری هەمووی نەسخ کردەوەو حوکمیانی سڕیەوە، وە لە دوای دابەزینی قورئان دروست نیە کار بەو کتابانەی تر بکرێ وە بخوێندرێنەوە).

وە خوای گەورە دەفەرموێت : (تَبَارَكَ الَّذِي نَزَّلَ الْفُرْقَانَ عَلَىٰ عَبْدِهِ لِيَكُونَ لِلْعَالَمِينَ نَذِيرًا) (الفرقان/1) واتە : قورئانی پیرۆز پێی ئەووترێ: فورقان لەبەر ئەوەی فەرق و جیاوازی خستە نێوان حەق و باتڵ و حەڵاڵ و حەرام و هیدایەت و گومڕایی و ڕێگای ڕاست و ڕێگای چەوتەوە، ئەو خوایەی کە ئەو فورقانەی دابەزاندووە بۆ سەر بەندەکەی خۆی کە محمدە (ﷺ) خێرو بەرەکەتی یەکجار زۆرو بەردەوام و جێگیرو گەورەیە ، بۆ ئەوەی ئەو قورئانە یان پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئاگادارکەرەوە بێت بۆ هەموو جیهان بە جن و مرۆڤەوە).

وە لە کتێبەکانی خودا : زەبوور کە بۆ داوود نێردراوە، خوای گەورە دەفەرموێت :(وَآتَيْنَا دَاوُودَ زَبُورًا) (الإسراء/5) واتە : وە زەبوریشمان بە داود پێغەمبەر (ﷺ) بەخشیووە).

وەصوحوف کە بۆ ئیبراهیم (عليه السلام) نێردراوە ، خوای گەورە دەفەرموێت : (إِنَّ هَٰذَا لَفِي الصُّحُفِ الْأُولَىٰ (18) صُحُفِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَىٰ) (الأعلى/18–19) واتە : ئەم شتانە کە مەبەست پێی ئەم سوورەتەیە لە پەڕاوەکانی پێشتردا بۆ پێغەمبەرانی تریش هاتووەو ئەم بابەتانەی تیادا بووە(18) لە سەحیفەو پەڕاو و کتابەکانی ئیبراهیم و موسادا (علیهما السلام) ئەم شتانە هاتووەو گرنگی و بایەخی پێدراوە بۆیە لەو کتێبانەی پێغەمبەرانی تریشدا باسی ئەم بابەتانە کراوە، واتە: شایەنی ئەوەیە کە ئێوەی موسڵمان گرنگی و بایەخی پێ بدەن).

## سێیەم/ بەڕاست دانانی ئەو هەواڵانەی تێیدان بەمەرجێ دەسکاری نەکرابێت .

خوای گەورە ئاگاداری کردووینەتەوە کە کتێبەکانی بەنی ئیسرائیل تووشی دەستکاری زارەکی و مەعنەوی بوونەتەوە ، خوای گەورە دەفەرموێت: (يُحَرِّفُونَ الْكَلِمَ عَن مَّوَاضِعِهِ) (المائدة/13) واتە : وە قسەو فەرموودەکانی خوای گەورە کە ئایەتەکانی تەورات بوو لە جێی خۆی ئەیانگۆڕی و دەستکاریان ئەکردو تەئویلیان ئەکرد(ئەمەیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە سەرجەم کتێبە ئاسمانیەکان قسەو فەرموودەی خوای گەورەیەو دروستکراو نیە).

وە دەفەرموێت :(يُحَرِّفُونَ الْكَلِمَ مِن بَعْدِ مَوَاضِعِهِ) (المائدة/41) واتە : دەستکاری تەورات ئەکەن کە وتە و فەرموودەی خوای گەورەیە، وە لە شوێنەکانی خۆی ئەیگۆڕن وەکو ئایەتی ڕەجم کە دەستکاریان کردبوو) .

وە دەفەرموێت :(وَإِنَّ مِنْهُمْ لَفَرِيقًا يَلْوُونَ أَلْسِنَتَهُم بِالْكِتَابِ لِتَحْسَبُوهُ مِنَ الْكِتَابِ وَمَا هُوَ مِنَ الْكِتَابِ وَيَقُولُونَ هُوَ مِنْ عِندِ اللَّهِ وَمَا هُوَ مِنْ عِندِ اللَّهِ وَيَقُولُونَ عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ وَهُمْ يَعْلَمُونَ) (آل عمران/78) واتە : وە لەناو جوولەکەکانیشدا کۆمەڵێک هەن کە زمانیان گێڕو خوار ئەکەنەوە لە کاتی خوێندنەوەدا بۆ ئەوەی کە قسەی تر بدەنە پاڵ دینەکەی خوای گەورەو وا بزانن ئەمیش هەر لە تەوراتەکەیەو ئەیخوێننەوە لە کاتێکدا کە قسەی خۆیانەو لە کتابی خوای گەورە نیەو شتی وا نەهاتووە ، وە ئەڵێن: ئەمەی کە ئێمە ئەیخوێنینەوە لەلایەن خوای گەورەوە دابەزیوە بەڵام ڕاست ناکەن و لەلایەن خوای

گەورەوە نیە ، دیسان درۆ بۆ خوای گەورە هەڵئەبەستن و بەناو خوای گەورەوە درۆ ئەكەن لە كاتێكدا خۆیشیان ئەزانن ئەمانە گەورەترین تاوانە).

بەڵام قورئانی پیرۆز ئەوا خوای گەورە پاراستنی گرتووەتە ئەستۆی خۆی ، دەفەرمویت :(إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ) (الحجر/9) واتە : خوای گەورە ئەفەرمووێ : ئێمە خۆمان قورئانی پیرۆزمان دابەزاندووە لە ڕێگای جبریلەوە (كە سوننەتیش دەگرێتەوە) وە هەر ئێمە خۆیشمان ئەیپارێزین و كەس ناتوانێ دەستكاری بكات و زیادو كەمی لێ بكات یان گۆڕانكاری لێ بكات تا ڕۆژی قیامەت).

خوای گەورە خۆی پارستویەتی ، دەفەرمویت : (إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا بِالذِّكْرِ لَمَّا جَاءَهُمْ وَإِنَّهُ لَكِتَابٌ عَزِيزٌ (41) لَا يَأْتِيهِ الْبَاطِلُ مِن بَيْنِ يَدَيْهِ وَلَا مِنْ خَلْفِهِ تَنزِيلٌ مِّنْ حَكِيمٍ حَمِيدٍ) (فصلت/41– 42) واتە : ئەو كەسانەی كە كوفریان كردووە بەو قورئانە پیرۆزە كاتێک كە بۆیان هاتووە سزایان دەدەین، كە قورئانی پیرۆزیش كتابێكی بەعیزەت و پارێزراوە لەلایەن خوای گەورەوەو كەس ناتوانێ دەستكاری بكات و هاوشێوەی سوورەتێكی بچوكی بێنێتەوە(41) وە ئیبلیس، یان باتڵ و پووچەڵ ناتوانێ تێكەڵ بە قورئانی پیرۆز بێت نە لە پێشەوەی نە لە پاشەوەی، لەبەر ئەوەی قورئان بە پاراستنی خوای گەورە پارێزراوە لە دەستكاری كردن و زیادو كەم كردن ، وە لەلایەن خوایەكەوە دابەزێندراوە كە زۆر بە حیكمەت و سوپاسكراوە(42) .

وە بە پێی ئەوە بنەمایەک دانراوە ، ئەو چیرۆک و هەواڵانەی باسكراون لەكتێبەكانی (اهل الكتاب) كە بەزاراوەی (ئیسرائیلیات) ناسراوە، لە سێ حاڵەت دەرناچێ :

### یەكێكیان/ لە گەڵ ئەوانەی كە لە قورئاندا هاتووە كۆكن .

ئێمەش باوەڕی پێدەكەین كە ڕاستن ، چونكە كتێبەكەمان شایەتی بۆ داوە ، وەكو باسی تۆفانەكە، و چیرۆكی ئیبراهیم ، و یوسف، و موسا (علیهم السلام) ، ونقومبوونی ئالو فیرعەون ، وە ئایەتەكانی عیسا (عليه السلام) ، وجگە لەوانەش، بە بێ ئەو وردەكارییەی كە تێیدایە .

### دووەم/ جیاواز بێت لە گەڵ ئەوەی لە قورئاندا باسكراوە:

بە ناڕاست و بەتاڵی دەزانین ، چونكە ئەوە خۆیان دایانهێناوە ، وە بە دەستەكانی خۆیان نووسیویانە ، وە زمانی پێ بادەدەن ، وەكو ئەوەی دەڵێن كە (لوط) پێغەمبەر (عليه السلام) مەی خواردووەتەوە ، و زینای لەگەڵ دوو كچەكەی خۆی كردووە، خوای گەورە لەو قسانە بیپارێزیت و دوور لە ئەو ، وە وتیان كە عیسا (عليه السلام) خوایە، یان كوڕی خوایە، یان سێیەمی سێ خواكەیە ، پاكی و بێگەردی بۆ خوای گەورە لەوەی كە دەیڵێن.

### سێیەم/ نە كۆكە لە گەڵ قورئاندا و نە ناكۆكیشە.

باوەڕی پێناكەین و بە درۆیشی ناخەینەوە ، بە بەڵگەی ئەوەی كە پێغەمبەرمان (ﷺ) فەرموویەتی : ((إذا حدثكم أهل الكتاب فلا تصدّقوهم ولا تكذبوهم ، وقولوا : آمنا بالله وكتبه ورسله فإن كان حقاً

لم تكذبوهم ، وإن كان باطلا لم تصدقوهم))[48] واته : ئەگەر ئەهلی کیتاب قسەیەکی بۆ کردن ئەوا باوەڕیان پێ مەکەن و بە درۆیشیان مەخەنەوە ، وە بڵێن : باوەڕمان بە خوای گەورە و کتێبەکانی و پێغەمبەرانی هەیە ، جا ئەگەر حەق بێت ئەوا ئێوە بە درۆتان نەخستوەتەوە و ئەگەر باتڵ و راست نەبێت ئەوا ئێوە باوەڕتان پێیان نەکردووە )) .

لە کاتێکدا کە بۆمان هەیە بیگێڕینەوە و باسی بکەین ، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە دەفەرموێت : ((حدثوا عن بني إسرائيل ولا حرج))[49] واته :- لە بەنی ئیسرائیلەوە باسەکان بگێڕنەوە بە بێ ئەوەی قەدەغە بێت)). وە زۆربەی هیچ سوودێکی تیانییە و هیچ پێویستیەکمان پێی نییە .

## چوارەم/ حوکم کردن بەشەریعەتی قورئان.

خوای گەورە قورئانی دابەزاندووە ، زاڵ و باڵا دەست بێت بەسەر هەموو کتێبەکانی تری پێش خۆی ، بە واتای ئەوەی داوەر و ئەمین و شایەت بێت بەسەر ئەوانی ترەوە ، هەموو بەرژەوەندی و چاکەکانی لەخۆ گرتووە ، وە هەندێک لەحوکمەکانی پێش خۆی نەسخ کردووەتەوە و هەندێکی تریشی وەکو خۆی هێشتووەتەوە ، وە هەندێکی بۆ زیاد کردووە ، بۆیە دروست نییە شوێنی هیچ شەریعەتێک بکەوین جگە لە شەریعەتی قورئان ، خوای گەورە لەدوای ئەوەی باسی تەورات و ئینجیلی کردووە فەرموویەتی : (وَأَنزَلْنَا إِلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ الْكِتَابِ وَمُهَيْمِنًا عَلَيْهِ فَاحْكُم بَيْنَهُم بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَهُمْ عَمَّا جَاءَكَ مِنَ الْحَقِّ لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجًا وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ لَجَعَلَكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلَٰكِن لِّيَبْلُوَكُمْ فِي مَا آتَاكُمْ فَاسْتَبِقُوا الْخَيْرَاتِ إِلَى اللَّهِ مَرْجِعُكُمْ جَمِيعًا فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ (48) وَأَنِ احْكُم بَيْنَهُم بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَهُمْ وَاحْذَرْهُمْ أَن يَفْتِنُوكَ عَن بَعْضِ مَا أَنزَلَ اللَّهُ إِلَيْكَ فَإِن تَوَلَّوْا فَاعْلَمْ أَنَّمَا يُرِيدُ اللَّهُ أَن يُصِيبَهُم بِبَعْضِ ذُنُوبِهِمْ وَإِنَّ كَثِيرًا مِّنَ النَّاسِ لَفَاسِقُونَ (49) أَفَحُكْمَ الْجَاهِلِيَّةِ يَبْغُونَ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ اللَّهِ حُكْمًا لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ) (المائدة/48–50) واته : ئەی محمد (ﷺ) ئێمە قورئانی پیرۆزمان بۆ دابەزاندووی بەحەق کە هیچ گومانێکی تێدا نیە ، کە بەڕاستدانەری کتێبەکانی پێش خۆیەتی لە تەورات و ئینجیل بەڵام ئەم شایەت و ئەمیندارو باڵادەست و حاکمە بەسەریانەوە لەبەر ئەوەی ئەو کتابانەی تری هەمووی نەسخ کردەوەو حوکمیانی سڕیەوە، تۆ لە نێوان ئەوانیشدا حوکم بەو قورئانە بکە کە خوای گەورە دایبەزاندووە ، وە شوێن هەواو ئارەزووی ئەوان مەکەوە لەو حەقەی کە خوای گەورە بۆتی دابەزاندووە ، بۆ هەر یەکێک لە ئێوە شەریعەت و مەنهەج و ڕێبازێکمان داناوە ، ئەگەر خوای گەورە ویستی لێ بوایە ئەیکردن بەیەک ئوممەت و یەک شەریعەت و یەک کتاب و یەک پێغەمبەری ئەنارد بەڵام خوای گەورە شەریعەتی جیاواز کردوون بۆ ئەوەی تاقیتان بکاتەوە لەو کتێبانەی کە بۆی ناردوون و دەرکەوێت کامتان شوێنی ئەکەون و کامتان شوێنی ناکەون، وە کامتان دەستکاری ئەکەن و کامتان نایکەن ، بۆیە ئێوە دەستپێشخەری و پێشبڕکێ بکەن لە گوێڕایەڵی خوای

(48) أخرجه أحمد برقم (17225) وأبو داود برقم (3644) من حديث أبي نملة الأنصاري .

(49) رواه البخاري برقم (3461) من حديث عبدالله بن عمرو .

گەورەو شوێنکەوتنی شەریعەتەکەی و باوەڕ کردن بە قورئانە پیرۆزەکەی و کاری چاکە ، گەڕانەوەتان هەر بۆ لای خوای گەورەیە و هەمووتان پێکەوە بۆ لای خوای گەورە ئەگەڕێنەوە ، لە ڕۆژی قیامەت خوای گەورە هەواڵتان پێ ئەدات لەو شتانەی کە لە دونیا ئێوە ئیختیلاف و جیاوازی و ناکۆکیتان هەبووە لەسەری، وە پاداشتی موسڵمانان دەداتەوەو سزای کافران دەدات(48) وە ئەوان هەر کێشەیەکیان هێنایە لای تۆ جوولەکەکان یان گاورەکان ئەوە تۆ حوکم و بڕیار بدە لە نێوانیاندا بەو قورئانەی کە خوای گەورە دایبەزاندووە نەک بەهەواو ئارەزووی ئەوان و شوێن هەواو ئارەزووی ئەوان نەکەوی ، وە ئاگادار بە حەقەکەت لێ نەشێوێنن و فێڵت لێ نەکەن لە هەندێک لەوەی کە خوای گەورە دایبەزاندووە بەوەی دەستکاری بکەن و پێتی بگۆڕن ، ئەگەر پشتیان هەڵکردو ئەو حەقەیان لە تۆ وەرنەگرت ئەوە بزانە خوای گەورە ئەیەوێ بەهۆی هەندێک لە تاوانەکانیانەوە سزایان بدات ، وە زۆرێک لە خەڵکی فاسیقن و لە ڕێگاو گوێڕایەڵی خوای گەورە دەرچوونە(49) ئایا پشت لە حوکمەکەی خوا ئەکەن و حوکمی جاهیلی و نەزانی و نەفامیان ئەوێ ، کێ هەیە حوکمی باشترو دادپەروەرترو بەرەحم و سۆزو بەزەییتر بێ لە حوکمی خوای گەورە بەڵام بۆ کەسانێک کە یەقینیان هەبێ نەک بۆ کەسانێک کە نەفام و نەزان بن وە شوێن هەواو ئارەزووی خۆیان کەوتبێتن و بەهەواو ئارەزوی خۆیان یاساو ڕێسا دابنێن هەروەکو خەڵکی سەردەمی نەفامی وایان دەکرد(50)

وە دەفەرموێت : (إِنَّا أَنزَلْنَا إِلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ لِتَحْكُمَ بَيْنَ النَّاسِ بِمَا أَرَاكَ اللَّهُ وَلَا تَكُن لِّلْخَائِنِينَ خَصِيمًا) (النساء/105) واتە : ئەی محمد (ﷺ) ئێمە ئەم قورئانە پیرۆزەمان بۆ دابەزاندوویت کە حەقە ، بۆ ئەوەی کە حوکم و بڕیار لە نێوان خەڵکیدا بدەی بەحەق و دادپەروەری ، بەوەی کە خوای گەورە نیشانت ئەدا بەوەحی یان بە ئیلهام یان ڕێنماییت دەکات ، وە ئێوە مشتومڕو بەرگری لەو کەسانە مەکەن کە دزی ئەکەن و خائین و ناپاکن تا نەزانی کێ لەسەر حەقەو کێ لەسەر حەق نیە).

## پێنجەم/ باوەڕبوون بەقورئان بە هەموو ئایەتەکان، نەک باوەڕ بە هەندێکی بکات و باوەڕ بە هەندێکی نەکات :

خوای گەورە دەفەرموێت : (أَفَتُؤْمِنُونَ بِبَعْضِ الْكِتَابِ وَتَكْفُرُونَ بِبَعْضٍ فَمَا جَزَاءُ مَن يَفْعَلُ ذَٰلِكَ مِنكُمْ إِلا خِزْيٌ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ يُرَدُّونَ إِلَىٰ أَشَدِّ الْعَذَابِ وَمَا اللَّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ) (البقرة/85) واتە : ئایا ئێوە باوەڕتان بەهەندێ لەو شتانە هەیە کە لە کتابەکەتاندا هەیە کە تەوراتە وەکو ئازاد کردنی دیل بە پارە، وە باوەڕتان بە هەندێکی نیە وەکو کوشتنی یەکتری و دەرکردنی یەکتری، هەندێکی جێبەجێ ئەکەن و هەندێکی جێبەجێ ناکەن ، هەر کەسێ ئیمانی بەهەندێ لە کتابی خوای گەورە هەبێ و ئیمانی بەهەندێکی نەبێ سزای ئەم کەسانە هیچ شتێک نیە تەنها سەرشۆڕی نەبێ لە ژیانی دونیادا ، وە لە ڕۆژی قیامەتیش ئەگەڕێنەوە بۆ سەختترین سزا ، وە خوای گەورە بێئاگا نیە لەو کردەوانەی کە ئێوە ئەیکەن کە یاریکردنە بە ئایەتەکانی خوای گەورە).

وە دەفەرموێت : (هَا أَنتُمْ أُولَاءِ تُحِبُّونَهُمْ وَلَا يُحِبُّونَكُمْ وَتُؤْمِنُونَ بِالْكِتَابِ كُلِّهِ) (آل عمران/119) واتە : ئێوەی ئیمانداران کە دووڕووەکانتان خۆش ئەوێ کە باوەڕیان ئاشکرا کردووە بەڵام ئەوان ئێوەیان خۆش ناوێ ، ئێوە ئیمانتان بەهەموو کتابە ئاسمانیەکان هەیە).

## شەشەم/ حەرامبوونی شاردنەوەو دەستکاری کردنی و جیاوازیکردن تێیدا، وە بەرپەچدانەوەی هەندێکی بەهەندێکی.

خـوای گـەورە دەفەرموێـت : (وَإِذْ أَخَذَ اللَّهُ مِيثَاقَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ لَتُبَيِّنُنَّهُ لِلنَّاسِ وَلَا تَكْتُمُونَهُ فَنَبَذُوهُ وَرَاءَ ظُهُورِهِمْ وَاشْتَرَوْا بِهِ ثَمَنًا قَلِيلًا فَبِئْسَ مَا يَشْتَرُونَ) (آل عمران/187) واتـە : وە خـوای گـەورە بەڵێـن و پەیمانـی لـە ئەهلـی کتـاب وەرگـرت لـە جوولەکـەو گاورەکان ، ئەبـێ پێغەمبەرایەتـی محمـد (ﷺ) بـۆ خەڵـک ڕوون بکەنـەوەو نەیشـارنەوە بـەڵام ئەمـان ئـەو عەهدو بەڵێنەیـان فڕێدایە پشـتیان ، وە شـتێکی کـەم و دونیایەکـی کەمـی لەناوچوویـان پـێ کـڕی ، کـە ئەمە بـە دڵنیایی خراپترین شـتە کە دونیایـان کـڕی و ئـەو عەهـدو پەیمانـەی خـوای گەورەیـان گۆڕیـەوە بـە دونیا) .

وە دەفەرموێت : (إِنَّ الَّذِينَ يَكْتُمُونَ مَا أَنزَلَ اللَّهُ مِنَ الْكِتَابِ وَيَشْتَرُونَ بِهِ ثَمَنًا قَلِيلًا أُولَٰئِكَ مَا يَأْكُلُونَ فِي بُطُونِهِمْ إِلَّا النَّارَ وَلَا يُكَلِّمُهُمُ اللَّهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَلَا يُزَكِّيهِمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ (174) أُولَٰئِكَ الَّذِينَ اشْتَرَوُا الضَّلَالَةَ بِالْهُدَىٰ وَالْعَذَابَ بِالْمَغْفِرَةِ فَمَا أَصْبَرَهُمْ عَلَى النَّارِ (175) ذَٰلِكَ بِأَنَّ اللَّهَ نَزَّلَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ وَإِنَّ الَّذِينَ اخْتَلَفُوا فِي الْكِتَابِ لَفِي شِقَاقٍ بَعِيدٍ) (البقرة/174–176) واتە : ئەو کەسانەی کە ئەو شتانە ئەشارنەوە کە خوای گەورە لە کتابدا دایبەزاندووە دیسان جوولەکەیە کە سیفەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەشارنەوە کە لە تەورات و ئینجیلدا خوای گەورە باسی کردووە ، وە ئەوانە بەم کارەیان شتێکی کەم لە دونیای پێ دەست ئەخەن ، ئا ئەمانە هیچ شتێک ناخۆن و ئەوەی کە پەیدای ئەکەن بەشاردنەوەی ئەو حەقە تەنها ئاگرێکە لەناو سکیاندا دەبێتە هۆی سزای ئاگری دۆزەخ بۆیان ، وە خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەت قسەیان لەگەڵدا ناکات قسەیەک کە پێیان خۆشە چونکە لێیان تورەیە، وە پاکیان ناکاتەوە لە کردەوە پیسەکانیان ، وە سزایەکی زۆر بەئێش و ئازاری بۆ داناون(174) چونکە ئەمانە هیدایەتیان گۆڕیەوە بە گومڕایی ، وە لێخۆشبوونی خوای گەورەیان گۆڕیەوە بە سزای خوای گەورە ، ئای چەندێ بەئارامن لەسەر ئاگری دۆزەخ، ئایا ئەتوانن ئارام بگرن لەسەر ئاگری دۆزەخ(175) خوای گەورە ئەم کتابەی بە حەق دابەزاندۆتە خوارەوە پێویستە زانایان بڵاوی بکەنەوەو نەیشارنەوە ئەوانەیشی کە جیاوازیان هەیە سەبارەت بەو کتابە کە قورئانە هەندێکیان ئەڵێن: سیحرەو هەندێکیان ئەڵێن: فاڵەو هەندێکیان ئەڵێن: شیعرە، ئەوانە لە خیلاف و ناکۆکی و جیاوازی و دژایەتیەکی دووردان و لە حەق دووركەوتوونەتەوە(176)

وە دەفەرموێت : (فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ يَكْتُبُونَ الْكِتَابَ بِأَيْدِيهِمْ ثُمَّ يَقُولُونَ هَٰذَا مِنْ عِندِ اللَّهِ لِيَشْتَرُوا بِهِ ثَمَنًا قَلِيلًا فَوَيْلٌ لَّهُم مِّمَّا كَتَبَتْ أَيْدِيهِمْ وَوَيْلٌ لَّهُم مِّمَّا يَكْسِبُونَ) (البقرة/ 79) واتە : تیاچوون و لەناوچوون و هەڕەشەی سەخت و سزای دۆزەخ بۆ ئەو کەسانەی کە بە دەستی خۆیان و بەهەواو ئارەزووی خۆیان ئەو کتابانە

ئەنووسنەوە، ئەم ئایەتە لەسەر زانایانی جولەکە دابەزیووە ، پاشان ئەیدەنە پاڵ خوای گەورەو ئەڵێن ئەمە لەلایەن خوای گەورەوە هاتووەو فەرموودەی خوای گەورەیە ، بۆ ئەوەی کە دونیایەکی کەمی پێ بکڕن و پارەیەکی کەمیان پێ دەست بکەوێ ، تیابچن بۆ شتێک کە بەدەستی خۆیان نوسیویانە ، وە تیابچن بۆ ئەو پارە کەمەی دونیا کە لەبەرامبەر گۆڕینی کەلامی خوای گەورە دەستی ئەخەن).

پێغەمبەری خوا (ﷺ) کۆمەڵێکی بینی مشتومڕیان دەکرد، وتی:(إِنَّمَا هَلَكَ مَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ بِهَذَا ، ضَرَبُوا كِتَابَ اللَّهِ بَعْضَهُ بِبَعْضٍ ، وَإِنَّمَا نَزَلَ كِتَابُ اللَّهِ يُصَدِّقُ بَعْضُهُ بَعْضًا ، فَلَا تُكَذِّبُوا بَعْضَهُ بِبَعْضٍ ، فَمَا عَلِمْتُمْ مِنْهُ فَقُولُوا وَمَا جَهِلْتُمْ فَكِلُوهُ إِلَى عَالِمِهِ)(50) واتە : ئەوانەی پێش ئێوە بە هۆی ئەم کارەیانەوە بە هەلاکەتدا چوون ، کیتابەکەی خوایان دەدا بە یەکدا ، جا دڵنیابن خوای گەورە کیتابەکەی دابەزاندووە هەندێکی هەندەکەی تر پشتراست دەکاتەوە ، بۆیە هەندێکی بە درۆ مەخەنەوە بە هەندەکەی تری ، ئەوەی لێی دەزانن بیڵێن و ئەوەی نایزانن ئەوا بیگێڕنەوە بۆ ئەو کەسەی لێی دەزانێت (زاناکان).

(50) رواه أحمد برقم (6741) من حديث عبدالله بن عمرو .

# باوەڕبوون بە پێغەمبەران

بریتییە لە ئەو بیروباوەڕە چەسپاوە کەوا خوای بەرز و بڵند لە مرۆڤەکاندا پیاوانێکی هەڵبژاردووە، وەحی بۆ کردوون ، کردوویانیەتی بە موژدەدەرو ترسێنەر ، پەیامەکەی خوا بگەیەننە درووست کراوەکانی و بۆ ئەوەی تەنها ئەو بپەرستن ، وە دوور بکەونەوە لە تاغووت ، وەکو ڕەحمەتێک بۆیان و بەڵگەیەکیش بێت بە سەریانەوە.

خوای گەورە دەفەرموێت : (اللَّهُ يَصْطَفِي مِنَ الْمَلائِكَةِ رُسُلا وَمِنَ النَّاسِ إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ بَصِيرٌ) (الحج/75) واتە : خوای گەورە خۆی لە فریشتەکان نێردراوی خۆی هەڵئەبژێرێ وەکو(جبرائیل و ئیسرافیل و میکائیل و ملک الموت) ، لەناو خەڵکیشدا پێغەمبەران هەڵئەبژێرێ، مەلائیکەتەکان وەکو نێردراو بۆ لای پێغەمبەران بۆ ئەنجام دانی فەرمانی خوا، لەناو مرۆڤیشدا کەسانێک هەڵئەبژێرێ ئەیانکات بە پێغەمبەری خۆی ، بە دڵنیایی خوای گەورە زۆر بیسەرو بینایە).

وە دەفەرموێت : (وَمَا أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ إِلا رِجَالا نُّوحِي إِلَيْهِمْ فَاسْأَلُوا أَهْلَ الذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لا تَعْلَمُونَ) (النحل/43) واتە : ئەی محمد (ﷺ) لە پێش تۆشدا هیچ کەسێکمان نەناردووە بە پێغەمبەر ئیللا پیاوانێک بوونە کە وەحیمان بۆ ناردوون و کەسیان فریشتە نەبوونە ، ئەی موشریکان ئێوە پرسیار لە ئەهلی زیکر لە باوەڕدارانی ئەهلی کتاب بکەن ئەگەر نازانن ئەوان پێتان ئەڵێن کە سەرجەم پێغەمبەران مرۆڤـ بوونەو کەسیان مەلائیکەت نەبوونە).

وە دەفەرموێت : (رُّسُلا مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ لِئَلا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى اللَّهِ حُجَّةٌ بَعْدَ الرُّسُلِ وَكَانَ اللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا) (النساء/165) واتە : پێغەمبەرانێک کە خوای گەورە ناردوویانیەتی موژدەدەرن بۆ ئەو کەسانەی کە گوێڕایەڵیان ئەکەن بە بەهەشت وە ترسێنەرن بۆ ئەو کەسانەی سەرپێچیان ئەکەن بە دۆزەخ ، تا لە دوای ناردنی پێغەمبەران خەڵکی حوججەو بەڵگەو عوزریان نەمێنێ لای خوای گەورەو بڵێن: خوایە هیچ کەسێک پەیامی تۆی بە ئێمە نەگەیاندووە ، وە خوای گەورە زۆر بەعیززەت و کاربەجێیە).

وە دەفەرموێت : (وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ) (النحل/36) واتە : وە بەدڵنیایی ئێمە بۆ هەموو کۆمەڵە خەڵک و نەتەوەیەک لە شوێنێک ژیابێتن پێغەمبەرێکمان بۆ ناردوون ، ئیشی هەموو پێغەمبەران ئەوە بووە بە خەڵکەکەیان وتووە: ئەی خەڵکینە بەتاک و تەنها خوای گەورە بپەرستن و شەریک بۆ خوا دامەنێن وە خۆتان دووربخەنەوە لە تاغوتەکان).

ئەو شتانەی لە باسی باوەڕبوون بە پێغەمبەراندا لە خۆ دەگرێت :

## یەکەم/ باوەڕبوون بەوەی کە پەیامەکەیان لەلایەن خواوەیە ، تەنها بە ویست و دانابیەکەی خۆی.

خوای گەورە دەفەرموێت: (وَإِذَا جَاءَتْهُمْ آيَةٌ قَالُوا لَن نُّؤْمِنَ حَتَّىٰ نُؤْتَىٰ مِثْلَ مَا أُوتِيَ رُسُلُ اللَّهِ اللَّهُ أَعْلَمُ حَيْثُ يَجْعَلُ رِسَالَتَهُ) (الأنعام/124) واتە : وە ئەگەر هەر نیشانەو موعجیزەیەک، یان ئایەتێک لە

ئایەتەکانی خوای گەورەیان بۆ بێت ئەڵێن: ئێمە ئیمان ناهێنین تا ئێمەش نەبین بە پێغەمبەری خواو وەکو ئەو وەحیمان بۆ نەیەت ، خوای گەورە خۆی باشتر ئەزانێ کە پەیامی خۆی بەکێ ئەدا وە کێ هەڵئەبژێرێ و کێ گونجاوە بۆ ئەوەی بیکات بە پێغەمبەری خوا).

خـوای گـەورە دەفەرموێـت: (وَقَالُوا لَوْلَا نُزِّلَ هَٰذَا الْقُرْآنُ عَلَىٰ رَجُلٍ مِّنَ الْقَرْيَتَيْنِ عَظِيمٍ (31) أَهُمْ يَقْسِمُونَ رَحْمَتَ رَبِّكَ نَحْنُ قَسَمْنَا بَيْنَهُم مَّعِيشَتَهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَرَفَعْنَا بَعْضَهُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَاتٍ لِّيَتَّخِذَ بَعْضُهُم بَعْضًا سُخْرِيًّا وَرَحْمَتُ رَبِّكَ خَيْرٌ مِّمَّا يَجْمَعُونَ) (الزخرف/31– 32) واتـە : وە وتیـان: باشـە ئەگـەر ئەمـە قورئانـەو لەلایـەن خـواوە هاتـووە بـۆ ئـەم قورئانـە دانەبەزیوەتـە سـەر پیاوێکـی گـەورە لـەم دوو شـارە (لـە مەککـەو تائیـف)(31) خـوای گـەورە ئەفەرمـووێ: ئایـا ئـەوان ڕەحمەتـی خـوای گـەورە، واتـە: پێغەمبەرایەتـی دابـەش ئەکـەن و بـە خەڵکـی ئەبەخشـن ، ئێمـە ژیـان و بژێـوی ئەوانمـان دابـەش کـردووە لـە ژیانی دونیـادا ، وە پلـەی هەندێکیانمان بـەرز کردۆتەوە بەسـەر هەندێکیانـدا لـە دونیـادا بـە دەوڵەمەنـدی و دەسـەڵات و هێـزو توانا ، تـا هەندێکیـان خزمەتـی هەندێکیـان بکـەن بـە کـرێ و پـارە، یـان هەندێکیـان گاڵتـە بـە هەندێکیـان ئەکـەن بـەوەی کـە هەیانە ، بـەڵام ڕەحمەتـی خـوای گەورە باشـترین شـتێکە کـە مرۆڤ کـۆی بکاتەوە نەک دەسـەڵات و پارەو شـتە دونیاییەکان(32)

جا پێغەمبەرایەتی و نبووەت بە هۆی ریازەت (مەشقی دەروونی) و تێکۆشانەوە بە دەست نایەت ، هەروەکو هەندێک لە زەندیقە صۆفییەکان دەڵێن ، هەروەها بە دەست نایەت لە ڕێگای کۆبوونەوەی هێزە پیرۆزەکان و سەرنجدان (خەیاڵکردن) و کاریگەربوون (هاوحاڵبوون) ، هەروەکو هەندێ لە فەیلەسوفەکان بانگەشەی بۆ دەکەن ، بەڵکو ئەوە تەنها هەڵبژاردەی خوایە و بەس ، وە فەزڵێکە لە لایەن خوداوە ، بۆ ئەو کەسەی خۆی بزانێت شایستەی ئەوەیە لە بەندە بەرێز و چاکەکانی .

## دووەم/ باوەڕبوون بە هەموو پێغەمبەرانی خوا ، ئەوانەی کە ناویان دەزانین بە دیاری کراوی ، وە ئەوانەشی کە ناویان نازانین ، باوەڕ بەهەموویان دێنین بە شێوەیەکی گشتی.

جا ئەوانەی کە ناوی ئەزانین ، لەوانە : لەم ئایەتەدا باسکراون لەدوای ناوی ئیبراهیمەوە (عليه السلام) ـ خوای گەورە دەفەرموێت : (وَوَهَبْنَا لَهُ إِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ كُلًّا هَدَيْنَا وَنُوحًا هَدَيْنَا مِن قَبْلُ وَمِن ذُرِّيَّتِهِ دَاوُودَ وَسُلَيْمَانَ وَأَيُّوبَ وَيُوسُفَ وَمُوسَىٰ وَهَارُونَ وَكَذَٰلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ (84) وَزَكَرِيَّا وَيَحْيَىٰ وَعِيسَىٰ وَإِلْيَاسَ كُلٌّ مِّنَ الصَّالِحِينَ (85) وَإِسْمَاعِيلَ وَالْيَسَعَ وَيُونُسَ وَلُوطًا وَكُلًّا فَضَّلْنَا عَلَى الْعَالَمِينَ) (الأنعام/84–86) واتە : وە ئیسحاقمان بە ئیبراهیم (علیهما السلام) بەخشی کاتێک کە خۆی و سارەی خێزانی بێئومێد بوون لە منداڵ، وە لە نەوەی ئیسحاقیش یەعقوبیشمان (علیهما السلام) پێی بەخشی و کوڕەزای خۆی بینی ، وە هیدایەتی هەموویانمان دا ، وە پێش ئەمانیش هیدایەتی نوحمان (عليه السلام) دا ، وە لە نەوەی ئەمانیش داودو سولەیمان و ئەیوب و یوسف و موسى و هارون (علیهم السلام) هیدایەتی هەموومان داون وە هەموومان کردوون بە پێغەمبەر ، بەم شێوازە پاداشتی چاکەکاران ئەدەینەوە(84) وە هیدایەتی زەکەریاو یەحیاو عیسى و ئیلیاسمان (علیهم السلام) داوەو کردوومانن بە پێغەمبەر ، وە ئەمانە هەموویان لە

پیاوچاکان و پێغەمبەرانی خوای گەورە بوونە(85) وە ئیسماعیل و یەسەع ، کە وتراوە: خضرە، یاخود وتراوە: هاوەڵی ئیلیاس بووە، وە یونس و لوطیش (علیهم السلام) ئەمانە هەموومان هیدایەت داون وە کردوومانن بە پێغەمبەر ، وە هەموو ئەم پێغەمبەرانە فەزڵمان داون بەسەر هەموو جیهاندا بەوەی ئەمانە وەحیان بۆ هاتووەو کراون بە پێغەمبەرو لە خەڵکی باشترن(86).

وە دەفەرموێت : (وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلا مِّن قَبْلِكَ مِنْهُم مَّن قَصَصْنَا عَلَيْكَ وَمِنْهُم مَّن لَّمْ نَقْصُصْ عَلَيْكَ) (غافر/78) واتە : وە بە دڵنیایی لە پێش تۆیشدا چەندەها پێغەمبەرانی ترمان ناردووە ، هەیانە چیرۆک و بەسەرهاتیمان بۆت گێڕاوەتەوە (کە کەمیانە) ، وە هەیشە چیرۆک و بەسەرهاتیمان بۆت نەگێڕاوەتەوە(کە زۆربەیانە)

جا واجیب ئەوەیە باوەڕ بە هەموویان بهێنین ، چونکە بانگەوازی هەموویان یەکە ، خوای گەورە دەفەرموێت : (شَرَعَ لَكُم مِّنَ الدِّينِ مَا وَصَّىٰ بِهِ نُوحًا وَالَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ وَمَا وَصَّيْنَا بِهِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَىٰ أَنْ أَقِيمُوا الدِّينَ وَلا تَتَفَرَّقُوا فِيهِ..) (الشوری/13) واتە : خوای گەورە تەشریع و یاسای بۆ ئێوە داناوە لەم دینەدا، وە وەسیەت و ئامۆژگاری بۆ نوح پێغەمبەر (عليه السلام) کردووە بە یەکخواپەرستی وە ئەوەی کە بەوەحی بۆ تۆمان ناردووە، وە ئەوەی کە ئامۆژگاری ئیبراهیم و موسی و عیسامان (علیهم السلام) پێکردووە کە لە تەوحید دا هەموویان یەک بوونە ، ئامۆژگاری بۆ هەر هەموویان ئەوە بووە کە دینی خوای گەورە بڵاو بکەنەوەو جێگیرو دامەزراوی بکەن، بەڵام تەفرەقەو پەرتەوازەیی و پارچە پارچەیی لە دیندا دروست مەکەن).

بۆیە کوفرکردن و باوەڕنەبوون بە یەکێکیان کوفرکردنە بەهەموویان، خوای گەورە دەفەرموێت : (كَذَّبَتْ قَوْمُ نُوحٍ الْمُرْسَلِينَ) (الشعراء/105) واتە : قەومی نوح (عليه السلام) سەرجەم پێغەمبەرانیان بەدرۆ زانی).

هەرچەندە ئەو یەکەم پێغەمبەرە ، بۆیە بۆمان نییە جیاوازی بکەین لە نێوان پێغەمبەرانی خوادا ، وە باوەڕبوون بە هەندێکیان بکەین و باوەڕ بە هەندەکەی تر نەکەین ، هەرکەسێ ئەوەی کرد ئەوا کوفری کردووە ، خوای گەورە دەفەرموێت: (إِنَّ الَّذِينَ يَكْفُرُونَ بِاللَّهِ وَرُسُلِهِ وَيُرِيدُونَ أَن يُفَرِّقُوا بَيْنَ اللَّهِ وَرُسُلِهِ وَيَقُولُونَ نُؤْمِنُ بِبَعْضٍ وَنَكْفُرُ بِبَعْضٍ وَيُرِيدُونَ أَن يَتَّخِذُوا بَيْنَ ذَٰلِكَ سَبِيلا (150) أُولَٰئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ حَقًّا وَأَعْتَدْنَا لِلْكَافِرِينَ عَذَابًا مُّهِينًا (151) وَالَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَرُسُلِهِ وَلَمْ يُفَرِّقُوا بَيْنَ أَحَدٍ مِّنْهُمْ أُولَٰئِكَ سَوْفَ يُؤْتِيهِمْ أُجُورَهُمْ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا) (النساء/150–152) واتە : بە دڵنیایی ئەو کەسانەی کە کوفر ئەکەن بەخوای گەورەو بە پێغەمبەرانی ، وە ئەیانەوێ جیاوازی بخەنە نێوان خواو پێغەمبەرانی بەوەی کە ئەڵێن: ئێمە ئیمانمان بەخوا هەیە بەڵام ئیمان بە پێغەمبەران ناهێنن، یاخود ئەڵێن: ئێمە ئیمان بەهەندێ لە پێغەمبەران دێنین وە کوفریش بە هەندێکیان ئەکەین، وە ئەیانەوێ بە حیسابی خۆیان ڕێگاو دینێکی مام ناوەند بگرنە بەر(150) بەڕاستی کافری ڕاستەقینە و تەواو ئەمانەن ، وە بۆ کافرانیش لەناو ئاگری دۆزەخ سزایەکمان داناوە کە ڕیسواو سەرشۆڕیان ئەکەین(151) وە ئەو کەسانەی کە ئیمانیان بەخواو بە پێغەمبەرانی خوا

هێناوە کە باوەڕدارانن ، وە جیاوازیان نەخستۆتە نێوان هیچ کام لە پێغەمبەران باوەڕیان بە هەر هەموویان هێناوە ، ئەمانە ئەجرو پاداشتی خۆیان وەرئەگرن بەدڵنیایی ، وە خوای گەورە زۆر لێخۆشبوو بەڕەحم و بەزەییە(152).

## سێیەم/ بەڕاستدانان و قەبوڵ کردنی ئەو هەواڵانەی کە لەلایەن خوداوە بە ئێمەیەیان ڕاگەیاندووە :

خوای گەورە دەفەرموێت : (يَا أَيُّهَا النَّاسُ قَدْ جَاءَكُمُ الرَّسُولُ بِالْحَقِّ مِن رَّبِّكُمْ فَآمِنُوا خَيْرًا لَّكُمْ وَإِن تَكْفُرُوا فَإِنَّ لِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَكَانَ اللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا) (النساء/170) واتە : ئەی خەڵکی پێغەمبەرێکتان لەلایەن خوای گەورەوە بۆ هاتووە کە محمدە (ﷺ) حەقەو ڕاستە ، ئیمانی پێ بێنن ئەمە بۆ خۆتان باشترە ، بەڵام ئەگەر کوفری پێ بکەن و لەسەر کوفرتان بەردەوام بن ئیمانی پێ نەهێنن ، ئەوا بە دڵنیایی هەرچی لە ئاسمانەکان و زەوی و نێوانیاندا هەیە هەمووی موڵکی خوای گەورەیە وە خوای گەورە توانای هەیە کە سزاتان بدات وە هیچ لە موڵکی خوا کەم ناکات وە خوای گەورە پێویستی بە ئیمان هێنانی ئێوە نیە ، وە خوای گەورە زۆر زاناو کاربەجێیە).

وە دەفەرموێت : (وَالَّذِي جَاءَ بِالصِّدْقِ وَصَدَّقَ بِهِ أُولَٰئِكَ هُمُ الْمُتَّقُونَ) (الزمر/33) واتە : وە ئەو کەسەی کە ڕاستی و تەوحیدو یەکخواپەرستی هێناوە کە پێغەمبەری خوایە (ﷺ) ، یان جبریلە، یان سەرجەم پێغەمبەرانە ، وە ئەوانەیشی کە بەڕاستیان داناوە، واتە: باوەڕداران، یان وتراوە: مەبەست پێی (ئەبوبەکری صدیق)ە (خوای لێ ڕازی بێت) کە یەکەم کەس بوو ئیمانی هێناوە ، ئا ئەمانە بەڕاستی کەسانێکی موتتەقی و لە خواترس و خۆپارێزن).

وە دەفەرموێت : (وَالنَّجْمِ إِذَا هَوَىٰ (1) مَا ضَلَّ صَاحِبُكُمْ وَمَا غَوَىٰ (2) وَمَا يَنطِقُ عَنِ الْهَوَىٰ (3) إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَىٰ (4) عَلَّمَهُ شَدِيدُ الْقُوَىٰ (5)) (النجم/1– 5) واتە : خوای گەورە سوێند ئەخوات بە ئەستێرە کاتێک کە نزم ئەبێتەوەو لار ئەبێتەوە بۆ ئاوابوون و دیار نەمان لە کاتی بەرەبەیاندا(1) ئەمە وەڵامی سوێند خواردنەکەیە: کە ئەم هاوەڵەی ئێوە کە محمدە (ﷺ) ، گومڕا نەبووە لەبەر نەزانی، وە لە حەق لای نەداوە لەسەر زانیاری، وە قسەی بەتاڵی نەکردووە(2) وە لە هەواو ئارەزووی خۆیەوە قسە ناکات بەڵکو ئەوەی کە دەیڵێ قورئانەو(3) تەنها وەحیەو لەلایەن خوای گەورەوە بە وەحی بۆی هاتووە (4) جبریل فێری کردووەو لەلایەن خوای گەورەوە هاتووەو وەحی بۆ هێناوە کە زۆر بەهێزەو هێزێکی زۆر سەختی هەیە(5)

هەموو ئەو هەواڵانەی دەربارەی پێغەمبەرە پێشووەکان هاتوون ، ئەوانەی خوای گەورە سەلماندوویەتی لە کتێبەکەیدا ، یان ئەوانەی کە پێغەمبەرەکەی (ﷺ) بەڕاستی داناوە لە سوونەتەکەیدا ، واجیبە باوەڕی پێ بهێنرێت ، بەڵام ئەوانەی دەوترێت دەربارەیان کە لە ئیسرائیلییاتدا هەیە ، ئەوا هەروەکو ئەوەی لە باسی باوەڕبوون بە کتێبەکان باس کرا ئاواش هەمان باوەڕمان هەیە ، ئەوانەشی کە بەسەنەد و ڕیوایەت کراون دراونەتە پاڵ پێغەمبەرمان محمد (ﷺ) ، ئەوا فەرموودەناسەکان

لێکۆڵینەوەی تێدا دەکەن ، بۆ زانین دەربارەی دروست و نادروستەکان ، هەر فەرموودەیەک بە ڕاست دانرا واجیبە قبوڵی بکەین و باوەڕی پێ بکەین.

## چوارەم/ گوێڕایەڵی کردنیان و شوێن کەوتنیان و داوەری کردن بۆلایان.

خوای گەورە دەفەرموێت : (وَمَا أَرْسَلْنَا مِن رَّسُولٍ إِلا لِيُطَاعَ بِإِذْنِ اللَّهِ) (النساء/64) واتە : وە ئێمە هیچ پێغەمبەرێکمان نەناردووە ئیللا بۆ ئەوە نەبێ کە بە ئیزنی خوای گەورە گوێڕایەڵی بکرێت)

جا واجیبە لەسەر هەموو ئوممەتێک گوێڕایەڵی ئەو پێغەمبەرە (ﷺ) بکات کە بۆیان نێردراوە و شوێنی بکەون ، کاتێک کە کۆتاییەکەیان محمد (ﷺ) بوو ، شەریعەتەکەی نەسخی هەموو شەریعەتەکانی پێش کردەوە ، گوێڕایەڵی کردن و شوێن کەوتنی فەرزە لەسەر هەموو ئەوانەی کە ناویان بیستووە.

خوای گەورە دەفەرموێت : (الَّذِينَ يَتَّبِعُونَ الرَّسُولَ النَّبِيَّ الأُمِّيَّ الَّذِي يَجِدُونَهُ مَكْتُوبًا عِندَهُمْ فِي التَّوْرَاةِ وَالإِنْجِيلِ يَأْمُرُهُم بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَاهُمْ عَنِ الْمُنكَرِ وَيُحِلُّ لَهُمُ الطَّيِّبَاتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَائِثَ وَيَضَعُ عَنْهُمْ إِصْرَهُمْ وَالأَغْلالَ الَّتِي كَانَتْ عَلَيْهِمْ فَالَّذِينَ آمَنُوا بِهِ وَعَزَّرُوهُ وَنَصَرُوهُ وَاتَّبَعُوا النُّورَ الَّذِي أُنزِلَ مَعَهُ أُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ (157) قُلْ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا الَّذِي لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ لا إِلَهَ إِلا هُوَ يُحْيِي وَيُمِيتُ فَآمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ النَّبِيِّ الأُمِّيِّ الَّذِي يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَكَلِمَاتِهِ وَاتَّبِعُوهُ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ) (الأعراف/157-158) واتە : ئەو کەسانەی کە شوێن ئەو پێغەمبەرە (ﷺ) ئەکەون کە ڕەسول و نەبی بووە نێردراوی خوای گەورە بووە (الأُمِّيَّ) بووە واتە : نەخوێندەوار بووە وە بۆ لای قەومێکی نەخوێندەوار نێردراوە کە عەرەب بوونە ، کە جوولەکەو گاورەکانیش لە لای خۆیان سیفەتی ئەو پێغەمبەرە کە محمدە (ﷺ) ، ئەبینن و نووسراوە ، ئەو پێغەمبەرە (ﷺ) فەرمانیان پێ ئەکات بە هەموو کارێکی چاک، کە چاکترینیان پەرستنی خوای گەورەیە بە تاک و تەنها ، وە قەدەغەو ڕێگریان لێ ئەکات لە هەموو کارێکی خراپ، کە خراپترینیان هاوبەش بڕیاردانە بۆ خوای گەورە ، وە هەموو شتێکی پاک و بەتام و چێژو بەلەزەتیان بۆ حەڵاڵ ئەکات، بەتایبەتی ئەوەی کە بەنو ئیسرائیل کاتی خۆی لە خۆیانیان حەرام کردبوو ، وە هەموو شتێکی پیسیان لێ حەرام ئەکات ، وە ئەو بارە گرانانەی کە خۆیان خستبوویانە سەرشانی خۆیان ئەم هەموو ئەو بارە قورسانەیان لەسەرشان لائەدات ، وەئەو کۆت و زنجیرانەی کە پێیانەوە بوو کە باری قورسیان خستبووە سەرشانی خۆیان بەبێ ئەوەی بەرژەوەندیەکی تیادا بێت ئەم پێغەمبەرە (ﷺ) هەموو ئەو شتانەیان لەسەر لائەدا ، جا ئەو کەسانەی کە ئیمانی پێ بێنن لە بەنی ئیسرائیل وە لە غەیری ئەوانیش وە بەگەورەی بزانن و ڕێزی لێ بگرن و سەری بخەن ، وە شوێن ئەو نوورو ڕووناکیە بکەون کە لەگەڵیدا دابەزیوە کە قورئانی پیرۆزە ، ئا ئەمانە کە ئەم سیفەتانەیان تیا بێت ئەمانە سەرکەوتوو و سەرفرازن لە دونیاو قیامەتدا (157) ئەی محمد (ﷺ) بە خەڵکی بفەرمە: ئەی خەڵکی من پێغەمبەری خوای گەورەم (ﷺ) بۆ لای هەر هەمووتان نێردراوم، ئەو خوایەی کە موڵکی ئاسمانەکان و زەوی هەیە ، هیچ پەرستراوێک بەحەق نیە شایەنی پەرستن بێ تەنها زاتی پیرۆزی الله نەبێ ، تەنها خوای گەورەیە ژیان و مردنی بەدەستەو ئەمانژیەنێ و ئەمانمرێنێ ، ئێوە ئیمان بێنن بە خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی کە محمدە (ﷺ) کە ڕەسول و (نەبی) یە کتابیشی بۆ هاتووە لەلایەن

خوای گەورە وە خوێندەواری نەبووە، پێغەمبەر (ﷺ) نەخوێندەوار بووە، کە ئیمان بەخوای گەورەو وشەکانی خوای گەورە دێنێ هەموو ئەو کتابانەی کە پێشتر بۆ سەر پێغەمبەرانی تر دایبەزاندووە ، وە ئێوە شوێنی ئەو پێغەمبەرە (ﷺ) بکەون ، بەڵکو خوای گەورە هیدایەتتان بدات بۆ ڕێگای راست (158) .

وە دەفەرموێت : (قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ (31) قُلْ أَطِيعُوا اللَّهَ وَالرَّسُولَ فَإِن تَوَلَّوْا فَإِنَّ اللَّهَ لا يُحِبُّ الْكَافِرِينَ) (آل عمران/31 - 32) واتە : ئەی محمد (ﷺ) پێیان بفەرمە: ئەگەر ئێوە ڕاست ئەکەن خوای گەورەتان خۆش ئەوێ ئەوە شوێن من بکەون ئەوە ئەو کاتەش خوای گەورە ئێوەی خۆش ئەوێ وە لە تاوانەکانتان خۆش ئەبێ، کەسانێک بانگەشەی خۆشەویستی خوایان کرد خوای گەورە بەم ئایەتە تاقیکردنەوە، کەواتە هەرکەسێک شوێن پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەکەوێت و بیدعە بکات ئەوە راستگۆ نیە لە خۆشەویستی بۆ خوای گەورە، وە شوێنکەوتنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەڵگەیە لەسەر خۆشەویستی خوای گەورەو هۆکارە بۆ دەستخستنی خۆشەویستی خوای گەورەو لێخۆشبوونی تاوانەکان ، وە خوای گەورە زۆر لێخۆشبوو و بەڕەحم و بەزەییە (31) ئەی محمد (ﷺ) پێیان بفەرمە: گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەری خوا (ﷺ) بکەن ، ئەگەر پشتیان هەڵکرد لە گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوە خوای گەورە کافرانی خۆش ناوێ (32).

وە دەفەرموێت : (فَلا وَرَبِّكَ لا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لا يَجِدُوا فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا) (النساء/65) واتە : ئەی محمد (ﷺ) سوێند بێ بە پەروەردگارت ئیمان ناهێنن تا تۆ نەکەنە حاکم و دادوەر لەو ناکۆکیانەی کە لە نێوانیاندا ڕوو ئەدات ، پاشان کە تۆ بڕیارت دا لە نێوانیاندا نابێ لە نەفس و ناخیشیاندا هیچ پێ ناخۆش بوونێک هەبێ لەو بڕیارەی کە تۆ داوتە، وە ئەبێ لەناخی دڵیاندا پێی ڕازی بن و دڵیان پێی خۆش بێ ، وە خۆیان تەسلیم بکەن بەو بڕیارەی تۆ تەسلیم بوونێکی تەواو بەبێ رەتکردنەوە).

پێنجەم : دۆستایەتی کردن و خۆشەویستییان و ڕێزگرتن لێیان و سەلام کردن لێیان :

خوای گەورە دەفەرموێت: (إِنَّمَا وَلِيُّكُمُ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَالَّذِينَ آمَنُوا الَّذِينَ يُقِيمُونَ الصَّلاةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَهُمْ رَاكِعُونَ (55) وَمَن يَتَوَلَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَالَّذِينَ آمَنُوا فَإِنَّ حِزْبَ اللَّهِ هُمُ الْغَالِبُونَ) (المائدة/55–56) واتە : تەنها و تەنها دۆست و پشتیوان و سەرخەرو خۆشەویستی ئێوە خوای گەورەو پێغەمبەری خواو (ﷺ) باوەڕدارانن ، ئەو کەسانەی کە نوێژ ئەکەن وە زەکاتی ماڵەکانیان ئەدەن، وە ملکەچ و خۆبەکەمزانن لە کاتی نوێژ کردندا، وە لە کاتی زەکات دانیشدا تەکەبور ناکەن بەسەر فەقیرو هەژاراندا بەڵکو خۆیان بەکەم ئەزانن(55) وە هەر کەسێک وەلائو خۆشویستنی بۆ خوای گەورەو بۆ پێغەمبەری خواو (ﷺ) بۆ باوەڕداران هەبێت ، ئەوە حیزب و کۆمەڵی خوای گەورە ئەوان هەمیشە سەرکەوتوو زاڵن بەسەر کافراندا(56)

وە دەفەرموێت : (فَلَمَّا أَحَسَّ عِيسَىٰ مِنْهُمُ الْكُفْرَ قَالَ مَنْ أَنصَارِي إِلَى اللَّهِ قَالَ الْحَوَارِيُّونَ نَحْنُ أَنصَارُ اللَّهِ آمَنَّا بِاللَّهِ وَاشْهَدْ بِأَنَّا مُسْلِمُونَ) (آل عمران/52) واتە : کاتێک کە عیسی (ﷺ) هەستی کرد بەردەوامن

لەسەر کوفرو ئیمانی پێ ناهێنن فەرمووی: کێ پشتیوانی منە لە دەعوەو بانگەواز کردن بۆ گەیاندنی دینی خوا ، حەواری و قوتابی و کەسە تایبەتەکانی خۆی کە دوانزە کەس بوون وتیان: ئێمە پشتیوانی دینی خوای گەورەو پێغەمبەری خوای گەورە (ﷺ) ئەبین بۆ بڵاو کردنەوەکەی دینی خوا ئیمانمان بەخوای گەورە هێناوە وە تۆیش لە ڕۆژی قیامەت شایەتیمان بۆ بدە کە ئێمە موسڵمانین).

وە دەفەرموێت : (قُلْ إِن كَانَ آبَاؤُكُمْ وَأَبْنَاؤُكُمْ وَإِخْوَانُكُمْ وَأَزْوَاجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ وَأَمْوَالٌ اقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَارَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا وَمَسَاكِنُ تَرْضَوْنَهَا أَحَبَّ إِلَيْكُم مِّنَ اللَّهِ وَرَسُولِهِ وَجِهَادٍ فِي سَبِيلِهِ فَتَرَبَّصُوا حَتَّىٰ يَأْتِيَ اللَّهُ بِأَمْرِهِ وَاللَّهُ لا يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ) (التوبة/24) واتە : ئەی محمد (ﷺ) پێیان بڵێ: ئەگەر باوک و منداڵ و براو خێزان و هۆزو عەشیرەتتان ، وە سەروەت و سامانێک کە پەیداتان کردووەو پێکتانەوە ناوە، وە بازرگانیەک کە لەوە ئەترسێن لەناوبچێت، وە ماڵێک کە هەتانەو پێی ڕازین و خۆشتان دەوێت ، ئا ئەمانە خۆشەویستترە لەلاتان لە خوای گەورەو لە پێغەمبەری خواو (ﷺ) لە جیهاد کردن لەپێناو خوای گەورە ، ئەوە چاوەڕێ بن تا فەرمان و سزای خوای گەورە دێت و خوای گەورە سزاتان ئەدات ، وە خوای گەورە هیدایەتی کەسانێک نادات کە فاسق بن).

وە دەفەرموێت : (وَسَلامٌ عَلَى الْمُرْسَلِينَ) (الصافات/181) واتە : وە سڵاوی خوای گەورە لەسەر پێغەمبەران و نێردراوانی خوای گەورە بێت لە دونیاو قیامەتدا).

وە دەربارەی پێغەمبەرکەی (ﷺ) فەرموویەتی : (لِّتُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَتُعَزِّرُوهُ وَتُوَقِّرُوهُ وَتُسَبِّحُوهُ بُكْرَةً وَأَصِيلا) (الفتح/9) واتە : وە تا ئیمان بە خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) بێنن، وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەگەورە بزانن وە ڕێزو ئیحتیرامی بگرن وە سەری بخەن، وە تەسبیحات و زیکری خوای گەورە بکەن بە بەیانیان و بە ئێواران).

خوای گەورە دەفەرموێت : (إِنَّ اللَّهَ وَمَلائِكَتَهُ يُصَلُّونَ عَلَى النَّبِيِّ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا صَلُّوا عَلَيْهِ وَسَلِّمُوا تَسْلِيمًا) (الأحزاب/56) واتە : بە دڵنیایی خوای گەورەو فریشتەکان صەڵاوات لەسەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەدەن، صەڵاوات دانی خوای گەورە دابەزینی ڕەحمەت و سۆزو میهرەبانی و بەرەکەتی خوای گەورەیە، وە مەدح و سەنای خوای گەورەیە لەلای فریشتەکان، وە صەڵاواتی مەلائیکەتیش بریتییە لە داوای لێخۆشبوون ، ئەی باوەڕداران ئێوەش زۆر صەڵاوات لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) بدەن و سەلامی لێ بکەن، (صەڵاوات شێوازی زۆرە بەڵام باشترینیان ئەوەیە کە لە تەحیاتدا دەیخوێنین).

وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت : (لا يؤمن أحدكم حتى أكون أحب إليه من ولده ووالده والناس أجمعين)[51] واتە : هیچ یەکێک لە ئێوە ئیمانی کامل نابێت تاوەکو منی خۆشتر نەوێت لە کوڕەکەی و لە باوکی و لە هەموو خەڵکی .

(51) متفق عليه , أخرجه البخاري برقم (15) ومسلم برقم (44) من حديث أنس.

# باوەڕبوون بە ڕۆژی دوایی

بریتییە لە ئەو بیروباوەڕە چەسپاوە کەوا خوای بەرز و بڵند بەندەکانی دوا دەخات بۆ ئەو ڕۆژەی کە لە گۆڕەکانیانەوە زیندوویان دەکاتەوەو لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکات لەسەر کردەوەکانیان، وە پاداشتیان دەداتەوە، یان بە بەهەشت یان بە دۆزەخ.

خوای گەورە فەرموویەتی: (إِنَّمَا يُؤَخِّرُهُمْ لِيَوْمٍ تَشْخَصُ فِيهِ الأَبْصَارُ) (إبراهيم/42) واتە : بەڵکو خوای گەورە سزایان نادات وە دوای ئەخات بۆ ڕۆژێک کە چاوەکان بەرز ئەبێتەوە وە نانوقێنرێت و ئەبڵەق ئەبێت لە سەختی ئەو دیمەنانەی کە ئەیبینێ لە ڕۆژی قیامەتداو سەرسام ئەبن).

وە دەفەرموێت: (زَعَمَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَن لَّن يُبْعَثُوا قُلْ بَلَىٰ وَرَبِّي لَتُبْعَثُنَّ ثُمَّ لَتُنَبَّؤُنَّ بِمَا عَمِلْتُمْ وَذَٰلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرٌ) (التغابن/7) واتە : کافران بە گومانی خۆیان ئەڵێن: زیندوو بوونەوە نیە ، ئەی محمد (ﷺ) بڵێ: بەڵێ سوێند بێت بە پەروەردگارم بە دڵنیایی ئێوە زیندوو ئەکرێنەوە پاشان هەواڵتان پێ ئەدرێ بەو کردەوانەی کە لە دونیادا کردووتانە وە سزا وەرئەگرن لەسەری ، وە ئەمەیش لای خوای گەورە زۆر ئاسانە کە زیندووتان بکاتەوەو لێپرسینەوەتان لەگەڵدا بکات و سزاتان بدات).

وە دەفەرموێت: (وَيَوْمَ تَقُومُ السَّاعَةُ يَوْمَئِذٍ يَتَفَرَّقُونَ (14) فَأَمَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ فَهُمْ فِي رَوْضَةٍ يُحْبَرُونَ (15) وَأَمَّا الَّذِينَ كَفَرُوا وَكَذَّبُوا بِآيَاتِنَا وَلِقَاءِ الآخِرَةِ فَأُولَٰئِكَ فِي الْعَذَابِ مُحْضَرُونَ) (الروم/14-16) واتە : وە ڕۆژێکیش کە قیامەت هەڵدەسێت لەو ڕۆژەدا خەڵکی لێک جیا ئەبنەوە(14) ئەوانەی کە باوەڕدار بوونە ، وە کردەوەی چاکیان کردووە ، ئەوان لە باخ و باخاتەکانی بەهەشتدا لە نازو نیعمەتدان، یاخود گوێ لە گۆرانی خۆش ئەگرن لە بەهەشتدا(15) بەڵام ئەوانەی کە کافرو بێباوەڕ بوونە بەخوای گەورە ، وە ئایەتەکانی ئێمەیان بەدرۆ زانیوە ، وە باوەڕیان بە زیندوو بوونەوەو گەیشتن بە ڕۆژی دوایی نەبووە ، ئا ئەمانە لەناو سزای ئاگری دۆزەخدا ئامادەن و دەمێننەوە(16).

وە لەو باسانەی کە لە باسی باوەڕ بە ڕۆژی دوایی لە خۆ دەگرێت ، ئەمانەی خوارەوەن :

## یەکەم : باوەڕ بەوەی لە پاش مردن روو دەدەن :

وەکو بینینی فریشتەکان لە کاتی گیان کێشاندا ، وە تاقیکردنەوەی ناو گۆڕ کە بە پرسیار کردنی دوو فریشتەکە لە عەبدەکە دەبێت دەربارەی خواکەی و دینەکەی و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) ، وە عەزابی قەبر یان خۆشی ناو قەبر ، وە هەموو ئەوانەی روو دەدەن لە ژیانی بەرزەخدا ، خوای گەورە دەفەرموێت : (وَلَوْ تَرَىٰ إِذْ يَتَوَفَّى الَّذِينَ كَفَرُوا الْمَلائِكَةُ يَضْرِبُونَ وُجُوهَهُمْ وَأَدْبَارَهُمْ وَذُوقُوا عَذَابَ الْحَرِيقِ) (الأنفال/50) واتە : ئەی محمد (ﷺ) کاتێک ببینی کە مەلائیکەت گیانی کافران ئەکێشێ لە جەنگی بەدر کە ئەیانکوژن لە دەموچاو و سمتیان ئەدەن، کە کافران لە غەزای بەدر روویان لە موسڵمانان بکردایا فریشتە بە شمشێر لە روویان دەدان، وە ئەگەر پشتیان هەڵکردایا لە دوایانەوە لێیان دەدان، یاخود فریشتەی گیانکێشان (ملك الموت) ببینی کە گیانی

کافران ئەکێشێت بە گشتی ئەوا دیمەنێکی زۆر گەورەو سەرسوڕهێنەرو ترسناک ئەبینی کاتێک کە ڕوحی کافران ئەکێشن وە لەو کاتەدا لە دەموچاو و دواوەیان دەدەن، وە پێیان ئەڵێن: بچێژن سزایەکی سووتێنەر کە ئەیانخەنە ناو ئاگری دۆزەخەوە).

وە دەفەرموێت :(إِنَّ الَّذِينَ قَالُوا رَبُّنَا اللَّهُ ثُمَّ اسْتَقَامُوا تَتَنَزَّلُ عَلَيْهِمُ الْمَلائِكَةُ أَلا تَخَافُوا وَلا تَحْزَنُوا وَأَبْشِرُوا بِالْجَنَّةِ الَّتِي كُنتُمْ تُوعَدُونَ) (فصلت/30) واتە : ئەو کەسانەی کە ئەڵێن پەروەردگاری ئێمە تەنها(الله)یە، پاشان ئیستیقامەیان هەیەو جێگیرو چەسپاو و دامەزراون لەسەر یەکخواپەرستی و کردەوەی چاک و جێبەجێ کردنی فەرزەکان ، فریشتەکانی خوای گەورە لە کاتی گیانکێشان و زیندوو بوونەوەو دەرچوون لەگۆڕو چوونە بەهەشت دائەبەزنە سەریان و پێیان ئەڵێن: ئێوە مەترسێن ترستان لەسەر نیە لەمەودوا ئەمین ئەبن ، وە خەفەتیش مەخۆن لەوەی کە لە دونیا بەجێتان هێشتووە لە سەروەت و سامان و منداڵ و خێزان، چونکە خوای گەورە باشترتان پێ ئەبەخشێ ، وە موژدە بێ لێتان بەو بەهەشتەی کە ئێوە بەڵێنتان پێ درابوو).

وە دەفەرموێت : (وَحَاقَ بِآلِ فِرْعَوْنَ سُوءُ الْعَذَابِ (45) النَّارُ يُعْرَضُونَ عَلَيْهَا غُدُوًّا وَعَشِيًّا وَيَوْمَ تَقُومُ السَّاعَةُ أَدْخِلُوا آلَ فِرْعَوْنَ أَشَدَّ الْعَذَابِ) (غافر/45–46) واتە : وە کەسوکار و شوێنکەوتوانی فیرعەونیش تووشی خراپترین سزا بوون لە دونیادا بە نقوم بوون وە لە قیامەتیشدا بە ئاگری دۆزەخ(45) هەموو بەیانیان و ئێوارانێک فیرعەون و دارودەستەو شوێنکەوتوانی بە ئاگر سزا ئەدرێن لەناو گۆڕەکانیاندا ، وە کاتێکیش کە ڕۆژی قیامەت دێت خوای گەورە ئەفەرمووێ: فیرعەون و شوێنکەوتوانی بخەنە ناو سەختترین سزاوە کە سزای ئاگری دۆزەخە، (ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر سزای ناو گۆڕ پێش هاتنی ڕۆژی قیامەت، وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەردەوام لە نوێژەکانیدا پەنای گرتووە بە خوای گەورە لە سزای ناو گۆڕ، وە فەرمانی بە ئێمەیش کردووە بە پەناگرتن بە خوای گەورە لە سزای ناو گۆڕ).

لە (ئەنەس ی کوڕی مالیک)ەوە هاتووە ، کەوا پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی : (إن العبد إذا وُضع في قبره ، وتولَّى عنه أصحابُهُ ، وانه ليسمعُ قرع نعالهم , أتاه ملكان، فيقعدانه ، فيقولان : ما كنتَ تقول في هذا الرجل محمد(ﷺ)؟ فأمَّا المؤمن فيقول : أشهد أنَّه عبدالله و رسولُهُ(ﷺ) ، فيقال له : انظر الى مقعدك من النار ، قد أبدلك الله به مقعداً من الجنة ، فيراهما جميعا ، وأما المنافق والكافر ، فيقالُ له : ما كنت تقول في هذا الرجل ؟ فيقول : لا أدري ، كنت أقول ما يقوله الناس ، فيقالُ : لا دريتَ ولا تليتَ ، ويضرب بمطارق من حديد ضربةً ، فيصيح صيحةً يسمعها من يليه غير الثقلين)[52]

واتە : کاتێ کە مردوو دەخرێتە ناو گۆڕەکەیەوە ، وە هاوەڵانی بە جێیان هێشت ، ئەو گوێبیستی تەقەی نەعلەکانیان دەبێت ، وە دوو فریشتە دێن بۆ لای و دایدەنیشێنن پێی دەڵێن :- ئەو پیاوە (محمد) (ﷺ)

(52) متفق عليه ، أخرجه البخاري برقم (1374) ومسلم برقم (2870) من حديث عائشة

کە لە ناوتاندا رەوانە کرا کێیە (چیت دەربارە دەگوت) ؟ کەسی ئیماندار دەڵێت :- شایەتی دەدەم کە ئەوە بەندە و پێغەمبەری خودایە (ﷺ) ، پێی دەڵێن : تەماشای جێگاکەت بکە لە ئاگردا خوای گەورە بۆی گۆڕیتەوە بە جێگاکەت لە بەهەشتدا ، جا هەردوکیان دەبینێت ، بەڵام کەسی دووڕوو و بێباوەڕ پێی دەڵێن : ئەو پیاوە کە لە ناوتاندا رەوانە کرا کێیە (چیت دەربارە دەگوت) ؟ دەڵێت : نازانم ، ئەوەی خەڵکی دەیگوت منیش هەر ئەوەم دەگوت ، پێی دەڵێن : نە تێگەیشتی و نە بەدوای ئەوەدا گەڕای تێبگەیت، بە چەکوشی ئاسنین لێی دەدرێت بە لێدانێک ، ئەویش بە هاوارێک هاوار دەکات لە هەموو لایەکەوە دەیبیسێت جگە لە مرۆڤ و جنۆکە نەبێت)).

وە لە (ئیبن عەبباس)ەوە دەفەرموێت : پێغەمبەری خوا(ﷺ) بە تەنیشت دوو قەبرەوە تێپەڕی و فەرمووی: (( إنهما ليعذبان وما يعذبان في كبيرٍ ، أما أحدهما ، فكان لا يستتر من البول ، وأمَّا الأخر فكان يمشي بالنميمة)) . ثم أخذ جريدة رطبةً ، فشقها نصفين فغرز في كلِّ قبرٍ واحدةٍ ، قالوا يا رسول الله (ﷺ) لِمَ فعلتَ هذا ؟ قال : لعله يخفَّفُ عنهما ما لم ييْبَسا))[53] واتە :- ئێستا ئەم دوو گۆڕە سزا دەدرێن، وە لەسەر شتێکی گەورەش سزا نادرێن – مەبەستی ئەوەیە کە وازلێهێنانی زۆر گەورە نییە ئەگینا بەڵێ ئەویش گەورەیە وەکو تاوان – پاشان فەرمووی :- جا یەکێکیان خۆی لە میز پاک نەدەکردەوە و ئەویتریان لە کۆشش کردندا بوو بۆ قسە هێنان و بردن ) ئەمجار سەعافێکی تەڕی دارەخورمای هێنا ، کردی بە دوو لەتەوە ، هەر لەتەی چەقاند بە قەبرێکدا ، وتیان : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ ئەم کارەت کرد ؟ فەرمووی : بەڵکو –سزاکە - سووک ببێتەوە لەسەریان تا وشک نەبونەتەوە) .

## دووەم : باوەڕبوون بە قیامەت و نیشانەکانی :

خوای گەورە دەفەرموێت: (اللَّهُ الَّذِي أَنزَلَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ وَالْمِيزَانَ وَمَا يُدْرِيكَ لَعَلَّ السَّاعَةَ قَرِيبٌ (17) يَسْتَعْجِلُ بِهَا الَّذِينَ لا يُؤْمِنُونَ بِهَا وَالَّذِينَ آمَنُوا مُشْفِقُونَ مِنْهَا وَيَعْلَمُونَ أَنَّهَا الْحَقُّ أَلا إِنَّ الَّذِينَ يُمَارُونَ فِي السَّاعَةِ لَفِي ضَلالٍ بَعِيدٍ) (الشورى/17–18) واتە : خوای گەورە ئەو خوایەیە کە ئەم قورئانە پیرۆزەو سەرجەم کتێبەکانی تری بە حەق دابەزاندووە، وە تەرازووی دادپەروەریشی دابەزاندووە تا کەس ستەم لە کەس نەکات ، ئەی محمد (ﷺ) تۆ چوزانی لەوانەیە کاتی هاتنی قیامەت نزیک بێت(17) بەڵام ئەوانەی کە باوەڕیان بە هاتنی قیامەت نیە پەلە ئەکەن لە هاتنی قیامەت وەکو بەدوور زانین و بە درۆ زانین و گاڵتەجاڕی و سووکایەتی پێ کردن ، بەڵام باوەڕدارن لە هاتنی قیامەت ئەترسێن ، وە ئەزانن کە قیامەت حەقەو دێت و گومانی تیادا نیەو خۆیانی بۆ ئامادە دەکەن ، وە بزانن و ئاگادار بن ئەوانەی سەبارەت بە هاتنی ڕۆژی قیامەت بە گومانەوە مشتومڕو دەمەقاڵێ ئەکەن ئەوانە لە گومڕاییەکی زۆر دووردان (18).

---

(53) متفق عليه ، أخرجه البخاري برقم (218) ومسلم برقم (292) .

وە دەفەرموێت: (فَهَلْ يَنظُرُونَ إِلا السَّاعَةَ أَن تَأْتِيَهُم بَغْتَةً فَقَدْ جَاءَ أَشْرَاطُهَا فَأَنَّىٰ لَهُمْ إِذَا جَاءَتْهُمْ ذِكْرَاهُمْ) (محمد/18) واتە : ئایا چاوەڕێی چ شتێکن جگە لە هاتنی قیامەت نەبێ کە لە ناکاودا دێت کە زۆربەی نیشانەکانی هاتووە ، وە کاتێکیش کە قیامەت هات ئەو کاتە یادخستنەوەو تەوبە کردن و ئیمان هێنان سوودیان پێ ناگەیەنێ).

وە لە نیشانەکانی قیامەتی گەورە ، ئەوەیە کە لە فەرموودەیەکدا هاتووە ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت : ((إنها لن تقومَ حتى ترون قبلها عشر آيات)) فذكر : الدخان ، والدجال ، والدابة ، وطلوع الشمس من مغربها ، ونزول عيسى ابن مريم (عليه السلام) ويأجوج ومأجوج ، وثلاثة خسوف : خسف بالمشرقِ ، وخسف بالمغربِ ، وخسف بجزيرة العرب ، وآخر ذلك نارٌ تخرج من اليمن ، تطرد الناس إلى محشرهم))[54] واتە : - قیامەت هەڵناسێت تا لە پێشدا دە نیشانە نەبینن ئەمجار باسی کرد و فەرمووی : - (دوکەڵێک) و (دەجال) و (زیندەوەرێکی سەیر (دابە)) و (هەڵهاتنی ڕۆژ لە ڕۆژئاواوە) و (دابەزینی عیسا ی کوڕی مەریەم (عليه السلام)) و (یەئجوج و مەئجوج) و سێ ڕۆچوون روو دەدات : (ڕۆچوونێک لە ڕۆژهەڵات) و (ڕۆچوونێک لە ڕۆژئاواوە) و (ڕۆچوونێک لە دورگەی عەرەبەوە) وە لە کۆتایی ئەوانە (ئاگرێک لە یەمەنەوە دەردەچێت) خەڵکی رادەماڵێت بەرەو مەحشەر )) .

وە هاتنی قیامەت لەپڕ و زۆر بە پەلە دێت ، خوای گەورە دەفەرموێت : (يَسْأَلُونَكَ عَنِ السَّاعَةِ أَيَّانَ مُرْسَاهَا قُلْ إِنَّمَا عِلْمُهَا عِندَ رَبِّي لا يُجَلِّيهَا لِوَقْتِهَا إِلا هُوَ ثَقُلَتْ فِي السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ لا تَأْتِيكُمْ إِلا بَغْتَةً يَسْأَلُونَكَ كَأَنَّكَ حَفِيٌّ عَنْهَا قُلْ إِنَّمَا عِلْمُهَا عِندَ اللَّهِ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لا يَعْلَمُونَ) (الأعراف/187) واتە : ئەی محمد (ﷺ) قورەیش پرسیاری ڕۆژی قیامەت لە تۆ ئەکەن کەی خوای گەورە جێگیری ئەکات وە ئەیهێنێت و ڕوو ئەدات؟ بڵێ: هاتنی قیامەت کاتەکەی تەنها لای پەروەردگارەو کاتەکەی ئاشکرا ناکات و تەنها خۆی نەبێ کەس نایزانێ ، زانینی کاتی هاتنی قیامەت قورسە لەسەر خەڵکی ئاسمانەکان و زەوی و کەسیان نایزانن نە پێغەمبەرێکی نێردراو، وە نە فریشتەیەکی نزیک لە خوای گەورە، یان هاتنی قیامەت قورسە لەسەر ئاسمانەکان و زەوی ئەوان توانای خۆڕاگرتنیان نیەو هەمووی وێران ئەبێ ، قیامەت نایات ئیلا لە ناکاو و کتوپڕدا نەبێ کاتێک کە ئێوە بێ ئاگان ، ئەی محمد (ﷺ) وا پرسیارت لێ ئەکەن وەک ئەوەی کە تۆ کاتی هاتنی قیامەت بزانی ، تۆ بڵێ: زانیاری کاتی هاتنی ڕۆژی قیامەت تەنها لای خوای گەورەیەو تەنها خۆی ئەیزانێ ، بەڵام زۆربەی زۆری خەڵک نایزانن).

وە دەفەرموێت : (وَمَا أَمْرُ السَّاعَةِ إِلا كَلَمْحِ الْبَصَرِ أَوْ هُوَ أَقْرَبُ) (النحل/77) واتە : وە هاتنی ڕۆژی قیامەتیش وەکو چاو تروکاندنێک وایە ئاوا بەخێرایی دێت یاخود لەویش نزیکترە).

(54) رواه مسلم برقم (2901) من حديث حذيفة .

وە هەستانی قیامەت بە فووکردنی لەهۆش خۆ چوون و بوورانەوە دەبێت ، خوای گەورە دەفەرموێت : (وَنُفِخَ فِي الصُّورِ فَصَعِقَ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَمَن فِي الأَرْضِ إِلا مَن شَاءَ اللَّهُ) (الزمر/68) واتە : وە فوو ئەکرێ بە کەڕەناو شەیپوردا لەلایەن ئیسرافیلەوە کە فوو کردنی یەکەمەو هەرچی لە ئاسمانەکان و زەوی هەیە هەر هەمووی ئەمرێت و تیا ئەچێت ، تەنها ئەوەی کە خوای گەورە ویستی لێ بێت، کە وتراوە: ئیسرافیل خۆیەتی وە دواتر خۆیشی ئەمرێت، یان فریشتەی گیانکێشانە، یان هەڵگرانی عەرشی پیرۆزی خوای گەورەن، یان شەهیدەکانن، یان موسا پێغەمبەرە (ﷺ)).

## سێیەم : باوەڕبوون بە زیندووبوونەوە :

ئەوەش ئەوەیە کە خوای گەورە بەندەکانی لە گۆڕەکانیان دەردەکات و زیندوویان دەکاتەوە ، بە پێی پەتی و بێ ئەوەی پێڵاویان لە پێ بێ ، بەڕووتی ، بێ جلوبەرگ ، بە خەتەنە نەکراوی ، هیچ شتێکیان پێ نیە ، ئەوەش لە دوای ئەوە دێت کە بۆ دووەم جار فوو دەکرێ بە کەڕەنادا ، خوای گەورە دەفەرموێت : (ثُمَّ نُفِخَ فِيهِ أُخْرَىٰ فَإِذَا هُمْ قِيَامٌ يَنظُرُونَ) (الزمر/68) واتە : پاشان دووەمجار فووی پیا ئەکاتەوە خەڵکی هەر هەمووی هەڵئەستن و لە گۆڕەکانیان دەرئەچن وە تەماشا ئەکەن.(نێوانی هەردوو فوو کردنەکە چل ساڵە).

خوای گەورە دەفەرموێت: (وَنُفِخَ فِي الصُّورِ فَإِذَا هُم مِّنَ الأَجْدَاثِ إِلَىٰ رَبِّهِمْ يَنسِلُونَ) (يس/51) واتە : وە دووەم جار کە ئیسرافیل فوو ئەکات بە کەڕەناو شەیپوردا ، ئەوان لەناو گۆڕەکانیانەوە بەرەو لای خوای گەورە بەخێرایی ئەڕۆن).

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت : ((يُحْشَرُ النَّاسُ يَوْمَ القِيَامَةِ حُفَاةً عُرَاةً غُرْلا))[55] واتە : خەڵکی لە ڕۆژی قیامەتدا دەدرێن لەبەر و کۆ دەکرێنەوە بە رووتی و پێ پەتێتی و خەتەنە نەکراوی)

## چوارەم : باوەڕبوون بە ڕووداوە گەورەکانی قیامەت :

خوای گەورە دەفەرموێت: (يَوْمَ يَقُومُ النَّاسُ لِرَبِّ الْعَالَمِينَ) (المطففين/6) واتە : ڕۆژی قیامەت ڕۆژێکە کە خەڵکی هەموویان ڕائەوەستێنرێن لەبەر دەستی پەروەردگاری هەموو جیهاندا بە پێی پەتی و بە ڕووتی و بە خەتەنە نەکراوی) .

ئەوەش بریتییە لە هەستانی خەڵکی بۆ پەروەردگاری جیهانیان هەستانێکی دوور و درێژ لە گۆڕەپانی قیامەتدا ، بانگخواز دەنگی دەیانگاتێ و چاو دەیانبینێت، وە ڕۆژ لێیان نزیک دەبێتەوە ، وە بە عارەقەی خۆیان لەغاو دەکرێن ، وە دەبرینە سەر حەوزەکە و دەفتەری کردارەکان بڵاو دەکرێتەوە و دابەش دەکرێت و تەرازوو دادەنرێت و صیرات دادەمەزرێت ، لە چەند هەڵوێستێکی مەزن و گەورەدا و چەندین حاڵەتی ترسناک .

---

(55) متفق عليه ، أخرجه البخاري برقم (3349) ومسلم برقم (2860) من حديث ابن عباس ، و أخرجه البخاري برقم (6527) ومسلم برقم (2859) من حديث عائشة .

## پێنجەم/ باوەڕبوون بە لێپرسینەوە :

خوای گەورە دەفەرموێت: (إِنَّ إِلَيْنَا إِيَابَهُمْ (25) ثُمَّ إِنَّ عَلَيْنَا حِسَابَهُم) (الغاشية/25– 26) واتە : بە دڵنیایی شوێنی گەڕاندنەوەی ئەمان لە دوای مردن هەر بۆ لای خۆمانەو بۆ لای ئێمە ئەگەڕێنەوەو بۆ لای کەسی تر ناگەڕێنەوە (25) پاشان بە دڵنیایی لێپرسینەوەیشیان لەسەر ئێمەیە خۆمان لێپرسینەوەیان لەگەڵدا ئەکەین لەسەر کردەوەکانیان کە لە دونیادا وەڵامی پێغەمبەرانیان نەداوەتەوەو ئیمانیان نەهێناوەو کردەوەی چاکیان نەکردووە (26).

وە دەفەرمویێت: (فَأَمَّا مَنْ أُوتِيَ كِتَابَهُ بِيَمِينِهِ (7) فَسَوْفَ يُحَاسَبُ حِسَابًا يَسِيرًا) (الانشقاق/8) واتە : ئەو کەسانەی کە لە ڕۆژی قیامەت کتابیان بەدەستی ڕاستیان پێ ئەدرێ کە باوەڕدارانن(7) ئەمانە حسابێکی سووک و ئاسانیان لەگەڵدا ئەکرێ).

هەروەها خوای گەورە دەفەرمویێت: (فَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُ (7) وَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُ) (الزلزلة/7–8) واتە : لەو ڕۆژەدا هەر کەسێک کردەوەی چاکی کردبێ لە دونیادا بە ئەندازەی مسقالە زەڕەیەک واتە: بچووکترین مێرووله یاخود ئەو گەردەی کە ئەبینرێت تەپو تۆزێک لە پەنجەرەیەکەوە دیارە ئەوەش ئەگرێتەوە، جا کەسێک بە ئەندازەی یەکێک لەو گەردانە چاکەو خێری کردبێ ئەوە لە ڕۆژی قیامەتدا ئەجرو پاداشتەکەی وەرئەگرێ(7) وە بە پێچەوانەیشەوە هەر کەسێک ئەگەر بە ئەندازەی مێروولەیەکی بچووک یان گەردێکی بچووک شەڕو خراپە بکات لە ڕۆژی قیامەتدا ئەیبینێتەوە ئەگەر خوای گەورە لێی خۆش نەبێت، ئەگەر لێی خۆشبوو ئەوە هیچ ئەگەر لێی خۆش نەبووبێ ئەوە لە ڕۆژی قیامەتدا خوای گەورە لێپرسینەوەی لەگەڵدا ئەکات(8).

وە دەفەرمویێت: (وَنَضَعُ الْمَوَازِينَ الْقِسْطَ لِيَوْمِ الْقِيَامَةِ فَلا تُظْلَمُ نَفْسٌ شَيْئًا وَإِن كَانَ مِثْقَالَ حَبَّةٍ مِّنْ خَرْدَلٍ أَتَيْنَا بِهَا وَكَفَىٰ بِنَا حَاسِبِينَ) (الأنبياء/47) واتە : وە لە ڕۆژی قیامەتدا تەرازووی دادپەروەری دائەنێین بۆ کێشانی کردەوەکانی مرۆڤ ، وە هیچ کەسێک ستەم و زوڵمی لێ ناکرێت ، وە ئەگەر بە ئەندازەی گەردێکی بچووک لە تۆوی دانەوێڵەیەک بێت ئەوەندە کردەوەی کەمی کردبێ ئەیهێنین و هیچی نافەوتێ و ئامادەی ئەکەین بۆ ئەوەی پاداشت یان سزای بدەینەوە لەسەری ، وە بەسە کە ئێمە حساب و لێپرسینەوە بکەین لەبەر وردەکاریمان کە هیچ شتێکمان لێ ون نابێت و نافەوتێ ).

**وە لێپرسینەوەی دروستکراوەکان دوو جۆرە :**

1- لێپرسینەوەی ئیمانداران :

ئەمەش یان نیشان دانە وە یان موناقەشەیە ، جا لێپرسینەوەی نیشاندان بۆ ئەو کەسانەیە کە پێش وەختە موژدەی خۆشیان پێدراوە لە لایەن خوداوە ئەوانیش بەختەوەرەکانن ، بەڵگەش لەسەر ئەمە فەرموودەکەی (ئیبن عومەر)ە کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((إِنَّ اللهَ يُدْنِي الْمُؤْمِنَ،

فَيَضَعُ عَلَيْهِ كَنَفَهُ وَيَسْتُرُهُ: فَيَقُولُ: أَتَعْرِفُ ذَنْبَ كَذَا أَتَعْرِفُ ذَنْبَ كَذَا فَيَقُولُ: نَعَمْ أَيْ رَبِّ حَتَّى إِذَا قَرَّرَهُ بِذُنوبِهِ، وَرَأَى فِي نَفْسِهِ أَنَّهُ هَلَكَ قَالَ: سَتَرْتُهَا عَلَيْكَ فِي الدُّنْيَا وَأَنَا أَغْفِرُهَا لَكَ الْيَوْمَ فَيُعْطَى كِتَابَ حَسَنَاتِهِ ..))[56] واتە : خوای گەورە بەندەی ئیماندار لە خۆی نزیک دەکاتەوە تا بە داپۆشین و لێبوردنی خۆی دایدەپۆشێت ، پێی دەگوترێت : ئەو تاوانانە دەناسیتەوە ؟ ئەو تاوانانە دەناسیتەوە ؟ ئەویش دەڵێت : بەڵێ ئەی پەروەردگارا .. تاکو دان بە هەموو تاوانەکانی خۆیدا دەنێت ، خۆی وا دەبینێتەوە کەوا بە هەلاکەتدا چوە ، خوای گەورە دەفەرموێت : ئەوە من لە دونیادا بۆم داپۆشیت و ئەمرۆش لێت خۆش دەبم ، ئەمجار دەفتەری چاکەکانی پێ دەدرێت ).

بەڵام لێپرسینەوەی موناقەشە ، ئەمە خاوەن تاوانە گەورەکانە لە یەکتاپەرستان ، لەوانەی خوای گەورە ویستی لێیەتی کە سزایان بدات لەبەر تاوانەکانیان بە ئاگر ، وە دەرئەنجامیان بۆ بەهەشتە ، وە بەڵگەش لەسەر ئەوە فەرموودەکەی دایکە عائیشەیە کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((ليس أحدٌ يحاسبُ يوم القيامة إلا هلك)) فقلت : يا رسول الله (ﷺ) ، أليس قد قال الله تعالى :(فَأَمَّا مَنْ أُوتِيَ كِتَابَهُ بِيَمِينِهِ (7) فَسَوْفَ يُحَاسَبُ حِسَابًا يَسِيرًا) فقال رسول الله (ﷺ) : ((إنما ذلك العرض، وليس أحد يُناقش الحساب يوم القيامة إلا عذب))[57] واتە : هیچ کەسێک نییە لە ڕۆژی قیامەتدا لێپرسینەوەی لە گەڵ بکرێت ئیللا سزا دەدرێت ، عائیشە فەرمووی : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، ئایا خوای گەورە نەیفەرمووە : (فَأَمَّا مَنْ أُوتِيَ كِتَابَهُ بِيَمِينِهِ (7) فَسَوْفَ يُحَاسَبُ حِسَابًا يَسِيرًا) پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ئەوە لێپرسینەوە نییە بەڵکو ئەوە تەنها پیشاندانی نامەی کردەوەکانە ، بەڵام هیچ کەسێک نییە موناقەشەی لێپرسینەوەی لە گەڵدا بکرێت لە ڕۆژی قیامەتدا ئیللا سزا دەدرێت)).

2- لێپرسینەوەی بێباوەڕان :

ئەوانە لێپرسینەوەیان لە گەڵدا ناکرێت وەکو لێپرسینەوەی هاوسەنگ کردن لە نێوان چاکەکان و خراپەکاندا ، چونکە ئەوانە هیچ چاکەیەکیان نییە ، خوای گەورە دەفەرموێت : (وَقَدِمْنَا إِلَىٰ مَا عَمِلُوا مِنْ عَمَلٍ فَجَعَلْنَاهُ هَبَاءً مَّنثُورًا) (الفرقان/23) واتە : وە کافران ئەگەر لە دونیا کردەوەی چاکیان کردبێ لە ڕۆژی قیامەت ئەیهێنین و هەمووی ئەکەین بە تۆزێکی بڵاو و بڵاو ئەبێتەوەو هیچی نامێنێت لەبەر ئەوەی بۆ خوای گەورە نەیان کردووەو پاداشتیان دەست ناکەوێ).

بەڵکو لەسەر کردەوەکانیان ڕادەوستێنرێت و دانیان پێدا دەنێن ، هەروەکو لە فەرموودەکەی پێشووی (ابن عمر)دا هاتووە : بەڵام بێباوەڕ و دووڕووەکان ، ئەوا بانگ دەکرێن لە پێش هەموو دروستکراوەکان و پێان دەگوترێت : (هَٰؤُلَاءِ الَّذِينَ كَذَبُوا عَلَىٰ رَبِّهِمْ أَلَا لَعْنَةُ اللَّهِ عَلَى الظَّالِمِينَ) (هود/18) واتە : ئا ئەمانە بوون کە لە دونیادا درۆیان بۆ خوای گەورە هەڵئەبەست و درۆیان ئەدایە پاڵ خوای گەورە ، دەی

(56) متفق عليه ، أخرجه البخاري برقم (2441) ومسلم برقم (2768) .

(57) متفق عليه ، أخرجه البخاري برقم (6537) ومسلم برقم (2876) .

نەفرەت و لەعنەتی خوای گەورە لە ستەمکاران بێ ئەوانەی کە درۆ بۆ خوای گەورە هەڵئەبەستن و بەناوی خوای گەورەوە قسە ئەکەن و درۆ ئەدەنە پاڵ دینەکەی خوای گەورە)[58] .

## شەشەم : باوەڕبوون بە پاداشت و سزا :

ئەمەش بریتییە لە باوەڕبوون بەوەی کە بەهەشت حەقە و ئاگر حەقە ، جا بەهەشت ئەو ماڵەیە کە خوای گەورە ئامادەی کردووە بۆ بەندە خۆپارێزەکانی ، هەموو جۆرە خۆشییەکی هەست پێکراو و مەعنەوی تێدایە ، کە هەرگیز چاوەکان شتی وایان نەبینیوە و هیچ گوێیەک نەیبیستووە و بە دڵی هیچ کەسێکدا نەهاتووە ، وە ئاگریش بریتییە لەو ماڵەی کە خوای گەورە بۆ سزا دانی بێباوەڕان ئامادەی کردووە ، وە جۆرەها سزای هەستپێکراو و مەعنەوی تێدایە .

خوای گەورە دەفەرموێت: (ثُمَّ أَوْرَثْنَا الْكِتَابَ الَّذِينَ اصْطَفَيْنَا مِنْ عِبَادِنَا فَمِنْهُمْ ظَالِمٌ لِّنَفْسِهِ وَمِنْهُم مُّقْتَصِدٌ وَمِنْهُمْ سَابِقٌ بِالْخَيْرَاتِ بِإِذْنِ اللَّهِ ذَٰلِكَ هُوَ الْفَضْلُ الْكَبِيرُ (32) جَنَّاتُ عَدْنٍ يَدْخُلُونَهَا يُحَلَّوْنَ فِيهَا مِنْ أَسَاوِرَ مِن ذَهَبٍ وَلُؤْلُؤًا وَلِبَاسُهُمْ فِيهَا حَرِيرٌ (33) وَقَالُوا الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي أَذْهَبَ عَنَّا الْحَزَنَ إِنَّ رَبَّنَا لَغَفُورٌ شَكُورٌ (34) الَّذِي أَحَلَّنَا دَارَ الْمُقَامَةِ مِن فَضْلِهِ لا يَمَسُّنَا فِيهَا نَصَبٌ وَلا يَمَسُّنَا فِيهَا لُغُوبٌ (35) وَالَّذِينَ كَفَرُوا لَهُمْ نَارُ جَهَنَّمَ لا يُقْضَىٰ عَلَيْهِمْ فَيَمُوتُوا وَلا يُخَفَّفُ عَنْهُم مِّنْ عَذَابِهَا كَذَٰلِكَ نَجْزِي كُلَّ كَفُورٍ (36) وَهُمْ يَصْطَرِخُونَ فِيهَا رَبَّنَا أَخْرِجْنَا نَعْمَلْ صَالِحًا غَيْرَ الَّذِي كُنَّا نَعْمَلُ أَوَلَمْ نُعَمِّرْكُم مَّا يَتَذَكَّرُ فِيهِ مَن تَذَكَّرَ وَجَاءَكُمُ النَّذِيرُ فَذُوقُوا فَمَا لِلظَّالِمِينَ مِن نَّصِيرٍ) (فاطر/32-37) واتە : پاشان هەندێک لە بەندەکانی خۆمان هەڵبژاردووەو ئەیانکەین بە میراتگری ئەم قورئانە پیرۆزە کە زانایانی ئوممەتی پێغەمبەری خوان (ﷺ) لەناو ئوممەتی پێغەمبەریش (ﷺ) هەیە زوڵم لە خۆی ئەکات ئەوانەن کە یەکخواپەرستن بەڵام تاوانی گەورە ئەنجام ئەدەن ، وە هەشیانە مام ناوەندە تەنها واجبات جێبەجێ ئەکات و خۆی لە حەرام ئەپارێزێ ، بەڵام واز لە هەندێ لە سوننەتەکان دێنێت و هەندێ شتی مەکروهیش ئەنجام دەدات ، وە هەیشیانە بۆ هەموو خێرو چاکەیەک پێشبڕکێ ئەکات و واجب و سوننەتەکانیش جێبەجێ دەکات، وە خۆی لە حەرام و مەکروهیش ئەپارێزێ، ئەمانە بەبێ لێپرسینەوە دەخرێنە بەهەشتەوە ، بە ئیزنی خوای گەورە ، ئا ئەمە فەزڵی یەکجار گەورەی خوای گەورەیە کەسێک کە لە پێشەنگ دابێ لە کردەوەی چاکدا(32) خوای گەورە بۆ ئەمانەی کە پێشەنگن بەهەشتێکی داناوە کە شوێنی مانەوەی هەمیشەیی یە کە ئەچنە ناوی ، وە بازنی زێڕو ئاڵتوون وجۆرەها مرواری و خشڵی تر ئەکرێتە دەستیان ، وە پۆشاکیشیان لە بەهەشتدا ئاوریشمە(33) وە بەهەشتیان ئەڵێن: حەمدو سەناو ستایش بۆ خوای گەورە کە غەم و خەفەتی دونیاو قیامەتی لەسەر لابردین ، بە دڵنیایی پەروەردگارمان زۆر لێخۆشبووە بە تاوانەکانمان، وە زۆر شوکرانەبژێرە بە کردەوەی کەممان (34) کە ئێمەی خستە ناو ئەم شوێنە کە شوێنی مانەوەی هەمیشەییە بە فەزڵ و چاکەی خۆی کە کردەوە چاکەکانمان بەرامبەر ئەم بەهەشتە نەبوو ، کەلە بەهەشتدا لاشەو ڕوحیشمان تووشی هیلاکی و ماندوویەتی و ناڕەحەتی نابێت(35) وە ئەوانەیشی

(58) متفق عليه ، أخرجه البخاري برقم (2441) ومسلم برقم (2768) .

کە کافر بوونە ئاگری دۆزەخیان بۆ هەیە ، نە ئەوەتا لەناو دۆزەخدا بمرن و پشوو بدەن لە سزا ، وە سزاشیان لەسەر سووک ناکرێ بەڵکو بە هەمیشەیی لەناو سزادا دەبن ، بەم شێوازە سزای هەموو ئەو کەسانە ئەدەینەوە کە زۆر کافر بوونە(36) ئەوان لەناو ئاگری دۆزەخدا هاوار ئەکەن و ئەڵێن: ئەی پەروەردگار دەرمان بکە لەم ئاگری دۆزەخەو بمانگەڕێنەوە بۆ دونیا تا کردەوەی چاک بکەین جگە لەو کردەوە خراپانەی کە کردوومانە لە هاوبەشبڕیاردان و تاوان ، بۆیە پێیان ئەفەرمووێ: ئایا ئەوەندە تەمەنمان درێژ نەکردن کە مەبەستتان بوایە دەتانتوانی یادی خوای گەورە بکەنەوەو سودمەند بن لە حەق ، وە ئاگادارکەرەوەو ترسێنەریشتان بۆ هات کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بووە ، یاخود وتراوە: مووی سپی و سەرو ڕیش سپێتی بووە ، دەی بچێژن سزای ئاگری دۆزەخ، وە ئەم ستەمکارانە کە شەریکیان بۆ خوای گەورە داناوە هیچ کەسێک نیە کە پشتیوانیان بێت وە ڕزگاریان بکات لە سزای خوای گەورە(37) .

# باوەڕبوون بە قەدەر

بریتییە لە باوەڕێکی چەسپاو و بتەو و یەکلاکەرەوە کەوا خوای گەورە تەقدیری مەقادیری دروستکراوەکانی کردووە بە زانستە ئەزەلیەکەی خۆی ، وە لە (اللوح المحفوظ)دا نوسراوە ، وە بە پێی ویست و مەشیئەتی خۆی بەجێی هێناوەو رایی کردووە ، وە بە توانای خۆی هێناویەتیە بوون ، خوای گەورە دەفەرموێـت : (إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ) (القمر/49) واتە : ئێمە هەموو شتێکمان بە قەدەر دروست کردووەو هەموو شتێک بڕاوەتەوەو بڕیارمان لەسەر داوە)

وە دەفەرموێت : (وَخَلَقَ كُلَّ شَيْءٍ فَقَدَّرَهُ تَقْدِيرًا) (الفرقان/2) واتە : وە هەموو شتێکی دروست کردووە لەم بوونەوەرە وە بە حیکمەتی خۆیشی تەقدیری هەموو شتێکی کردووەو ئەندازەی بۆ داناوەو کاتی بۆ دیاری کردووە).

وە لەو باسانەی کە باسی باوەڕ بە قەدەر لە خۆی دەگرێت ، ئەمانەن :

## یەکەم : باوەڕ بە زانست و زانیاری خوای گەورە :

ئەزلی و ئەبەدی ، دەورەی هەموو شتێکی داوە بە گشتی و بە درێژی و وردەکاری ، ئەوەی پەیوەستە بە کردارەکانییەوە ، هەر لە تەقدیری ئەجەلەکان و ریزق و رۆزییەکان یان ئەوەی پەیوەستە بەکرداری بەندەکانەوە ، لە گوێڕایەڵی و سەرپێچی ، خوای گەورە دەفەرموێت :(وَهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ) (البقرة/29) واتە : وە خوای گەورە زۆر زانایە بە هەموو شتێک). وە دەفەرموێت: (ذَٰلِكَ تَقْدِيرُ الْعَزِيزِ الْعَلِيمِ) (الأنعام/96) واتە : ئەم تەقدیرو ڕێکخستنە جوانە هی خوایەکە کە زۆر بەعیززەت و باڵادەست و زانایە).

جا خوای گەورە بە زانستی خۆی زانیویەتی کێ گوێڕایەڵی دەبێت ، وە کێ سەرپێچی دەکەن ، هەروەکو چۆن دەزانێت کێ تەمەن دەکات لە بە تەمەنەکان و کێ لە تەمەنی کەم دەکات .

## دووەم : باوەڕ بە نوسینی هەموو مەقادیرەکان لە (اللوح المحفوظ) دا لە لایەنی خوای گەورەوە :

خوای گەورە دەفەرموێت: (مَا أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ فِي الأَرْضِ وَلا فِي أَنفُسِكُمْ إِلا فِي كِتَابٍ مِّن قَبْلِ أَن نَّبْرَأَهَا إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرٌ) (الحديد/22) واتە : هیچ بەڵاو موسیبەتێک لە بێ بارانی و وشکەساڵی و لاوازی و کەموکوڕی تووشتان نابێ لەسەر زەویدا یان لە نەفسی خۆتاندا بە نەخۆشی و گرانی و نەبوونی و مردن ئیللا ئەمانە هەمووی لە (اللوح المحفوظ)دا نووسراوەتەوە پێش ئەوەی کە دروستکراوەکان دروست بکەین، یان پێش ئەوەی ئەو موسیبەتە بێت وە بەڕاستی ئەم شتە لای خوای گەورە زۆر ئاسانە کە زانیاری بە هەموو ئەو شتانە هەبێت و نووسیبێتی و لە (اللوح المحفوظ) دا جێگیری کردبێ).

وە دەفەرموێت: (عَالِمِ الْغَيْبِ لا يَعْزُبُ عَنْهُ مِثْقَالُ ذَرَّةٍ فِي السَّمَاوَاتِ وَلا فِي الأَرْضِ وَلا أَصْغَرُ مِن ذَٰلِكَ وَلا أَكْبَرُ إِلا فِي كِتَابٍ مُّبِينٍ) (سبأ/3) واتە : خوای گەورە زانای نهێنیەکانە و هیچ شتێک لە خوای گەورە ناشاردرێتەوە ئەگەر بە ئەندازەی مێروولەیەکی وردی بچووکیش بێت، یان بە ئەندازەی مسقالی گەردێک بێت لە ئاسمانەکان بێت یان لە زەوی بێ ئیللا خوای گەورە زانیاری پێی هەیە ، یان لەمە بچووکتر بێ یان گەورەتر بێت ، ئیللا هەمووی لە کتابێکی ئاشکرا جێگیر کراوەو نووسراوە کە (اللوح المحفوظ)ە).

وە لە (عبدالله بن عمرو بن العاص)ەوە هاتووە و دەڵێت : گوێم لێبوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو : ((كتب الله مقادير الخلائق قبل أن يخلق السماوات والأرض بخمسين ألف سنةٍ ، قال : وعرشه على الماء))[59] واتە : خوای گەورە مەقادیری هەموو دروستکراوەکانی نوسیوە پێش ئەوەی ئاسمانەکان و زەوی دروست بکات بە پەنجا هەزار ساڵ ، وە فەرمووی : وە عەرشی لەسەر ئاو بوو)).

لە (عبادة بن الصامت)ەوە هاتووە و دەڵێت : گوێم لێبوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو : ((إنَّ أول ما خلق الله تعالى القلم , فقال له : اكتبْ ، فقال : ربِّ ! وماذا اكتب؟ قال : اكتب مقادير كل شئ حتى تقوم الساعة))[60] واتە : یەکەمجار خوای گەورە قەڵەمی دروست کرد پێی فەرموو : بنووسە ، وتی : پەروەردگارا ! چی بنووسم ؟ فەرمووی : مەقادیری هەموو شتێک بنووسە تاکو ڕۆژی قیامەت)) .

خوای گەورە زانست و نوسینی لە ئایەتێکدا کۆکردووەتەوە و دەفەرموێت : (أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِي السَّمَاءِ وَالأَرْضِ إِنَّ ذَٰلِكَ فِي كِتَابٍ إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرٌ) (الحج/70) واتە : ئایا نازانی کە هەرچی لە ئاسمانەکان و زەوی هەیە خوای گەورە زانیاری بە هەمووی هەیە ، وە هەموو ئەم شتانە لە کتابێکدا لای خوای گەورە نووسراوە کە (اللوح المحفوظ)ە ، ئەم شتەش کە خوای گەورە زانیاری بە هەموو شت هەیە لە زەوی و ئاسمان بە دڵنیایی لای خوای گەورە شتێکی زۆر ئاسانە).

## سێیەم : باوەڕ بە ویست و مەشیئەتی تێپەڕی خوای گەورە :

ئەوەی خوای گەورە ویستی لەسەر بێت دەبێت و ئەوەی ویستی لەسەر نەبێت نابێت ، هیچ ڕێگرێک نییە لەوەی ببەخشێت و هیچ بەخشەرێک نییە لەوەی بیگرێتەوە ، وە ئەوەی ئەو قەزای بکات هیچ کەسێک ناتوانێت ڕەددی بکاتەوە ، وە لە موڵکەکەیدا هیچ شتێک ڕوو نادات ئیللا ئەوە نەبێت کە دەیەوێت ، هیدایەتی هەرکەسێک بدات بە فەزڵی خۆی دەیدات ، وە هەرکەسێک گومڕا بکات بە دادپەروەری خۆی گومڕای دەکات ، هیچ کەسێک نییە بەرپەرچی حوکمەکانی بداتەوە یان تێبینی هەبێت بەرانبەریان .

(59) رواه مسلم برقم (2653) .

(60) أخرجه أبو داود برقم (4700) والترمذي برقم (2155).

خـوای گـەورە دەفەرموێـت : (وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ مَا اقْتَتَلَ الَّذِينَ مِن بَعْدِهِم مِّن بَعْدِ مَا جَاءَتْهُمُ الْبَيِّنَاتُ وَلَٰكِنِ اخْتَلَفُوا فَمِنْهُم مَّنْ آمَنَ وَمِنْهُم مَّن كَفَرَ وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ مَا اقْتَتَلُوا وَلَٰكِنَّ اللَّهَ يَفْعَلُ مَا يُرِيدُ) (البقرة/253) واتـە : ئەگـەر خـوای گـەورە ویسـتی لـێ بوایـە خەڵکـی لـە دوای ناردنـی پێغەمبـەران کوشـتاری یەکتریـان نەئەکـرد ، بەتایبەتـی لـەدوای ئـەوەی کـە بەڵگـەی ڕوون و ئاشـکرایان بـۆ هـات ، بـەڵام ئیختیـلاف و جیـاوازی کەوتـە نێوانیانـەوە ، هەیـان بـوو ئیمانـی هێنـا بـە پێغەمبـەران و شـوێن پێغەمبـەران کـەوت وە هەیـان بـوو کوفـری کـرد ، ئەگـەر خـوای گـەورە ویسـتی لـێ بوایـە ئـەوان کوشـتاری یەکتریـان نەئەکـرد ، بـەڵام خـوای گـەورە ویسـتی لـە هـەر شـتێک بـێ ئەیـکات کـەس نیـە ویسـتی خـوای گـەورە بگەڕێنێتـەوە).

وە دەفەرموێت : (لِمَن شَاءَ مِنكُمْ أَن يَسْتَقِيمَ (28) وَمَا تَشَاءُونَ إِلا أَن يَشَاءَ اللَّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ) (التكوير/28-29) واتە : بۆ هەر کەسێک لە ئێوە کە ویستی هیدایەت و دامەزراوی و جێگیری هەبێت(28) بەڵام ئێوە هیچ ویستێکتان نیە مەگەر خوای گەورە پەروەردگاری هەموو جیهان ویستی لێ بێت، وە ویستی ئێوە تابیعە بۆ ویستی خوای گەورە)

## چوارەم : باوەڕ بەوەی خوای گەورە هەموو بونەوەرەکانی دروست کردووە و هێناویەتییە بوون :

جا خوای گەورە دروستکارە ، وە جگە لە ئەو دروستکراوە ، وە هەموو شتەکان ، زات و صیفات و جوڵەیان دروستکراون ، داهێنراون ، وە خوای گەورەش دروستی کردوون و هیناویەتییە بوون ، خوای گەورە دەفەرموێت : (اللَّهُ خَالِقُ كُلِّ شَيْءٍ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ وَكِيلٌ) (الزمر/62) واتە : خوای گەورە دروستکاری هەموو شتێکە ، وە خوای گەورە تواناو دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیەو خۆی ئەم بوونەوەرە بەڕێوە دەبات و هەڵسوکەوتی تێدا دەکات).

وە دەفەرموێت: (وَاللَّهُ خَلَقَكُمْ وَمَا تَعْمَلُونَ) (الصافات/96) واتە : لە کاتێکدا خوای گەورە ئێوەو کردەوەکانیشی دروست کردوون، لەبەر ئەوەی هەر خوای گەورە دروستکارە).

جا کردەوەی بەندەکان هەمووی دروستکراوی خوان ، بەڵام کەسبی دەستی خۆیانە ، خوای گەورە دەفەرموێت : (لَهَا مَا كَسَبَتْ وَعَلَيْهَا مَا اكْتَسَبَتْ) (البقرة/286) واتە : هەر کەسێک هەر کردەوەیەک بکات لە چاکە ئەوە ئەجرو پاداشتی خۆی دەست ئەکەوێ وە هەر تاوانێکیش بکات لە خراپە بەهەمان شێوە سزای خۆی وەرئەگرێت).

## پێنجەم : باوەڕ بەوەی کەوا هیچ پەیوەست بوونێک نییە لە نێوان ویست و خۆشەویستنیدا :

ڕەنگە ویستی لەسەر شتێک بێت بەڵام خۆشی نەوێت ، وە ڕەنگە شتێکی خۆش بوێت بەڵام ویستی لەسەر نەبێت ، لەبەر حیکمەتێکی خۆی کە دەیباتە سەر و جێ بە جێی دەکات ، وە لەبەر مەبەستێکی مەحکەم ، خوای گەورە دەفەرموێت : (وَلَوْ شِئْنَا لَآتَيْنَا كُلَّ نَفْسٍ هُدَاهَا وَلَٰكِنْ حَقَّ الْقَوْلُ مِنِّي لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنَ الْجِنَّةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ) (السجدة/13) واتە : ئەگەر ئێمە ویستمان لێ بوایە هەموو کەسێکمان

هیدایەت ئەدا بۆ ڕێگای ڕاست وە هیچ کافرێک لەسەر زەوی نەئەبوو ، بەڵام وتەی من جێبەجێ بووە وە بڕیاری خۆم داوە ، ئەبێ دۆزەخ لە کافرانی جنی و مرۆڤەکان پڕ بکەم).

وە دەفەرموێت: (إِن تَكْفُرُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَنِيٌّ عَنكُمْ وَلا يَرْضَىٰ لِعِبَادِهِ الْكُفْرَ وَإِن تَشْكُرُوا يَرْضَهُ لَكُمْ) (الزمر/7) واتە : ئەگەر ئێوە کوفر بکەن بە سەرەتاو کۆتایی و جن و مرۆڤەوە ئەوا بەڕاستی خوای گەورە زۆر دەوڵەمەندو بێ پێویستەو پێویستی بە عیبادەت کردنی ئێوە نیەو هیچ لە موڵکی خوای گەورە کەم ناکات، بەڵام وە ڕازی نابێ بەندەکانی کە کوفر بکەن و پێی خۆش نیەو فەرمانی پێ ناکات ، بەڵام ئەگەر شوکرانەبژێری خوای گەورە بکەن ئەوە خوای گەورە بەوە ڕازیەو ڕازی ئەبێ لێتان، بەڵام هیچ لە موڵکی خوای گەورە زیاد ناکات).

## شەشەم : باوەڕ بەوەی کەوا هیچ دژ بە یەکێک نییە لە نێوان شەرع و قەدەردا :

خوای گەورە دەفەرموێت : (إِنَّ سَعْيَكُمْ لَشَتَّىٰ (4) فَأَمَّا مَن أَعْطَىٰ وَاتَّقَىٰ (5) وَصَدَّقَ بِالْحُسْنَىٰ (6) فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْيُسْرَىٰ (7) وَأَمَّا مَن بَخِلَ وَاسْتَغْنَىٰ (8) وَكَذَّبَ بِالْحُسْنَىٰ (9) فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْعُسْرَىٰ (10)) (اللیل/4–10) واتە : ئەو کردەوانەی کە ئەیکەن دژ بەیەک و پێچەوانەن و هەموو خەڵکی یەک شێواز نیە(4) کەسێک ئەو ماڵەی کە هەیەتی لە پێناو خوای گەورەدا ببەخشێ وە تەقوای خوای گەورە بکات وە خۆی لە حەرام و سەرپێچی و تاوان بپارێزێ (5) وە باوەڕی بە پاداشتی خوای گەورە هەبێ کە ئەم کاتێک کە ئەبەخشێ خوای گەورە ئەجرو پاداشتی ئەداتەوە، یاخود باوەڕی بەوە هەبێ کە خوای گەورە جێگای بۆ پڕ ئەکاتەوە، یاخود باوەڕی بە (لَا إِلَهَ إِلا اللَّهُ) هەبێ، یان باوەڕی بەو نیعمەتانە هەبێ کە خوای گەورە پێی بەخشیووە، یاخود باوەڕی بە بەهەشت هەبێ، ئەو تەفسیرانەی بۆ کراوە(6) ئەوە ئێمەیش کاری چاکەو خێری بۆ ئاسان ئەکەین(7) بەڵام کەسێک کە ڕەزیل و چرووک بێ وە خۆی بە بێ پێویست بزانێ لە خوای گەورەو ئەجرو پاداشتەکەی(8) وە باوەڕی بەوە نەبێ کاتێک ئەم ببەخشێ خوای گەورە جێگای بۆ پڕ دەکاتەوە، یاخود خوای گەورە ئەجرو پاداشتی دەداتەوە، یان خوای گەورە بەهەشتی پێ دەبەخشێ(9) ئەمە بە پێچەوانەی ئەوەی ترەوە کاری دۆزەخی بۆ ئاسان ئەکەین(10)

ئەوەش چونکە شەرع کتێبێکی کراوەیە ، وە قەدەریش غەیبێکی شاراوە و نادیارە ، جا خوای گەورە تەقدیری مەقادیری بەندەکانی کردووە ، وە ئەویشی لێیان شاردووەتەوە و فەرمانی پێ کردوون و نەهی لێ کردوون و ئامادەی کردوون و کۆمەکی کردوون ، بۆ ئەوەی ئامادە بن بۆ جێ بە جێ کردنی فەرمانەکانی و دوور کەوتنەوە لە نەهیکراوەکانی ، وە بیانووی بۆ هیناونەتەوە کە ڕێگرێک هاتە ڕێگایان لە ڕێگرییەکانی تەکلیف ، جا بۆیە هیچ کەسێک حوججە و بیانووی نییە بۆ ئەنجامدانی سەرپێچی و وازهێنان لە گوێڕایەڵی و بە بیانووی ئەو قەدەرەی باسکرا ، خوای گەورە دەفەرموێت : (سَيَقُولُ الَّذِينَ أَشْرَكُوا لَوْ شَاءَ اللَّهُ مَا أَشْرَكْنَا وَلا آبَاؤُنَا وَلا حَرَّمْنَا مِن شَيْءٍ كَذَٰلِكَ كَذَّبَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ حَتَّىٰ ذَاقُوا بَأْسَنَا قُلْ هَلْ عِندَكُم مِّنْ عِلْمٍ فَتُخْرِجُوهُ لَنَا إِن تَتَّبِعُونَ إِلا الظَّنَّ وَإِنْ أَنتُمْ إِلا تَخْرُصُون (148)

قُلْ فَلِلَّهِ الْحُجَّةُ الْبَالِغَةُ فَلَوْ شَاءَ لَهَدَاكُمْ أَجْمَعِينَ) (الأنعام/ 149-148) واتە : موشریکان ئەیانووت: ئەگەر خوای گەورە ویستی لێ بوایە نە ئێمەو نە باوک و باپیرانیشمان شەریکمان بۆ خوا دانەئەنا ، وە هیچ شتێکیشمان لەسەر خۆمان حەرام نەئەکرد هەموو ئەو خراپانەی کە ئەیان کرد دایانە پاڵ خوای گەورە ، بەم شێوازە موشریکانی پێش ئەمانیش ئاوا درۆیان ئەکردو درۆیان ئەدایە پاڵ خواو پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، تا سزای ئێمەیان چەشت تا خوای گەورە سزای بۆیان دابەزاند ، ئەی محمد (ﷺ) پێیان بڵێ: ئایا هیچ زانیاریەکتان هەیە تا بۆمانی دەرکەن و ئاشکرای بکەن لەسەر ئەم شتانەو خوای گەورە رازیە بەم کارانەی ئێوە ،ئێوە هیچ زانیاریەکتان نیەو تەنها شوێنی گومان و خەیاڵ کەوتوونە ، وە تەنها وەهم و گومان و درۆو خەملاندێکە خۆتان داتاشیووە(148) ئەی محمد (ﷺ) پێیان بڵێ: حوجەو بەڵگەی یەکلاکەرەوە لای خوای گەورەیە کە بەسەرتاندا جێگیری کردووە، بۆیە هیچ کەسێک بەڵگەو بیانوی نیە لە کوفرو تاوانکردندا ، ئەگەر ویستی لێ بوایە هیدایەتی هەمووتانی ئەدا بەڵام خۆتان ڕێگای هیدایەت ناگرنە بەرو لێی لائەدەن(149) .

جا لەسەرەتاوە بانگەشەکەیانی بە درۆ خستەوە و ، پاشان سزای خوایان چەشت ، جا ئەگەر قەدەر حوججە و بیانوو بوایەت بۆیان ئەوا سزای خوایان نەدەچەشت ، وە ساختەیی بانگەشەکەی دەرخست و ئاشکرای کرد ، سێیەم : ئەوان تەماشای کیتابەکەی خۆیانیان نەکردووە و کارەکەیان لە زانستەوە سەرچاوە نەگرتووە تا ئەم قسەیە بکەن و ئەوە ببێتە حوججەیەک بۆیان ، بەڵکو ئەوە لەسەر گومان و قسە هەڵبەستن بنیات نراوە ، نەک لەسەر هیچ شتێکی تر ، کەوابوو حوججە و بەڵگە بە هێزەکە بۆ خوای گەورە بوو .

**جا لە باس و بابەتی قەدەردا دوو تاقم گومڕا بوون :**

یەکەمیان : قەدەرییەی نوفات :

ئەوانەن کە زیادەڕەوییان کرد لە سەلماندنی کرداری بەندەکاندا و ئینکاریان کرد لەو قەدەرەی لە پێشدا باسکرا ، ئەوانیش دوو پلەن :

1- زیادە ڕەوەکان : ئەوانیش یەکەمەکانیانن ، ئەوانەی لە کۆتایی سەردەمی هاوەڵاندا پەیدا بوون ، وە باوەڕیان بوو کەوا هەموو کارەکان نوێ و تازەن ، جا لەو کاتەدا هاوەڵان ڕەددی ئەوانیان دایەوە ، وەکو ئیبن عەبباس و ئیبن عومەر ، وە ئەوانە ئینکاریان کرد لە زانست و نوسین و ویست و دروست کردن .

2- مقتصدون (نێوەندەکان) : ئەوانیش بریتین لە موعتەزیلە ، ئەوانەی کە زانست و نوسینیان سەلماند بەڵام ئینکاریان لە ویست و دروستکردن کردووە ، وە باوەڕیان وایە کە بەندەکان خۆیان کاری خۆیان دروست دەکەن .

**دووەم : جەبرییەکان :**

ئەوانەن کە زیادەڕەوییان کرد لە سەلماندنی کرداری پەروەردگاردا ، تاوەکو کار گەیشتە ئەوەی هەموو ویست و توانایەکیان لە بەندە داماڵی ، وایان لێکرد کەوا کردەوەی بەندەکانیان وەکو ناچاری تەماشا کرد هەروەکو جوڵەی ئەو کەسەی دەلەرزێت ، وە نەفی حیکمەت و هۆکاریان لە کارەکانی خوادا کرد ، ئەوانیش دوو پلەن :

1- زیادەڕەوەکان : ئەوانەش زەندیقە صوفییەکانن، ئەوانەی کە بانگەشەی بینینی حەقیقەتی گەردوونی دەکەن ، وە ڕێگا بە خۆیان دەدەن هەموو کارێک بکەن ، بە بانگەشەی ئەوەی لە گەڵ قەدەردا دەگونجێت و کۆکە ، وە یەکێ لە شاعیرەکانیان دەڵێت :

أصبحت منفعلاً لما تختاره     مني ففعلي كله طاعات [61]

2- مقتصدون (نێوەندەکان) : ئەوانیش ئەشعەرییەکانن ، ئەوانەی باوەڕیان بە بیردۆزەی (الكسب) هەیە ، وە توانای بەندە دەسەلمێنن بە بێ کاریگەری!

وە هەردوو تاقمەکە وەڵام دراونەتەوە بە شەرع و بە عەقڵ :

1- ئەوانەی ئینکاری هەر چوار پلەکەی قەدەر دەکەن – زانست و نوسین و ویست و دروستکردن – کە لە پێشدا باسکرا : ئەو دەقانەی وەڵامیان دەداتەوە کە بە راشکاوی دەیسەلمێنن ، وە واقیعیش دەلالەتی بۆ دەکات کەوا هەندێ جار کەسێک دەیەوێت شتێک بکات بەڵام شتێک دەبێتە ڕێگر و نایکات .

2- وە جەبرییەکان کە زیادەڕەوییان کردووە لە سەلماندنی قەدەردا ، ئەو دەقانە وەڵامیان دەداتەوە کە دەلالەت دەکات لەسەر سەلماندنی ئیرادە و کار و ویستی بەندەکان ، وە واقیعیش دەلالەت دەکات لەسەر ئەوەی کەوا مرۆڤ دەتوانێت جیاوازی بکات لەسەر ئەو کردەوانەی بە ویستی خۆی دەیکات و ئەوانەی ناچارە بۆ ئەنجامدانی .

هەروەها دەقە شەرعییەکان زۆرن لەسەر سەلماندنی حیکمەت و هۆکار بۆ کردارەکانی خوای گەورە .

(61) أنظر: الفرقان بين أولياء الرحمن وأولياء الشيطان ص (237) .

# قورئان

قورئان قسه وکەلامی خوایە ، خوای گەورە دەفەرموێت : (وَإِنْ أَحَدٌ مِّنَ الْمُشْرِكِينَ اسْتَجَارَكَ فَأَجِرْهُ حَتَّىٰ يَسْمَعَ كَلَامَ اللَّهِ ثُمَّ أَبْلِغْهُ مَأْمَنَهُ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَّا يَعْلَمُونَ) (التوبة/6) واتە : ئەی محمد (ﷺ) ئەگەر یەکێک لە موشریکان پەنای بۆ هێنایت ئەوا تۆ پەنای بدە ، تا کەلامی خوای گەورە ئەبیستێ ، واتە: قورئانی پیرۆز ، دوای ئەوەی کە کەلامی خوای گەورەی بیست (قورئانی پیرۆز) بیگەیەنەوە بە شوێنی ئەمینی خۆی ، لەبەر ئەوەی ئەمانە کەسانێکن کە زانیاریەکی باشیان نیە کە خێرو شەڕیان بۆ لێک جیا بکاتەوە).

پێغەمبەری خوا (ﷺ) کاتێ داوای داڵدەی دەکرد لە هۆزەکان ، لە کاتی مەوسمی حەجدا و دەیفەرموو : (ألا رجلٌ يحملني إلى قومه ، فإنَّ قريشاً قد منعوني أن أُبلغَ كلام ربي)[62] واتە : ئایە پیاوێکتان تێدا هەیە بمباتەوە بۆ لای هۆزەکەی خۆی ، چونکە ئەوەتا قورەیش ڕێگر بوون لەوەی قسەی خواکەم بگەیەنم) .

جا قورئانی پیرۆز قسەی خوای گەورەیە لە حەقیقەتدا ، بە پیتەکانی و ماناکانیەوە ، لە قسەی دروستکراوەکان ناچێت ، لە لایەن خوای گەورەوە دابەزێنراوە ، خوای گەورە لە سەرەتاوە خۆی قسەی پێکردووە ، وە وەحی کردووە بۆ (روح الامين) کە جبریلە ، ئەویش دایبەزاندە سەر دڵی محمد (ﷺ) ، بە چەند جارێک و بە بەش بەش ، ئەویش بەسەر خەڵکیدا خوێندییەوە ، خوای گەورە دەفەرموێت : (وَقُرْآنًا فَرَقْنَاهُ لِتَقْرَأَهُ عَلَى النَّاسِ عَلَىٰ مُكْثٍ وَنَزَّلْنَاهُ تَنزِيلًا) (الإسراء/106) واتە : وە ئەم قورئانەشمان دابەزاندووە بە بەش بەش نەک بە یەکجار بۆ ئەوەی بۆ خەڵکی بخوێنیتەوە بە هێواشی و لەسەرخۆیی، چونکە ئەگەر هەمووی بەیەکەوە دابەزیایە نەیانئەتوانی لەبەری بکەن، یان جێبەجێ کردنی ئەو هەموو حوکمانە لەسەریان قورس ئەبوو).

جا ئەگەر خەڵکی ئەم قورئانەیان خوێندەوە یان لە موصحەفەکاندا نوسیانەوە یان لە سنگیاندا لەبەریان کرد ، ئەوا لەوە دەرناچێت کە هەر لە حەقیقەتدا قسەی خوای گەورە بێت ، چونکە قسە لە راستیدا دەترێتە پاڵ ئەو کەسەی لەسەرەتاوە وتویەتی نەک ئەو کەسەی کە دەیگەیەنێت ، جا خوێندنەوە جیاوازە لە گەڵ خوێندراوەکەدا ، وە نوسین جیاوازە لە گەڵ نوسراوەکەدا ، وە لەبەرکردن جیاوازە لە گەڵ لەبەرکراوەکەدا ، ئا بەو شێوە هەموو کردارەکانی تر ، جا کار و کردەوەکە هی کەسی خوێنەرە یان نوسەر یان ئەوەی لەبەری کردووە ، وە قسەش قسەی خوای گەورەیە ، خوای گەورە دەفەرموێت : (قُلْ نَزَّلَهُ رُوحُ الْقُدُسِ مِن رَّبِّكَ بِالْحَقِّ لِيُثَبِّتَ الَّذِينَ آمَنُوا وَهُدًى وَبُشْرَىٰ لِلْمُسْلِمِينَ (102) وَلَقَدْ نَعْلَمُ أَنَّهُمْ يَقُولُونَ إِنَّمَا يُعَلِّمُهُ بَشَرٌ لِّسَانُ الَّذِي يُلْحِدُونَ إِلَيْهِ أَعْجَمِيٌّ وَهَٰذَا لِسَانٌ عَرَبِيٌّ مُّبِينٌ) (النحل/102–103) واتە : ئەی محمد (ﷺ) پێیان بڵێ: ئەم قورئانە پیرۆزە جبریل دایبەزاندووە لەلایەن

(62) رواه الخمسة : أخرجه أحمد برقم (15192) وأبو داود برقم (4734) والترمذي برقم (2925) والنسائي في السنن الكبرى برقم (7680) وابن ماجه برقم (201) من حديث جابر .

خوای گەورەوەو حەق و راست و دادپەروەرەو هیچ هەڵەیەکی تیا نیە بۆ ئەوەی باوەڕداران جێگیرو دامەزراو بکات لەسەر باوەڕەکەیان ، وە هیدایەت و موژدەیە بۆ موسڵمان(102) بە دڵنیایی ئێمە ئەزانین کە کافران ئەڵێن ئەم قورئانە مرۆڤێک فێری محمدی (ﷺ) کردووە ، بەڵام ئەوەی کە ئێوە ئەڵێن کەسێکی گاور پێغەمبەری خوای (ﷺ) فێر ئەم قورئانە کردووە زمانی ئەوان ئەعجەمی بووە عەرەبی نەبووە ، وە ئەم قورئانەش بە زمانێکی عەرەبی ئاشکرا دابەزیوە پڕە لە ڕەوانبێژی و بەلاغەت و فەصاحەت(103) .

خوای گەورە ئەو کەسانەی بە کافر داناوە کە ئەم قسەیە دەدەنە پاڵ مرۆڤ ، وە هەرەشەی سەقەری لێ داون ، خوای گەورە دەفەرموێت : (سَأُصْلِيهِ سَقَرَ) (المدثر/26) واتە : ئەبێ بیخەمە ناو دۆزەخەوە(سەقەر) ناوێکە لە ناوەکانی دۆزەخ، واتە: ئەیانسووتێنێ).

لەم بوارەدا دوو کۆمەڵ گومڕا بوون :

**یەکێکیان/ جەهەمی و موعتەزیلەکان :**

ئەوانەی کە ئینکاریان لە سیفاتەکانی خوا کرد ، وە نەفی قسەکانیان کرد ، وە باوەڕیان وایە کە قسە بدرێتە پاڵ خوا وەک ئەوەیە درووستکراو بدرێتە پاڵ درووستکار ، وەک عبدالله ، وە ماڵی خوا، وە حوشترەکەی خوا ، ئەمانە ناچنە بواری زیادکردنی سیفەتێک بۆ وەسفکراوەکە.

وەڵام بۆ ئەو تاقمانە : ئەوەی دەدرێتە پاڵ خوا یان دەبێ صیفەتێک بێت بە زاتی خۆی راوەستابێت، ئەوا دەبێتە زیادکردنی درووستکراو بۆ درووستکارەکەی ، وەیان دەبێ وەصفێک بێت ناکرێت خۆی بۆ خۆی راوەستابێت ، وەکو ژیان و بیستن و بینین و زانست و قسە (کەلام) ، ئەوەش دەبێتە زیادکردنی وەصفێک بۆ وەصفکراوەکە ، هەرچەندە ئەوەی ئەوان بانگەشەی بۆ دەکەن جیاوازە لە گەڵ قورئان و فەرموودە و ئیجماعدا .

**دووەم/ صیفاتیەکان لە کوللابیە و ئەشعەری و ماتوریدیەکان :**

ئەوانەی قسەکانی خوا گەورەیان سەلماندووە و بەوەی کە واتایەکی کۆنی هەیە ولە خۆیدا راوەستاوە ، بەڵام پیت و دەنگەکان درووستکراون بە مەبەستی دەربرینی ، یان بۆ ئەوەی ئەو واتا کۆنەی پێ بوترێتەوە کە نوێ نابێتەوە ، وە پەیوەست نیە بە ویستی خۆیەوە.

قسەی خوایان بچووک کردەوە بۆ تەنها مانا بە بێ پیت و دەنگ ، وە ئەو دەنگەش کە دایک و باوکمان لە بەهەشتدا بیستیان و ئەوەش کە موسا (عليه السلام) بیستی لە لای دارەکە کردیانە درووستکراو، نەک قسەی ڕاستەقینەی خوا بێت.

وە بۆ وەڵامی ئەوانە دەڵێین : قسە بە هیچ شتێک ناگوترێت ئیللا دەبێ ئەو دوو کارەی لە خۆیدا کۆ کردبێتەوە ، وە ئەو قسەی کە مرۆڤ لە ناخی خۆیدا دەیکات پێی ناگوترێت قسە (کەلام) ، لە گەڵ ئەوەی ئەوان وتیان جیاوازە لە گەڵ قورئان و فەرموودە و ئیجماع .

# بینینی خوای گەورە

وە لە باوەڕبوون بە خوا و بە ڕۆژی دوایی ، باوەڕ بوونە بە بینینی خوای گەورە لە قیامەتدا لە لایەن ئیماندارانەوە ، بینینێک بە چاوی خۆیان ، بە بێ دەورەدان ، لەدوو کات و جێگادا :

**یەکێکیان** : لە گۆڕەپانی قیامەتدا ، واتا : کاتی لێپرسینەوە .

**دووەم:** پاش ئەوەی دەچنە ژوورەوە بۆ بەهەشت.

خوای گەورە دەفەرموێت : (وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَّاضِرَةٌ (22) إِلَىٰ رَبِّهَا نَاظِرَةٌ) (القيامة/22–23) واتە : لە ڕۆژی قیامەتدا کۆمەڵێک ڕوو گەشاوەو پرشنگدارو جوانن و ئەدرەوشێنەوە (22) لەبەر ئەوەی تەماشای خوای گەورە ئەکەن، کە ئەمەیش بەڵگەیە لەسەر بینینی خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا، وە لە بەهەشتیشدا باوەڕداران خوای گەورە ئەبینن(23)

وە دەفەرموێت: (عَلَى الْأَرَائِكِ يَنظُرُونَ) (المطففين/23) واتە : ئەمانە لەسەر جۆلانێ و شوێنە بەرزەکانی بەهەشتەوە تەماشای نازو نیعمەتەکان ئەکەن، یاخود تەماشای خوای گەورە ئەکەن).

وە دەفەرموێت : (لِّلَّذِينَ أَحْسَنُوا الْحُسْنَىٰ وَزِيَادَةٌ) (يونس/26) واتە : ئەو کەسانەی کە چاکەکار بوونە (حوسنا)یان بۆ هەیە، واتە: بەهەشت (وَزِيَادَةٌ) وە ئەجرو پاداشتیان چەند جارێکە، وە(وَزِيَادَةٌ) بریتیە لە بینینی خوای گەورە وەکو پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە فەرموودەی صەحیحدا باسی کردووە)

پێغەمبەری خوا (ﷺ) تەفسیرێکی (وَزِيَادَةٌ)ی کردووە بە بینینی رووخسارە بەخشندەو بە بەزەییەکەی خوای گەورە[63]، فەرمووی : -کاتێ تەماشای مانگی چواردەی کرد - : (إنكم سترون ربكم كما ترون القمر ليلة البدر لا تضامون في رؤيته)[64] واتە : ئێوە خوای خوتان دەبینن هەروەکو چۆن مانگ دەبینن لە شەوی چواردەدا هیچ کەسێک ستەم لەویتر ناکات لە بینینیدا).

وە لەم باسەدا دوو گرووپ و تاقم گومڕا بوون :

**یەکەمیان : ئەوانەی نەفی صیفاتەکان دەکەن لە جەهەمییە و موعتەزیلە و ئەوانەی رایان وەکو ئەوانە لە گرووی رافیزە و ئیبازییە :**

جا ئەوانە ئینکاری بینینیان کرد ، وە ئەو ئایەتەیان کردووەتە بەڵگە کەوا خوای گەورە بە موسا (عليه السلام) دەڵێت : (لَن تَرَانِي) (الأعراف/143) واتە : ئەی موسی لە دونیادا تۆ ناتوانی من ببینی).

وە ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت : (لَّا تُدْرِكُهُ الْأَبْصَارُ) (الأنعام/103) واتە : چاوەکان ناتوانن خوای گەورە ببینن لە دونیادا بەڵام لە قیامەتدا باوەڕداران خوای گەورە ئەبینن)

---

(63) أخرجه مسلم برقم (181) من حديث صهيب ، وانظر : تفسير الطبري (12/155).

(64) متفق عليه ، أخرجه البخاري برقم (554) ومسلم برقم (633) من حديث جرير.

وە بۆ وەڵامی ئەوانە دەڵێین :

مەبەست لەو ئایەتە کە دەفەرموێت : (لَن تَرَانِي) واتە : لە دونیادا ، هەروەکو موسا (ﷺ) داوای کرد ، وە مەرج نییە پیتی (لن) بۆ نەفیکردنێکی هەتا هەتایی بێت ، وە ئەو ئایەتەی باسی نەفی ئیدراک دەکات بریتییە لە نەفی دەورەدان نەک نەفی بینین ، وە رەنگە جاری وا هەبێت بینین هەبێت بەڵام ئیدراک و دەورەدان نەبێت ، هەروەکو بینینی خۆر و مانگ و شاخەکان و نمونەی ئەوانە ، لە گەڵ بوونی ئەو هەموو بەڵگانەی کە گەیشتونەتە پلەی تەواتور لە قورئان و فەرموودەدا لەسەر سەلماندنی بینینی خوا .

### دووەم : خورافیەکان لە صوفی و بیدعەکاران :

ئەوانەی زیادەڕەوییان کرد لە سەلماندنی خوای گەورەدا و باوەڕیان وایە کەوا دەکرێت خوای گەورە لە دونیاشدا ببینرێت بۆ ئەولیاکانیان ، وە چەندین فەرموودەی (موضوع)یان لەو بارەوە باسکردووە ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (وأعلموا أنكم لن تروا ربكم حتى تموتوا)[65] واتە : باش بزانن کەوا ئێوە خوای خوتان نابینن تاوەکو نەمرن) .

(65) أخرجه أحمد برقم (22864) والنسائي في السنن الكبرى برقم (7716) والآجري في الشريعة برقم (881) واللفظ له ، من حديث عبادة وأخرجه ابن ماجه برقم (4077) من حديث أبي أمامة .

# حەقیقەتی ئیمان

**1- ئیمان بریتییە لە وتن و کردار ،** وتنی دڵ و زمان ، وە کرداری دڵ و زمان و ئەندامەکان .

جا وتنی دڵ : بریتییە لە باوەڕەکەی و بە راست زانینەکەی و قایلبوونەکەی.

وە وتنی زمان : وتن بە وشەی ئیسلام و دەرخستن و راگەیاندنی شایەتمان .

وە وتنی دڵ : ئەوەی پێی هەڵدەستێت لە نیەتەکان و ئیرادەکان وەکو خوشویستن و ترسان و تکا و پشت بەستن .

وە کرداری زمان : ئەوەی بە زمان دەیڵێت لە زیکرەکان وەکو پاڕانەوە و خوێندنەوەی قورئان.

وە کرداری ئەندامەکان : ئەوەی ئەندامەکان بە هۆیەوە دەجوڵێتەوە لە پەرستشە جەستەییەکان .

خوای گەورە دەفەرموێت : (إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ آيَاتُهُ زَادَتْهُمْ إِيمَانًا وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ (2) الَّذِينَ يُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ (3) أُولَٰئِكَ هُمُ الْمُؤْمِنُونَ حَقًّا لَّهُمْ دَرَجَاتٌ عِندَ رَبِّهِمْ وَمَغْفِرَةٌ وَرِزْقٌ كَرِيمٌ) (الأنفال/2–4) واتە : ئیمانداری ڕاستەقینە تەنها ئەو کەسانەن کاتێک کە یادی خوای گەورەیان لەلا ئەکرێت و ناوی خوای گەورەیان لا دێنیت دڵیان دەترسێت و دێتە لەرزین، وە کاتێک بیەوێت تاوان بکات پێی بڵێیت: لە خوا بترسە، دڵی دەترسێت و دێتە لەرزین ، وە کاتێک کە ئایەتەکانی خوای گەورەیان بەسەردا ئەخوێندرێتەوە ئیمانیان پێی زیاد ئەکات ، وە تەنها پشت بە خوای گەورە ئەبەستن و کارەکانیان تەنها بەخوای گەورە ئەسپێرن(2) وە نوێژەکانیان لە کاتی خۆیدا دەکەن بە مەرج و روکن و واجبات و خشوعەوە، وە لەوەی کە پێمان بەخشیوون هەندێکی لە پێناو خوای گەورەدا ئەبەخشن، کە زەکات و سەرجەم مافەکانی تر دەگرێتەوە(3) ئا ئەم کەسانەی کە ئەم سیفەتانەیان تیابێ ئەمانە باوەڕداری ڕاستەقینەن و ئیمانیان دامەزراو و تەواوە ، لەلای پەروەردگاریش لە بەهەشتدا پلەوپایەی بەرزیان هەیە بەگوێرەی ئیمانەکەیان هەمووی لە یەک ئاستدا نین، چونکە بەهەشت سەد پلەیە وە لێخۆشبوونیان بۆ هەیە لەلایەن خوای گەورە بۆ تاوانەکانیان، وە ڕزق و ڕۆزیەکی فراوان و بەڕێزیان پێ ئەبەخشێ(4) .

وە دەفەرموێت : (إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ ثُمَّ لَمْ يَرْتَابُوا وَجَاهَدُوا بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ أُولَٰئِكَ هُمُ الصَّادِقُونَ) (الحجرات/15) واتە : تەنها ئیمانداری ڕاستەقینە ئەو کەسانەن کە ئیمانیان بە خواو پێغەمبەری خوا (ﷺ) هێناوە ، پاشان هیچ گومانێک تێکەڵ بەو ئیمانەیان نەبووە وە جیهادیان کردووە لە پێناو خوای گەورە بە ماڵ و گیانیان ، ئا ئەو کەسانە ڕاستگۆن لە ئیمان هێنانیان، نەک ئەو دەشتنشینانەی کە بانگەشەی باوەڕ دەکەن(15) .

وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت : ((الإيمان بضع وسبعون – أو بضع وستون – شعبة ، فأفضلها قول : قول لا إله الا الله ، وأدناها إماطة الأذى عن الطريق ، والحياء شعبة من الإيمان))[66] واتە : ئیمان حەفتا و ئەوەندە – یان شەست و ئەوەندە – لقە ، جا باشترینیان : وتنی (لا اله الا الله)یە وە نزمترینەکەی : لادانی ئازارێکە لەسەرە رێگا ، وە حەیاش لقێکە لە ئیمان).

جا ئیمان حەقیقەتێکی پێکهاتەی هەیە کە لە وتن و کردار پێک هاتووە ، جا ئەوە بریتییە لە بە راست زانینێک کە وتن و کرداری لە گەڵدا بێت ، جا نەبوونی وتن و کردار بەڵگەیە لەسەر نەبوونی بە راستزانین .

**2- وە ئیمان ئەگەر بە تەنها باسکرا ئەوا هاومانای ئیسلامە ،** چونکە مانای هەریەکەیان هەموو ئیسلام دەگرێتەوە ، بەڵام ئەگەر پێکەوە بوون و بە یەکەوە باسکرا بوون ، ئەوا ئەو کاتە ئیمان واتە بیروباوەڕە باتنییەکان دەگرێتەوە ، وە ئیسلام واتە کردارە ئاشکراکان ، جا هەموو ئیماندارێک موسڵمانە ، بەڵام هەموو موسڵمانێک ئیماندار نییە ، خوای گەورە دەفەرموێت : (قَالَتِ الأَعْرَابُ آمَنَّا قُل لَّمْ تُؤْمِنُوا وَلَكِن قُولُوا أَسْلَمْنَا وَلَمَّا يَدْخُلِ الإِيمَانُ فِي قُلُوبِكُمْ وَإِن تُطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ لا يَلِتْكُم مِّنْ أَعْمَالِكُمْ شَيْئًا إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ) (الحجرات/14) واتە : دەشتنشینەکان وتیان: ئێمە ئیمانمان هێناوە ، ئەی محمد (ﷺ) پێیان بڵێ: هێشتا ئێوە ئیمان لە دڵتاندا جێگیر نەبووە بەڵام موسڵمان بوونە ، بەڵکو ئێوە بڵێن: ئێمە موسڵمان بووینە ، وە هێشتا ئیمان لە دڵتاندا جێگیر نەبووە ، وە ئەگەر ئێوە گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەری خوا (ﷺ) بکەن ئەوە هیچ شتێک لە پاداشتی کردەوە باشەکانتان لێ کەم ناکات ، بە دڵنیایی خوای گەورە زۆر لێخۆشبوو بەبەزەییە).

**3- ئیمان زیاد دەکات و کەم دەکات :** زیاد دەکات بە فێربوونی زانیاری دەربارەی خوای گەورە ، وە بیرکردنەوە لە ئایەتە گەردوونییەکان ، وە تێڕامان لە ئایەتە شەرعییەکانی ، وە ئەنجامدانی گوێڕایەڵییەکان و وازهێنان لە سەرپێچییەکانی ، وە کەم دەکات بە ناشارەزابوون دەربارەی خوای گەورە و بێئاگابوون لە ئایەتە گەردوونییەکان ، وە پشت کردن لە ئایەتە شەرعییەکانی ، وە بزرکردنی گوێڕایەڵییەکان و ئەنجامدانی خراپەکاری ، خوای گەورە دەفەرموێت : (وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ آيَاتُهُ زَادَتْهُمْ إِيمَانًا) (الأنفال/2–4) واتە : وە کاتێک کە ئایەتەکانی خوای گەورەیان بەسەردا ئەخوێندرێتەوە ئیمانیان پێی زیاد ئەکات).

وە دەفەرموێت : (فَأَمَّا الَّذِينَ آمَنُوا فَزَادَتْهُمْ إِيمَانًا وَهُمْ يَسْتَبْشِرُونَ) (التوبة/124) واتە : ئەوانەی کە باوەڕداری ڕاستەقینەن ئیمانیان زیاد ئەکات بەدابەزینی سوورەتێک وە دڵیان پێی خۆشە وە موژدە ئەدەن بە یەکتری).

(66) أخرجه البخاري برقم (9) ومسلم برقم (35) واللفظ له من حديث أبي هريرة.

وە دەفەرموێت : (هُوَ الَّذِي أَنزَلَ السَّكِينَةَ فِي قُلُوبِ الْمُؤْمِنِينَ لِيَزْدَادُوا إِيمَانًا مَّعَ إِيمَانِهِمْ) (الفتح/4) واتە : خوای گەورە ئەو خوایەیە کە هێمنی و ئارامی و رەحمەتی دابەزاندە سەر دڵی باوەڕداران لە (حودەیبیە) تا لەگەڵ ئەو ئیمانەی کە هەیانە ئیمانیان زیاتر بکات).

**4- ئیمان جیاوازی هەیە لەبەرز و نزمیدا ،** وە هەندێ لە ئاکارەکانی لە هەندێکی تری بەرزترە ، هەروەکو لە فەرموودەکەی پێشوودا هاتووە : ((الإيمان بضع وستون شعبة، فأفضلها قول لا إله إلا الله، وأدناها إماطة الاذى عن الطريق، والحياء شعبة من الإيمان))[67] واتە : ئیمان حەفتا و ئەوەندە – یان شەست و ئەوەندە – لقە ، جا باشترینیان : وتنی (لا اله الا الله)یە وە نزمترینەکەی : لادانی ئازارێکە لەسەرە رێگا ، وە حەیاش لقێکە لە ئیمان).

**5- وە ئەهلی ئیمانیش (واتە : ئیمانداران) لە ناو خۆیاندا جیاوازن ،** هەندێکیان ئیمانیان کاملترە لە هەندێکی تر ، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت : (ثُمَّ أَوْرَثْنَا الْكِتَابَ الَّذِينَ اصْطَفَيْنَا مِنْ عِبَادِنَا فَمِنْهُمْ ظَالِمٌ لِّنَفْسِهِ وَمِنْهُم مُّقْتَصِدٌ وَمِنْهُمْ سَابِقٌ بِالْخَيْرَاتِ بِإِذْنِ اللَّهِ ذَٰلِكَ هُوَ الْفَضْلُ الْكَبِيرُ) (فاطر/32) واتە : پاشان هەندێک لە بەندەکانی خۆمان هەڵبژاردووەو ئەیانکەین بە میراتگری ئەم قورئانە پیرۆزە کە زانایانی ئوممەتی پێغەمبەری خوان (ﷺ) ، لەناو ئوممەتی پێغەمبەریش (ﷺ) ، هەیە زوڵم لە خۆی ئەکات ئەوانەن کە یەکخواپەرستن بەڵام تاوانی گەورە ئەنجام ئەدەن ، وە هەشیانە مام ناوەندە تەنها واجبات جێبەجێ ئەکات و خۆی لە حەرام ئەپارێزێ، بەڵام واز لە هەندێ لە سوننەتەکان دێنێت و هەندێ شتی مەکروهیش ئەنجام دەدات ، وە هەیشیانە بۆ هەموو خێرو چاکەیەک پێشبڕکێ ئەکات و واجب و سوننەتەکانیش جێبەجێ دەکات، وە خۆی لە حەرام و مەکروهیش ئەپارێزێ، ئەمانە بەبێ لێپرسینەوە دەخرێنە بەهەشتەوە ، بە ئیزنی خوای گەورە ، ئا ئەمە فەزڵی یەکجار گەورەی خوای گەورەیە کەسێک کە لە پێشەنگ دابێ لە کردەوەی چاکدا).

وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (أَكْمَلُ الْمُؤْمِنِينَ إِيمَانًا ، أَحْسَنُهُمْ خُلُقًا)[68] واتە : کاملترین و تەواوترین ئیمانداران ئەوانەن : کە رەوشت و ئەخلاقیان باشترینیانە ) .

جا هەرکەسێک دوو وشەی شایەتمانی هێنا و باوەڕی بە ماناکەی هەبوو ، دەستیگرت بە ناوەڕۆکەکەیەوە ، ئەوا ئەصڵی ئیمانی لە خۆیدا بە جێ هێناوە ، وە هەرکەسێک واجیباتەکانی ئەنجامدا و وازی لە قەدەغەکراوەکان هێنا ، ئەوا ئیمانی واجیبی لە خۆیدا بە جێ هێناوە ، وە هەرکەسێک واجیباتەکان و موستەحەببەکانی ئەنجامدا و وازی لە قەدەغەکراو و مەکروهەکان هێنا ئەوا ئیمانی کاملی لە خۆیدا بە جێ هێناوە .

(67) تقدم تخريجه.

(68) أخرجه أحمد برقم (7402)، وأبو داود برقم (4682) والترمذي برقم (1162) من حديث أبي هريرة .

### 6- بەدەرهێنان و ئیستیسنا لە ئیمان : وەکو ئەوەی بڵێت : (من ئیماندارم إن شاء الله) ئەمەش سێ حاڵەتی هەیە :

یەکێکیان : ئەگەر ئەم قسەیەی وت لە کاتێکدا گومانی هەبوو لە ئەصڵی ئیمانەکەی : ئەوا ئەم بەدەرهێنانە حەرامە ، بەڵکو کوفرە ، چونکە ئیمان دەبێ جەزم و چەسپاو بێت واتە بێ گومان بێت .

دووەم : ئەگەر ئەم قسەیەی وت چونکە لەوە ترسا تەزکیەی نەفسی خۆی بکات بەوەی بانگەشەی جێ بەجێکردنی ئیمانی واجیب یان ئیمانی کاملی کردووە ، ئەوا ئەم کارە واجیبە .

سێیەم : ئەگەر ئەم قسەیەی وت وەکو تەبەروکێک بە ناوهێنانی ویست و مەشیئەتی خوای گەورە ئەوا ئەم کارەی دروستە .

### 7- وەصفی ئیمان لەناوناچێت و بنەبڕ نابێت بە ئەنجامدانی سەرپێچی و تاوانە گەورەکان :

بەڵکو کەمی دەکاتەوە ، لە گەڵ مانەوەی ئەصڵەکەیدا ، جا ئەو کەسەی تاوانی گەورە ئەنجام دەدات کەسێکی ئیماندارە بەڵام ئیمانەکەی کەمیکردووە ، (واتە: ناقص الایمان)ە ، کەسێکی ئیماندارە لەبەر ئیمانەکەی و کەسێکی فاسقە لەبەر تاوانە گەورەکەی ، لە ئیسلام دەرنەچووە لەم دونیایە ، وە لە دواڕۆژیشدا بە هەتا هەتایی لە ئاگردا نامێنێتەوە ، بەڵکو لە ژێر ویستی خوای گەوردایە ، ئەگەر ویستی لێ بێت ئەوا بە فەزڵ و ڕەحمەتی خۆی لێی خۆش دەوێت و دەیخاتە بەهەشتەوە ، وە ئەگەر ویستی لێ بێت ئەوا بە ئەندازەی تاوانەکانی سزای دەدات و دەرئەنجامی بۆ بەهەشتە ، یان بە ئەندازەی هەندێ لە تاوانەکانی ، ئەمجار بە هۆی شەفاعەتی شەفاعەت کارانەوە لە دۆزەخ دەردەچێت ، یا بە هۆی ڕەحمەتی خوای بە ڕەحم و بەزەییەوە ، کە لە هەموو کەسێک بە ڕەحمتر و بە بەزەییترە ، خوای گەورە فەرموویەتی : (إِنَّ اللَّهَ لا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَاءُ وَمَن يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدِ افْتَرَىٰ إِثْمًا عَظِيمًا) (النساء/48) واتە : بە دڵنیایی خوای گەورە هەرگیز خۆش نابێ لە کەسێک کە شەریک بۆ خوای گەورە بڕیار بدات و لەسەر شیرک بمرێ و تەوبە نەکات ، وە جگە لە شەریک دانان بۆ خوای گەورە چەندێک مرۆڤ تاوانی گەورەی هەبێ ئەوە ئەکەوێتە بەر ویست و مەشیئەتی خوای گەورە، خوای گەورە ویستی لێ بێت لێی خۆش ئەبێت بە فەزڵی خۆی، وە ویستی لێ بێت سزای ئەدات بە دادپەروەری خۆی، بەڵام بەهەمیشەیی لە ئاگری دۆزەخدا نامێنێتەوە ، وە هەر کەسێک شەریک بۆ خوای گەورە بڕیار بدات ئەوە بەدڵنیایی درۆو بوهتان و تاوانێکی یەکجار گەورەی بۆ خوای گەورە هەڵبەستووە).

وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((يَدْخُلُ أَهْلُ الجَنَّةِ الجَنَّةَ وَأَهْلُ النَّارِ النَّارَ ، ثُمَّ يَقُولُ الله تعالى : ((أَخْرِجُوا مَنْ كانَ فِي قَلْبِهِ مِثْقَالُ حَبَّةٍ مِنْ خَرْدَلٍ مِنْ إِيمَانٍ ، فَيَخْرُجُونَ مِنْهَا قَدِ اسْوَدُّوا ، فَيُلْقَوْنَ فِي نَهْرِ الحيا – أو الحَيَاةِ –))[69] واتە : ئەهلی بەهەشت دەچنە بەهەشتەوە و ئەهلی ئاگر دەچنە ئاگرەوە ، ئەمجار خوای گەورە دەفەرموێت : ئەو کەسەی بە ئەندازەی مسقاڵە تۆوێک ئیمان لە دڵیدا هەیە دەریبهێنن ، ئەمجار ئەوانیش دەردەچن لە ئاگر لە کاتێکدا رەش بوونەتەوە ، پاشان فرێ دەدرێنە رووباری (الحیا) - یان (الحیاة)- ەوە )).

هەروەها پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت : (( يَخْرُجُ مِنَ النَّارِ مَنْ قَالَ : لا إِلَهَ إِلا اللَّهُ وَفِي قَلْبِهِ وَزْنُ شَعِيرَةٍ مِن خَيْرٍ ، وَيَخْرُجُ مِنَ النَّارِ مَنْ قَالَ : لا إِلَهَ إِلا اللَّهُ وَفِي قَلْبِهِ وَزْنُ بُرَّةٍ مِن خَيْرٍ ، وَيَخْرُجُ مِنَ النَّارِ مَنْ قَالَ : لا إِلَهَ إِلا اللَّهُ وَفِي قَلْبِهِ وَزْنُ ذَرَّةٍ من خير)[70] وفي رواية : ((من إيمان))[71] مكان ((من خير)) واتە : لە ئاگر دەردەچێت ئەو کەسەی وتبێتی : (لا الە الا اللە) و لە دڵیدا بە کێشی دەنکە جۆیەک خەیری تێدا بێت ، وە لە ئاگر دەردەکرێت ئەو کەسەی وتبێتی : (لا الە الا اللە) و لە دڵیدا بە کێشی دەنکە گەنمێک خەیری تێدا بێت ، وە لە ئاگر دەردەکرێت ئەو کەسەی وتبێتی : (لا الە الا اللە) و لە دڵیدا بە کێشی دەنکە مێروویەک خەیری تێدا بێت ) وە لە ریوایەتێکی تردا هاتووە : (لە ئیمان ) لە جێی (لە خەیر) .

لەم بابەتەدا دوو تاقم و گرووپ گومڕا بوون :

## یەکەمیان : وەعیدییەکان :

ئەوانەی دەڵێن : دەبێت ئەو هەرەشانەی دراون ئەنجام بدرێت و بێتە دی ، وە ئینکاری شەفاعەت دەکەن لە حەقی ئەو کەسانەدا کە تاوانی گەورەیان ئەنجام داوە ، لە سەرپێچیکارە یەکتاپەرستەکان ، ئەوانیش دوو تاقمن :

1/ خەواریج : ئەوانەی کە دەڵێن : کەوا ئەو کەسەی تاوانی گەورە ئەنجام دەدات لە ئیمان دەرچووە و کافر بووە ، جا ئەو لە دونیادا کافرە و لە دوارۆژیشدا بە هەتا هەتایی لە ئاگردا دەمێنێتەوە .

2/ موعتەزیلە : ئەوانەی کە دەڵێن : کەوا ئەو کەسەی تاوانی گەورە ئەنجام دەدات لە ئیمان دەرچوونە و نەچوونەتە ناو کوفرەوە ، جا ئەو ها لە نێوان دوو جێگادا لە دونیادا ، نە ئیماندارە و نە بێباوەڕە ، لە دوارۆژیشدا بە هەتا هەتایی دەمێنێتەوە لە ئاگردا .

وە وەڵامی تاقمی وەعیدییەکان لە چەند روویەکەوە دەدەینەوە :

**یەکەم :** خوای گەورە ئیمانی سەلماندووە و وەصفی برایەتی ئیمانی هێشتووەتەوە بۆ ئەو کەسانەی تاوانی گەورەی ئەنجام داوە لە دونیادا ، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت : (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُتِبَ

(69) رواه البخاري برقم (22) من حديث أبي سعيد الخدري .

(70) رواه البخاري برقم (44) من حديث أنس .

(71) ذكره البخاري بعد الرواية السابقة معلقة مجزماً به .

عَلَيْكُمُ الْقِصَاصُ فِي الْقَتْلَى الْحُرُّ بِالْحُرِّ وَالْعَبْدُ بِالْعَبْدِ وَالأنثَىٰ بِالأنثَىٰ فَمَنْ عُفِيَ لَهُ مِنْ أَخِيهِ شَيْءٌ فَاتِّبَاعٌ بِالْمَعْرُوفِ وَأَدَاءٌ إِلَيْهِ بِإِحْسَانٍ) (البقرة/178) واتە : ئەی باوەڕداران خوای گەورە تۆڵەسەندنەوەی لە کوشتندا لەسەرتان پێویست کردووە، کەسێک بەناحەق کەسێک ئەکوژێ ئەبێ بکوژرێتەوە ، ئەگەر ئەوەی ئازادە ئازادی کوشتبوو ئازادەکە ئەکوژرێتەوە ، کۆیلە بە کۆیلە ، وە ئافرەت بە ئافرەت، وە پیاویش ئافرەت بکوژێت ئەکوژرێتەوە، چونکە مەنسوخە بە (النفسُ بالنفسِ) ، بەڵام ئەگەر هاتوو کەسێک لە بکوژەکە خۆشبوو (کە بە براکەی ناوی بردووە ئەمەیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە بە تاوانی گەورە مرۆڤ کافر نابێت، موسڵمانێکی کوشتووەو خوای گەورە بکوژەکە بە برای کەسوکاری کوژراوەکە ناودەبات) ، ئەوە کە داوای حەقەکەی کرد با بەچاکە داوا بکات واتە: ئەگەر هاتوو دییەکەو خوێنەکەتان سەند مۆڵەتی بدەن ، بکوژەکەیش با بەجوانی پارەکە بدات و موماتەڵەو فێڵ نەکات و دوای نەخات) .

جا کەسی بکوژی بە برای کوژراو ناوبرد ، وە هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت : (وَإِن طَائِفَتَانِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ اقْتَتَلُوا فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا فَإِن بَغَتْ إِحْدَاهُمَا عَلَى الأُخْرَىٰ فَقَاتِلُوا الَّتِي تَبْغِي حَتَّىٰ تَفِيءَ إِلَىٰ أَمْرِ اللَّهِ فَإِن فَاءَتْ فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا بِالْعَدْلِ وَأَقْسِطُوا إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ (9) إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ فَأَصْلِحُوا بَيْنَ أَخَوَيْكُمْ وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ) (الحجرات/9-10) واتە : ئەگەر دوو کۆمەڵ لە باوەڕداران کوشتاری یەکیان کردو شەڕیان کرد ئەوە ئێوە صوڵح و ئاشتەوایی بکەن لە نێوانیاندا ، وە ئەگەر کۆمەڵێکیشیان زوڵم و ستەمی لەوەی تر کرد ئەوە ئێوە کوشتاری ئەو کۆمەڵە بکەن کە زوڵم ئەکات تا ئەگەڕێتەوە بۆ فەرمانی خوای گەورە ، وە ئەگەر گەڕایەوە ئەو کاتە ئێوە صوڵح و ئاشتەوایی لە نێوانیاندا بکەن بە دادپەروەری وە دادپەروەر بن لە نێوانیاندا ،لەبەر ئەوەی بەڕاستی خوای گەورە ئەو کەسانەی خۆش ئەوێ کە دادپەروەرن لە کاتی بڕیارداندا (9) تەنها باوەڕداران برای ڕاستەقینەی یەکترن ، ئێوەیش صوڵح و ئاشتەوایی بکەن لە نێوان براکانتاندا ، وە تەقوای خوای گەورە بکەن بەڵکو خوای گەورە ڕەحمتان پێ بکات (10) .

جا هەردوو تاقمە بە شەڕهاتووەکەی داوە پاڵ ئیمان ، وە برایەتی ئیمانی بۆ سەلماندن .

**دووەم :** خوای گەورە لە هەموو تاوانەکان خۆش دەبێت کە لە خوار شیرکەوەیە بۆ کەسێک خۆی ویستی لێ بێت ، وە لە ئاگر دەردەچێت هەرکەسێک لە دڵیدا بە ئەندازەی بچوکتر لە مسقاڵێک لە دەنکە خەردەل لە ئیمان هەبێت ، هەروەکو فەرمووده موتاوترەکان لە بارەی شەفاعەتەوە هاتوون .

**دووەم : مورجیئە :** ئەوانەی کە باوەڕیان بە ئیرجای کردەوەکان هەیە ، واتە دواخستنی کردەوەکان ، لە موسەممای ئیمان ، جا کردارەکان لای ئەوان ناچێتە ناو پێناسەی ئیمان و حەقیقەتەکەیەوە .

ئەوانیش لە پێناسەی ئیماندا چەند تاقمێکن :

**1- جەهەمییەکان :** تەنها بە راست زانینی دڵ ، یان ناسین بە دڵ ، جا لە گەڵ ئیماندا هیچ تاوانێک زەرەری نییە ، هەروەکو چۆن لە گەڵ کوفردا هیچ گوێڕایەڵییەک سوودی نییە .

**2- کەڕامییەکان :** تەنها وتنی زمان .

**3- مورجیئەی فوقەهاکان :** تەنها بە راست زانینی دڵ و وتن بە زمان ، بەڵام کردارەکان ئەوا بەشێک نین لە پێناسەی ئیمان و حەقیقەتەکەی ، بەڵکو ئەوە لە بەرهەمەکەیەتی .

**وە وەڵامی مورجیئەکان لە چەند روویەکەوە دەدەینەوە ، لەوانە :**

**یەکەم :** خوای گەورە کردارەکانی بە ئیمان ناو بردووە ، دەربارەی ئەو کەسانەی نوێژیان بەرەو (بيت المقدس) کردبوو و ئەمجار وەفاتیان کرد لە پێش ئەوەی قیبلە بگۆڕدرێت : دەفەرموێت : (وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُضِيعَ إِيمَانَكُمْ) (البقرة/143) واتە : خوای گەورە ئیمانەکەتان نافەوتێنێ واتە: نوێژەکەتان).

(إِيمَانَكُمْ) واتە : نوێژەکانتان .

**دووەم :** پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەفی ئیمانی رەهای کردووە دەربارەی ئەو کەسانەی تاوانی کرداری گەورەیان ئەنجام داوە ، دەفەرموێت : ((لا يزني الزاني حين يزني وهو مؤمن ، ولا يسرق السارق حين يسرق وهو مؤمن ، ولا يشرب الخمر حين يشربها وهو مؤمن ، ولا ينتهب نهبة ذات شرف ، يرفع الناس اليه أبصارهم ، حين ينتهبها وهو مؤمن))[72] واتە : کاتێ زیناکارێک زینا دەکات لەو کاتەدا زینا دەکات ئەوا ئیماندار نییە ، وە کاتێ کەسێ دزی دەکات لەو کاتەدا دزی دەکات ئەوا ئیماندار نییە ، وە کاتێ کەسی مەیخۆر لەو کاتەدا مەی دەخواتەوە ئەوا ئیماندار نییە ، وەکاتێ کەسێک ماڵیکی بە نرخ دەدزێت لە رووی تاڵانی و هەڵکوتانەسەرەوە کە خەڵکی سەیری دەکەن و رووی تێ دەکەن ، کاتێ ئەو کارە دەکات ئیماندار نییە))

وە سەرچاوەی فەساد و خراپەی بۆچوونی هەردوو تاقمەکە ، وەعیدییەکان و مورجیئەکان ، بیروباوەڕیان وایە کەوا ئیمان تەنها یەک شتە ، یان هەر هەمووی هەیە و یان هەر هەمووی بوونی نابێت ، جا مورجیئەکان ئەو ئیمانەیان سەلماند تەنها بە دانپیانان بە دڵ یان زمان یان دڵ و زمان ، هەرچەندە هیچ کارێکی نەکردبێت ، جا ئەوانە تاقمی کورت رەوەکانن ، بەڵام وەعیدییەکان نەفی ئیمانیان کرد بە هەر تاوانێکی گەورە ، جا ئەوانە تاقمی توندرەوەکانن ، جا پێشەکی و تێگەیشتنەکەیان یەکە ، وە ئەنجامەکەیان دژ بە یەکن .

(72) متفق عليه، أخرجه البخاري برقم (2475) ومسلم برقم (57) من حديث أبي هريرة واللفظ لمسلم.

# ئیمامەت و جەماعەت

موسڵمانان یەک ئوممەتن ، کارەکەیان ڕێک نایەت و سەقامگیر نابێت ، وە بارودۆخی باش نابێت وە ئەو پەیامەی هەڵیگرتووە جێ بە جێ نابێت ئیللا بە چوار شت نەبێت :

## 1- واجیب بوونی بەیعەت :

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((مَنْ مَاتَ وَلَيْسَ فِي عُنُقِهِ بَيْعَةٌ ، مَاتَ مِيتَةً جَاهِلِيَّةً))[73] واتە : هەرکەسێ بمرێت و لە گەردنیدا هیچ بەیعەتێک نەبێت ئەوا بە مردنێکی نەفامانە (جەهالەت) دەمرێت .

## 2- گوێبیستی و گوێڕایەڵی دەسەڵاتدارەکان لە چاکەدا :

وە بە جێ گەیاندنی حەج و جومعەکان و جەژنەکان لە گەڵ ئەمیرەکاندا ئیتر ئەگەر چاک بن یان خراپ ، وە ئامۆژگاری کردنیان ، وە گەڕانەوەی مەسەلەکان لە کاتی ناکۆکیدا بۆ لای قورئان و فەرموودە ، خوای گەورە دەفەرموێت : (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الأَمْرِ مِنكُمْ فَإِن تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الأخِرِ ذَٰلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلا) (النساء/59) واتە : ئەی ئەو کەسانەی کە ئیمانتان هێناوە گوێڕایەڵی خواو گوێڕایەڵی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بکەن وە ئەوانەی کە فەرمانڕەواو کاربەدەستی ئێوەن چ فەرمانڕەوایان وە چ زانایان هەردووکی ئەگرێتەوە لە چاکەدا ، بەڵام لە خراپەو تاواندا گوێڕایەڵی بۆ کەس نیە، وە ئەگەر لە هەر شتێکدا کێشە کەوتە نێوانتانەوە لە دین و دونیا ئەوە بیگەڕێننەوە بۆ لای خواو پێغەمبەری خوا (ﷺ) واتە: بۆ لای قورئان و سوننەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) پاش مردنی پێغەمبەر (ﷺ) ، ئەگەر ئێوە ئیمانتان بەخواو بەرۆژی دوایی هەیە کە کێشەتان بگەڕێننەوە بۆ لای قورئان و سوننەت ئەم گەڕاندنەوەیە بۆ لای قورئان و سوننەت باشترین کارێکە کە ئەیکەن ، وە باشترین سەرەنجام و شوێنی گەڕاندنەوەیە کە ئێوە لە کاتی کێشەدا بگەڕێنەوە بۆ لای قورئان و سوننەت).

وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (على المرء المسلم السمع والطاعة ، فيما أحبَّ وكرهَ ، إلا أن يُؤمرَ بمعصية ، فإذا أمر بمعصيةٍ فلا سمع ولا طاعة)[74] واتە: لە سەر هەر یەکێکتان بیستن و گوێڕایەڵی پێویستە لەوەی پێی خۆشە و لەوەی پێی ناخۆشە ، ئیللا مەگەر فەرمانی بە سەرپێچی پێ بکرێت جا ئەگەر فەرمانی بە سەرپێچی پێکرا ئەوا نە گوێ بیست دەبێ و نە گوێڕایەڵی دەبێت)).

---

(73) رواه مسلم ، كتاب الإمارة ، برقم (1851) من حديث ابن عمر .

(74) متفق عليه ، أخرجه البخاري برقم (7144) ومسلم برقم (1839) من حديث ابن عمر.

وە دەفەرموێت (ﷺ) : (مَن خَلَعَ يَدا من طَاعةٍ ، لقيَ اللهَ يوم القيامة ، ولا حُجَّة له)[75] واته : هەرکەسێ دەستی گوێڕایەڵی داماڵی ئەوا دەگاتە خواکەی خۆی لە کاتێکدا پێی دەگات هیچ حوججە و بیانویەکی نییە )).

## 3- حەرامبوونی دەرچوون لە دژیان و یاخی بوون لێیان :

هەرچەندە ستەم بکەن ، ئیللا مەگەر کوفرێکی ئاشکرا بکەن ، کە لە لایەن خوای گەورەوە بەڵگەیەکمان هەبێت ، بە بەڵگەی فەرموودەکەی (عبادة)ی کوڕی (الصامت) فەرموویەتی : ((دعانا النبي (ﷺ) فبايعناه ، فقال فيما أخذ علينا أن بايعنا : عَلَى السَّمْعِ والطَّاعَةِ في منشطنا ومكرهنا وعسرنا ويسرنا و أثَرَةٍ عَلَيْنَا ، وأنْ لاَ نُنازِعَ الأمْرَ أهْلَهُ ، إلا أن تروا كفراً بواحاً ، عندكم من الله فيه برهان))[76] واته : پێغەمبەری خوا (ﷺ) بانگی کردین و بەیعەتمان پێدا ، لەسەر ئەو شتانەی بەیعەی لێ وەرگردین پێی وتین : لەسەر گوێبیستی و گوێڕایەڵی کردن لە کاتی گورج و گۆڵی (چابووکی) و سستیماندا (واتە : لە گران و ئاساندا) ، وە لە کاتی تەنگانە و فەرحانیدا ، وە لە سەر هەر پێشخستنێک پێشمان بخرێت ، وە کێشمەن کێش لەسەر دەسەڵات نەکەین ، ئیللا مەگەر کوفرێکی ئاشکرایان لێ ببینن کە لە لایەن خوای گەورەوە بەڵگەیەکتان لەسەری هەبێت).

وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((إِنَّكُمْ سَتَرَوْنَ بَعْدِي أَثَرَةً وَأُمُورًا تُنْكِرُونَهَا ، قَالُوا : فَمَا تَأْمُرُنَا يَارَسُولَ اللهِ (ﷺ) ؟ قَالَ : أَدُّوا إِلَيْهِمْ حَقَّهُمْ ، وَسَلُوا اللَّهَ حَقَّكُمْ))[77] واتە : لە پاش من جیاوازی لە پێدانی مافەکانتاندا لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە دەبینن و چەندین کاریش ئینکاری لێ دەکەن ! وتیان : بە چی فەرمانمان پێ دەکەیت ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ؟ فەرمووی : ئەو مافەی لەسەرتانە ئەنجامی بدەن (جێ بە جێی بکەن) و داوای مافەکەی خۆتان لە خوا بکەن ).

**بۆیە دروست نییە لە دژی دەسەڵاتدار دەرچیت ئیللا مەگەر ئەم مەرجانە فەراهەم بێت :**

1- دڵنیابوون لە کوفری کەسەکە بە بینینی زانستی یان بە بینینی چاو :

بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیە کە دەفەرموێت : (إلا أن تروا) جا پشت بە پڕوپاگەندە و هەواڵەکان نابەستێت .

2- ئەوەی کردبێتی (کوفر) بێت : بۆیە نابێت لە دژی دەرچیت بە هۆی خراپەکاری و فسقەوە.

3- دەبێت ئاشکرا بێت : واتە روون و دیار بێت ئیعلانی کردبێت ، بۆیە نابێت لە دژی دەرچێت بە هۆی کوفرێکی شاراوەوە .

(75) رواه مسلم برقم (1851) من حديث ابن عمر ، وهو طرف الحديث الأول في هذا الباب .

(76) متفق عليه ، رواه البخاري ، كتاب الفتن : برقم (7055، 7056) ، ومسلم برقم (1709 , 4771).

(77) متفق عليه ، أخرجه البخاري برقم (7052) ومسلم برقم (1843) من حديث ابن مسعود.

4- بوونی بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوە و قەتعی بۆ بە کافر دانانەکەی : بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە دەفەرمویێت : (عندكم فيه من الله برهان) جا بە هۆی بابەتێکی گومانەوە دژی دەرناچێت ، کە ئیحتیمالی تێدایە ، یان لەبەر مەسەلەیەکی خیلافی (زانایان جیاوازیان لەسەر هەیە).

5- توانا : نابێت دەرچێت لە کاتێکدا بێ توانا بێت ، هەرچەندە ئەو خاڵانەی پێشووی تێدا بوو ، بۆ ئەوەی نەبێتە هۆی ریشەکێش کردنی دین و دینداران ، خوای گەورە دەفەرموێت :(أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ قِيلَ لَهُمْ كُفُّوا أَيْدِيَكُمْ وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ فَلَمَّا كُتِبَ عَلَيْهِمُ الْقِتَالُ إِذَا فَرِيقٌ مِّنْهُمْ يَخْشَوْنَ النَّاسَ كَخَشْيَةِ اللَّهِ أَوْ أَشَدَّ خَشْيَةً) (النساء/77) واتە: ئایا نابینی ئەوانەی کە لەسەرەتادا کاتێک کە جیهاد فەرز نەبوو لە مەککە بوون پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموون: دەست بگرنەوەو کوشتاری کافران مەکەن و تەنها نوێژەکانتان بکەن وە زەکاتی ماڵتان بدەن ، وە کاتێک کە لە مەدینە کوشتاری کافران فەرز کرا ، لەناو ئەواندا کەسانێک کە مونافیقان بوون لە کافران ئەترسان وەکو ترسانیان لە خوای گەورە، یاخود زیاتر لەوان ئەترسان وەک لە خوای گەورە).

جا فەرمانیان پێکراوە واز بهێنن لە کاتی لاوازیدا ، بەڵام لە کاتی تواناادا لە سەریان نوسیویەتی .

# هاوەڵان

هاوەڵ : ئەو کەسەیە لە گەڵ پێغەمبەری خوادا (ﷺ) بە یەک گەیشتوون ، لە کاتێکدا ئیمانی پێ هێناوە و هەر لەسەر ئەو ئیمانەش مردووە .

وە هاوەڵان -رەزای خوایان لێ بێت- باشترین کەسن لە پاش پێغەمبەران ، وە سەدەی ئەوان باشترین سەدەکانی ئوممەتن ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((خَيْرُ الناس قَرْنِي))[78] واتە : باشترینی خەڵکی ئەوانەی ئەم سەدەیەن)). وە دەفەرموێت (ﷺ) : ((خَيْرُ أمتي قَرْنِي))[79] واتە : باشترینی ئوممەتەکەم ئەوانەی ئەم سەدەیەن)) .

هەر هەموویان دادپەروەر و سەرراستن (عدول)ن ، چونکە خوای گەورە ئەوانی هەڵبژاردووە بە هاورێتی پێغەمبەرەکەی (ﷺ) و تەزکییەیانی کردووە ، وە لێیانی رازی بووە ، وە تەوبەی لێ وەرگرتوون ، وە بە بەریزترین وەصف وەصفی ئەوانی کردووە ، وە بە باشترین بەڵێن و پەیمان پەیمانی پێ داون ، خوای گەورە دەفەرموێت : (مُّحَمَّدٌ رَّسُولُ اللَّهِ وَالَّذِينَ مَعَهُ أَشِدَّاءُ عَلَى الْكُفَّارِ رُحَمَاءُ بَيْنَهُمْ تَرَاهُمْ رُكَّعًا سُجَّدًا يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِّنَ اللَّهِ وَرِضْوَانًا سِيمَاهُمْ فِي وُجُوهِهِم مِّنْ أَثَرِ السُّجُودِ ذَٰلِكَ مَثَلُهُمْ فِي التَّوْرَاةِ وَمَثَلُهُمْ فِي الْإِنجِيلِ كَزَرْعٍ أَخْرَجَ شَطْأَهُ فَآزَرَهُ فَاسْتَغْلَظَ فَاسْتَوَىٰ عَلَىٰ سُوقِهِ يُعْجِبُ الزُّرَّاعَ لِيَغِيظَ بِهِمُ الْكُفَّارَ وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ مِنْهُم مَّغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًا) (الفتح/29) واتە : محمد (ﷺ) پێغەمبەری خوایە وە ئەو صەحابە بەڕێزانەی لەگەڵی بوون ، سەخت و توندن لەگەڵ کافراندا، وە لە نێوان خۆیاندا زۆر بەڕەحم و سۆزو بەزەیی و میهرەبانن، کە دەبێت مرۆڤی باوەڕدار وا بێت ، ئەیانبینی هەمیشە لە ڕکوع و سجوددان و نوێژ ئەکەن بۆ خوای گەورە ، مەبەست و نیەتیان دەستخستنی فەزڵ و چاکەو ڕەزامەندی خوای گەورەیە ، نیشانەی خشوع و خۆبەکەمزانین و شێوەو رەوشت جوانی و درەوشاوەی لە ڕووياندا دیارە بەهۆی زۆری شوێنەواری سوجدە بردن و نوێژ کردنیان ، لە تەورات و ئینجیلیشدا وەسفی ئەم صەحابە بەڕێزانە بەو شێوازە کراوە ، نموونەی ئەم صەحابە بەڕێزانە وەکو نموونەی ڕووەکێک وایە کە سەرەتا لاوازەو دواتر بەهێز ئەبێت و پێ ئەگات و گەورە ئەبێت ، وە لە پاش ئەوەی کە تەنک و ناسکە دواتر ئەستوورو بەهێزو درێژ ئەبێت ، ئەو کاتە لەسەر پێی خۆی لەسەر دارەکەی خۆی ڕائەوەستێ ، جووتیارەکە زۆر پێی سەرسام ئەبێت، کە ئەمەیش نموونەی صەحابە بەڕێزەکانە کە سەرەتا لاوازو بێ هێزو کەم بوون دواتر خوای گەورە بەهێزی کردن و زۆری کردن تا ببێتە خەفەت خواردن بۆ کافران و کافران کە دەیانبینن خەفەتیان پێ بخۆن و رقیان لێیان بێت ، خوای گەورە بەڵێنی داوە بەو باوەڕدارانەی کە کردەوەی چاکیان کردووە بە لێخۆشبوون و ئەجرو پاداشتێکی زۆر گەورە کە بەهەشتە).

---

(78) متفق عليه ، أخرجه البخاري برقم (2652) ومسلم برقم (2533) من حديث ابن مسعود.

(79) متفق عليه ، أخرجه البخاري برقم (3650) ومسلم برقم (2535) من حديث عمران بن حصين واللفظ للبخاري.

لە گەڵ ئەوەشدا لە ناو یەکتردا جیاوازیان هەیە لە باشتر و باشترین ، بە جیاوازییەکی گشتی و تایبەتی ، جا لە نمونەی پلەکانی ئەو جیاوازییە گشتییەدا :

### 1- کۆچەران (موهاجیرەکان) باشترن لە پشتیوانان (ئەنصارەکان) :

چونکە کۆچکردن و نەصرەتیان لە خۆیاندا کۆ کردووەتەوە ، وە چونکە خوای گەورە لە پێشدا باسی ئەوانی کردووەو فەرموویەتی : (لِلْفُقَرَاءِ الْمُهَاجِرِينَ الَّذِينَ أُخْرِجُوا مِن دِيَارِهِمْ وَأَمْوَالِهِمْ يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِّنَ اللَّهِ وَرِضْوَانًا وَيَنصُرُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ أُولَٰئِكَ هُمُ الصَّادِقُونَ (8) وَالَّذِينَ تَبَوَّءُوا الدَّارَ وَالإِيمَانَ مِن قَبْلِهِمْ يُحِبُّونَ مَنْ هَاجَرَ إِلَيْهِمْ وَلا يَجِدُونَ فِي صُدُورِهِمْ حَاجَةً مِّمَّا أُوتُوا وَيُؤْثِرُونَ عَلَىٰ أَنفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ) (الحشر/8-9) واتە : ئەو فەقیرە کۆچکەرانە کە لە مەککەوە لە شوێن و ماڵ و سامانی خۆیان دەرکران لەلایەن کافرانەوە مەبەستیان دەستکەوتنی فەزڵی خوای گەورە بووە بەوەی کە خوای گەورە ڕزقیان بدات لە دونیا، وە مەبەستیان ڕەزامەندی خوای گەورە بووە لە قیامەتدا دەستیان بکەوێ و خوا لێیان ڕازی بێ، ، وە خواو پێغەمبەری خوایان (ﷺ) سەرئەخست بەوەی کە جیهادیان ئەکردو بەرگریان لە دینی خوای گەورە ئەکرد ، بەڕاستی ڕاستگۆی تەواو و ڕاستەقینە ئەمانەن(8) وە ئەنصارێکان کە جێگیرو نیشتەجێ بوونە لە مەدینە پێش موهاجیرەکان، وە ئیمانیان هێناوە بە خواو پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، ئەو موسڵمانانەیان خۆش ئەوێ کە لە مەککەوە کۆچیان کردووەو هاتوونە بۆ لای ئەمان وە چاکەیان لەگەڵدا ئەکەن ، وە ئەوەیشی کە موهاجیران پێیان بەخشراوە لە پلەو پایەو ڕێزو غەنیمەت و ئەو شتانە ئەمان حەسوودیان پێ نابەن ، وە ئەنصارێکان موهاجیران پێش خۆیان ئەخەن لە شتی دونیاییدا ئەگەر خۆیشیان زۆر پێویستیان پێ بێت و زۆر فەقیر بن ، وە هەر کەسێک لە ڕەزیلی و چروکی و ڕژدی نەفسی، خۆی بپارێزێ و خۆی پاک بکاتەوە ئەو کەسانە بەڕاستی سەرفرازو سەرکەوتوون، بەوەی کە زەکاتی ماڵەکەی بدات یان حەقی تری تیابێ بیدات).

وە دەفەرموێت : (وَالسَّابِقُونَ الأَوَّلُونَ مِنَ الْمُهَاجِرِينَ وَالأَنصَارِ وَالَّذِينَ اتَّبَعُوهُم بِإِحْسَانٍ رَّضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي تَحْتَهَا الأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا ذَٰلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ) (التوبة/100) واتە : پێشەنگە سەرەتاکان لە کۆچکەرەکان و پشتیوانان ئەوانەی کە لە حودەیبیە بەشداری بەیعەی ڕیزوانیان کردووە، یان ئەوانەی لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوێژیان کردووە ڕووەو هەردوو قیبلەکە ، وە ئەوانەیش کە لە دوای ئەوان هاتوونەو شوێنیان کەوتوونە بە چاکە ، خوای گەورە لێیان ڕازی بووە وە ئەوانیش بەو نیعمەت و فەزڵەی خوای گەورە پێی بەخشیوون ڕازین ، وە خوای گەورە باخ و باخاتی لە بەهەشتدا بۆ ئامادە کردوون کە جۆگەلە ئاو بەژێر دارەکان و ماڵەکانیاندا ئەڕوات و بەنەمری و بەهەمیشەیی تیایدا ئەمێننەوە ، ئا ئەمە بردنەوەی هەرە گەورەیە).

وە دەفەرموێت : (لَّقَد تَّابَ اللَّهُ عَلَى النَّبِيِّ وَالْمُهَاجِرِينَ وَالأَنصَارِ الَّذِينَ اتَّبَعُوهُ فِي سَاعَةِ الْعُسْرَةِ مِن بَعْدِ مَا كَادَ يَزِيغُ قُلُوبُ فَرِيقٍ مِّنْهُمْ ثُمَّ تَابَ عَلَيْهِمْ إِنَّهُ بِهِمْ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ) (التوبة/117) واتە : خوای گەورە لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) خۆشبوو لەبەر ئەوەی پێشتر ئیزنی مونافیقانی دا کە دواکەون و نەیەن

بۆ غەزا، یاخود لەبەر ئەوەی داوای لێخۆشبوونی بۆ (ئەبو تاڵیب)ی مامەی کرد، وە لە موهاجیرو ئەنصارەکان خۆش بوو لە هەر تاوانێک کە کردبێتیان ، ئەوانەی کە شوێن پێغەمبەری خوا (ﷺ) کەوتن لە غەزای (تەبووک)دا لە کاتی تەنگانەدا کە کاتێکی یەکجار گەرم بوو، وە خواردنیان زۆر کەم پێبوو تا خورمایەکیان دەکردە دوو لەتەوە بۆ دووکەس، وە ئاو نەبوو زۆر تینوو بوون، وە دوژمن زۆر بەهێز بوو ، کە نزیک بوو دڵی هەندێک لە موسڵمانان بگۆڕێت بەوەی کە دوابکەون لە غەزاکەدا ، پاشان خوای گەورە لەوانیش خۆشبوو بەراستی خوای گەورە زۆر بەڕەئفەت و ڕەحمەت و سۆزو بەزەیی و میهرەبانە لەگەڵیان).

## 2- هەرکەسێک لە پێش ڕێککەوتنامەی حودەیبییە بەخشیبێتی و جەنگابێت باشترن لەوانەی لە پاش ڕێککەوتنەکە بەخشیبێتیان و جەنگا بێتن :

خوای گەورە دەفەرموێت: (لا يَسْتَوِي مِنكُم مَّنْ أَنفَقَ مِن قَبْلِ الْفَتْحِ وَقَاتَلَ أُولَٰئِكَ أَعْظَمُ دَرَجَةً مِّنَ الَّذِينَ أَنفَقُوا مِن بَعْدُ وَقَاتَلُوا وَكُلًّا وَعَدَ اللَّهُ الْحُسْنَىٰ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ) (الحديد/10) واتە : لە پێش صوڵحی(حودەیبیە)، یاخود لە پێش فەتحی مەککەدا ئەوەی کە لە پێناو خوای گەورەدا ماڵی خۆی بەخشیوەو لە پێناو خوای گەورەدا کوشتاری کردووە وەک ئەو کەسانە نین کە لە دوای فەتحی مەککەوە کوشتاریان کردووەو بەخشیویانە، ئەوانەی لە پێش فەتحی مەککە بەخشیویانەو کوشتاریان کردووە ئەوانە ئەجرو پاداشتیان یەکجار گەورەترە لەو کەسانەی کە لە دوای فەتحی مەککەدا بەخشیویانەو کوشتاریان کردووە لە پێناو خوای گەورە ، بەڵام خوای گەورە بەڵێنی بەهەشتی بەهەردوولایان داوە هەر چەندە پلەیشیان جیاوازە لەبەر ئەوەی پلەکانی بەهەشتیش جیاوازە ، وە خوای گەورە زۆر زانیاری وردی هەیە سەبارەت بە کردەوەکانی ئێوە وە هیچ شتێک لە خوای گەورە ناشاردرێتەوە).

## 3- ئەهلی بەدر (ئەوانەی بەشداری جەنگی بەدریان کردووە) :

بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە عومەری فەرموو لە چیرۆکی (حاتیب ی کوڕی ئەبی بەلتەعە) : (إنه شهد بدرا ، وما يدريك لعل الله أن يكون قد اطلعَ على أهل بدر فقال : اعمَلوا ما شئتُم فقد غفرت لكم)[80] واتە : ئەو لە بەدردا بەشدار بووە ، تۆ چوزانی ڕەنگە خوای گەورە تەماشای ئەهلی بەدری کرد بێت و فەرموویەتی : هەرچی دەتانەوێ بیکەن ئەوا بیکەن من لێـتان خۆشبوومە) .

## 4- ئەهلی بەیعەتی رزوان :

خوای گەورە دەفەرموێت : (لَّقَدْ رَضِيَ اللَّهُ عَنِ الْمُؤْمِنِينَ إِذْ يُبَايِعُونَكَ تَحْتَ الشَّجَرَةِ فَعَلِمَ مَا فِي قُلُوبِهِمْ فَأَنزَلَ السَّكِينَةَ عَلَيْهِمْ وَأَثَابَهُمْ فَتْحًا قَرِيبًا) (الفتح/18) واتە : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە دڵنیایی خوای گەورە ڕازی بوو لەو باوەڕدارانەی کە لە ژێر ئەو دارەدا بەیعەت بە تۆ ئەدەن لە حودەیبیە کە ژمارەیان

(80) متفق عليه ، أخرجه البخاري برقم (3007) ومسلم برقم (2494) من حديث علي .

هەزارو چوار سەد یان هەزارو پێنج سەد کەس بوو ، خوای گەورە زانی چی لە دڵیاندا هەیە لە ڕاستگۆیی و بە ئەمەکی و گوێڕایەڵی و دامەزراوی ، خوای گەورەش هێمنی و ئارامی دابەزاندە سەر دڵیان وە دواتریش پاداشتی دانەوە بە فەتحێکی نزیک کە فەتحی خەیبەرو فەتحی مەککەو شوێنەکانی تر بوو).

وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((لا يدخل النارَ ، إن شاء الله ، من أصحاب الشجرة أحدٌ من الذين بايعوا تحتها))[81] واتە : ئەوانەی لە ژێر ئەو دارەدا بەیعەتیان دا هیچ یەکێک لەوان ناچێتە ئاگرەوە – إن شاء الله -)).

بەڵام جیاوازی تایبەت وەکو ئەمانەی خوارەوە:

### 1- چوارە جێنشینە راشیدییەکە :

جا باشترین کەس لەم ئوممەتەدا لە پاش پێغەمبەرەکەی (ﷺ) (ئەبو بەکری صدیقە) ئەمجار (عومەری کوڕی خەتتاب) بە پێی ئیجماعی زانایانی ئەهلی سوننە و جەماعە ، وە ئەو هەواڵانە بە متواتری گواستراونەتەوە ، لە هەشتا رووەوە زیاتر ، لە عەلی یەوە ریوایەت کراوە کەوا لەسەر مینبەری کوفە دەیفەرموو : (خير هذه الأمة بعد نبيها (ﷺ) أبو بكر ثم عمر)[82] واتە : باشترین کەسی ئەم ئوممەتە لە پاش پێغەمبەرەکەی (ﷺ) ئەبو بەکرە ئەمجار عومەرە) .

وە عەلی ئەم باسە بە دڵنیاییەوە ناڵێت ئیللا لە رێگای عیلمەوە نەبێت .

وە لە پاش ئەوان (عوسمانی کوڕی عەففان) باشترینە ، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە لە بوخاریدا هاتووە لە فەرموودەی (عبدالله بن عمر) دەفەرموێت : (كنا نُخيِّرُ بين الناس في زمان رسول الله (ﷺ) فنُخيِّرُ أبا بكر ثم عمر ثم عثمان)[83] واتە : لە ناو خەڵکیدا باشترینمان دیاری دەکرد لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) ، سەرەتا ئەبوبەکرمان دیاری دەکرد ئەمجار عومەر و ئەمجار عوسمان ) وە لە ریوایەتێکی تردا هاتووە : (فيبلغُ ذلك النبي (ﷺ) فلا ينكره)[84] واتە : ئەم قسەیە دەگەیشتە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کەچی ئینکاری لێ نەدەکرد).

وە سوفیانی سەوری فەرموویەتی : ( هەرکەسێک عەلی پێش ئەبو بەکر و عومەر بخات ئەوا کۆچەران و پشتیوانانی عەیبدار کردووە و تانەی لەوان داوە)[85].

---

(81) رواه مسلم برقم (2496) من حديث أم مبشر .

(82) أخرجه أحمد باسانيد صحيحة برقم (836) وابن أبي عاصم في السنة بتخريج الألباني برقم (1201) وصححه الألباني.

(83) أخرجه البخاري برقم (3655).

(84) أخرجه ابن أبي عاصم في السنة بتخريج الألباني برقم (1193).

(85) أخرجه ابن معين في تاريخه من رواية ابن محرز برقم (885) والخلال في السنة برقم (528) وأخرجه الخطيب البغدادي في تاريخ بغداد (5/50) عنه بلفظ : من قدم عليا على عثمان فقد أزرى على اثني عشر ألف ، قبض رسول الله وهو عنهم راضٍ ، الذين أجمعوا على بيعة عثمان )).

چونکە ئەوان ئەوانیان پێش خستووە لە خیلافەتدا ، وە لە پاش ئەوان عەلی کوڕی ئەبو تالیب دێت ، جا ریزبەندییان لە چاکی و باشیدا وەکو ریزبەندییانە لە خیلافەتدا .

## 2- ئەوانەی موژدەی بەهەشتیان پێ دراوە :

ئەوانیش بریتین لە چوار جێنشینەکە و عبدالرحمن ی کوڕی عەوف و سەعدی کوڕی ئەبو وەقاص و تەڵحەی کوڕی عبیدالله و زوبیری کوڕی عەووام و ئەبو عوبەیدە عامری کوڕی جەرراح و سەعیدی کوڕی زەید -رەزا و رەحمەتی خوا لە هەموویان بێت- پێغەمبەری خوا (ﷺ) شایەتی بۆ ئەو دە کەسە داوە بە بەهەشت لە فەرموودەیەکی (صحیح)[86] دا .

هەروەها چەند دەقێکی تر هەن کە بەڵگەن لە سەر موژدەدان بە جگە لەوان وەکو بیلال[87]، و سابت ی کوڕی قەیس[88] و عبدالله ی کوڕی سەلام[89] -رەزای خوای گەورە لە هەمویان بێت- .

## 3- ئەهلی بەیتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) :

ئەوانیش پێنج سکن (تیرەن) کە صەدەقەیان لەسەر حەرامە ، ئەوانیش : ئالو عەلی ، ئالو جەعفەر ، ئالو عەقیل ، ئالو عەبباس ، وە نەوەی (الحارث بن عبدالمطلب) ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (إن الله اصطفى كنانة من ولد إسماعيل (عليه السلام) ، واصطفى قريشاً من كنانة ، واصطفى من قريش بني هاشم ، واصطفاني من بني هاشم)[90] واتە : خوای گەورە (کینانە)ی لە نەوەی (ئیسماعیل) (عليه السلام) هەڵبژارد ، وە لە (کینانە) قورەیشی هەڵبژارد ، وە لە قورەیشدا (بنی هاشم)ی هەڵبژارد ، وە لە (بنی هاشم) منی هەڵبژارد).

وە دەفەرموێت (ﷺ) : (أذكركم الله في أهل بيتي ، أذكركم الله في أهل بيتي)[91] واتە : ( یادتان دەخەمەوە بە ئەهلی بەیتی من (کەسوکارەکەم) یادتان دەخەمەوە بە ئەهلی بەیتی من (کەسوکارەکەم)).

---

(86) رواه الخمسة ، أخرج أحمد برقم (1675) والترمذي برقم ( 3747) والنسائي في السنن الكبرى برقم (8138) من حديث عبدالرحمن بن عوف ، بذكر العشرة ، وأخرجه أحمد برقم (1631) وأبو داود برقم (4649) والترمذي برقم (3748) والنسائي في السنن الكبرى برقم (8162) وابن ماجه برقم (133) من حديث سعيد بن زيد بذكر التسعة .

(87) أخرجه البخاري برقم (1149) ومسلم برقم (2458) من حديث أبي هريرة وأخرجه مسلم برقم (2457) من حديث جابر.

(88) أخرجه البخاري برقم (3613) ومسلم برقم (119) من حديث أنس.

(89) أخرجه البخاري برقم (3812) ومسلم برقم (2483) من حديث سعد بن أبي وقاص.

(90) رواه مسلم برقم (2276) من حديث واثلة بن الأسقع.

(91) رواه مسلم برقم (2408) من حديث زيد بن أرقم .

وە كاتێ (العباس بن عبدالمطلب) شكایەتی كرد كەوا هەندێ لە قورەیش وشكی دەنوێنن بەرانبەر بە بەنی هاشم ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((والله لا يدخل قلب امرئٍ إيمانٌ حتى يحبكم لله ولقرابتي))[92] واتە : سوێند بە خوا ئیمان ناچێتە دڵی هیچ كەسێكەوە تاوەكو ئێوەی خۆش نەوێت لەبەر خوا و لەبەر نزیكیتان لە منەوە).

وە هەر لە ئەهلی بەیتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، خێزانە پاك و چاكەكانی ، خوای گەورە دەفەرموێت : (إِنَّمَا يُرِيدُ اللَّهُ لِيُذْهِبَ عَنكُمُ الرِّجْسَ أَهْلَ الْبَيْتِ وَيُطَهِّرَكُمْ تَطْهِيرًا) (الأحزاب/33) واتە : ئەی خانەوادەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) تەنها خوای گەورە ئەیەوێ هەر شتێك كە خراپەو تاوان بێ لە ئێوەی دوور بخاتەوە وە بە تەواوی پاكتان بكاتەوە لە هەموو تاوان و پیسی و خراپەكاریەك، مەبەست پێی خێزانەكانی پێغەمبەرو (ﷺ) ئال وبەیتی پێغەمبەری خوایە (ﷺ)).

خوای گەورە ئەوانی هەڵبژارد بۆ پێغەمبەرەكەی (ﷺ) ، وە ئەوانی كردووەتە خێزانی ئەو لە دونیا و دوارۆژدا ، وە ناوی لێ ناون دایكی ئیمانداران ، وە باشترینیان خەدیجە و عائیشەی كچی ئەبو بەكرە ، وە ئەوانیتر : سەودەی كچی زەمعە ، وە حەفصەی كچی عومەر ، وە دایكی سەلەمە و دایكی حەبیبەی كچی ئەبو سوفیان و صەفییەی كچی حویەی و زەینەبی كچی جەحش و جوەیرییە و مەیمونە و زەینەبی كچی خوزەیمە -رەزا و رەحمەتی خوا لە هەمویان بێت- .

**جا ئەوەی واجیبە بەرانبەر بە هاوەڵان ، لە گەڵ جیاوازی چین و پلەكانیان :**

**یەكەم :** خۆشویستنیان و دۆستایەتی كردنیان و داواكردن لە خوای گەورە بەوەی لێیان رازی بێت و داوای لێخۆشبوون بۆیان و ستایش كردنیان ، بە تاك و بە تێكرایان ، خوای گەورە دەفەرموێت : (وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ) (التوبة/71) واتە : باوەڕدارانی پیاو و ئافرەت هەندێكیان دۆست و خۆشەویست و سەرخەری هەندێكی تریانن)

وە دەفەرموێت : (وَالَّذِينَ جَاءُوا مِن بَعْدِهِمْ يَقُولُونَ رَبَّنَا اغْفِرْ لَنَا وَلِإِخْوَانِنَا الَّذِينَ سَبَقُونَا بِالْإِيمَانِ) (الحشر/10) واتە : وە ئەوانەیشی كە لە دوای موهاجیرو ئەنصارەوە هاتوونەو شوێن ئەوان دەكەون تا ڕۆژی قیامەت ئەڵێن: خوایە لە ئێمەو لەو برایانەشمان خۆشبە كە بە ئیمانەوە پێش ئێمە كەوتوون، واتە: صەحابەو هەموو باوەڕدارانی تر، واتە: دەبێت دوعا بۆ صەحابە بكرێت نەك جوێنیان پێ بدرێت).

وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (آيَةُ الإيمانِ حُبُّ الأَنْصارِ، وَآيَةُ النِّفاقِ بُغْضُ الأَنْصارِ)[93] واتە : نیشانەی ئیمان خۆشویستنی ئەنصارەكانە و نیشانەی دووڕوویی رق لێ بوونی ئەنصارەكانە)

(92) رواه أحمد برقم (1777) من حديث العباس بن عبدالمطلب.

(93) رواه البخاري برقم (17) من حديث أنس.

وە عەلی فەرموویەتی : سوێند بەو کەسەی کە تۆوەکانی تەقاندووە و هەموو گیاندارانی هێناوەتە بوون ئەوە پەیمانی پێغەمبەری نەخوێندەوارە (ﷺ) بۆ من کەوا : (أن لا يحبني إلا مؤمن ولا يبغضني إلا منافق)[94] واتە : هیچ کەسێک منی خۆش ناوێت ئیللا کەسی ئیماندار نەبێت و هیچ کەسێک رقی لێم نابێتەوە ئیللا کەسی دووڕوو نەبێت).

**دووەم :** دڵ و زمانمان سەلامەت بێت بەرانبەریان ، لە هەر جۆرە رق و کینەیەک و گومانێکی خراپ و جوێندان و لەعنەت لێ کردن ، خوای گەورە دەفەرموێت : (وَلَا تَجْعَلْ فِي قُلُوبِنَا غِلًّا لِّلَّذِينَ آمَنُوا رَبَّنَا إِنَّكَ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ) (الحشر/10) واتە : خوایە هیچ ڕق و کینەو حەسوودیەک مەخەرە دڵمانەوە بەرامبەر ئەو صەحابە باوەڕدارانە، وە بەرامبەر سەرجەم موسڵمانان، خوایە تۆ زۆر بە ڕەئفەت و بە سۆزو بەزەیی و میهرەبانی).

وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ( لا تسبّوا أصحابي ، فلو أنَّ أحدكم أنفق مِثْلَ أُحُدٍ ذَهَبَاً ما بَلَغَ مُدَّ أحدهم ولا نَصِيفَه)[95] واتە : جنێو بە یارانی من مەدەن ، سوێند بەو کەسەی گیانی منی بە دەستە ئەگەر یەکێ لە ئێوە بە ئەندازەی کێوی ئوحود ئاڵتون بکات بە خەیر ، ئەوا ناگاتە مشتی یەکێ لەوان و بە نیوەی مشتێکیش) .

**سێیەم :** وازهێنان لەو کێشانەی لە نێوانیاندا روویداوە ، وە گومانی باش بردن پێیان ، وە هێنانەوەی بیانوو بۆیان بەوەی کە ئەوان ئیجتیهادیان کردووە ، یان پێکاویانە ئەوا ئەو کات دوو ئەجریان هەیە و یان هەڵەیان کردووە و نەیانپێکاوە ئەو کات یەک ئەجریان هەیە ، وە هێندە پێشینەی باش و مەناقیب و چاکەی گەورەیان هەیە ، کە دەبنە هۆی ئەوەی خوای گەورە لە گوناهەکانیان خۆش بێت ، لە کاتێکدا ئەگەر گوناهێکیان کردبێت .

**چوارەم :** بەریبوون لە رێگای رافیزەکان ، ئەوانەی کە زیادەڕەوییان کرد لە ئالو بەیتدا ، بە رق لێبوون و جوێندان بە تێکڕای هاوەڵان ، وە بەریبوون لە رێگای نەواصیب ، ئەوانەی ئازاری ئالو بەیتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەدەن و وشکی دەنوێنن بەرانبەریان .

---

(94) رواه مسلم برقم (78)

(95) متفق عليه ، أخرجه البخاري برقم (3673) ومسلم برقم (2540) من حديث أبي سعيد ، وأخرجه مسلم برقم (2540) من حديث أبي هريرة .

# ئەولیا و پیاوچاکان

ئیمانداران هەموویان ئەولیای خوان ، (اللَّهُ وَلِيُّ الَّذِينَ آمَنُوا) (البقرة/257) واتە : خوای گەورە دۆست و پشتیوان و سەرخەرو یارمەتیدەری باوەڕدارانە).

وە بەڕێزترینیان لای خوای گەورە ئەوەیانە کە لەوانیتر بە تەقواترن: (إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ) (الحجرات/13) واتە : بەڕێزترینتان لای خوای گەورە ئەو کەسەیە کە لە هەموو کەس بەتەقواتر بێت ئەوە لای خوای گەورە لە هەموو کەس بەڕێزترە).

جا هەر کەسێک تەقوای خوای هەبێت ئەوا وەلی خوایە ، جا ویلایەتی ئەوان بە گوێڕایەڵی و خۆشویستنی دەبێت ، وە ویلایەت کردنی ئەو پیاوچاکانە بە خۆشویستن و چاکەکردن بەرانبەریان دەبێت .

## 1- وەلی :

بریتییە لە هەموو ئیماندارێکی لە خواترس ، خوای گەورە دەفەرموێت: (أَلَا إِنَّ أَوْلِيَاءَ اللَّهِ لَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ (62) الَّذِينَ آمَنُوا وَكَانُوا يَتَّقُونَ) (یونس/62-63) واتە : وە ئاگادار بن و بزانن کە بەڕاستی ئەولیاو دۆستان و خۆشەویستانی خوای گەورە هیچ ترسێکیان لەسەر نیە لە داهاتوویاندا لە قیامەتدا ، وە هیچ خەفەتێکیش ناخۆن لەوەی کە بەجێیان هێشتووە لە دونیا چونکە خوای گەورە باشترو چاکتریان پێ دەبەخشێت(62) کێن ئەولیائی خوای گەورە؟ ئەو کەسانەن کە باوەڕدارو ئەهلی تەوحیدن بەتاک و تەنها خوای گەورە ئەپەرستن و یەکخواپەرستن وە تەقوای خوای گەورە ئەکەن و خۆیان لە تاوان ئەپارێزن(63).

وە پلە و پایەیان لە ویلایەتدا بە پێی پلە و پایەیان دەبێت لە ئیمان و تەقوادا ، نە بە نەسەب و ڕەچەڵەک دەبێت و نە بە بانگەشە دەبێت ، خوای گەورە دەفەرموێت : (إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ) (الحجرات/13) واتە : بەڕێزترینتان لای خوای گەورە ئەو کەسەیە کە لە هەموو کەس بەتەقواتر بێت ئەوە لای خوای گەورە لە هەموو کەس بەڕێزترە ، بە دڵنیایی خوای گەورە زۆر زانایە وە زانیاریەکی زۆر وردی هەیە).

## 2- کەرامەت :

کارێکی نا ئاسایە خوای گەورە لەسەر دەستی یەکێک لە ئەولیاکانی خوا بە دیاری دەخات ، وەکو کەرامەتێک بۆ ئەو کەسە و پشت ڕاستکردنەوەی ئەو پێغەمبەرەی (ﷺ) کە ئەو شوێنی کەوتووە ، ئەمەش دوو جۆرە :

**یەکێکیان :** لە زانستەکاندا ، وە موکاشەفات و فیراسەت و ئیلهامات .

**دووەمیان :** لە توانا و کاریگەرییەکاندا .

وە کەرامات لەسەر دەستی ئەولیاو پیاوچاکانی ئوممەتەکانی پێشوو ڕوویداوە و لەسەرتای ئەم ئوممەتەدا لە هاوەڵان و شوێنکەوتووان ، وە هەر ماوەتەوە لەم ئوممەتەدا تاوەکو ڕۆژی قیامەت .

# چەند بنەمایەکی کۆکەرەوە دەربارەی بنمیچدانان و ئیستدلال کردن

ئەو بنەما کۆکەرەوانەی کە عەقیدە و شەریعەت و رەوشتی لێ وەردەگیرێت سێ دانەن : قورئان و سوننەتی راست و دروست و ئیجماعی رێکخراو (منضبط) ، وە دروست نییە ئەوانە رووبەروو بکرێتەوە بە بۆچون یان قیاس و یان ئارەزوو یان کەشف یان قسەی کەسێک جا ئیتر هەرکەسێک بێت .

وە تەنها رێگا بۆ تێگەیشتنی قورئان و سوننەت رێگای پێشینە یەکەمەکانە لە کۆچەران و پشتیوانان و شوێنکەوتوانی ئەوان بە چاکە ، وە پشت کردن لە رێگای بیدعەکاران ئەوانەی لە دینی خوادا داهێنانیان کردووە لە موتەکلیمەکان و صۆفییەکان ، خوای گەورە دەفەرموێت : (وَمَن يُشَاقِقِ الرَّسُولَ مِن بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ الْهُدَىٰ وَيَتَّبِعْ غَيْرَ سَبِيلِ الْمُؤْمِنِينَ نُوَلِّهِ مَا تَوَلَّىٰ وَنُصْلِهِ جَهَنَّمَ وَسَاءَتْ مَصِيرًا) (النساء/115) واتە: وە هەر کەسێک دژایەتی و سەرپێچی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بکات لە دوای ئەوەی کە هیدایەت و ڕێگای ڕاستی بۆ ڕوون بۆوە ، وە شوێن ڕێگای جگە لە باوەڕداران بکەوێ، واتە: شوێن ڕێگای جگە لە صەحابە بکەوێ لێرە باوەڕداران مەبەست صەحابەیە کە فەرمانمان پێکراوە بە شوێن کەوتنی صەحابە لە تێگەیشتنی دین، ئەوە بۆی دەڕازێنینەوە تا زیاتر گومڕا بێت ، وە ئەیخەینە ناو ئاگری دۆزەخەوە کە سزاکەی بچێژێت کە خراپترین سەرەنجامە)

وە عەقڵی صەریحی ساغ و سەلامەت لە گومانەکان و ئارەزووەکان ، لە گەڵ نەقڵی صەحیحدا ناکۆک نابێت و دژ بە یەک نابن ، ئەو بەڵگانەی کە راست و دروستن و سەلامەت لە هەر جۆرە عیلەلێک ، وە رەنگە هەندێ دەق هەبن عەقڵەکان سەرسام بکەن ، بەڵام هەرگیز شتێک ناهێنێت کە نەشیاو و ئەستەم بێت لای عەقڵەکان ، جا هەرکەسێک گومانی وا بێت کە دژ بە یەک هەیە ئەوا لە فەسادی عەقڵەوە ئەو قسەیە سەرچاوەی گرتووە ، ئەو کات پێویستە لەسەری : نەقڵ پێش عەقڵ بخات .

**بیدعە :**

بریتییە لە داهێنان لە دیندا ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت : (من أحدث في أمرنا هذا ما ليس منه فهو رد)(96) واتە : هەرکەسێک لەم کارەی ئێمەدا شتێکی نوێ دابهێنێت و تێیدا نەبێت ئەوا ڕەد دەکرێتەوە).

وە لە ریوایەتێکی تردا لای موسلیم هاتووە و لە بوخاریدا بە (معلق ی مەجزوم) هاتووە ، فەرموویەتی (ﷺ) : (من عمل عملا ليس عليه أمرنا فهو رد)(97) واتە : هەرکەسێک کارێک بکات فەرمانی ئێمەی لەسەر نەبێت ئەوا ڕەد دەکرێتەوە) .

(96) متفق عليه ، أخرجه البخاري برقم (2697) ومسلم برقم (1718) من حديث عائشة.

(97) أخرجه البخاري معلقا مجزوما به قبل حديث رقم (2142) و رقم (7350) ومسلم برقم (1718) من حديث عائشة.

**ئەویش چەند جۆرێکە :**

**1- بیروباوەڕی بێت :** وەکو شیعەگەرێتی و دەرچوون لە دژی دەسەڵاتداران و قەدەر و ئیرجا.

**2- کرداری :** وەکو ڕەهبانیەت و تەریقەتەکان .

**3- ئەصڵی :** وەکو لە دایکبوونەکان و زیکرە داهێنراوەکان .

**4- زیادەکردن (ئیزافی) :** پەرستنەکان دەگرێـتەوە لە هۆکارەکەیدا یان لە جۆرەکەیدا ، یان ئەندازەکەی ، یان چۆنییەتیەکەی ، یان کاتەکەی ، یان شوێنەکەی .

**5- قورس و گەورە :** وەکو شیرک و جۆرەکانی .

**6- سووک :** وەکو زیکری بە کۆمەڵ .

**7- دەبێتە هۆی کوفری خاوەنەکەی (مکفرة) :** وەکو نەفی صیفات .

**8- دەبێتە هۆی فسقی خاوەنەکەی (مفسقة) :** وەکو بیستنی حەرامکراوەکان .

# له تەواوكارییەكانی عەقیدە

## 1- فەرمان كردن بە چاكە و نەهی كردن بە خراپە :

خوای گەورە دەفەرمویت (وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ) (آل عمران/104) واته : با له ناو ئێوه ئەی موسڵمانان كۆمەڵێک هەبن كه بانگەوازی خەڵكی بكەن بۆ چاكە ، وەفەرمان بكەن بە چاكەو ڕێگری بكەن له خراپە، وە ئەو كەسانە سەرفرازو سەركەوتوون).

له فەرموودەیەكی (صحيح) دا هاتووه له (ابو سعيد الخدري)یەوە فەرموویەتی : گوێم لێ بوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (من رأى منكم منكراً فليغيره بيده ، فإن لم يستطع فبلسانه ، فإن لم يستطع فبقلبه ، وذلك أضعف الإيمان)[98] واته : هەر كەسێ له ئێوه خراپەیەكی بینی ئەوا با بە دەستەكانی بیگۆڕێت، ئەگەر نەیتوانی ئەوا با بە زمانی بیگۆڕێت، وە ئەگەر نەیتوانی ئەوا با بەدڵی بیگۆڕێت ئەویش لاوازترینی ئیمانە) .

وە پێویستە له پێشیدا زانستی هەبێت وە بەزەیی له گەڵدا هەبێت و له پاشەوەیدا ئارامگرتنی هەبێت .

## 2- سووربوون له سەر یەكریزی و تەبایی و دوور كەوتنەوە له دووبەرەكی و جیاوازی :

خوای گەورە دەفەرمویت : (وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا وَاذْكُرُوا نِعْمَتَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ كُنتُمْ أَعْدَاءً فَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِكُمْ فَأَصْبَحْتُم بِنِعْمَتِهِ إِخْوَانًا وَكُنتُمْ عَلَىٰ شَفَا حُفْرَةٍ مِّنَ النَّارِ فَأَنقَذَكُم مِّنْهَا كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمْ آيَاتِهِ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ (103) وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ (104) وَلَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ تَفَرَّقُوا وَاخْتَلَفُوا مِن بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْبَيِّنَاتُ وَأُولَٰئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ) (آل عمران/103-105) واته : وە ئێوه هەر هەمووتان دەست بگرن بە حەبل و پەتی خوای گەورەوە واته: بە دینی خواو بە ئیسلام و بە قورئان ، وە بەڵام تەفرەقە مەكەن و پارچە پارچەو بەش بەش و پەرتەوازە مەبن ، وەیادی ئەو نیعمەتانەی خوای گەورە بكەنەوە بەسەرتانەوە كاتێک كه ئێوه (ئەوس و خەزرەج) دوژمنی یەكتری بوون ، وە خوای گەورە دڵتانی یەكخست و بەهۆی نیعمەت و دینەكەی خوای گەورە كردنی بە برای یەكتری ، وە ئێوه لەسەر لێواری چاڵی ئاگری دۆزەخ بوون كه بەو حاڵە بمردنایە ئەچوونە ئاگری دۆزەخ چونكه كافر بوون ، خوای گەورە لەو كوفرە وە لەو ئاگری دۆزەخ ئێوەی ڕزگار كرد بەهۆی پێغەمبەری خواوە (ﷺ) ، بەم شێوازە خوای گەورە ئایەتەكانی خۆیتان بۆ ڕوون ئەكاتەوە بەڵكو خوای گەورە هیدایەتتان بدات و ڕێگای هیدایەت بگرنەبەر (103) با له ناو ئێوه ئەی موسڵمانان كۆمەڵێک هەبن كه بانگەوازی خەڵكی بكەن بۆ چاكە ، وەفەرمان بكەن بە

(98) أخرجه مسلم برقم (49) .

چاکەو ڕێگری بکەن لە خراپە، وە ئەو کەسانە سەرفرازو سەرکەوتوون (104) وە ئێوەی موسڵمان وەک ئەو کەسانە مەبن کە تەفرەقەیان کرد، واتە: جوولەکەو گاور کە دینەکەیان پارچە پارچە کردو بوونە بەش بەشەوە، وە ئیختیلاف و جیاوازی و ناکۆکی کەوتە نێوانیانەوە ، لە دوای ئەوەی کە بەڵگەی ڕوون و ئاشکرایان لەلایەن خوای گەورەوە بۆ هات ، وە ئەم کەسانە سزایەکی زۆر گەورەیان بۆ هەیە (105).

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: (أَنْ أَقِيمُوا الدِّينَ وَلا تَتَفَرَّقُوا فِيهِ) (الشورى/13) واتە : ئامۆژکاری بۆ هەر هەموویان ئەوە بووە کە دینی خوای گەورە بڵاو بکەنەوەو جێگیرو دامەزراوی بکەن، بەڵام تەفرەقەو پەرتەوازەیی و پارچە پارچەیی لە دیندا دروست مەکەن).

وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((المؤمن للمؤمن كالبنيان يشد بعضه بعضا) و شبَّك بين أصابعه)[99] واتە : ئیماندار بۆ ئیماندار وەکو جەستەیەکە یەکتر بۆ لای یەکتر رادەکێشن (یەکتر بەهێز دەکەن) ، ئەمجار پێغەمبەری خوا (ﷺ) پەنجەکانی هەڵکێشا بە یەکتردا) .

هەروەها پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت : (مثل المؤمنين في توادِّهم و تراحُمهم و تعاطُفهم مثل الجسد إذا اشتكى منه عضو ، تداعى له سائر الجسد بالسهر و الحمى)[100] واتە : نمونەی ئیمانداران لە خۆشەویستی و بەزەیی و سۆزدارییاندا بۆ یەکتر وەکو جەستەیەک وان ئەگەر بەشێکی (ئەندامێکی) ئازاری چەشت ئەوا هەموو جەستەی – لەبەر ئەو بەشەی- شەونخۆنی دەکەن و تووشی تا دەبن ) .

## 3- ئاکارە جوانەکان و کردەوە چاکەکان :

لە نمونەی ئارامگرتن و سەخاوەت و بوێری و لەسەر خۆیی و لێبوردن و خۆ بەکەم زانین و وازهێنان لە دژەکانیان و چاکەکردن لەگەڵ دایک و باوکدا و گەیاندنی پەیوەندی خزمایەتی و رێزگرتن لە دەرهاوسێ و چاکەکردن لە گەڵ هەتیوان و هەژاران و رێبواراندا .

خوای گەورە فەرموویەتی: (خُذِ الْعَفْوَ وَأْمُرْ بِالْعُرْفِ وَأَعْرِضْ عَنِ الْجَاهِلِينَ) (الأعراف/199) واتە : ئەی محمد (ﷺ) تۆ لێبووردەبە لە خەڵکی، وە فەرمان بکە بە چاکە، یان بە هەر عورف و عادەت و داب و نەریتێک کە پێچەوانەی شەرع نەبێ ، وە پشت بکە لە ئەو کەسانەی کە نەزان و نەفامن).

وە لە فەرموودەیەکی ( أبو درداء )ەوە لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) فەرموویەتی : ((ما من شيءٍ أثقلُ في الميزان من حسن الخُلق))[101] واتە: هیچ شتێک نییە لەسەر ترازوو قورستر بێت هێندەی رەوشت جوانی)) .

(99) متفق عليه , أخرجه البخاري برقم (2446) ومسلم برقم (2585) من حديث أبي موسى واللفظ للبخاري.

(100) أخرجه مسلم برقم (2585) من حديث النعمان بن بشير.

(101) أخرجه ابو داود برقم (4799) والترمذي برقم (2002) , و برقم (2003) واللفظ لأبي داود ، وعند الترمذي زيادة بعده : (( وإن صاحب حسن الخلق ليبلغ به درجة صاحب الصوم والصلاة)) .

وە لە ئەبو هورەیرەوە ریوایەت كراوە و فەرموویەتی : : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (مَنْ نَفَّسَ عَنْ مُؤْمِنٍ كُرْبَةً مِنْ كُرَبِ الدُّنْيَا نَفَّسَ اللَّهُ عَنْهُ كُرْبَةً مِنْ كُرَبِ يَوْمِ الْقِيَامَةِ ، وَمَنْ يَسَّرَ عَلَى مُعْسِرٍ يَسَّرَ اللَّهُ عَلَيْهِ فِى الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ ، وَمَنْ سَتَرَ مُسْلِمًا سَتَرَهُ اللَّهُ فِى الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ وَاللَّهُ فِى عَوْنِ الْعَبْدِ مَا كَانَ الْعَبْدُ فِى عَوْنِ أَخِيهِ ، ومن سلك طريقا يلتمس فيه علما سهل الله له طريقا الى الجنة وما أجتمع قوم في بيت من بيوت الله يتلون كتاب الله ويتدارسونه بينهم إلا نزلت عليهم السكينة وغشيتهم الرحمة و حفتهم الملائكة ، وذكرهم الله فيمن عنده ومن بطأ به عمله لم يسرع به نسبه)[102] واتە : هەركەسێک ناسۆری و دەردەسەرییەک لە دەردەسەرییەكانی دونیا لەسەر موسڵمانێک لابدات ، ئەوا خوای گەورە دەردەسەرییەک لە دەردەسەرییەكانی قیامەتی لەسەر لادەدات ، وە هەركەسێک ئاسانكاری بكات بۆ كەسێكی نەدار و هەژار ئەوا خوای گەورە نارەحەتی و كێشەكانی دونیا و قیامەتی بۆ ئاسان دەكات ، وە هەركەسێک هەڵەی موسڵمانێک بشارێتەوە و ستری بكات ئەوا خوای گەورە لە دونیا و قیامەتدا ستری دەكات ، وە خوای گەورە بەردەوام لە هاوكاری و یارمەتی بەندەدا دەبێت تاوەكو بەندەكە لە هاوكاری و یارمەتی براكەیدا بێت ، وە هەركەسێک رێگایەک بگرێتەبەر بە دوای زانستدا بگەرێت ، ئەوا خوای گەورە رێگای بەهەشتی بۆ سووک و ئاسان دەكات ، وە هەر كاتێک كۆمەڵێک لە ماڵێک لە ماڵەكانی خوادا كۆببنەوە و كتێبەكەی خوا بخوێننەوە و راڤەی بكەن ئیللا ئارامی و دڵنیاییان بە سەردا دادەبەزێت و بە رەحمەتی خوا دادەپۆشرێن و فریشتەكان بە دەورە و بەریاندا دادەبەزن و خوای گەورە لای فریشتەكانی لای خۆی باسی ئەوان دەكات ، وە هەركەسێ كردارەكەی لە سەرخۆ و هێواشی بكاتەوە ئەوا رەچەڵەكەكەی پەلەی پێناكات)) .

(102) أخرجه مسلم برقم (2699) .

# دین و تەریقەت

دینی خوای گەورە یەک دینە ، ئەویش ئیسلامە ، خوای گەورە دەفەرموێت :(إِنَّ الدِّينَ عِندَ اللَّهِ الْإِسْلَامُ) (آل عمران/19) واتە : بە دڵنیایی تەنها دینێک کە خوای گەورە پێی ڕازی بێ و قبووڵی بکات ئیسلامە) .

ئەویش دینی خوایە بۆ پێشینەکان و پاشینەکان ، یەکەمینەکان و دواییینەکان ، خوای گەورە دەفەرموێت: (إِنَّا أَنزَلْنَا التَّوْرَاةَ فِيهَا هُدًى وَنُورٌ يَحْكُمُ بِهَا النَّبِيُّونَ الَّذِينَ أَسْلَمُوا) (المائدة/44) واتە : ئێمە تەوراتمان دابەزاندووە کە هیدایەت و نوورو ڕووناکی تیا بووە پێش ئەوەی کە قورئان دابەزێ، وە موژدەی هاتنی تیا بووە بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، وە پێویستە شوێنی بکەون ، کۆمەڵێک پێغەمبەر لە دوای موسا (عليه السلام) هاتن حوکمیان بە تەورات ئەکردو لەسەر ئەو شەریعەتە ئەڕۆیشتن ئەو پێغەمبەرانەی کە موسڵمان بوونەو خۆیان تەسلیمی خوای گەورە کردووە کە ئەمیش لووتشکاندنی جوولەکەی تیایە کە پێغەمبەرانی ئەوانیش لەسەر دینی ئیسلام بوونە جوولەکە و گاور نەبوونە بەڵکو هەموویان موسڵمان بوونە).

ئەمەش مانای ئیسلامە بە مانا گشتییەکەی ، کە ئەویش بریتییە لە تەسلیم بوون بۆ خوای گەورە بە یەکتاپەرستی و ملکەچووبن بۆی بە گوێڕایەڵی و بەریبوون لە شیرک .

بەڵام ئیسلام بە مانا تایبەتییەکەی ، بریتییە لەوەی خوای گەورە پێغەمبەرەکەی محمدی (ﷺ) پێ ڕەوانە کردووە لە هیدایەت و دینی حەق ، لە نمونەی بیروباوەری ڕاست و دروست و شەریعەتی دادپەروەر و کردەوەی چاک و ڕەوشتی ڕاست و دروست ، وە خوای گەورە بەم دینە هەموو دینەکانی پێش خۆی نەسخ کردەوە ، بۆیە هیچ دینێکی تر جگە لە ئەم دینە وەرگیراو نییە ، خوای گەورە دەفەرموێت : (وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ الْإِسْلَامِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الْآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ) (آل عمران/85) واتە : وە هەر کەسێ جگە لە ئیسلام داوای دینێکی تر بکات و لەسەر دینێکی تر بێت ئەوا خوای گەورە لێی قبووڵ ناکات و لێی وەرناگرێ ، وە لە ڕۆژی قیامەتیشدا لە زەرەرمەندانەو ڕزگاری نابێت).

هەروەها پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت : (والذي نفس محمدٍ (ﷺ) بيده لا يسمع بي أحد من هذه الأمة يهودي ولا نصراني ثم يموت ولم يؤمن بالذي أرسلتُ به ، إلا كان من أصحاب النار)[103] واتە : سوێند بەو کەسەی گیانی محمدی (ﷺ) بە دەستە هیچ کەسێک لەم ئوممەتە جولەکە بێت یان گاور پەیامەکەی من ببیسێت و باوەڕ نەهێنێت بەوەی من هێناومە ئیللا دەبێتە ئەهلی دۆزەخ).

(103) رواه مسلم برقم (153) من حديث أبي هريرة .

وە خوای گەورە بەندەکانی خۆی کە چاکەکاربوون ناوی لێ ناون موسلمان ، فەرموویەتی : (مِّلَّةَ أَبِيكُمْ إِبْرَاهِيمَ هُوَ سَمَّاكُمُ الْمُسْلِمِينَ) (الحج/78) واتە : دینی ئیبراهیم پێغەمبەری (ﷺ) باوکیشتان بەهەمان شێوە فراوان بووە ئێوە شوێن دینی ئیبراهیم بکەون ، ئیبراهیم پێغەمبەر (ﷺ) بوو کە ناوی ئێوەی نا بە موسڵمان لە پێشتردا، یاخود خوای گەورە خۆی ناوی ناون بە موسڵمان).

بەڵام سوننەتی خوای گەورە وا بووە لە دروستکراوەکانیدا کە دەبێ جیاواز و ناکۆک بن ، هەروەکو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) فەرموویەتی : ((ألا إنَّ من كان قبلكم من أهل الكتاب افترقوا على ثنتين و سبعين ملة ، وإن هذه الملة ستفترق على ثلاث وسبعين ، ثنتان و سبعون في النار ، وواحدة في الجنة ، وهي الجماعة))[104] واتە : بزانن کە ئەوانەی پێش ئێوە لە ئەهلی کیتاب لە نێو خۆیاندا بوونە حەفتا و دوو تاقم و فیرقەوە ، بە دڵنیاییەوە ئەم ئوممەتە دەبێتە حەفتا و سێ تاقم و فیرقەوە ، حەفتاو دووی لە ئاگردایە و یەکێکیان لە بەهەشتدایە ، ئەویش : کۆمەڵی موسڵمانانە )) .

جا ئەم تاقم و گرووپە رزگار بووەکەیە ، ئەوانیش ئەهلی سوننە و جەماعەن ، ئەوانەی دەستیان گرتووە بە کیتابەکەی خوای گەورەوە و شوێنی سوننەتی پێغەمبەرەکەی (ﷺ) کەوتوون ، کە پاک و پاڵفتەن لە هەموو ئارەزوویەک و بیدعەیەک و خەڵتێک ، ئەوانیش گرووپ و تاقمە ئاشکراکەن ، کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەربارەیان فەرموویەتی : ((لا تَزَالُ طائِفَةٌ مِنْ أُمَّتِي قائمة بأمر الله ، لا يَضُرُّهُمْ مِنْ خذلهُمْ أو خالفهم ، حَتّى يأْتِي أمْرُ اللّهِ وهم ظاهرون على الناس))[105] واتە : وە بەردەوام کۆمەڵێک لە ئوممەتەکەم لەسەر حەقن فەرمانی خوا جێ بە جێ دەکەن ، ئەوانەی وا دەستیان لێ هەڵدەگرن و پشتیان لێ دەکەن زەرەر و زیانیان پێ ناگەیەنن ، تاوەکو فەرمانی خوای گەورە دێت و هێشتا ئەوان دیار و سەرکەوتوون بەسەر خەڵکانی ترەوە )) .

ئەوانیش نێوەندن لە نێوان دوو لاکەدا ، وە راست و رێکن لە نێوان دوو لارەکەدا ، وە هیدایەتن لە نێوان دوو گومڕاکەدا :

1- لە باسی صیفاتی خوای گەورەدا لە نێوان تاقمی (المشبهة) و (المعطلة)دا .

2- لە باسی کردارەکانی خوای گەورەدا لە نێوان (الجبرية) و (القدرية) دا.

3- لە باسی هەڕەشەی خوای گەورەدا (وعيد الله) و ناوەکانی ئیمان و دیندا لە نێوان (المرجئة) و (الوعيدية) .

4- وە لە باسی هاوەڵانی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) لە نێوان (الخوارج) و (الرافضة)دا.

(104) أخرجه أحمد برقم (16937) وابو داود برقم (4597) من حديث معاوية بن أبي سفيان ، والترمذي برقم (2640) وابن ماجه برقم (3991) من حديث أبي هريرة ، وأخرجه الترمذي برقم (2641) من حديث عبدالله بن عمرو ، وأخرجه ان ماجه برقم (3992) من حديث عوف بن مالك .

(105) متفق عليه ، أخرجه البخاري برقم (3641) ومسلم برقم (1037) [4955] من حديث معاوية ، واللفظ لمسلم .

ئەوانیش بەرین لە مەزهەبە خراپەکان و ڕێگا چەوت و لارەکان ، دڵخۆش و بەختیارن بە منەتی خوای گەورە بەسەریانەوە چونکە ئیمانی لا خۆشەویست کردوون ، وە لە دڵیاندا رازاندوویەتییەوە ، وە کوفر و فسوق و سەرپێچی لا ناشیرین کردوون ، خوای گەورە دەفەرموێت :(فَضْلًا مِّنَ اللَّهِ وَنِعْمَةً وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ) (الحجرات/8) واتە : ئەمە فەزڵ و نیعمەتی خوای گەورەیە کە ئەو شتانەی لە لا خۆشەویست کردوون، ئەم خراپانەیشی لە لا بێزێندراو کردوون ، وە خوای گەورە زۆر زاناو کاربەجێیە).

وصلى الله وسلَّم على عبده ونبيه محمد ، وعلى آله وصحبه أجمعين

بە پێنووسی

د. أحمد بن عبدالرحمن القاضي

مركز أصول
Osoul Center
www.osoulcenter.com

osoulcenter
+966504442532
www.osoulcenter.com

عرض تعريفي عن مركز أصول ومجالاته ووحداته.. مشاهدة ممتعة لك

ISO 9001
International Organization for Standardization
حاصل على شهادة الاعتماد من الأيزو

حاصل على جائزة التميز في العمل الخيري